CFS

وەرزنامەی

# تورکیاناسی

ژمارە ( ٨ ) ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٥ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

- پرۆسەی ئاشتی لە نێوان "تورکیای بێتیرۆر" و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا
- لە نێوان دیموکراسیو پاوانخوازیدا، تورکیای سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان
- ئاڕاستەکانی کێبڕکێو هاوکاریی ئیسرائیل-تورکیا لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی سوریادا
- دیدی ئۆجەلان بۆ کۆنگرەی پەکەکە
- سەردانەکەی سودانیو پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق

**سولەیمان چەڤیک: لە (20) ملیۆن کورد لە تورکیا**
**تەنها (50) هەزار خوێنەری بڵاوکراوە کوردییەکان هەیە**

# وەرزنامەی تورکیاناسی

Center for Future Studies

**گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.**


ژمارە (٨)، ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: بەختیار ئەحمەد صاڵح
بەڕێوەبەری نووسین: ئەحمەد سیروانی



بۆردی ڕاوێژکاران:

د.یوسف گۆران
د.عابد خالد رسول
د.فاروق عبدول مەولود
د.ئومێد رەفیق فتاح
د.هەردی مەهدی میکە
د. جەلیل عومەر عەلی



نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان
هەڵەگر: گرووپی زەنوێر (هەژیر عەبدولڕەحمان)



شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

## وەرزنامەی

# تورکیاناسی

تورکیاناسی؛ گۆڤارێکی تایبەتمەندە بە توێژینەوە و شیکاری سیاسەت و ستراتجی تورکیا لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات.

دەرکردنی گۆڤارێکی لەم شێوەیە ئەگەر بۆخۆی پێدانی مەعریفەی گشتی بێت، ئەوا لە ئاستە تایبەتیەکەیدا ئەرکێکی وردتری هەیە کە هەوڵدەدات شرۆڤەو بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پرس و بڕیار و سیاسەتانە بکات کە تورکیای نوێ وەک پاشماوەی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی مێژویی بەرامبەر گەلان و وڵاتانی جیهان دەیانگرێتەبەر، لەناویشیاندا بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کە بەهۆی بوونی کومەڵێک فاکتەری مێژووی و جوگرافی و کەلتورییەوە کاریگەری و لێکەوتەو دەرهاویشەکانی بۆسەر ئێمەی کورد زیاترەو ئەستەمە نادیدەیان بگرین و خۆمانی لێ بەدوربگرین.

هەروەها تورکیای نوێ وەک کارەکتەرێکی هەرێمایەتی و ئەندامی بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی (ناتۆ) وایکردوە بەردەوام جوڵەو کاروکردەوەکانی جێگەی سەرنج و بەدواداچوونی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بێت. لەم روانگەیەوە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەرکردنی گۆڤارێکی پسپۆڕی تایبەتی بە تورکیا بە پێویست و گرنگ زانیوە.

تورکیاناسی کار دەکات لەسەر ئەوەی کە تورکیا وەک خۆی بناسێت بە بێ هیچ جۆرە پێش داوەرییەک تا بتوانێت ئەو دەرفەت و هەڕەشانە بخوێنێتەوە کە تورکیا دەتوانێت دروستی بکات لە پرسە جیهانی و هەرێمایەتیەکان و پرسی کورد بەتایبەتی.

# ناوەڕۆك

## سەروتار


◇ نیەتی ئاشتی.......................................................................................................د.فاروق عبدول | ٥


## توێژینەوە


◇ پرۆسەی ئاشتی لە نێوان "تورکیای بێتیرۆر"و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا..........................دڵدار باجاری | ئەحمەد سیروانی | ٩
◇ لە نێوان دیموکراسیو پاوانخوازیدا، تورکیای سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان................................ بەختیار ئەحمەد ساڵح | ٢٧
◇ سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەتو بڵاوکراوەکانی شەریف پاشای خەندان، (تشرینی یەکەم ١٩٠٩-١٩١٤) لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا..................................................................................................... د. سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا | ٤٥
◇ کودەتای (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، سیناریۆی ئەردۆغان یان بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی...ئایهان جەسور|ئەحمەد سیروانی | ٦٣


## وەرگێڕان


◇ ئایا دەستپێشخەریی ئاشتیی تورکیا-کورد پشتیوانی لە کارنامەی ئەردۆغان دەکات؟........................................وەرگێڕان: تورکیاناسی | ٧٩
◇ ئاڕاستەکانی کێبڕکێو هاوکاریی ئیسرائیل–تورکیا لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی سوریادا.................وەرگێڕانی:د.جەلیل عومەر عەلی | ٨٩
◇ دیدی ئۆجەلان بۆ کۆنگرەی پەکەکە.............................................................................. وەرگێڕان:تەحسین وسو عەبدوڵڵا | ١٠٧
◇ سەردانەکەی سودانیو پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق..........................................................وەرگێڕانی: ڕابەر سیوەیلی | ١٢٥
◇ کێشە لەپێشینەکانو مەیلی دەنگدەری باکوور............................................................... وەرگێڕان: ڕێدیار عادل حەمەسەعید | ١٣٥


## چاوپێکەوتن


◇ سولەیمان چەڤیک: لە (٢٠) ملیۆن کورد لە تورکیا، تەنها (٥٠) هەزار خوێنەری بڵاوکراوە کوردییەکان هەیە...چاوپێکەوتن: تورکیاناسی | ١٤٣


## کتێبناسی


◇ کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش............................................................................... ئامادەکردن: د.دیلان سەلام | ١٥٧


## چەمکناسی


◇ تورکیای بێتیرۆر (Terörsüz Türkiye)................................................................................ ئامادەکردنی:تورکیاناسی | ١٧٣

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

سەروتار



# نیەتی ئاشتی

د. فاروق عەبدول

دەستپێشخەریی ئاشتی و چارەسەریی ئەم جارەی دەوڵەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە سەرەتاکەی لەلایەن دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست خرایەڕوو، دواتر بە بانگەوازەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان رێبەری زیندانیکراوی پەکەکە رێڕەوی خۆی وەرگرت، تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی پێشوو جیاوازە. ئەم جیاوازییە پێدانی گەشبینییەکی رەها نییە لە بارەی بەرەوپێشچوون و سەرخستنی پرۆسەکە، بە قەدەر ئەوەی کارلێك و وەڵامدانەوەی هەردوولا بۆ پرۆسەکە هەتا ئێستا ئەرێنییە، بە تایبەتی هەنگاوە کردارییەکانی پەکەکە و حەماسەتی بەدەنگەوەچوونی گەریلا و قەندیل بۆ بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ پرۆسەکە. هەرچەندە ئاستی ئەم حەماسەتە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لاوازتر دەردەکەوێت کە هەندێك جار پێشمەرجی نوێ و ئاراستەی جیاواز تێکەڵ بە پرۆسەکە دەکرێت. ئەمەش ئەو نیگەرانییەیە، کە رەنگە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا کاریگەریی نەرێنی بکاتە سەر هەوڵ و هەنگاوەکانی دواتر.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، پەکەکە و تەنانەت دەوڵەتی تورکیاش دەستپێشخەریان هەبووە بۆ پرۆسەی ئاشتی. بۆ ئەم مەبەستە دەیان دەستپێخەری کراوە، بە تایبەت لەلایەن پەکەکەوە. لە نیسانی ١٩٩٣، وەك بەدەنگەوەهاتن بۆ هەوڵەکانی تورگوت ئۆزال سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی تورکیا لە بارەی پرسی کوردەوە، ئۆجەلان ئاگربەست رادەگەیەنێت، بەڵام مردنی گوماناوی و لەناکاوی ئۆزال و بەردەوامی هێرشەکانی سوپای تورکیا، پرۆسەکە سفردەکاتەوە. لە ساڵی (١٩٩٥) هەتا (١٩٩٩)، دووبارە پەکەکە تاکلایەنە چەند جارێك ئاگربەست رادەگەیەنێت، بەبێ ئەوەی سوپا و

حکومەتی تورکیا وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنییان هەبێت.
لەگەڵ هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی) بۆ دەسەڵات، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە پرۆسەی ئاشتی لە رووی چەندیەتی و چۆنیەتییەوە ئاراستەکی نوێ وەردەگرێت، هەر لە دانوستانی نهێنییەوە لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٨) هەتا (٢٠١١) و پاشان دەستپێخەریی چارەسەری لە نێوان (٢٠١٢) هەتا (٢٠١٥) و دواتر بەشداریی دەیان گرووپی ئاشتی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناو پرۆسەکاندا. سەرئەنجام هیچ یەکێك لەو هەوڵانە نەك سەرناگرێت، بەڵکو شەڕو بەریەککەوتنەکان زۆر جار توندترو وێرانکارانەتر دەستیانپێکردووەتەوە. هەڵبەت لە هەناوی شکستی هەموو دەستپێشخەرییەکاندا چەندین هۆکاری بابەتیو خودی هەبوون، بەڵام ئەگەر تاکە هۆکارێك بکەینە خاڵی سەرەکیی شکستەکان، ئەوا بەبێ دوودڵی دەبێت دەستبخەینەسەر نەبوونی نیەتی جددیو متمانە، کە هەمیشە سەنگی مەحەك بووە بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی پرۆسە یەکلەدواییەکەکانی ئاشتیو پرسی چارەسەری.
بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پرۆسە نوێیەش کە هێشتا لە سەرەتادایە، هەر دەبێت لە نیازو نیەتەوە لێیبڕوانین، چونکە گرێوگۆڵەکان زادەی شەوو رۆژێك نین، هی نزیکەی نیو سەدە جەنگوماڵوێرانییە، کە زیاتر لە (٤٠) هەزار قوربانیو دەربەدەربوونیدیان هەزاری دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە. سڕینەوەی ئەو مێژووە تاڵە لە نیەتێکی جددییەوە دەستپێدەکات، کە باوەڕی بە دانپێدانانی یەکترو ڕێزگرتنی هاوبەشو گەرەنتیی یاسایی هەبێت.
ئاشتیی گشتی بەدینایەت، ئەگەر تورکیا چاوی لە ڕادەستبوونی پەکەکە بێت وەک دۆڕاوی جەنگو پیشاندانی وێنەی بەهێزیی دەوڵەتو کێبڕکێی دەسەڵاتو تاکتیکی هەڵبژاردن. پرسی چەکدانانی هێزێك لە پێناوی دەستبەرکردنی ئاشتیدا پرسی نەتەوەیەکە، کە دەیەوێت مافی هاوڵاتیبوون و یەکسانیی هەبێت. ئەمە بە چاکسازیی دەستووریو پاراستنی مافە سیاسیو مەدەنییەکان دێتەدی، بە شەرعیەتپێدانو ڕێککەوتن لە سەر ناولێنانی پرۆسە دەکرێت، نەک لایەك بە نیەتی ئاشتییەوە هەنگاوبنێو لایەنێکی تر لە چوارچێوەی پرسی کۆتاییپێهێنانی "تیرۆر"دا لێیبڕوانێت.
لە ڕاستیدا ئەوەی هەتا ئێستا دەردەکەوێت، دۆخێکە بۆ کۆتاییپێهێنان بە ململانێی چەکداری بەبێ بوونی پەیمانێکی ئاشتیی دووقۆڵیو چوارچێوەیەکی سیاسی بۆ چارەسەرکردنی ئەسڵی کێشەکە. هەڵبەتە دۆخێکی لەو شێوەیەش لە باشترین حاڵەتدا ئاشتییەکی لەرزۆکو کاتی بەرهەمدەهێنێت، کە ئەگەری هەیە لە هەر کاتێکدا وەک تەواوی پرۆسەکانی پێشووتر بە توندوتیژی دەستپێبکاتەوە، هەر بۆیە ئەگەر نیەتەکان بۆ تێکشکانو تێپەڕاندنی ئەو دەورانە تاڵە نەبێت، سەرئەنجام دیسانەوە ئەم پرۆسەیەش وەك خولانەوە لە ناو بازنەی بۆشدا بەبێ ئەنجام دەبێت. دەخوازین وا دەرنەچێتو ئەوەی ئێستا دەستپێکردووە، لە هەناوی نیەتێکی سافو بێگەردەوە بێت، کە جگە لە ئاشتیی ڕاستەقینە، هیچ نیەتێکی دیکەی نەبێت.

# توێژینەوەکان

تورکیاناسی

# پرۆسەی ئاشتی لە نێوان "تورکیای بێتیرۆر" و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا

دڵدار باجاری | ئەحمەد سیروانی

**پوختە**

ئەو بانگەوازەی دەوڵەت باخچەلی بۆ ڕاگەیاندنی هەڵوەشانەوەی پەکەکەو چەکدانانی خستیەڕوو، سەرەتای پڕۆژەی تورکیای بێتیرۆر (Terörsüz Türkiye) بوو، کە لە سەرەتای ساڵی ڕابردوودا ئەردۆغان خستیەبەر باس.ئەگەر ئامانجی تورکیاو ئەردۆغان لە پڕۆژەی "تورکیای بێتیرۆر"، هێنانەکایەی وڵاتێکی بەهێزترو خاوەن قسەی زیاتر بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو جیهاندا لە سەدەی دووەمی کۆماردا، لە هەمان کاتدا دابینکردنی خۆشگوزەرانییەک بۆ هاوڵاتیانی تورکیا کە قەیرانی ئابووریی چەند ساڵی ڕابردووی وڵاتەکەیان لەبیرباتەوەو جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی پەرلەمانی بدەنەوە بە هاوپەیمانیی کۆماری (ئاکپارتیو مەهەپە)و ڕەنگە دەمپارتیشی بۆ زیادببێتو کورسیی سەرۆککۆماریش هەر بە شایستەی ئەردۆغان ببینن، ئەوا بێگومان خواستو داواکاریی کورد جگە لە فەراهەمکردنی مافە بنەڕەتییەکانی ناسنامە، زمانی دایک، خوێندنو گەشەپێدانی کولتووری لە ناوخۆی باکووری کوردستانو تورکیادا، لە هەمان کاتدا داواکاریی کورد بۆ مامەڵەیەکی نەرمو دۆستانەی ئەنقەرە لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستانو بە تایبەت ڕۆژئاوای کوردستان دەبێت.

لەم توێژینەوەیەدا لەگەڵ خستنەڕووی قۆناغەکانی دەستپێکردنو بەرەوپێشچوونی پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیادا، تیشکخراوەتەسەر پڕۆسەکە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تورکیاوە لە چوارچێوەی پڕۆژەی "تورکیای بێ تیرۆر"و خواستو داواکارییەکانی کوردو پەکەکە لە بەرانبەر خۆهەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبەو دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداری. هەروەها شیکارییەک بۆ ڕاگەیەنراوەکەی کۆنگرەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە خراوەتەڕوو.

**قۆناغەکانی "تورکیای بێتیرۆر"**

بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا، پێویستە ئاگاداری ئەو هەنگاوانە بین، کە لە ماوەی چل ساڵی رابردوودا لەلایەن بەرپرسانی تورکیا، پەکەکەو لایەنەکانی دەرەوەی ئەو دوو هێزەوە نراون بە ئاراستەی پرۆسەی ئاشتیو چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا(١). رۆژی (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، لە مەراسیمی کردنەوەی وەرزی نوێی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی تورکیادا، رەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە، لە گوتارێکیدا باسی لە دۆخی ئاڵۆزو جەنگاویی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوەراست کردو ئاماژەی بە مەترسییە ئەمنیو سەربازییەکانی سەر تورکیا کرد(٢). دوای کۆبوونەوەکە، دەوڵەت باخچەلی (Devlet Bahçeli)؛ سەرۆکی پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)، خۆی گەیاندە هاوسەرۆکانی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی) (DEM Parti) (Halkların Eşitlik ve Demokrasi Partisi)و تەوقەی لەگەڵ هاوسەرۆکو چەند پەرلەمانتارێکی ئەو پارتەدا کرد(٣). رۆژی سێشەممە؛ (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، باخچەلی لە گوتارێکیدا لە کۆبوونەوەی تایبەتی فراکسیۆنی مەهەپە(٤)، لە پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند: "سەرکردەی تیرۆریستان با بێتە پەرلەمان، لە کۆبوونەوەی تایبەتی فراکسیۆنی دەمپارتی هەڵوەشانەوەی گرووپی تیرۆریستی رابگەیەنێت، هاواربکات، کە تیرۆر کۆتاییهاتووە. پاشان چەند دەکرێت سوود لە مافی ئومێد وەربگرێت". لەم پەیامەیدا باخچەلی دەیەوێت بڵێت: عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، با بێتە پەرلەمانی تورکیاو لە کۆبوونەوەی تایبەتی دەمپارتیدا دان بە شکستی تەواوی پەکەکەدا بنێتو هاواربکات، کە ئەم "گرووپە تیرۆریستییە" کۆتاییهاتووە. لە بەرانبەردا بە گوێرەی برگەی (٢) لە ماددەی (١٠٧)ی یاسای جێبەجێکردنی سزاکان (İnfaz Kanunu)، ژمارە (٥٢٧٥)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی تورکیا، ئۆجەلان دەتوانێت سوود لەو مافە وەربگرێت، کە باس لەوە دەکات، کە "هەر کەسێک کە سزای زیندانی هەتاهەتایی قورسی بە سەردا دەسەپێنرێت، دوای تەواوبوونی (٢٤) ساڵ یاخوس (٣٠) ساڵ لە زیندانیکردنی، دەتوانێت داواکاری پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکات بۆ پێداچوونەوەی دادگا بە دۆسیەکەیداو دەرکردنی بریاری ئازادکردنی مەرجدار بۆی"(٥). بەم جۆرە ئۆجەلان دەرگای ئازادبوونی مەرجدار (دەستبەسەرکردنی لە ماڵێکدا)و تەنانەت ئازادبوونی یەکجارەکیی بە رووودا بکرێتەوە.

سەرەرای ئامادەیی ئۆجەلانو دەمپارتی، بەلام لەلایەن دەوڵەتەوە پێشوازی لە

دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی نەکرا، هەر بۆیە ڕۆژی سێشەممە؛ (٢٦)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤)، دەوڵەت باخچەلی لە گوتەیەکیدا لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی مەهەپە لە پەرلەمانی تورکیا لەو بانگەشەیەی پێشووی بۆ هاتنی ئۆجەلان بۆ پەرلەمان پاشگەزبووەوەو ڕایگەیاند: "با هاوسەرۆکانی دەمپارتی سەردانی ئۆجەلان بکەن لە زیندان"(٦). تونجار باکرهانو تولای هاتیم ئۆغلو؛ هاوسەرۆکانی دەمپارتی، چەند کاژێرێک دوای بانگەشەکەی باخچەلی خۆیان گەیاندە وەزارەتی دادی تورکیاو داوای چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئۆجەلاندا پێشکەشکرد(٧). جگە لە هاوسەرۆکان، زۆرینەی سەرکردایەتییەکانی دەمپارتیو پەرلەمانتارو کەسایەتییەکانی ئەو حیزبە داواکاریان بۆ چاوپێکەوتنی ئەردۆغان پێشکەشکرد، دواجار لە (٢٨)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، هەریەک لە سری سورەییان ئۆندەر (Sırrı Süreyya Önder)و پەروین بوڵدان (Pervin Buldan) سەردانی ئیمراڵییان کردو گفتوگۆیەکی سێ کاژێرییان لەگەڵ ئۆجەلاندا ئەنجامدا(٨). ئۆندەرو بوڵدان دوو پەرلەمانتاری کاریگەری دەمپارتینو لە گفتوگۆکانی ئاشتیی ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٥)دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. ڕۆژی (٢٩)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤) وەفدەکە پەیامەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بڵاوکردەوە. لەو پەیامەیدا ئۆجەلان جەختیکردەوە لە "بەهێزکردنی برایەتیی تورکو کورد، دەستبەرداربوونی هێزە سیاسییەکان لە بەرژەوەندیی حیزبیو کەسی، ڕۆڵی کاریگەری پەرلەمان، دوورکەوتنەوە لە چارەسەری دەرەکیو پشتبەستن بە چارەسەری ناوخۆیی بۆ کێشەی کورد، پشتیوانی لە هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتی، دیموکراسیو برایەتی(٩)".

لە سەرەتای ساڵی نوێی (٢٠٢٥)، وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی زنجیرەیەک سەردانی بۆ لای سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، سەرکردەی سەرجەم حیزبە سیاسییەکان کە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتەدا خاوەن پەرلەمانتارن، سەلاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپەو ژمارەیەک سەرکردەی زیندانیکراوی کورد کرد. هەرچەندە وەفدەکەی ئیمراڵی لە ئاستی سەرۆکی حیزبدا لەلایەن ئەو پارتانەی کە سەردانەکەیان پەسەندکرد، پێشوازییانلێکرا، بەڵام ئەردۆغان وەک سەرۆکی ئاکپارتی پێشوازیلێنەکردنو کۆبوونەوەی حیزبەکەیو وەفدی ئیمراڵیی بە فوئاد ئۆکتای جێگری سپارد. لە لایەکی دیکەیشەوە، وەفدی ئیمراڵی ئامادەنەبوو سەردانی پارتی بانگەوازی ئازاد (هوداپار) بکات، کە وەک حیزبێکی ئیسلامیی کوردی لە تورکیا چالاکیی هەیەو خاوەنی (٤) کورسییە لە پەرلەمانی تورکیا.لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (٢٠٢٥) وەفدی دەمپارتی سەردانی ئیمراڵی کردەوەو پەیامی لایەنە

سیاسییەکانی تورکیای بە ئۆجەلان گەیاند(١٠)، لە هەمان کاتدا دیدو تێڕوانینی ئۆجەلانی لە بارەی هەڵوێستی پارتە سیاسییەکانی تورکیاوە وەرگرت، هەر لەو دانیشتنەدا ئۆجەلان پێشنیازی سەردانی وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق خستەڕوو. لە کۆتا سەردانیدا وەفدی ئیمراڵی لە (١٦-١٩)ی شوباتی ئەمساڵ سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو لەگەڵ هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێم، مەسروور بارزانی؛ سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی؛ جێگری سەرۆکی حکومەت، مەسعوود بارزانی؛ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو بافڵ تاڵەبانی؛ سەرۆکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دیداری ئەنجامدا. لەو دیدارانەدا وەفدی ئیمراڵی پەیامی ئۆجەلانی بە هەریەک لەو بەرپرسانە گەیاندو لە هەمان کاتدا سەرنجو پەیامی بەرپرسە دەوڵەتیو حیزبییەکانی هەرێمیشی لە بارەی پرۆسەی نوێی ئاشتی لە تورکیاو هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی وەرگرت(١١). وەفدەکەی ئیمراڵی لە پەراوێزی سەردانەکەیاندا بۆ هەرێمی کوردستان چاویان بە سەلاحەدین بەهائەدین؛ ئەمیینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کەوت، بەڵام لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاونەکرایەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان، پەیامەکانی ئۆجەلان لە ڕێگەی نامەوە گەیەنراوەتە قەندیلو ڕۆژئاوای کوردستانیش. بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکانی ئەو دوو لایەنەیش پشتیوانی لە پرۆسەی ئاشتیو هەر بانگەشەیەک دەکەن، کە لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە ڕابگەیەنرێت. تەنانەت پێشبینیدەکرێت لە ئایندەدا کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بهێنرێنەناو پرۆسەکەوە(١٢).ڕۆژی (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥) وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی جارێکی دیکە سەردانی عەبدوڵا ئۆجەلانی کردەوە، لەو سەردانەدا وەفدەکە پەیامێکی گرنگی ئۆجەلانیان بڵاوکردەوە. ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە لە پەیامێکدا(١٣) کە ڕۆژی (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥) لە ئەستەنبوڵ لەلایەن سری سورەییا ئۆندەر، ئەحمەد تورکو پەروین بوڵدانەوە ڕاگەیەنرا، داوای "چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە"ی کرد. ئۆجەلان لە دووتوێی لاپەڕەو نیوێکدا بە پوختی سەربردەی دامەزراندنی پەکەکەو قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیو پێویستیی کۆتایهێنانی بە حیزبەکەی خستووەتەڕوو.ڕۆژی (٢٨)ی شوبات، پەکەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا پابەندیی خۆی بۆ پەیامەکەی ئۆجەلان ڕاگەیاندو بڕیاری "ئاگربەستی" بڵاوکردەوە(١٤). ڕۆژی (١٠)ی نیسانی (٢٠٢٥) هەریەک لە پەروین بوڵدانو سری سورەییا ئۆندەر وەک ئەندامانی وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵی سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیایان کرد. لەو

کۆبوونەوەیەدا کە ئیبراهیم کالن؛ سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانیی تورکیا (میت)و ئێفکان ئالا؛ جێگری سەرۆکی ئاکپارتی ئامادەبوون، گفتوگۆ لە بارەی دوایین پێشهاتەکانی پرۆسەی نوێی ئاشتییەوە کرا(١٥). گرنگیی ئەم کۆبوونەوەیە لەوەدا بوو، کە ئاماژەیەکی روون بوو بۆ پشتیوانیی سەرۆککۆمار لە پرۆسەکە، بە جۆرێک هیچ قسەیەک نەمایەوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیانوابوو ئەردۆغان ئاگاداری پرۆسەکە نییە، یاخود رازینەبووە لە سەر پرۆسەکە.

**لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا چاوەڕێی هەنگاوی کردەیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی نائاسایی دوازدەیەمی پەکەکەیە، کوردیش چاوەڕێی هەنگاوی سەرەتایی و کردەیی لە حکومەتی تورکیاو ئاکپارتی دەکات بە ئاڕاستەی هەمواری دەستوور.**

ڕۆژی (٢٥)ی نیسانی (٢٠٢٥)، عەبدوڵا ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە نامەیەکی (١٢) هەزار وشەیی ناردەوە بۆ کۆنگرەی پەکەکە. لەو نامەیەدا ئۆجەلان بە وردی تێڕوانینی خۆی بۆ دوایین گۆڕانکارییەکانی جیهانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیاو کوردستان خستووەتەڕوو. نامەکە پێکهاتووە لە چەند ناونیشانێکی "پێشەکی، سروشتو تێگەیشتن، سروشتی کۆمەڵایەتیو بەرپرسیاریەتی، ژینگەی کۆمەڵگەی هاوبەشو دەوڵەت لە مێژووی کۆمەڵگەدا، مۆدێرنیزم، راستی/ دیفاکتۆی کوردو کوردستان، پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوە، تێڕوانین بۆ قۆناغی نوێ"(١٦).

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە (٥-٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) لە دوو ناوچەی جیاواز لە قەندیل کۆنگرەی دوازدەیەمی نائاسایی خۆی ئەنجامدا. لە کۆنگرەکەدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنەکانی ئەو حیزبەو راگرتنی چالاکییە چەکدارییەکانو چەکدانان دراوەو جەخت لە بێبەریبوونی پەکەکە لە هەر چالاکییەکی چەکداری کراوەتەوە، بەڵام راگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە لە (١٢)ی هەمان مانگدا بڵاوکرایەوە(١٧). لەگەڵ ئەوەی ماوەیەک بۆ چەکدانان دیارینەکراوە، بەڵام هەوڵدەدرێت لە نزیکترین ماوەدا کە ڕەنگە هەتا کۆتایی هاوینی ئەمساڵ بخایەنێت، بە گوێرەی زانیارییەکان گەریلاکانی پەکەکە چەکەکانیان لە ناوچەکانی ئامێدیو کانی ماسی لە دهۆك، کۆیە لە هەولێر، رانیەو سەیدسادق لە سلێمانی لە نزیک بنکەو بارەگاکانی خۆیان رادەستی تیمێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانو میتی تورکی دەکەن(١٨). سەرچاوەی دیکەیش باس لە رادەستکردنی چەکەکانی گەریلا بە

لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنراو لە بەغدادو هەولێر دەکەن، کە نزیکەی سێ مانگی پێدەچێت، بە جۆرێک دوای وەرگرتنی چەکەکانو ڕاپۆرتکردنی تەواوی چەکو کەلوپەلە سەربازییە وەرگیراوەکان، ڕادەستی میتو حکومەتی تورکیا دەکرێت(١٩). لە کاتێکدا دەوڵەتی تورکیا چاوەڕێی هەنگاوی کردەیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی نائاسایی دوازدەیەمی پەکەکەیە، لە هەمان کاتدا کوردو بەرپرسانی قەندیلیش چاوەڕێی هەنگاوی سەرەتاییو کردەیی لە حکومەتی تورکیاو ئاکپارتی دەکەن بە ئاڕاستەی هەمواری دەستوورو فەراهەمکردنی خواستو مافەکانی کورد لەو دەستوورەدا، بۆ ئەو مەبەستەیش ئازادکردنی هەزاران زیندانی سیاسیو دەستبەسەرکراوی کورد وەک یەکەم هەنگاوی ئەو پرۆسەیە دەزانرێت.لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا بەرپرسانی دەمپارتیو سیاسەتی کورد لە تورکیا بەگومانن لە هەنگاوەکانی دەوڵەت بۆ چارەسەری پرسی کوردو بەردەوام نیگەرانیی خۆیان دووپاتکردووەتەوە لە "چاوەڕێکردنی دەوڵەت بۆ پێشهاتەکانو هەنگاونانی پەکەکە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوە بەبێ ئەوەی دەوڵەت خۆی بەرەوپێشچوون بە ئاڕاستەی چارەسەری کێشەی کورد بەدیبهێنێت(٢٠)".کۆنگرەی هەڵوەشانەوەو ڕاگەیەنراوێکی پڕ لە ئاماژە

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە (٥-٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) لە دوو ناوچەی جیاواز کۆنگرەی دوازدەیەمی نائاسایی خۆی ئەنجامدا.لە کۆنگرەکەدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانی ئەو حیزبەو ڕاگرتنی چالاکییە چەکدارییەکانو چەکدانان دراوەو جەخت لە بێبەریبوونی پەکەکە لە هەر چالاکییەکی چەکداری کراوەتەوە(٢١).

**گەریلاکانی پەکەکە چەکەکانیان لە ناوچەکانی ئامێدیوکانی ماسی لە دهۆك، کۆیە لە هەولێر، ڕانیەوسەیدسادق لە سلێمانی ڕادەستدەکەن.**

ئەم کۆنگرەیە دوای زنجیرەیەک دانوستانی نهێنیو ئاشکرا کە سەرەتاکەی بۆ نیسانی (٢٠٢٤) دەگەڕێتەوەو ژمارەیەک بانگەوازو دیداری سیاسیی نێوان ئۆجەلانو وەفدی دەمپارتی/ ئیمراڵیو زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی تورکیاو دواجار بانگەوازی ئۆجەلان لە (٢٧)ی شوباتی ئەمساڵ بۆ چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ئەنجامدرا.هەرچەندە کۆنگرەی پەکەکە لە (٥-٧)ی ئایار سازکرا، بەڵام ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەکە لە (١٢) ی هەمان مانگدا بڵاوکرایەوە، ئەمەیش

بە گوێرەی زانیارییەکان لە لایەک بە هۆی ناکۆکیی سەرکردەو باڵە جیاوازەکانی پەکەکەوە لە سەر بڕیارەکانی کۆنگرەو دارشتنەوەی ڕاگەیەنراوی کۆتایی، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ناکۆکیی نێوان بەرپرسانی پەکەکەو دەوڵەتی تورکیا لە سەر ناوەڕۆکی ڕاگەیەنراوەکەو بەکارهێنانی دەستەواژە ناڕوونو ئاماژە فرەواتاکان لە ڕاگەیەنراوەکەدا، لە لایەکی دیکەوە ئەنجامدانی کۆنگرە لە دوو شوێنو لە هەمان کاتدا جگە لە ڕێکاری ئەمنیو سەلامەتیی پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی ناو پەکەکە خۆیەوە هەبووە.ڕاگەیەنراوەکە پڕە لە دەستەواژەی فرەواتاو ئاماژەیی بۆ بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوە، ئایندەی پەکەکەو کورد لە تورکیاو چاوەڕوانییەکان لە حکومەتو دەوڵەت. هەر لە سەرەتای ڕاگەیەنراوەکەوە بانگەوازەکەی (٢٧)ی شوباتی ئۆجەلان بە سەرەتای پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا ناوبراوە نەک بانگەوازەکەی باخچەلی لە (٢٢)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤). ئەمە جگە لەوەی جەختکردنەوە لە سەر "ئەنجامدانی کۆنگرەکە بە سەرکەوتوویی" وەک ئاماژەیەک بۆ بەهێزیی پەکەکە خراوەتەڕوو، "سەرەڕای هێرشی بەردەوامو گەمارۆکان". هەرچەندە کۆنگرە بە ئامانجی پرۆسەی ئاشتیو چارەسەری پرسی کورد لە تورکیاو سوریا کراوە، بەڵام لە ڕاگەیەنراوەکەدا جارێکی دیکە جەخت لە "ڕکابەریو دوژمنایەتی"ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەکەکە کراوەتەوە.پەکەکە پێیوایە ئەو خەباتەی کردوویەتی، بووەتە هۆی پارچەکردنی هەوڵەکانی لەناوبردنو نکوڵیکردن لە ناسنامەی کوردو کێشەی کوردی گەیاندووەتە ئاستێک لە ڕێگەی دانوستانو سیاسەتی دیموکراتییەوە چارەسەربکرێت، بۆیە لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە "پێوسیتییەک بۆ مانەوەی پەکەکە نەماوە".بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە، پەکەکە بە تەواوی بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی نەداوە، بەڵکو بڕیاری "هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانیو چالاکییە چەکدارییەکانی" داوەو بێبەریبوونی خۆی لە هەر چالاکییەکی چەکداری ڕاگەیاندووە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا بە ناڕاستەوخۆ باس لە خیانەتی دەوڵەتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهانیو مستەفا کەمال ئەتاتورک دەکات، کە پەیماننامەی لۆزانیان واژووکردو پاشان ئەو دەستوورەی لە ساڵی (١٩٢١) بۆ کۆماری تورکیا نوسرایەوە، لە ساڵی (١٩٢٤) دەستکاریکراو ئەو مافانەی لە دەستووری (١٩٢١) بە کورد درابوو، لە هەموارەکەی (١٩٢٤) لابران، هەر بۆیە لە ڕاگەیەنراوەکەدا باس لەوە کراوە، کە "پەکەکە لە بەرانبەر پەیماننامەی لۆزانو دەستووری ساڵی (١٩٢٤)ی تورکیا دامەزراوەو لە پێناوی ئازادیو

سەربەستیی گەلی کورد کاریکردووە"، هەر بۆیە لە ڕاگەیەنراوەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە "لە ژێر سایەی کۆماری تورکیای دیموکراتیو گەڕانەوە بۆ دەستوورەکانی پێش (١٩٢٤)و پەیماننامەی لۆزانو بنەمای خاکی هاوبەشو نەتەوەی دیموکراتی، کێشەی کورد چارەسەردەکات".هەروەک ئۆجەلان لە نامەیەکدا لە (٢٥)ی نیساندا بۆ کۆنگرەی پەکەکەی ناردووە، جەختیکردووەتەوە لە "کاریگەریی تەوژمی سۆشیالیزم لە دروستبوونی ئایدۆلۆژیای پەکەکەو دواتر شکستهێنانی ئەو تەوژمەو دەوڵەتی نەتەوەیی"، کە دواجار ئەو شێوەیە لە دەوڵەتیش "بووەتە ئامرازێکی دەستی سیستەمی سەرمایەداری بۆ چەوساندنەوەی گەلان(٢٢)"، بە هەمان جۆر لە ڕاگەیەنراوی کۆنگرەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە پەکەکە "لە دروستبوونیدا کەوتەژێر کاریگەریی تەوژمی سۆشیالیزمو دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییو لەم پێناوەیشدا خەباتی چەکداریی وەک ڕێگەچارەو ڕێبازی ئازادیو ڕزگاری دەستپێداوە".لەگەڵ ئەوەیشدا ڕاگەیەنراوی کۆنگرە جەختی لە سەر پێویستیو گرنگیی دروستبوونی پەکەکە کردووەتەوە، بە جۆرێک "ڕێکخستنەکانی پەکەکە لە کاتێکدا شێوەی خۆیان گرت، کە سیاسەتی نکوڵیکردنی ڕەها لە کوردو بەتورکیکردن لە ڕێگەی کوشتوبڕو جینۆسایدو ڕێگریی سیاسی دەکرا.

پەکەکە لە (١٩٧٨)ەوە هەوڵیداوە بۆ قبوڵکردنی بوونی کوردو جێگیرکردنی کێشەی کورد وەک دۆزی یەکەمی تورکیاو لەم هەنگاوەیشیدا سەرەڕای قوربانیی زۆر؛ بەڵام سەرکەوتوو بووەو دواجار پەکەکە بووەتە سیمبولی بەرخۆدانی کوردان".ڕاگەیەنراوەکە یەکەم هەوڵی دەوڵەتی تورکیا بۆ پرۆسەی ئاشتیو قبوڵکردنی کورد وەک نەتەوەو کێشەکەی وەک کێشەیەک لە تورکیا کە پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتییە، بۆ سەردەمی تورگوت ئۆزاڵ دەگێڕێتەوە، لە هەمان کاتدا سۆشیالیزمو دەوڵەتی قووڵ بە هۆکاری لەباربردنی ئەو هەوڵە دەزانێت. هەروەک لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، کە "خەباتی پەکەکە دواجار گەیشتە هەنگاوی سەرەتایی قەبوڵکردنو دەستپێشخەرییەکەی تورگوت ئۆزاڵ لە نەوەدەکانو وەڵامدانەوەی لەلایەن ئۆجەلانەوە لە (١٩٩٣) لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی ئاگربەست، بەڵام تەوژمی باوی سۆسیالیزمو بەچەتەکردنی گەریلاو پاکتاوکردنی ئۆزالو تیمەکەی لەلایەن دەوڵەتی قووڵەوە هەوڵەکەی لەباربرد".

لە ڕاگەیەنراوەکەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەستپێکردنەوەی شەڕو لەناوبردنی کورد ژمارەو توانای گەریلای زیاترکرد". بەرپرسانی پەکەکە دەیانەوێت پێمانبڵێن: چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوە بە واتای لاوازبوون نایەت، بەڵکو پەیوەندیی گوشارەکانو

گەریلا لە ڕوانگەی ژمارەوە ڕاستەوانەیە، بەو واتایەی لەو کاتو شوێنەی گوشارەکان بۆ سەر گەریلا زیاتربێت، ژمارەی گەریلایش زیاتردەبێت، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەگەر تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستویەکەم ڕاست بووبێت، ئەوا لە چارەکی دووەمی هەمان سەدەدا کارکردن بەو تێڕوانینە بریتییە لە خۆڵکردنەچاوی خەڵک، ئەمەیش بە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتری ئامرازەکانی پەیوەندیو ئاگاداربوونی خەڵکی لە دۆخی ناوخۆی پەکەکە، ئەمە جگە لە گەشەی بەردەوامو بەهێزبوونی سیستەمی بەرگریو سەربازیی تورکیا، کە بووەتە هۆی تەنگپێهەڵچنینی گەریلا لە ناوچەیەکی شاخاویی سەختی دوورەدەستی ئاوەدانیو سنوورەکانی تورکیا.لە ڕاگەیەنراوەکەدا پەکەکە سیستەمی پیاوسالاریی کۆمەڵگەی یەکسانکردووە بە سیستەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتو ناوەندگەرایی، بە جۆرێک بەرپرسانی پەکەکە تێڕوانینی خۆیان بۆ دەوڵەتو کۆمەڵگەو تاڕادەیەک خێزانیش لە ڕێگەی دەستەواژەیەکەوە پێدەڵێن، کە بریتییە لە جەختکردنەوە لە "دژایەتیی بیری پیاوسالاریو دەوڵەتداریو پشتیوانی لە بیری فێمینیزمو دیموکراتیو سیستەمی لامەرکەزی"، هەر بۆیە داوایکردووە سەرکردایەتیی کۆمەڵگە بدرێتەدەست گەنجانو ژنان، "هەر لە ئێستاوە دەستبەکاربن بۆ کاری ڕێکخراوەییو بەرگری لە مافو دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان"و گەشەپێدانی دیموکراسیەتی کوردی. ئەمەیش وەک ئاماژەیەک بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردی لە بەرانبەر کۆمەڵگە یاخود دەوڵەتی دیموکراتیی تورکی.لەگەڵ ئەوەی لە دەقی تورکیی ڕاگەیەنراوەکەدا دەستەواژەی یاخیبوون (İsyan) بۆ شۆڕشەکانی کورد لە سەد ساڵی تورکیادا بەکارهێنراوە، لە هەمان کاتدا پەکەکە پێیوایە، بە ڕەچاوکردنی دۆخو دەرئەنجامی ئەو شۆڕشانەو پەیوەندیی هەزار ساڵەی کوردو تورکو (٥٢) ساڵ خەباتو بەرخۆدانی چەکداری دەریخستووە، کە کێشەی کورد لە سایەی خاکی هاوبەشو یەکسانی لە مافی هاوڵاتبوون دەستەبەردەبێت"، هەر بۆیە پەکەکە پێیوایە، کە "لە جەنگی سێیەمی جیهانیو دۆخی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندیی کوردو تورک ڕاستییەکە، کە کەس ناتوانێت لێیڕابکات". هەر ئەم ڕستەیە ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی تورکیا بۆ دووبارەداڕشتنەوەی بەرنامەو سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەیش دەرئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی، سەربازی، وزەیی، ئابووریو بازرگانییەکانی ناوچەکەیە.لەگەڵ بانگەواز بۆ پشتیوانیو زەمینەسازیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە، پەکەکە داوای لە حکومەتو

پارتە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکانیش کردووە، کە پشتیوانی لە "پرۆسەی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتی" بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسیاریەتی گەورەو مێژوویی خستووەتەئەستۆی پەرلەمانی تورکیاو بە ناوە سەرەکییەکەی خۆی؛ ئەنجومەنی مەزنی نیشتیمانیی تورکیا، ناویبردووە.لە ڕاگەیەنراوەکەدا بە ناڕاستەوخۆ داوا لە دەوڵەتە زلهێزەکان دەکات، کە نەبنە ڕێگر لە پرۆسەکە، ئەمەیش لە پێناو دووبارەنەبوونەوەی کوشتوبڕی کورد، هەر بۆیە داوا لە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە "بەرپرسیاریەتی خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتی کوشتوبڕی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەبەرچاوبگرنو نەبنە ڕێگر لە بەردەم چارەسەری دیموکراتی".لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکەدا باس لە قۆناغی کۆمەڵگەی سۆشیالیزمی دیموکراتی (Demokratik Toplum Sosyalizmi)و بزوتنەوەی دیموکراسیی جیهانی (küresel demokrasi hareketi) کراوە، کە دەبێتە هۆی هاتنەکایەی کۆمەڵگەی یەکسانو دیموکرات لە جیهاندا، ئەمەیش لە سایەی "پرۆسەی ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتیو خەباتی سۆشیالیزمی (Barış ve Demokratik Toplum süreci ve sosyalizm mücadelesi) دێتەدی. لە کۆتایی ڕاگەیەنراوەکەدا چەند دەستەواژەو دروشمێک بەکارهێنراوە، کە مایەی هەڵوێستەلەسەرکردنە، یەکێک لەوانە دەستەواژەی "بژی برایەتیی گەلانی تورکو کوردو سەربەخۆیی تەواوی تورکیا (Yaşasın Türk ve Kürt Halklarının Kardeşliği ve Tam Bağımsız Türkiye!)"یە، کە وەک دروشمی هێزە چەپەکان پێشنیارکراوە.

**بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکە، پەکەکە بە تەواوی بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەی نەداوە، بەڵکو بڕیاری "هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخستنەکانیو چالاکییە چەکدارییەکانی" داوەو بێبەریبوونی خۆی لە "هەر چالاکییەکی چەکداری" ڕاگەیاندووە.**

دروشمێکی دیکە بریتییە لە "دۆڕانی دەوڵەتی نەتەوەیی سۆشیالیزمی، سەرکەوتنی کۆمەڵگەی دیموکراتیی سۆشیالیزمی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت"، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دروشمەوە پەکەکە لە لایەکەوە دەیەوێت پاساو بۆ دۆڕانی ئەو ئایدۆلۆژیایە بهێنێتەوە، کە نزیکەی (٤٠) ساڵە پشتیپێدەبەستێت، لە لایەکی دیکەیشەوە ئاماژە بە قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسیو مەدەنی دەکات، کە ئامانجەکەی بریتییە لە هێنانەکایەی "کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیو سۆشیالیزمی"، واتە تێکەڵەیەک لە

ئایدۆلۆژیای دیموکراتی-سەرمایەداریی بلۆکی ڕۆژئاواو سۆشیالیزمی بلۆکی ڕۆژهەڵات.

کۆتا دروشمی ڕاگەیەنراوەکە بریتییە لە یەکسانکردنی سۆشیالیزم بە مرۆڤایەتی، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی "جەختکردنەوە لە مرۆڤایەتیبوون، جەختکردنەوەیە لە سۆشیالیزم". ئەمەیش ئەو واتایە دەدات، کە سەرەڕای دانپێدانانی خودی ئۆجەلانو بەرپرسانی دیکەی پەکەکەیش بە شکستی بیری سۆشیالیزم، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان ڕزگاربکەن لەو ئایدۆلۆژیایەو بە تایبەتیش لە بەکارهێنانی کۆتا ڕستەی ڕاگەیەنراوەکەدا (بژی سەرۆک ئاپۆ)، سەلماندوویانە هێشتا لە سەر بیری سۆشیالیزم دەڕۆنو وەک هەر حیزبێکی دیکەی کوردی، پەکەکەیش ڕزگاری نەبووە لە کەسو سەرکردە_پەرستی.

## خواستی دەوڵەتو مەرجەکانی کورد

ئەوەی ڕوودەدات لە ژێر ناوی "پرۆسەی ئاشتی، چارەسەری کێشەی کورد، تورکیای بێتیرۆر، پرۆسەی بەدیموکراتیبوونی تورکیا"، هەمووی لە پێناوی بەدەستهێنانی کۆمەڵێک خواستو مافی نەتەوەی کوردو دەوڵەتی تورکیادایە. ئەگەر خواستی دەوڵەت بریتی بێت لە کۆتاییهاتنی پەکەکەو بەدیهاتنی تورکیایەکی بەهێز بەبێ تیرۆر لە ناوخۆی وڵاتو سنوورەکانی دەرەوەیداو نەمانی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکە، ئەوا خواستی کورد بریتییە لە ناسینی وەک نەتەوە لە تورکیاو پێدانی مافە سیاسی، کولتووری، زمانیو کارگێڕییەکان لە بەڕێوەبردنی ناوچە خۆجێییەکانو جێبەجێکردنی جۆرێک لە لامەرکەزیەت لە شارە کوردییەکانی تورکیادا.

هەرچەندە لە پەیامەکەی (٢٧)ی شوباتی ئۆجەلان بۆ چەکدانانی پەکەکەو نامەکەی (٢٥)ی نیسانی ناوبراو بۆ کۆنگرەی حیزبەکەیو ڕاگەیەنراوی (١٢)ی ئایاری کۆنگرەی چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە جەختکراوەتەوە لە بەدیهاتنی بەشێک لە خواستو مافەکانی کورد، بە تایبەت ئەوانەی کە ئەو حیزبە خەباتی لە پێناوی بەدیهاتنیدا کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەم کوردو پەکەکە چاوەڕێی بەدیهاتنی کۆمەڵێک خواستو مافی دیکەن، بە تایبەت پەیوەست بە ناسنامە، زمانی دایک، سیاسەتی مەدەنی، کولتوورو خۆبەڕێوەبەرییەکی سنووردار. لە هەمان کاتدا هاوڵاتیانی تورکیاو چاودێرانی ناوخۆییو نێودەوڵەتیو بەشێک لە بەرپرسانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش پێشبینی هاتنەکایەی بەشێک لەو مافانە دەکەن. ئەمەیش لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەوڵەکانی تورکیا بۆ ڕابەرایەتیکردنی ناوچەکەو بوون بە هێزێکی باڵادەستو

قسەڕۆیشتوو لە ناوچەکەداو لە هەمان کاتدا لێدوانو هەنگاوەکانی بەرپرسانی باڵای تورکیا، بە تایبەت خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو دەوڵەت باخچەلی. داواکاری ئۆجەلانیش بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعوود بارزانی، بافڵ تاڵەبانی، نێچیرڤان بارزانی، مەزڵوم عەبدیو قوباد تاڵەبانیدا(٢٣)، بە ئەگەری زۆرەوە جگە لە باسی پرۆسەی ئاشتی، بۆ قسەکردنە لە سەر ڕۆڵی تورکیاو ئامادەیی ئەو وڵاتە بۆ پشتیوانی لە کورد، بە جۆرێک پێگەی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتربکاتو مەیلی کوردەکان بە لای ئێرانو وڵاتانی عەرەبو کەنداو کەمتربکاتەوە.هەروەها هەم ئۆجەلانو هەم قەندیلو دەمپارتییش پێیانوایە، کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دانوستانو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە، لە گرنگترین داواکارییەکانیش سەربەستیی ئۆجەلان (ئەگەر مەرجداریش بێت)، پێدانی ناسنامەیەکی دیاریکراو بە کوردو خوێندن بە زمانی کوردی، هەروەها دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی، کە گەریلاکانی پەکەکە بگرێتەوەو بتوانن بگەڕێنەوەناو ماڵوحاڵی خۆیان. بە گوێرەی زانیارییە دزەپێکراوەکان، ژمارەی ئەو کەسانە نزیکەی (٧) هەزارو (٥٠٠) کەس دەبن(٢٤)، ئەمە جگە لەوەی دۆخی ڕۆژئاوای کوردستانو مانەوەی کانتۆنەکان بە هێڵی سوور ناوزەددەکەن.هەرچەندە دامەزراوە دەوڵەتیو حیزبییەکانی دەسەڵات بەردەوام جەخت لە سەر نەبوونی هیچ مامەڵەو دانوستانێک لە نێوان دەوڵەتو ئۆجەلانو پەکەکەدا دەکەنەوە سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی ئەو حیزبە لە بەرانبەر هەمواری دەستوورو دانپێدانان بە مافی ناسنامە، زمانی دایکو خۆبەڕێوەبرییەکی سنووردار بۆ کوردەکان. هەروەک ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی زانیاریی ساختە (Dezenformasyonla Mücadele Merkezi)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا لە ڕاگەیەنراوێکدا لە (٢)ی ئاداری (٢٠٢٥)، هەموو ئەو لێدوانو زانیارییانەی سەبارەت بە "ڕێککەوتنی ئۆجەلان لەگەڵ دەوڵەت بۆ گۆڕانکاریی دەستووری لە بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا" ڕەتکردووەتەوە(٢٥). هەریەک لە باخچەلیو ئەردۆغانیش چەندین جار جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە دانوستان لە نێوان دەوڵەتو ئیمراڵی یاخود قەندیلدا نییەو پرۆسەکە تەنها بریتییە لە داواکاریی ئۆجەلان بۆ چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی لە چوارچێوەی بانگەشەکانی "تورکیای بێتیرۆر (Terörsüz Türkiye)دا(٢٦)".هەروەک لە دەستپێشخەرییەکەیشیدا دەوڵەت باخچەلی داوایکردبوو "ئۆجەلان بێتە پەرلەمانو لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی

دەمپارتی بانگەشەی کۆتاییهاتنی تیرۆرو هەڵوەشانەوەی پەکەکە بکات." لەم پەیامەوە دەردەکەویت دەوڵەت خۆی زۆر لەوە بەهێزتر نیشاندەدات، کە بکەوێتە دانوستانو پەکەکە وەک هێزێک لە بەرانبەری خۆیدا دابنێت. هەروەک بەرپرسانی هەواڵگری، ئەمنیو سەربازیی تورکیایش جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە سایەی هێرشی فرۆکەبێفڕۆکەوانو هەماهەنگیی هەواڵگری لە نێوان ئەنقەرە، هەولێرو بەغدادا توانای بەرگریی پەکەکە لاوازبووەو نەک لە شارەکانی باکوورو باشووری کوردستان، بەڵکو لە قەندیلیش ناتوانن لە ئەشکەوتو پەناگەکانیان بێنەدەرەوە.

**لە ڕاگەیەنراوەکەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەستپێکردنەوەی شەڕو لەناوبردنی کورد، ژمارەو تو اناى گەریلای زیاترکرد"، بەرپرسانی پەکەکە دەیانەوێت پێمانبڵێن، کە چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوە بە و اتای لاوازبوون نایەت.**

لەگەڵ ئەمانەیشدا هەوڵەکانی ئاکپارتیو خودی ئەردۆغان بۆ نوسینەوەی دەستووری نوێ (Yeni Anayas) ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەروەها ڕیفۆرمی سیستەمی لامەرکەزی (Yerel Yönetim Reformu)و گۆڕانکاریی فراوان لە یاسای جێبەجێکردنی دادوەری (İnfaz Yasasında Kapsamlı Değişiklik) گرنگترین بابەتی کۆبوونەوەکانی بەرپرسانو پسپۆڕانی بواری یاساو دستووریی سەر بە ئاکپارتیو وەزارەتی دادی تورکیا دەبن، بە درێژایی پشووی هاوین(٢٧).

جەختکردنەوەی بەردەوامی ئەردۆغان لە سەر ڕیفۆرمی بەڕێوەبردنی خۆجێییو سیستەمی لامەرکەزی گەیشتووەتە ئاستێک لە وتارەکانی لە کاتی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی حیزبەکەی لە پەرلەمانی تورکیا باسی لەوە کردووە، کە سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندیو چڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی ئەنقەرەو وەزارەتەکاندا لەگەڵ ئەوەی گرفتی بۆ جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەو کاری خزمەتگوزاری دروستکردووە، لە هەمان کاتدا ئەرکێکی زۆری ناپێویستی لە سەر وەزارەتەکانو دەسەڵاتی ناوەندی داناوە(٢٨)، هەر بۆیە ئەردۆغان دەیەوێت لە ڕێگەی ڕیفۆرمی سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەندییەوە جۆرێک لە لامەرکەزیەت، بە تایبەت بۆ ناوچە کوردییەکان فەراهەمبکات.جگە لەمانەیش باس لە پاکێجی دەیەمی دادوەری (Onuncu Yargı Paketi) دەکرێت، کە لەلایەن فراکسیۆنی ئاکپارتیو مەهەپەوە ئیشی لە سەر دەکرێتو ئێستا لە بەردەستی

لیژنەی دادوەریی پەرلەماندایە(٢٩). هەرچەندە دوای هەموارکردنەوەی کۆمەڵێک ماددەو برگەی یاساکە، پاکێجی نۆیەمی دادوەری لە (١٤)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٤) لە رۆژنامەی فەرمیی تورکیادا بڵاوکرایەوە(٣٠) و هەتا رادەیەک دەسەڵاتی دادوەری بۆ لێکۆڵینەوە، دەستبەسەرکردن و تەنانەت سزادانی تۆمەتباران زیاترکرد، بەڵام چاوەڕێدەکرێت لە سایەی دۆخی نوێی تورکیادا پاکێجی دەیەمی دادوەری، دەسەڵاتی دادوەران سنوورداربکات لە مامەڵەی توندیان لەگەڵ تۆمەتبارو گومانلێکراوان(٣١)، بە تایبەت پەیوەست بە زیندانیکراوانی بەتەمەن، منداڵو نەخۆشەوە ئاسانکاری هەتا رادەی بەسەربردنی ماوەی زیندانییەکەی لە ماڵەکەی خۆیدا دەکرێت.هاوکات چاوەڕێدەکرێت هەمواری هەریەک لە یاسای سزادانی تورکی (Türk Ceza Kanunu)، یاسای رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر (Terçrle Mücadele Kanunu)، "بابەتی دانانی قەیوم (Kayyum Meselesi) بکرێت. لەم چوارچێوەیەیشدا لەگەڵ کەمکردنەوەی سزاکاندا، پێشبینی ئازادکردنی نزیکەی (١٠٠) هەزار زیندانی دەکرێت، لە نێویاندا هەزاران کەس بە تۆمەتی "تیرۆر" زیندانیکراون، بە تایبەت کەسانی بەساڵاچوو، نەخۆش، منداڵو ئەو ئافرەتانەی منداڵی بچووکیان هەیە، ئەگەر بە یەکجاریش ئازادنەکرێن، دەکرێت ماوەی سزاکەیان لە ماڵەکانی خۆیاندا بەسەرببەن(٣٢).

دوای ئەو پرۆژەیەی بۆ هەمواری دەستوور بە درێژایی پشووی هاوین لەلایەن بەرپرسانو شارەزایانی ئاکپارتییەوە ئامادەدەکرێتو پێشبینیدەکرێت لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵو لەگەڵ کردنەوەی وەرزی نوێی یاسادانانی پەرلەمانی تورکیادا پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بکرێت، چوارچێوەی دەستووریو یاسایی پرۆژەی "تورکیای بێتیرۆر" پێکهێنێتو زەمینەی پێویستی بۆ برەخسێنێت(٣٣).

**پەکەکە لە ڕاگەیەنراوەکەیدا داوا لە هێزە نێودەوڵەتییەکان دەکات، کە "بەرپرسیاریەتیی خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتی کوشتوبڕی کورد لە سەد ساڵی ڕابردوودا لەبەرچاوبگرنو نەبنە ڕێگر لە بەردەم چارەسەری دیموکراتی".**

خاڵی گرنگ لە ڕوانگەی کوردەوە بریتییە لە ئاستی جێبەجێکردنی خواستەکانی کوردو فەراهەمکردنی مافەکانی لە چوارچێوەی دەستووری نوێو ڕیفۆرمی لامەرکەزیو گۆڕانکاری لە یاسای جێبەجێکردنی

دادوەریدا. ئاشکرایە ئەردۆغانو ئاکپارتی هەمواری دەستوورو گۆڕانکاری لە یاساکاندا تەنها لەبەر خاتری کوردو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ناکەن، بەڵکو زیاد لەوە ئەردۆغان دەیەوێت شوێنەواری دەسەڵاتی سەربازی بە سەر ئەو دەستوورەوە بسڕێتەوە، کە دوو ساڵ دوای کودەتاکەی (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠) نوسراوەتەوەو هەتا ئێستایش زۆرێک لە ماددەکانی ئەو دەستوورە هەموارنەکراوەتەوە. بە تایبەت چوار ماددەی سەرەتا کە پەیوەستە بە ناساندنی سیستەمی فەرمانڕەوایی‌و ناسنامەی دەوڵەتو کۆمەڵگەی تورکیاو دیاریکردنی ئایین، ئایدۆلۆژیاو زمانی فەرمیی دەوڵەتو خەڵکی ئەو وڵاتە.خاڵێکی دیکە کە زیاتر دەمپارتی جەختیلێدەکاتەوە، پێکهێنانی ئەنجومەنی پەرلەمان (Meclis Komisyonu)، بە جۆرێک ئەنجومەنەکە لە کەسی یەکەمی حیزبەکان لە پەرلەمان یاخود سەرۆکی فراکسیۆنەکانو بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی سەرۆکی پەرلەمان پێکبهێنرێت(٣٤)، بەڵام سەرەڕای چەندبارەکردنەوەی ئەم داواکارییە لە کۆبوونەوەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانی دەمپارتیدا، هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی بۆ نەنراوەو ڕەنگە پێکهێنانی بکەوێتە سەرەتای وەرزی نوێی یاسادانانی تورکیا لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵ. لەگەڵ ئەمانەیشدا تەنانەت بەرپرسانی دەسەڵاتو تەنانەت دەمپارتییش باس لەوە دەکەن، کە ئەم پرۆسەیە نزیکەی دوو ساڵی پێدەچێت(٣٥).لەگەڵ ئەوەی ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک لەو ماددانەی سەرەتای دەستووری تورکیا لە بەرژەوەندیی کورد دەبێت، بەڵام مەرج نییە گۆڕانکارییەکان لەو ئاستەدا بن، کە کورد چاوەڕێیدەکات، بە تایبەت لە بابەتی ناسنامە، زمانی فەرمیو خوێندن بە زمانی دایکو خۆبەڕێوەبەری.لە هەمان کاتدا دەوڵەت باخچەلییش لە زنجیرەوتارێکیدا لە ڕۆژنامەی (Türkgün) ئاماژەی بە هەمواری ماددەی (٦٦)ی دەستووری تورکیا داوە لە بەرژەوەندیی کوردو کەمەنەتەوەکانی دیکەی تورکیا(٣٦)، بە گوێرەی ئەو ماددەیە، "هەر هاوڵاتییەک لە تورکیادا بژی وەک تورک دەناسرێت(٣٧)،" بەڵام باخچەلی لە وتارەکەیدا لە (٣١)ی ئاداری ئەمساڵ جەختی لەوە کردووتەوە، کە "هەر هاوڵاتییەک لە کۆماری تورکیادا بژی، خاوەن ئەرکو مافی هاوبەشە". زۆرێک لە شارەزایانی سیاسی‌و بواری یاساو دەستوور پێیانوایە، کە ئەم دەستەواژەیەی باخچەلی بەکارهێناوە، ئاماژەیە بۆ هەمواری ماددەی (٦٦) ی دەستوور، بە جۆرێک ئیدی هەموو هاوڵاتیانی تورکیا بە تورک ئەژمارنەکرێنو ناسنامەی نوێی نەتەوەیی بە هاوڵاتیانی ئەو وڵاتە بدرێت.لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا بەستنەوەی کێشەی

"تیرۆر"و پەکەکە بە کێشەی کوردەوە بە هەڵەیەکی بنەڕەتی دادەنرێتو بەشێک لە چاودێران، سیاسیو ئەکادیمییەکانی کورد لە تورکیا داوادەکەن بابەتی چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە تێکەڵ بە چارەسەری کێشەی کوردو دەستەبەرکردنی مافەکانی لە دەستووری نوێو هەمواری یاساکاندا نەکرێت(٣٨)، لەبەرئەوەی کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی گەورەیە لە تورکیاو پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتییەو ناکرێت دەوڵەت لە ڕوانگەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەوە لە چارەسەری کێشەی کورد بڕوانێتو هەموو کورد بە تەرازووی پەکەکە بپێوێت.سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەمواری دەستووریو ئاسانکاری بۆ زیندانیانی کورد، دەمپارتیو پەکەکە لە لایەکی دیکەوە کێشەی یاساییو سیاسی بۆ ئاکپارتیو حکومەت دروستدەکات. بە تایبەت پەیوەست بە دۆخی سزادراوانی سەر بە گرووپی فەتحوڵلا گیولەنو بەرەی ئۆپۆزسیۆن(٣٩)، لەبەرئەوەی بەشێک لە هەموارو ئاسانکارییە سزاییەکان دەکرێت ئەو کەسانەیش بگرێتەوە، کە بە هۆی دۆسیەی گرووپی فەتوڵا گیولەن (فەتۆ)و بابەتی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥) ی تەمموزی (٢٠١٦) سزادراون، یاخود ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکانی (گەزی پارک)و پشتیوانی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن سزادراون، ئەمە جگە لەو ژەنەراڵو پلەدارانەی سوپا، کە بە تۆمەتی کردنی کودەتا لە کاتە جیاوازەکاندا ئێستا لە زیندانن.

**هەرچەندە لە پەیامەکانی ئۆجەلانو ڕاگەیەنراوی کۆنگرەی پەکەکە جەخت لە بەدیهاتنی بەشێک لە مافەکانی کورد کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا چاوەڕێی بەدیهاتنی کۆمەڵێک خواست و مافی دیکەن.**

### دەرئەنجام

پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بۆ جاری چوارەمە ئەزموندەکرێت، ئەمەیش دوای دەستپێشخەرییەکەی دەوڵەت باخچەلیو بەدەمەوەچوونی گەرمی ئۆجەلانو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ناوبراو لەلایەن پەکەکەوە بۆ چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوە. خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە تۆپەکەی خستووەتەوە گۆڕەپانی ئەنقەرەوەو خودی ئەردۆغان لە بەرانبەر بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی مێژوویدا ڕاگیراوە، لێرەوە ئەرکی قورسی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستپێدەکات، کە کۆمەڵگەی تورکیاو مەیدانی سیاسەت بەرەو دیموکراتی ببەن، دەستبەرداری لابردنی سەرۆک_ شارەوانییەکانی دەمپارتیو جەهەپەو دانانی قەیوم لە جێگەیان ببن.ڕێگرییەکانی بەردەم سیاسییەکانی دەمپارتیو

جەهەپە بۆ هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٨)ی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا مەرجی سەرەکیو پێشوەختەی زامنکردنی ئەو کۆمەڵگەی دیموکراتییەن، کە ئۆجەلان پێش خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بانگەوازی بۆ دەکات.سەرەڕای فەراهەمبوونی بەشێک لە مافەکانی کورد، بەڵام لە ڕوانگەی ناسنامەی نەتەوەیی، زمانی دایک، خوێندنو مافە کولتوورییەکاندا، تورکیا پێویستی بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی یاسایی، دەستووریو تەنانەت کۆمەڵایەتییش هەیە، بە جۆرێک هەمواری دەستوورو یاساکان دابەزێنرێتە ئاستی جەماوەرو بە تایبەت خەڵکی نەژادپەرستی تورک لە ڕاستیی بوونی کورد لە تورکیا هۆشیاربکرێتەوەو ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی لە سایەی هەمواری دەستووردا دێتەکایەوە، لەلایەن جەماوەرێشەوە پەسەندبکرێت. ئەرکی نوێنەرو بەرپرسانی کوردیشە لە تورکیا داواکاریی نەگونجاو بەم سەردەمە لە بابەتی دەوڵەتداریو خوێندن بە زمانی دایکو خۆبەڕێوەبەری وەک مەرج لە سەر دەوڵەتی تورکیا دانەنێنو خۆبەدووربگرن لە بەکارهێنانی دەستەواژەی هەستیاری نەژادپەرستیو نەتەوەییانەی نەرێنی، بە جۆرێک هێماو ئاماژەی جوداخوازیو پارچەکردنی خاکی تورکیای تێدا بێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر دەتوانێت سوود لە بابەتێکی ژمارە (٦)ی وەرزنامەی تورکیاناسی وەربگرێت. "ئەحمەد سیروانی، فەرزان چاڵشکان، پرۆسەی ئاشتی، ڕاستی یان خەیاڵ!" وەرزنامەی تورکیاناسی، ژمارە (٦)، کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤)، (٢٠٢٤/١٢/٢١)، https://www.centerfs.org/the-peace-process-truth-or-fiction/، (٢٠٢٥/٠٦/١١).

KRTTV, Cumhurbaşkanı Erdoğan Türkiye Büyük Millet Meclisi Açılış Töreninde Konuşuyor, ٢٠٢٤,١٠,٠١, https://www.youtube.com/watch?v=cDYDWUzEewA, ٢٠٢٥,٠٦,١١.

HALKTV, MECLİS'TE ŞAŞIRTAN ANLAR! Devlet Bahçeli, daha önce topa tuttuğu DEM Partililerle tokalaştı!, ٢٠٢٤,١٠,٠١, https://www.youtube.com/watch?v=٩BNqX٠wWWXw&t=١s, ٢٠٢٥,٠٦,١١

بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تورکیاو کولتووری چالاکیی حیزبی سیاسی لە پەرلەمان، هەر فراکسیۆنێک هۆڵێکی بۆ دابینکراوە، لەو هۆڵەدا هەفتانە کۆبوونەوەدەکرێتو سەرۆکی حیزبەکە گوتارێک بۆ پەرلەمانتارو ئەندامو لایەنگرانی حیزبەکەی دەداتو هەڵوێستی خۆی لە بارەی ڕۆژەڤی ئەو هەفتەیەی جیهانو تورکیا ڕادەگەیەنێت.

Mevzuaat Bilgi Sistemi, CEZA VE GÜVENLİK TEDBİRLERİNİN İNFAZI HAKKINDA KANUN, ٢٠٠٤,١٢,٢٩, https://www.mevzuat.gov.tr/mevzuat?MevzuatNo=٥٢٧٥&MevzuatTur=١&MevzuatTertip=٥, ٢٠٢٥,٠٦,١١.

Adem Kara, Bahçeli'den yeni ٠calan çıkışı!, Dem parti İmralı'ya gidiyor, ٢٠٢٤,١١,٢٦, https://www.youtube.com/watch?v=ydomHkHKvvc, ٢٠٢٥,٠٦,١١.

Son Gelişme, ANKARA — DEM Parti, PKK elebaşı ile görüşmek için Adalet Bakanlığı'na başvurdu, ٢٠٢٤,١١,٢٦,

https://www.youtube.com/
.١١,٠٦,٢٠٢٥ ,watch?v=RzxY-grMODQ

Liderhaber, DEM Parti heyeti İmralı'yı
https://www. ,٢٨,١٢,٢٠٢٤ ,ziyaret etti
liderhaber.com.tr/dem-parti-heyeti-
.١١,٠٦,٢٠٢٥ ,imraliyi-ziyaret-etti

Tercumangazetesi, Abdullah Öcalan'dan
https:// ,٢٩,١٢,٢٠٢٤ ,Maddelik Mesaj ٧
tercumangazetesi.com.tr/abdullah-
,/maddelik-mesaj -٧ -ocalandan
.١١,٠٦,٢٠٢٥

BBC News Türkçe, İkinci İmralı ziyareti:
Öcalan çalışmaları sürdürüyor, gözler
https://www. ,٢٣,٠١,٢٠٢٥ ,Şubat ayında
,bbc.com/turkce/articles/cly٤g٤٩pwp٩o
.١١,٠٦٢٠٢٥

DHD Online، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی
شاندی ئیمراڵی لە سلێمانی، ١٨,٠٢,٢٠٢٥,
https://www.youtube.com/
.١,٠٦,٢٠٢٥ ,watch?v=YxLhjC٧qHQg

Habertürk TV, İmralı Ne Zaman Çağrı
https://www. .١٠,٠٢,٢٠٢٥ ,?Yapacak
,youtube.com/watch?v=HE_Nypd٥F٤Q
.١١,٠٦,٢٠٢٥

Dilara Bağcı, Abdullah Öcalan
Açıklamasının Tam Metni: Öcalan Ne
https:// .٢٧,٠٢,٢٠٢٥ ,?Açıkladı, Ne Dedi
onedio.com/haber/abdullah-ocalan-
aciklamasi-tam-metni-ocalan-ne-
.١١,٠٦,٢٠٢٥ ,١٢٧٧٧٠٩-acikladi-ne-dedi

PKK'den Öcalan'ın çağrısına yanıt: ,K٢٤
,٣١,٠٣,٢٠٢٥ ,Ateşkes ilan ediyoruz
net/tr/.https://www.kurdistan٢٤
.١١٠٦,٢٠٢٥ ,٨٢٧٣٢٠/story

Medyascoptv, DEM Parti heyeti Külliye'de
https:// ,١٠,٠٤,٢٠٢٥ ,Erdoğan ile görüştü
dem-parti-/١٠/٠٤/٢٠٢٥/medyascope.tv
,/heyeti-kulliyede-erdogan-ile-gorustu
.١١,٠٦,٢٠٢٥

.١٢ Serxwebun, RÊBER APO'NUN
PKK KONGRESİ'NE GÖNDERDİĞİ
https:// ,٢٩,٠٥,٢٠٢٥ ,PERSPEKTİF
-١٢-serxwebun.org/reber-aponun
,pkk-kongresine-gonderdigi-perspektif
.١٠,٠٦,٢٠٢٥

PKK sonuç bildirisi açıklandı: PKK adıyla
,yürütülen çalışmalar sonlandırıldı
https://firatnews.com/ ,١٢,٠٥,٢٠٢٥
.١١,٠٦,٢٠٢٥ ,٢١٢٥٥٩-kurdIstan/pkk

CNN TÜRK, PKK'nın fesih bildirisinin
kodları ne? 'Ankara temkinli bir iyimserlik
içerisinde! Adım adımı getirecek
,١٢,٠٥,٢٠٢٥ ,'stratejisi izlenecek
https://www.cnnturk.com/video/
turkiye/pkknin-fesih-bildirisinin-
kodlari-ne-ankara-temkinli-bir-
iyimserlik-icerisinde-adim-adimi-
,٢٢٨٣٣٧٤-getirecek-stratejisi-izlenecek
.١١,٠٦,٢٠٢٥

NTV, PKK'nın Fesih Kararını Kemal
Öztürk Değerlendirdi! 'İlginç Mesajlar
https:// ,١٢,٠٥,٢٠٢٥ ,Kodlanmış' | NTV
youtu.be/ofxZeNP٤WtI?si=dN٥vg٠XwX
.١١,٠٥,٢٠٢٥ ,H٥٣C٠PU

Halk TV, "Beklenen adımlar konusunda
rehavet var!" Tuncer Bakırhan'dan
,iktidara çok kritik 'süreç' eleştirisi
https://www.youtube.com/ ,٠٨,٠٤,٢٠٢٥

# لە نێوان دیموکراسیو پاوانخوازیدا
# تورکیای سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان

بەختیار ئەحمەد ساڵح

**پێشەکی**

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وەک یەکێک لە سەرکردە کاریگەرەکانی تورکیاو ناوچەکە دەرکەوت. ئەردۆغان لە ساڵی (٢٠٠٣)وە وەک سەرۆکی حکومەتو دواتر وەک سەرۆککۆمار؛ حوکمڕانی تورکیا بووەو سەرکردایەتیی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سەرانسەری هەموو بوارەکانی دەوڵەتدا کردووە، لە ئابوورییەوە بۆ سیاسەت، لە کۆمەڵگەوە بۆ سوپا، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ خودی شوناسی نەتەوەیی. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا گواستنەوەیەک نەبووە لە نێوان حکومەتەکاندا، بەڵکو بە بڕوای زۆرێک لە چاودێران، سەردەمێکی نوێی لە مێژووی کۆماری تورکیای مۆدێرن نەخشاند، کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لەلایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دامەزرێنرا.

ئەردۆغان خاوەنی کاریزمایەکی سیاسیی ناوازەیە، کە وایکردووە زیاتر لە دوو دەیە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان دابمەزرێنێت، بە تایبەتی لە ناو ڕەوتی پارێزگاراندا، هەروەها سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەوڵەتی قووڵ بە قازانجی خۆیو تێپەڕاندنی قەیرانە گەورەکانی وەک هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، بەڵام ئەم بەردەوامییە لە دەسەڵاتدا هەمیشە هاوواتای سەقامگیری یان سەرکەوتن نەبووە.

دەسەڵاتی ئەردۆغان بە تایبەتی لە دەیەی یەکەمی فەرمانڕەواییدا، دەستکەوتی ئابووریی بەرچاوی تێدابووە بۆ تورکیا، کە لەو کاتەدا وەک مۆدێلێکی حوکمڕانیی

نوێ سەیردەکراو تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا وەک تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسیی ئیسلامی لە ناوچەیەکی پشێودا بەرەوپێشدەچوو، بەڵام ئەم مۆدێلە بە خێرایی ڕووی لە داکشان کرد، بە تایبەتی لە دوای ساڵی (٢٠١٣)و پەرەسەندنی نارەزایەتییە ناوخۆییەکان، سنووردارکردنی ئازادییەکانو سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکانەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە وا گریمانەدەکات، کە ئەزموونی ئەردۆغان بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، قۆناغی سەرهەڵدانو بەرەوپێشچوون (٢٠٠٣-٢٠١٣)، کە بە سەقامگیری، گەشەکردنو کراوەیی سیاسی تایبەتمەندە، دواتر قۆناغی داکشان (٢٠١٣-٢٠٢٥)، کە بە سەرکوتی سیاسی، قەیرانی ئابووریو گرژیی لە پەیوەندییە ناوچەییەکان تایبەتمەند بووە. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دوو قۆناغە، توێژینەوەکە ڕێبازێکی شیکاریی مێژوویی دەگرێتەبەر، پێشهاتە ناوخۆییەکانی تورکیاو گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

## بەشی یەکەم: دەرکەوتنی سیاسیی ئەردۆغانو گۆڕانکارییەکانی دەیەی یەکەم (٢٠٠٣-٢٠١٣)

### لە پەراوێزەوە بۆ دەسەڵات: دەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان

دەسەڵاتگرتنەدەستی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە دیمەنی سیاسیی تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمدا، پەیوەست بوو بە گۆڕانکارییە قووڵەکانی کۆمەڵگەی تورکیاو دارمانی دەستەبژێرە سیاسییە تەقلیدییەکانو سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی سیاسیی میانڕەو کە سەرکەوتوانە وەبەرهێنانی لە بێهیوایی جەماوەری؛ بەرانبەر بە عەلمانییەکان کرد. پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) (AKP) لە ساڵی (٢٠٠١) لەلایەن کۆمەڵێک سیاسەتمەدارەوە دامەزرا، کە لە بزوتنەوە ئیسلامییە کلاسیکییەکان جیابووبوونەوە. پارتەکە بە گوتاری پراگماتیکو مەیلی ناوەندگەرایی، سەرکەوتوو بوو لە دڵنیاکردنەوەی بەشە بەرفراوانەکانی دەنگدەران، لەوانە پارێزکارەکان، عەلمانییە میانڕەوەکانو کەرتی سەرمایەدارە تازە دروستبووەکان لە ناوەڕاستو خۆرئاوای وڵاتدا(١).

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٢)ی پەرلەمانی تورکیادا پارتی دادو گەشەپێدان (٣٤٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، بەڵام بە هۆی پارچەپارچەبوونی پارتەکانی دیکەو تێنەپەڕاندنی بەربەستی (١٠٪) دەنگەکان، زۆرینەی ڕەهای لە پەرلەمان بەدەستهێنا. بەم شێوەیە سەردەمێکی نوێ لە تورکیا دەستیپێکرد، عەبدوڵڵا گول وەک سەرۆکوەزیرانی کاتی دەستنیشانکرا، دواتر ئەردۆغان ئەو پۆستەی وەرگرت، دوای ئەوەی بڕیارێکی دادگا کە بە هۆی ڕابردووی سیاسیی ئاینییەوە ڕێگریی لە

کاندیدکردنی کردبوو، هەڵوەشایەوە (سەرکەوتنی ئەردۆغان بۆ دەسەڵات تەنها گۆڕانکاری لە دەسەڵاتدا نەبوو، بەڵکو سەرەتای گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی قووڵ بوو لە ناسنامەی دەوڵەتی تورکیای مۆدێرندا)(٢).

## دەیەی زێڕین؛ گۆڕانکارییەکانی تورکیا (٢٠٠٣-٢٠١٣)

ئابووریی تورکیا لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا بوژانەوەیەکی بەرچاوی بەدەستهێنا. بەرهەمی ناوخۆیی لە نزیکەی (٢٣٠) ملیار دۆلارەوە لە ساڵی (٢٠٠٢) بۆ زیاتر لە (٩٥٠) ملیار دۆلار لە ساڵی (٢٠١٣) بەرزبووەوە(٣)، ڕێژەی هەژاری کەمیکرد، داهاتی سەرتاسەری باشتر بوو، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی زیادیکرد. چاودێران هۆکاری ئەم گەشەکردنە دەگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە: چاکسازیی ڕیشەیی دارایی بە هاوکاریی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، دارشتنەوەی سیستەمی بانکی لە دوای قەیرانی دارایی لە ساڵی (٢٠٠١)، سیاسەتی هاندانی وەبەرهێنانو بە تایبەتکردنو گرنگیدان بە ژێرخانی ئابووری، فرۆکەخانەی نوێی ئەستەنبوڵ، پردەکان، ڕێگەوبانەکان، هێڵەکانی میترۆ. بانکی نێودەوڵەتی لەو کاتەدا تورکیای بە "مۆدێلێکی سەرکەوتوو بۆ تێکەڵکردنی ئابووریی لیبراڵ لەگەڵ دیموکراسیی پارێزکاردا" ناوزەنددەکرد(٤).

## کەمکردنەوەی باڵادەستی سەربازی و چاکسازی لە دامەزراوەکاندا

ئەردۆغان لە ڕێگەی گۆڕینی دەستوورو دادگاییکردنی ڕەمزییانە لە کەیسەکانی وەک ئەرگەنەکۆن، کاری لە سەر کەمکردنەوەی ڕۆڵی سیاسیی دامەزراوە سەربازییەکان دەکرد، کە ساڵانێک بوو خۆی بە پارێزەری عەلمانیەت دەزانی، ئەمەیش پشتیوانیی جەماوەری لێکەوتەوەو وەک بەشێک لەو چاکسازییانە لێکدرایەوە، کە یەکێتیی ئەوروپا خوازیاریەتی بۆ ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا(٥). هەروەها ئەردۆغان بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بەهێزترکرد، ئازادیی ڕادەربڕینی فراوانترکرد، هەروەها کۆتی لە سەر باڵاپۆشی لە زانکۆو دامەزراوە حکومییەکاندا هەڵگرتو هاوسەنگییەکی نوێی بۆ کایەی گشتیی تورکیا گەڕاندەوە.

سیاسەتی دەرەوە؛ سفرکردنەوەی کێشەکانو گەشەسەندنی ڕۆڵی ناوچەیی لەم قۆناغەدا، تورکیا سیاسەتێکی کارای دەرەوەی گرتەبەر بە ناوی سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد داودئۆغلو؛ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی تورکیا. ئەم سیاسەتە ئامانجی باشترکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا بوو لەگەڵ سوریا، عێراق، ئێرانو یەکێتیی ئەوروپادا. تورکیا لە پرسە هەستیارەکانی وەک پرسی ئەتۆمیی ئێرانو

دانوستانەکانی سوریاو ئیسرائیل خۆی وەک نێوندگیرێکی ڕاستگۆ نیشاندەدا(٦)، ئەمەیش هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆڵی تورکیا لە جیهانی ئیسلامیدا، کە خۆی وەک مۆدێلێکی دیموکراسیی میانڕەو لە دوای بەهاری عەرەبی نیشانداو پێگەی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە هەڵکشان کرد.

## بەشی دووەم: گواستنەوە بەرەو تاکڕەویی (٢٠١٣–٢٠٢٣)

### ناڕەزایەتییەکانی پارکی گێزی‌و سەرەتای داکشان

هاوینی (٢٠١٣) ناڕەزایەتیی بەرفراوان لە پارکی گێزی ئەستەنبوڵ سەریهەڵدا لە سەر پلانی حکومەت بۆ لابردنی درەختەکان‌و دروستکردنی مۆڵێکی بازرگانی. ئەم ناڕەزایەتییانە بە خێرایی پەرەیانسەندو بوو بە بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی سیاسیی فراوانتر لە دژی شێوازی فەرمانڕەوایی ئەردۆغان، بە تایبەتتر دژی زیادەڕۆیی‌و سەرکوتکردنی ئازادییە گشتییەکان. حکومەت بە سەرکوتی توندی ئەمنی وەڵامی خۆپیشاندانەکانی دایەوەو لە ئەنجامدا ژمارەیەک خۆپیشاندەر گیانیانلەدەستداو هەزاران کەسیش بریندار بوون. ئەم ناڕەزایەتییانە خاڵی وەرچەرخانیان لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەت‌و کۆمەڵگەدا نیشانداو ناسەقامگیری؛ وێنەی ئەو دیموکراسییەیان ئاشکراکرد، کە پارتی دادو گەشەپێدان بۆ ماوەی دە ساڵ بانگەشەی بۆ دەکرد(٧) (گێزی خاڵی وەرچەرخان بوو، دەریخست، کە ئەردۆغان چیتر ئەو سەرکردە چاکسازیخوازە نییە، کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دەسەڵاتی گرتەدەست)(٨).

### جیابوونەوە لەگەڵ بزوتنەوەی گولەن‌و هەوڵی کودەتا

لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٣)دا قەیرانێکی بێوێنە لە نێوان ئەردۆغان‌و هاوپەیمانی پێشووی؛ بانگخواز فەتحوڵڵا گولەندا، سەریهەڵدا، ئەمەیش دوای لێکۆڵینەوەکانی گەندەڵی، کە وەزیرەکانی حکومەت‌و ئەندامانی خێزانی ئەردۆغان تێوەگلابوون. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بزوتنەوەی گولەنی بە دزەکردنەناو پۆلیس‌و سوپاو دەسەڵاتی دادوەری تۆمەتبارکردو پاکتاوکردنی بەرفراوانی ئەو بزوتنەوەیەی لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەستپێکرد. قەیرانەکە بە هەوڵی کودەتا سەربازییە شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) گەیشتە لوتکە، کە دەسەڵاتی دادوەری‌و سیاسیی تورکیا بزوتنەوەی گولەنی بە ئەنجامدانی تاوانبارکرد. سەرەڕای شکستخواردوویی کودەتاکە، ئەردۆغان ئەو ڕوداوەی قۆستەوە بۆ سەپاندنی باری نائاسایی‌و ئەنجامدانی پاکتاوی گشتگیر، کە زیاتر لە (١٠٠) هەزار فەرمانبەری حکومەتی کردەئامانج، کە لە ناویاندا دادوەرو

ئەفسەرو مامۆستای زانکۆ هەبوو(٩).

گۆڕان بەرەو سیستەمی سەرۆکایەتی

ئەرۆغان دەمێک بوو هەوڵی گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایەتیی تورکیای دەدا، دواجار لە ساڵی (٢٠١٧) سیستەمی فەرمانڕەوایی لە پەرلەمانییەوە گۆڕدرا بۆ سەرۆکایەتی، دەستوور هەموارکرایەوەو لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە پرۆسەکە کۆتاییپێهێنرا. دەستووری نوێ دەسەڵاتی فراوانی بە سەرۆککۆمار بەخشی، لەوانە: دانانی وەزیرو دادوەر، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانو دەرکردنی فەرمانی جێبەجێکردن. زۆرێک لە توێژەران پێیانوایە ئەم هەموارکردنە وەرچەرخانێکی گەورەی لە داکشانی دیموکراسیی تورکیادا هێنایەکایەوە، کە ڕژێمەکەی گۆڕی بۆ ئۆتۆکراسییەکی نیمچەڕەها(١٠).

دروستبوونی قەیرانی ئابووریو دارایی

لە ساڵی (٢٠١٨)وە تورکیا بە هۆی تێکەڵەیەک لە هۆکارە ناوخۆییو دەرەکییەکان، ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووریی پڕوکێنەر بووەوە، کە دیارترینیان دەستوەردانی ئەردۆغان بوو لە سیاسەتەکانی بانکی ناوەندیو ڕەتکردنەوەی بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوو لە سەر قەرزی بانقەکان سەرەڕای هەڵئاوسان، سزاکانی ئەمریکا دوای قەیرانی قەشە ئەندرۆ برونسۆن، دابەزینی بەهای لیرە، کە لە نێوان ساڵانی (٢٠١٨) بۆ (٢٠٢٣)دا زیاتر لە (٨٠٪)ی بەهاکەی لەدەستداو بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریو هەڵئاوسان، هۆکار بوون بۆ کەمبوونەوەی توانای کڕین لە لای هاوڵاتیان.

**ئەردۆغان خاوەنی کاریزمایەکی سیاسیی ناوازەیە، کە وایکردووە زیاتر لە دوو دەیە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوەو بنکەیەکی جەماوەریی بەرفراوان دابمەزرێنێت، بە تایبەتی لە ناوڕەوتی پارێزگاراندا.**

بە گوێرەی ئاماری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، هەڵئاوسان لە تورکیا لە هەندێک مانگی ساڵی (٢٠٢٢)دا گەیشتووەتە زیاتر لە (٨٠٪)، ئەمەیش ئامارێکە، کە لە دوای قەیرانی ساڵی (٢٠٠١)ەوە بێوێنە بووە(١١). هێدی هێدی ئەو وێنەیە زیاتر دەچەسپا، کە چیتر "ئەردۆغان سەرکردەیەکی ئابووریناس نییە، بەڵکو بارگرانییەکە لە سەر ئابووریی تورکیا"(١٢).

**کەمبوونەوەی ئازادییەکانو سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن**

ئەردۆغان لە ماوەی دەیەی دووەمی حوکمڕانیدا، بە بەرتەسککردنەوەی ئازادیی میدیاو داخستنی دەیان

ڕۆژنامەو ماڵپەڕو زیندانیکردنی سەدان ڕۆژنامەنووس تۆمەتباردەکرێت. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، تورکیا بووە بە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا. هەروەها زۆرێک لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان قەدەغەکراون، یان سنووردارکراون، دیارترینیان پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە). ئەم هەنگاوانەیش بووە بە هۆی دابەزینی پێوەرەکانی دیموکراسیی جیهانی، بە شێوەیەک کە دیاریکەری "فریدۆم هاوس" لە ڕاپۆرتەکانیدا لە ساڵی (٢٠١٨)وە تورکیای لە ڕیزبەندیی وڵاتە نائازادەکاندا داناوە(١٣).

**بەشی سێیەم: سیاسەتی دەرەوە لە دەیەی دووەمدا؛ لە فراو انبوونەوە بۆ گۆشەگیری**

**سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان**

لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێداندا، ئەحمەد داودئۆغڵو؛ وەزیری دەرەوەی پێشووتری تورکیا، پاڵپشتی ستراتیژێکی دەکرد، کە تەوەری سەرەکی سفرکردنەوەی کێشەکان بوو لەگەڵ دراوسێکاندا، لە کاتێکدا تورکیا هەوڵی باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوریا، عێراق، ئێران و یەکێتیی ئەوروپاو کرانەوەی بە ڕووی ئەفریقاو ئاسیای ناوەڕاستدا دەدا. ئەم سیاسەتە لە سەر بنەماکانی نێوەندگیری لە ململانێ ناوچەییەکان (وەک دۆسێی ئەتۆمیی ئێران، دانوستانەکانی سوریاو ئیسرائیل)، پشتیوانیی دیبلۆماسی بۆ دۆزی فەڵەستین، هەڵوێستێکی بەهێز لە دژی ئیسرائیل دوای ڕووداوی کەشتی مەرمەڕە لە ساڵی (٢٠١٠)، بەرەوپێشبردنی بازرگانی ناوچەیی و کردنەوەی کونسوڵخانە لە وڵاتانی عەرەبی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەرمینیا لە ڕێگەی پرۆتۆکۆڵەکانی زیوریخ (٢٠٠٩)ەوە دامەزرابوو. ئەو کاتە تورکیا بە مۆدێلی دیموکراسیی ئیسلامیی میانڕەو لە جیهانی عەرەبیدا دادەنرا، بە تایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبی.

**بەهاری عەرەبی و گۆڕینی ڕۆڵی ناوچەیی**

شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی وەرچەرخانی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا دروستکرد. ئەردۆغان بە توندی خۆی لەگەڵ هێزەکانی ئیسلامی سیاسیدا، بە تایبەت ئیخوان موسلیمین لە میسرو تونس و سوریا هاوتەریبکرد، ئەم لایەنگرییە بووە هۆی ئەوەی دوای ڕوخانی محەمەد مورسی لە ساڵی (٢٠١٣)، پەیوەندییەکانی لەگەڵ میسردا تێکبچێت، ئەنقەرەیش تۆمەتبارکرا بە پاڵپشتیکردنی تیرۆرو پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیەو ئیماراتدا بە هۆی هەڵوێستە ناکۆکەکانەوە لە بارەی ئیسلامی سیاسییەوە تێکچوو.

**ئاڵۆزکردنی دۆخی سوریا؛ ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان**

تورکیا لە هاوبەشی ڕژێمی ئەسەدەوە گۆڕا بۆ لایەنگرێکی ئاشکرای ئۆپۆزسیۆنی چەکدار، هەروەها سنوورەکانی بە ڕووی هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکاندا کردەوە(١٤). ئەم هەنگاوەیش "تورکیای لە ناوبژیوانێکی بێلایەنەوە گۆڕی بۆ کارەکتەرێکی ئایدیۆلۆژی، ئەوەیش پێگەی ستراتیژیی تورکیای لاوازکرد"(١٥).

**ئەردۆغان سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی دەوڵەتی قووڵ بە قازانجی خۆی.**

تورکیا لە ساڵی (٢٠١٦)وە سیاسەتی دەستوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی لە باکووری سوریا گرتووەتەبەر، بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی کورد بە نوێنەرایەتیی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە)، کە تورکیا بە درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ی دەزانێت. دیارترین ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا دژ بە کورد لە سوریا بریتی بوون لە قەڵغانی فورات (٢٠١٦) دژی یەکینەکانی پاراستنی گەلو بە پاساوی شەڕی داعش کرا، چڵەزەیتون (٢٠١٨) دژی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە عەفرین کراو کانیی ئاشتی (٢٠١٩) بۆ دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارام لە ڕۆژهەڵاتی فورات. سەرەڕای بەدەستهێنانی دەستکەوت لە سەر زەوی، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان ڕەخنەی توندی نێودەوڵەتیی، بە تایبەتی لەلایەن ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپاوە لێکەوتەوە.

**پەیوەندیی قەیراناویی لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپادا**

لە دوای هەوڵی کودەتاکەی ساڵی (٢٠١٦) وە، پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکانیدا -ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا- چووەتە قۆناغێکی قەیراناویی سەختەوە، ئەمەیش بە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەوە لەگەڵ واشنتۆندا لە سەر پشتگیریکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات لەلایەن ئەمریکاو کڕینی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی (ئێس-٤٠٠)ی ڕوسی لەلایەن تورکیاوە. گرژی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپایشدا دروستبوو لە سەر پرسی پەنابەرانو دەستگیرکردنی بەکۆمەڵو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا. لە لایەکی دیکەیشەوە بارگرژی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا لەگەڵ یۆنانو قوبرسدا دروستبوو بە هۆی گەڕان بە دوای غازدا.

**هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی (٢٠٢٠–٢٠٢٣)**

لە دەیەی سێیەمی دەسەڵاتدارییەکەیداو لە ژێر گوشاری قەیرانی ئابووریدا،

تورکیا دەستیکردووە بە پێداچوونەوە بە هەندێک لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی، بە تایبەتی لە ڕێگەی دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیمارات و سعودیەو میسردا وەک بەشێک لە ستراتیژی سفرکردنەوەی کێشەکان، نزیکبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیلداو گەڕاندنەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانو پاراستنی هاوسەنگییەکی زیرەکانە لەگەڵ ڕوسیاو ئۆکرانیا دوای سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لە ساڵی (٢٠٢٢). بەو پێیەی کە تورکیا سەرەڕای ئەندامیەتی لە ناتۆدا، ڕۆڵی ناوبژیوانی لە ڕێککەوتنی دانەوێڵە لە نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیادا گێڕا، بەڵام سەرباری ئەم کرانەوەیە، کاریگەرییەکانی بە سنوورداری مایەوە، چونکە تێڕوانینی ڕۆژئاوای بۆ تورکیا وەک هاوبەشێکی متمانەپێنەکراو نەگۆڕی، هەروەها ئەنقەرە سەرکەوتوو نەبوو لە گەڕاندنەوەی ئەو ڕۆڵە ناوچەییە گەورەیەی کە لە پێش ساڵی (٢٠١٣) بەدەستیهێنابوو.

## بەشی چوارەم: ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان بومەلەرزە وێرانکەرەکە: تاقیکردنەوەی توانا کانی دەوڵەت

لە شوباتی (٢٠٢٣)دا بومەلەرزەیەکی بەهێز باشووری تورکیاو باکووری سوریای گرتەوەو بە هۆیەوە زیاتر لە )٥٠( هەزار کەس لە تورکیا گیانیانلەدەستداو زیانێکی زۆری بە ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتە گەیاند، بە تایبەتی لە شارەکانی وەک کاهرامان مەڕەش، هاتای، غازی عەنتابو ئادیامان. سەرەڕای گەورەیی کارەساتەکە، حکومەت ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندی هاوڵاتیانو ئۆپۆزسیۆن بووەوە، بە هۆی هێواشیی بەدەمەوەچوونو خراپیی هەماهەنگیی هەڵمەتەکانی ڕزگارکردنو ڕەچاونەکردنی ستانداردەکانی سەلامەتیی بیناسازییەوە. شارەوانییەکانی سەر بە پارتی دەسەڵاتدار بە گەندەڵی لە مۆڵەتی بیناسازیو پشتگوێخستنی یاساکانو پێوەرەکانی مۆڵەتی بومەلەرزە تۆمەتبارکران (بومەلەرزەکە زیاتر سستیی پێکهاتەی ئیداریی ئاشکراکرد، هەتا لەرزۆکیی پێکهاتەی بیناسازیی شارەکان)(١٦). ئەم ڕوداوە وێنەی حکومەتی لە ناوخۆدا هەژاندو پرسی کارایی ئیداریی کردە تەوەری سەرەکی لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٢٣)دا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەردۆغانو پارتەکەی لەگەڵ پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی کۆماردا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆماریان بردەوە. ئەمەیش پرسیاری جددیی لە سەر تواناکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا لە ڕکابەریی ئەردۆغانو پارتەکەی دروستکردووە.

## قووڵبوونەوەی زیاتری قەیرانی ئابووری

تورکیا بەردەوامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی

یەکێک لە درێژترین قەیرانە ئابوورییەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەی کە خۆی لە هەڵئاوسان، بەرزیی ڕێژەی بێکاری، هەروەها دابەزینی بەرچاوی بەهای لیرە دەبینێتەوە، لە هەندێک مانگدا هەڵئاوسان گەیشتە زیاتر لە ڕێژەی (٨٥٪)، نرخی دۆلار لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢٣)دا گەیشتە نزیکەی (٢٧) لیرە، قەرزی تایبەتو کورتهێنانی بودجە زیادیکردو یەدەگی دراوی بیانییش کەمیکرد. لە بەرانبەردا حکومەت هەوڵیدا بە بەرزکردنەوەی بڕی کەمترین مووچە، پشتگیریکردنی هەناردەکردن، پشتبەستن بە وەبەرهێنانەکانی وڵاتانی کەنداو؛ دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان ڕووبەڕووی قەیرانەکە ببێتەوە، بەڵام ئەم چارەسەرانە هۆکارە پێکهاتەییەکانی قەیرانەکەی بنبڕنەکردو گوشاری ئابووریش ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەر هاوڵاتیان زیاتردەبوو.

## هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو پەرلەمانی ساڵی (٢٠٢٣)

سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییەکان، هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی ئایاری (٢٠٢٣) کرا، ئەو هەڵبژاردنە بە گرنگترین تاقیکردنەوەی جەماوەری بۆ ئەردۆغان دادەنرا، لە دوای هاتنەسەرکاری لە ساڵی (٢٠٠٣). ئەردۆغان وەک کاندیدی هاوپەیمانیی کۆمار (ئاکپارتی + مەهەپە) لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی کاندیدکرد. لەلایەن کەمال کلیچدارئۆغڵووەوە ڕکابەریدەکرا، کە کاندیدی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو بە ناوی هاوپەیمانیی نەتەوەوە، کە شەش پارتی ئیسلامیو عەلمانیو نەتەوەپەرستو میانڕەوی لەخۆگرتبوو. لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا تیشکخرایەسەر پرسی ئابووری، بەدەمەوەچوونی دەوڵەت بۆ بومەلەرزەکەی (٦)ی شوباتی (٢٠٢٣)، پرسی دیموکراسیو ئازادیی ڕادەربڕینو پرسی پەنابەرانی سوریا. سەرەڕای چاوەڕوانیی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرکەوتن، بەڵام ئەردۆغان بە کۆکردنەوەی (٥٢،٢٪)ی دەنگەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێناو شەرعیەتی بەهێزترکردو گەرەنتیی خولی سەرۆکایەتیی هەتا ساڵی (٢٠٢٨) مسۆگەرکرد(١٧).

**دەسەڵاتی ئەردۆغان لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا وەک تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتووی دیموکراسیی ئیسلامی لە ناوچەیەکی پشێودا بەرەوپێشچووە.**

ئۆپۆزسیۆنی لاوازو دابەشبوونی سیاسی دوا بە دوای شکستی هەڵبژاردن، ئۆپۆزسیۆن چووەناو دۆخێکی توندی دووبەرەکیو کەمبوونەوەی بنکەی جەماوەرییەوە، بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی یەکتر تۆمەتبارکردن لە

ناو هاوپەیمانیی نەتەوەدا، هەروەها پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) کە بە رابەرو ئاڵاهەڵگری بەرەی ئۆپۆزسیۆن دادەنرێت، نەیتوانی دیدێکی ئابووریی قەناعەتپێکەر بخاتەڕوو یان سەرنجی جەماوەری پارێزکار بە لای خۆیدا رابکێشێتو دەنگەکانیان بەدەستبهێنێت، ئەمەیش دابەزینی بنکەی جەماوەری، لاوازیی چاودێریی پەرلەمانی لێکەوتەوە، دوای ئەوەی هاوپەیمانیی کۆمار زۆرینەی پەرلەمانی بەدەستهێنا.

**لە دوای ساڵی (٢٠١٣)و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکان، سنووردارکردنی ئازادییەکانو سەرهەڵدانی قەیرانە ئابوورییەکان، مۆدێلی فەرمانڕەوایی ئەردۆغانو ئاکپارتی بە خێرایی رووی لە داکشان کردووە.**

### بەردەوامیی ئاڵنگارییەکان لە دوای (٢٠٢٣)

سەرەڕای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان، ئەردۆغان ڕووبەڕووی ئاستەنگی جددی بووەوە. بۆ نموونە زیادبوونی گوشارەکانی شەقام بە هۆی قەیرانی ئابوورییەوە، سەرهەڵدانی جوڵانەوەی ئەو لاوانەی کە داوای گۆڕانکارییان دەکرد، بەبێ ئەوەی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی تەقلیدی بن، پرسی پەنابەرانی سوریا کە بارگرژیی ناوخۆیی دروستکردو گوتاری ڕەگەزپەرستانەی پەرەپێدا، بەردەوامیی گوشارەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بە هۆی کەمبوونەوەی ئازادییە گشتییەکانو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤەوە ) ئەردۆغان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لەگەڵ کاتو شەقامو ئابووریدا چووە ڕکابەرییەکی نوێی تاقەتپڕوکێنەوە) (١٨).

## بەشی پێنجەم: تورکیا لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکیی گۆڕاودا

### گواستنەوەی قەیرانەکان بۆ (٢٠٢٥)

تورکیا بە بارگرانیی قەیرانە ئابووریو کەڵەکەبوونی ئاڵنگاریی سیاسیی ناوخۆییەوە پێینایەناو ساڵی (٢٠٢٥) ەوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ چالاکییە دیبلۆماسیو سەربازییەکاندا لە دەرەوەی وڵات، بە ئامانجی فراوانکردنی هەژموونی تورکیا. لیرەی تورکی لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا زیاتر لە یەک لە سەر سێی بەهاکەی لەدەستدا(١٩)، رێژەی هەڵئاوسان لە (٤٤٪)ەوە بۆ زیاتر لە (٦٨٪) بەرزبووەوە. ڕێژەی سوو لە (٨،٥٪) بۆ (٤٠٪) هەڵکشانی بەخۆیەوەبینی، لە هەوڵێکدا بۆ سنووردارکردنی هەڵئاوسان، بەڵام ئەم هەنگاوەیش پاشەکشەی ئابووریی قووڵترکردەوە(٢٠). ئەوەیش کە ئەردۆغان وەک چارەسەر پێشنیازیکرد، تێکەڵەیەک بوو لە ڕێکاری

جیۆپۆلەتیکی (نزیکبوونەوە لە کەنداو، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ یۆنانو میسر) لە بەرانبەر پاڵپشتیی دارایی، گۆڕانکاری لە تیمی ئابووری (دامەزراندنی مەهمەت شیمشەک وەک وەزیری داراییو حەفیزە ئەرکان وەک سەرۆکی بانکی ناوەندی)، بەبێ چاکسازیی پێکهاتەیی ڕاستەقینە(٢١).

## دیمەنی سیاسیی ناوخۆ: لەدەستدانی شارە گەورەکانو پلان بۆ مانەوە

لەدەستدانی ئەستەنبوڵو ئەنقەرە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، گورزێکی کەمەرشکێن بوو لە پارتی دادو گەشەپێدان، لە لایەکی دیکەوە پێشنیازی دەوڵەت باخچەلی؛ هاوپەیمانەکەی، بۆ ئازادکردنی ئۆجالان لە بەرانبەر چەکدانانی پەکەکەو خۆهەڵوەشاندنەوەی، دەرگای بە سەر ئەگەری سیاسیی گەورەدا کردەوە، کە ڕەنگە ببێت بە فریادڕەسێک بۆ دەسەڵات. ئاکپارتی وەک پلانێک بۆ مانەوە دەیەوێت ئەوپەڕی سوود وەربگرێت لە ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە ئامانج لێی دروستکردنی شۆکێکی میدیاییو جوانکردنی وێنەی تورکیا بووە لە ناوخۆو دەرەوەدا، بە تایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی پرسە هەستیارەکانی ناوخۆی وەک دەستبەسەرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغلو؛ سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵو شێرزەیی درێژخایەنی قەیرانی ئابووری. ئەردۆغان هەوڵدەدات کۆدەنگیی کوردو نەتەوەپەرستەکان مسۆگەربکات، بۆئەوەی دەستوورێکی نوێ بە سیمایەکی ئیسلامییەوە دابڕێژرێتەوە، هەتا بتوانێت جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا خۆی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار کاندیدبکاتەوە(٢٢).

## سیاسەتی دەرەوە: مانۆڕکردن لە نێوان کێڵگەی میندا

لە دوای ڕوخانی بەشار ئەسەدەوە، تورکیا کاردەکات لە سەر پێکهێنانی ڕژێمێکی نزیک لە خۆی لە دیمەشق، کە گەرەنتیی سنووردارکردنی کورد، گەڕانەوەی پەنابەرانی سوریا لە تورکیا، دیاریکردنی سنووره دەریاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست مسۆگەربکات(٢٣)، بەڵام ئەو ڕژێمەی لە سوریا؛ تورکیا پشتیوانییدەکات، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی وەک نەبوونی دانپێدانانی نێودەوڵەتی، نیگەرانیی عەرەب لە هەژموونی ئیسلامی، هەڕەشەی ڕێکخراوە جیهادییەکان بووەتەوە، ئەمەیش پرۆسەکە قورستردەکات(٢٤).

## پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا بە قۆناغێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت، کە لە لایەکەوە بە بارگرژیی دوولایەنەو لە لایەکی دیکەوە بە هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوە تایبەتمەندە، ئەمەیش بە

تایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی پرسە ئاڵۆزەکانی وەک هەڵوێست بەرانبەر بە حەماس و شەڕی غەززەو ڕۆڵی کورد لە سوریا.
لە دوای دەستپێکردنی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە لە تشرینی دووەمی (٢٠٢٣)، تورکیا بە سەرکردایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەڵوێستێکی توندی لە دژی ئیسرائیل گرتەبەرو بە دەوڵەتێکی تیرۆریستی ناوزەندیکرد، کە فەڵەستینییەکان جینۆسایددەکات. هەروەها پێشوازیی لە شاندەکانی حەماس کردو ڕەتیکردەوە بزوتنەوەکە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناوزەندبکات، کە ئەمەیش ڕاستەوخۆ پێچەوانەی سیاسەتی ئەمریکایە.
ئەم هەڵوێستە واشنتۆنی تووڕەکردو بوو بە هۆی داخستنی هەندێک کەناڵی وتووێژی ستراتیژیی نێوان هەردوو وڵات لە مانگەکانی یەکەمی شەڕدا.سەرەڕای گرژییەکان، تورکیا هەوڵیدا هەندێک کەناڵی هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی بایدندا بپارێزێت، بە تایبەتی سەبارەت بە ڕێککەوتنی (F-16)، کە ئەولەویەتی سەربازیی سەرەکییە بۆ ئەنقەرە. ڕێککەوتنەکە بریتییە لە نوێکردنەوەی فڕۆکەکانی جۆری (ئێف-١٦)ی تورکیاو کڕینی فڕۆکەی نوێ، ئەم کارەیش هەتا ئاستێک بەسترایەوە بە ڕەزامەندیی تورکیاوە لە سەر ئەندامیەتی سوید لە ناتۆ. لە لایەکی دیکەوە پرسی هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) یەکێکی دیکەیە لە کێشە ئاڵۆزەکانی نێوان هەردوو وڵات. تورکیا یەپەگە بە درێژکردنەوەی ڕاستەوخۆی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەزانێت، واشنتۆنیش وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە شەڕی داعشدا دەیبینێت.
سەرباری ناکۆکیی سیاسی، ئەنقەرەو واشنتۆن بەردەوامن لە هاوکارییەکانیان لە پرسەکانی وەک دەریای ڕەش، چاودێریکردنی جموجۆڵەکانی ڕوسیا، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە دەرەوەی سوریاو پرسی ئۆکرانیا. تورکیا هەوڵدەدات کارتە جیۆپۆلەتیکییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، هەتا ئەمریکا ناچاربکات ملبدات بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی تورکیا بەبێ ئەوەی پردەکانی هاوکاریی نێوانیان بە تەواوەتی بڕوخێت(٢٥).

**مانۆڕکردن لە ئۆراسیاو دەریای ڕەش**

تورکیا سیاسەتێکی جیۆپۆلەتیکیی وردو ئاڵۆز لە ناوچەی ئۆراسیادا پەیڕەودەکات. هەوڵدەدات هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیاداو پابەندبوونەکانی بە ناتۆو ڕۆڵی ناوچەیی لە دەریای ڕەشدا ڕابگرێت، بەبێ ئەوەی بکێشرێتەناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆوە. تورکیا هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابووری و سەربازییەکانی لەگەڵ مۆسکۆدا بەهێزتربکات، بە تایبەتی لە بوارەکانی وەک هێڵی بۆریی تورکستریم، کە غازی ڕوسیا لە ڕێگەی تورکیاوە

دەگوازێتەوە بۆ ئەوروپا. لە هەمان کاتدا تورکیا دان بە گرنگیی ئەندامیەتی لە ناتۆدا دەنێتو هەوڵدەدات پێش بە دارمانی متمانە لەگەڵ ڕۆژئاوا بگرێت، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی گرژیی نێوان ڕوسیاو ناتۆدا.

**لەگەڵ جێبەجێکردنی سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، تورکیا لە بابەتە هەستیارەکانی وەک پرسی ئەتۆمیی ئێرانو دانوستانەکانی سوریاو ئیسرائیل خۆی وەک نێوەندگیرێکی ڕاستگۆ نیشاندەدا.**

تورکیا ڕۆڵی سەرەکیی بینی لە ڕێککەوتنی دانەوێڵەی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیا بە ناوبژیوانیی نەتەوە یەکگرتووەکانو وێنەی خۆی وەک گەمەکارێکی هاوسەنگ نمایشکرد، لە لایەکی دیکەوە ڕەتیکردەوە دان بە لکاندنی خاکە داگیرکراوەکانی ئۆکرانیادا بنێت بە ڕوسیاوە، بەڵام وەک ئەوروپا سزای هەمەلایەنەی بە سەر ڕوسیادا نەسەپاندووە.

لە دەریای ڕەشیش تورکیا هەوڵدەدات بەر بە بەسەربازیکردنی دەریای ڕەش لەلایەن ناتۆ یان ڕوسیاوە بگرێتو ڕۆڵی سەرەکی لە چاودێریکردنی بازرگانیی دەریاییو پاراستنی ئاسایشی دەریای ڕەش لە چەتەی دەریاییو میندا بگێڕێت(٢٦).

## بەشی شەشەم: بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان وەک ئاڵنگاریی نوێی دەسەڵات

### بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)

لە (٥-٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کۆنگرەی نائاسایی دوانزەیەمی ئەنجامداو لە ڕاگەیەنراوێکدا لە (١٢)ی ئایار هەڵوەشاندنەوەی خۆیو کۆتاییهاتنی خەباتی چەکداریی ڕاگەیاند. لە بەیاننامەی کۆتاییدا دووپاتکراوەتەوە، کە ئەرکی مێژوویی پەکەکە تەواوبووەو ڕێگای دیموکراسی تاکە چارەسەرە. ئەو ڕاگەیاندنە دوای زنجیرەیەک گفتوگۆی نهێنیی نێوان سەرکردەو نوێنەرانی دەوڵەتی تورکیایش هات، لەوانە نێوەندگیریی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)و وەفدی ئیمراڵی، هەروەها لە پرۆسەکەدا ڕاوێژ لەگەڵ پەیەدەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق کراوە(٢٧). کاتی ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەکە ناتوانرێت لە دۆخی ناوچەییو نێودەوڵەتیو بە تایبەت پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا جیابکرێتەوە. لەگەڵ بەردەوامیی هاوکارییەکانی نێوان ئەمریکاو هێزەکانی

سوریای دیموکرات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا، پرسی پەکەکە وەک ڕەگەزێکی ناوەندی لە هەر لێکتێگەیشتنێکی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆندا دەمێنێتەوە.
داماڵینی چەک لە پارتی کرێکارانی کوردستان بە گۆڕانکارییەکی ستراتیژی هەژماردەکرێت لە یەکێک لە ململانێ درێژخایەنەکانی ناوچەکە، ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر دۆخی ئەمنیو سیاسیی ناوچەکە بە تایبەت عێراقو هەرێمی کوردستان هەیە، وەک عێراق داواکارییەکانی دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لە عێراق ڕوو لە هەڵکشان دەکاتو وەک هەرێمیش پارسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگۆڕێت لە بەرانبەر یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندا(٢٨).
لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی هەیکەلی ڕێکخراوەییو کۆتاییهاتنی چالاکیی چەکداری لەلایەن پەکەکەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، گوتارێکی نوێی لە سەر بنەمای هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێی پەسەندکرد، بەڵام بە مەرجی جێبەجێکردنی بەڵێننامەی پرۆسەی داماڵینی چەکی پارتەکە لە ژێر چاودێریی دەزگای هەواڵگریی نیستیمانیی تورکیا (میت) لە سوریاو عێراق. لەو چوارچێوەیەیشدا حکومەت پرۆژەیاسایەکی پێشنیازکردووە، کە بڕیارە هەتا مانگی حوزەیران بخرێتەبەردەم پەرلەمان، کە ئازادکردنی مەرجداری زیاتر لە (٦٠) هەزار زیندانی لەخۆدەگرێت، لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسیی کورد، کە لە ساڵی (٢٠١٦)وە بە تۆمەتی ئەندامبوون لە "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" دەستگیرکراون(٢٩).

### ئاڵنگاریی نوێی دەسەڵات

بیست ساڵە فەرمانڕەوایی ئاکپارتی لە سەردەمی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو زیاتر لە چل ساڵە مەهەپە، کار لە سەر تەخوینکردنی پەکەکە دەکەن. ئەم گوتارە بەردەوامبووە لە سڕینەوەی شوناسی کوردو وەک دوژمنێکی ناوخۆیی لێیڕوانیوەو تاکی تورکی هەر لە منداڵییەوە گۆشکراوە لە سەر ڕەتکردنەوەی بوونی کوردو پەکەکەیش وەک هەڕەشەیەکی بنەڕەتی بۆ سەر ناسنامەی تورک وێناکراوە. مەهەپە بە سەرۆکایەتیی دەوڵەت باخچەلی ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە هاندانی هەستی دژەکورد. ئەو پارتە بە شێوەیەکی توند هەر جۆرە ئاشتییەکی لەگەڵ کورد یان پێدانی مافو دەستکەوتێک بۆ کورد ڕەتکردووەتەوەو پێیوایە دانوستان لەگەڵ کوردو پەکەکەدا دەبێتە هۆی پشێویی زیاترو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی(٣٠).
بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی دوورودرێژی تەخوینو ناشرینکردنی وێنەی کورد، سروشتییە گەلی تورکیا بە زەحمەت پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کورددا قبوڵبکات.

جەماوەرێک کە لە سەر ئەو بیرۆکەیە وروژێنراوە، کە پەکەکە مەترسییەکی گەورە بووە لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، ڕەنگە بە زەحمەت لە ماوەیەکی کورتدا ئەو تێڕوانینانە بگۆڕێت. نەتەوەی تورک پێیوایە دانوستان لەگەڵ پەکەکەدا دەتوانێت ببێتە هۆی پێدانی ماف‌و دەستکەوتی زیاتر بە کورد، کە دەتوانێت هەڕەشە لە سەر ناسنامەی نەتەوەیی تورکیا دروستبکات(٣١). بەرزبوونەوەی پێوەرەکانی بازاڕی بۆرسەی تورکیایش لە دوای ڕاگەیاندنی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، مەرج نییە متمانەی ڕاستەقینە دەربخات، بەڵکو هاوکاتە لەگەڵ پێشهاتە ئابوورییە جیهانییەکاندا. دامەزراوە داراییەکان ڕوونیانکردووەتەوە، کە باشتربوونی بەهای لیرە بۆ پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان دەگەڕێتەوە، لەوانە کەمبوونەوەی گرژییە بازرگانییەکانی نێوان ئەمریکاو چین‌و ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەوە نییە. هەروەها هەندێک لە شرۆڤەکاران ئاماژەیان بە دابەزینی بەهای پشکەکانی بەشێک لە کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرگریی تورکیا لە هەمان ڕۆژدا کردووە، وەک ئاسێلسان(٣٢).

**بەشی حەوتەم: چەند پێشبینییەک بۆ دەیەی داهاتووی دەسەڵاتی ئەردۆغان (٢٠٢٥-٢٠٣٥)**

درێــژەدان بە حوکمڕانی بە فۆڕمێکی پاوانخوازانە، ئەردۆغان‌و هاوپەیمانی گەڵ بە سەرۆکایەتیی پارتی دادو گەشەپێدان بەردەوامدەبن لە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت لە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەریی بەسیاسیکراو، میدیای ئاڕاستەکراو، کۆنتڕۆڵکردنی سوپاو میتەوە.

### ئابووریی تورکیا لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا بوژانەوەیەکی بەرچاوی بەدەستهێنا.

دووبارە جێگیرکردنەوەی دەستەبژێرە سیاسی‌و بیرۆکراتییەکان لە پۆستە گرنگەکاندا: ئەردۆغان پشت بەو دەستەبژێرە سیاسی‌و بیرۆکراتییانە دەبەستێت، کە نزیکن لە خۆیەوە، وەک بزنسمانە ئیسلامییەکان، سەرۆک_شارەوانییەکانی پێشوو، سەرکردە ناوخۆییەکان، لە هەمان کاتدا سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، وەک ئەکرێم ئیمام ئۆغلو یان مەنسور یاڤاش بە ستراتیژی یاسایی‌و ئیداری پەراوێزدەخرێن.

درێــژەدان بە ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەی ناوچەیی: پێشبینیدەکرێت تورکیا دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆیی سوریا، لیبیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، قەفقازو ئاسیای ناوەندا زیاتربکات‌و

پەیوەندییەکانی بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە نێوان ڕوسیاو ڕۆژئاوادا ڕابگرێت.

**بەردەوامبوونی قەیرانی ئابووری:** سەرەڕای بانگەشەی تورکیا بۆ گەشەی ئابووری، پێشبینیدەکرێت، کە ڕێژەی هەڵئاوسان بە بەرزی بمێنێتەوەو زیاتر پشتببەسترێت بە کەنداوو سەرمایەی چین بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە.

**خۆپیشاندانەکانی پارکی گێزی، خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی دیموکراسیەتی تورکیا؛ دەریخست کە ئەردۆغان چیتر ئەو سەرکردە چاکسازیخوازە نییە کە لە ساڵی (٢٠٠٣) دەسەڵاتی گرتەدەست.**

### دەرئەنجام

لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا، تورکیا گواستنەوەی ڕوونی بەرەو سەقامگیریو گەشەی ئابووریو کرانەوەی ڕێژەیی سیاسی بەخۆیەوەبینی، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی بنکەی جەماوەری لە سەر ئاستی ناوخۆو قبوڵکردنی مۆدێلی حوکمڕانییەکەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە دەیەی دووەمی دەسەڵاتی ئەردۆغاندا، سیاسەتی دەرەوەی تورکیا گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوەبینی، لە مۆدێلی نێوەندگیریی سەرکەوتووەوە گۆڕا بۆ لایەنێکی دەستوەردانکارو لە سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکانەوە گۆڕا بۆ سیاسەتی بوون لە چەندین بەرەی شەڕی کراوەدا. ئەم ناجێگیرییە، بووە هۆی لەدەستدانی زۆرێک لە هاوبەشە ناوچەییەکانو ناسەقامگیریی لە پێگەی نێودەوڵەتیی تورکیادا دروستکرد.

هەرچەندە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە کۆتاییەکی یەکلاکەرەوەی ململانێیەکی دەیان ساڵە نییە، بەڵام دەرفەتێکی ناوازەیە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی شەڕێکی درێژخایەن. سەرکەوتنی پرۆسەکە پەیوەستە بە ڕاستیی نیازەکانو شەفافیەتی ڕێکارەکانو بوونی گەرەنتی ڕاستەقینەی ناوخۆییو دەرەکییەوە.

گۆڕانی لەناکاوی هەڵوێستەکانی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە)، لە ئیدانەکردنی توندی پەکەکەوە بۆ قبوڵکردنی پرۆسەی ئاشتی، یەکێکە لە گەورەترین ئاڵنگارییە سیاسییەکان، کە ڕووبەڕووی ئەردۆغانو دەوڵەتی قووڵ دەبێتەوە لە تورکیادا.ئەردۆغان سەرکەوتوو بوو لە قۆستنەوەی گۆڕانکارییەکانی سوریا لە بەرژەوەندیی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت لە داهاتوودا شەڕی هێشتنەوەی ئەحمەد شەرع بکات لە بەرەی تورکیا لە بەرانبەر هەژموونی ئەمریکا، ئەوروپا، وڵاتانی عەرەبیو کەنداودا.

سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، ئەردۆغان توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێکانداو بەمەیش ئەگەری بەردەوامبوونی لە دەسەڵاتدا بۆ ساڵانی داهاتوودا بەهێزتردەبێت.

## سەرچاوەکان

- باركي، هنري ج. (٢٠٠٢). حزب العدالة والتنمية التركي. التاريخ المعاصر (Current History)، العدد (٦٥١)١٠١، ص٣٨٩-٣٩٥. https:// online.ucpress.edu/currenthistory
- چاغاپتاي، سونر. (٢٠١٤). صعود تركيا: أول قوة مسلمة في القرن الحادي والعشرين. دار نشر بوتوماك. https://www.potomacbooksinc.com
- البنك الدولي. (٢٠١٤). نظرة عامة على تركيا. https://www.worldbank.org/en/country/turkey
- صندوق النقد الدولي. (٢٠١٣). تركيا: ورقة قضايا مختارة. تقرير البلد رقم (١٣/٣٦٤). https://www.imf.org/en/Publications/Turkey-/٣١/١٢/٢٠١٦/CR/Issues ٤١١١١-Selected-Issues
- يافوز، حكان. (٢٠٠٩). العلمانية والديمقراطية الإسلامية في تركيا. مطبعة جامعة كامبريدج. https://www.cambridge.org/core/books/secularism-and-muslim-democracy-in-turkey
- ألتونشك، ملك بينار & مارتن، لين گينس. (٢٠١١). فهم السياسة الخارجية التركية في الشرق الأوسط تحت حكم حزب العدالة والتنمية. دراسات تركية (Turkish Studies)، العدد (٤)١٢، ص٥٦٩-٥٨٧. https://www.tandfonline.com/doi/full/١٠,١٠٨٠/١٤٦ ٨٣٨٤٩,٢٠١١,٦٢٢٥٠٩
- زاراكول، آيست. (٢٠١٤). احتجاجات غزي وأزمة الديمقراطية التركية. مراجعة تركية(Turkish Review)، العدد ٤، ص١٠٤-١٠٩. https://turkishreview.org
- زكريا، فريد. (٢٠١٣). قناع الديمقراطية لدى أردوغان يتشقق. واشنطن بوست. https:// www.washingtonpost.com
- هيومن رايتس ووتش. (٢٠١٧). شيك على بياض: حملة القمع بعد محاولة الانقلاب في تركيا. https://www.hrw.org/report/٢٠١٧/٠٢/١٤//blank-check turkeys-post-coup-crackdown
- أوزبودن، أرتغرول. (٢٠١٨). الرئاسية التركية: من السلطوية إلى الحكم الفردي. مجلة مجتمع وسياسة جنوب أوروبا، العدد (٤)٢٣، ص٥٥٩-٥٨١. https://www.tandfonline.com/doi/full/١٠,١٠٨٠/١٣٦٠٨٧٤٦,٢٠١٨,١٥٢٩٦٥ ٦
- بيانات صندوق النقد الدولي. (٢٠٢٣). التضخم في تركيا: الاتجاهات والتحديات. https://data.imf.org
- الإيكونوميست. (٢٠٢٢). سوء إدارة الاقتصاد التركي: رئيس يتحدى علم الاقتصاد. https://www.economist.com
- فريدوم هاوس. (٢٠٢٣). تقرير الحرية في العالم: تركيا. https://freedomhouse.org/country/turkey/freedom-world ٢٠٢٣
- شتاين، آرون. (٢٠١٧). الخريطة الاستراتيجية الجديدة للشرق الأوسط. المجلس الأطلسي(Atlantic Council). https://www.atlanticcouncil.org
- حسين، فادي. (٢٠١٩). السياسة الخارجية التركية بعد الربيع العربي. مركز كارنيغي للشرق

الأوسط.
https://carnegie-mec.org
- دويتشه فيله. (٢٠٢٣). تركيا بعد الزلزال: ماذا يقول المواطنون عن أداء الحكومة؟
https://www.dw.com/ar
- (TRT) وورلد. (٢٠٢٣). أردوغان يفوز في جولة الإعادة للانتخابات (٢٠٢٣). https://www.trtworld.com
- (BBC) عربي. (٢٠٢٣). أردوغان في عهدة جديدة... إلى أين تتجه تركيا؟
https://www.bbc.com/arabic
- فايننشال تايمز، الليرة تنهار وسط تصاعد التضخم في تركيا. https://www.ft.com
- المونيتور، البنك المركزي التركي يرفع سعر الفائدة إلى (٤٠٪). https://www.al-monitor.com
- بلومبرغ، أردوغان يراهن على الجغرافيا السياسية لدعم اقتصاد تركيا. https://www.bloomberg.com
- ميدل إيست آي، الدستور الجديد لأردوغان في ظل صفقة مع حزب العمال الكردستاني.
https://www.middleeasteye.net
- الغارديان، سوريا بعد الأسد: هل تصبح الحدود المقبلة لتركيا؟ ديسمبر (٢٠٢٤).
https://www.theguardian.com
- العربية، الدول العربية تحذر من التوسع التركي في المنطقة، يناير (٢٠٢٥). https://www.alarabiya.net
ديفنس نيوز، تركيا تأمل بصفقة طائرات (F-١٦) خلال رئاسة ترامب، مارس (٢٠٢٥).
https://www.defensenews.com
- تي آر تي وورلد، ممر زانكيزور: ساحة جديدة للتوتر بين تركيا وإيران، فبراير (٢٠٢٥).
https://www.trtworld.com
- محمد هاديفر: تحولات پس از انحلال پ. ک.
ک. https://n٩.cl/w٢rjsb
- محمد آلچا، میدل ایست آی: پیامدهای خلع سلاح پ. ک. ک برای بغداد واربیل. https://n٩.cl/da٦٢٥o
- کرد پرس: احتمال آزادی مشروط زندانیان کرد پس از انحلال پ. ک. ک. https://n٩.cl/zw١٦٠
- مع اقتراب الانتخابات في تركيا، خطاب أردوغان المعادي للأكراد يغذي القمع.
https://www.kurdishpeace.org/research/democracy/as-elections-approach-in-turkey-erdogans-anti-kurdish-rhetoric-fuels-repression/
- أصوات تركيا: رأي الشعب في عملية السلام.
https://eismena.com/en/article/voices-of-turkey-the-peoples-opinion-on-the-peace-process-٢٠٢٥-٠٥-١٤eismena.com+Turkey P.A.١
- سهم تركيا تقفز، والسندات ترتفع مع إضافة حل حزب العمال الكردستاني إلى ارتياح التجارة.
https://www.reuters.com/world/middle-east/turkish-stocks-jump-bonds-climb-pkk-disbandment-adds-trade-relief-٢٠٢٥-٠٥-١٢

# سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەت و بڵاوکراوەکانی شەریف پاشای خەندان

## (تشرینی یەکەم ١٩٠٩-١٩١٤) لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا

بەشی سێیەم

د. سامان مستەفا ڕەشید ئینجاغا



شەریف پاشای خەندان

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا، تیشکبخرێتەسەر هەوڵ و چالاکییە ڕۆژنامەوانیو چاپەمەنییەکانی شەریف پاشا لە پاریس و هەنگاوەکانی سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەتو بەرهەمەکانی شەریف پاشای خەندان، کە لە ماوەی ناوبراودا بە پێی یاساو ڕێسا کارپێکراوەکانی ئەو ماوە مێژووییەی دەوڵەتی عوسمانی سانسۆرکراون و ڕێگری لە بڵاوکردنەوەو دابەشکردنیان لە ناو چوارچێوەی خاکی دەوڵەتی عوسمانیدا کراوە.

## شەریف پاشای خەندان و هەوڵەکانی لە بواری ڕۆژنامەو انیدا

شەریف پاشای خەندان (١٨٦٥-١٩٥١) ناوی تەواوی محەمەد شەریف پاشایە، کوڕەگەورەی سەعید پاشای خەندانە، بە ڕەچەڵەک کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی کوردی خەڵکی سلێمانییە. شەریف پاشا لە ناوچەی ئوسکوداری بەشی ئاسیایی شاری ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی لەدایکبووە، هەر لەوێیش قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە قوتابخانەی گالاتەسەرای بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، دواتر بۆ خوێندن چووەتە پاریس، لە ساڵی (١٨٩٩)دا پلەی جەنەڕاڵی پێدراوە(٢).

شەریف پاشا کەسایەتییەکی گرنگ و سەرنجڕاکێشە، لەو ڕووەوەی کە ئەگەرچی خوێندنی سەربازیی تەواوکردووەو گەیشتووەتە پلەی جەنەڕاڵ، بەڵام بە هۆی شارەزایی و بەباشیزانینی زمانی فەڕەنسییەوە ئەسپی خۆی لە کایەی دیبلۆماسیدا تاوداوە، توانیویەتی چەندین ئەرک و کاری دیبلۆماسی گرنگ بکات. هەروەها لە بواری ڕۆژنامەوانییشدا ڕۆڵ و کاری گرنگ و گەورەی ئەنجامداوە(٣). لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا لە دوا سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کەسایەتییەکی چالاکی بواری سیاسەتیش بووە، ئێمە لەم بەشەی توێژینەوەکەماندا هەوڵدەدەین لا بە لای ئەم بوارەدا بکەینەوەو تەوەری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە بێت.

شەریف پاشا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دەرچواندنی ڕۆژنامەی سەربەستی لەلایەن مەولانزادە ڕەفعەتەوە. مەولانزادە ڕەفعەت یەکێک بووە لە نەیارە سیاسییە دیارەکانی دەسەڵاتی ئەو ڕۆژگارەی دەوڵەتی عوسمانی، دوای هەڵهاتنی لە ئەستەنبوڵەوە بۆ میسرو لەوێیشەوە بۆ پاریس، شەریف پاشا بڕیاردەدات خەرجی دارایی دەرکردنی ڕۆژنامەکەی مەولانزادە ڕەفعەت بگرێتەئەستۆ، ڕێکدەکەون لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی لە پاریس. دوای سەرهەڵدانی ناکۆکیی دارایی لە نێوان شەریف پاشای خەندان و مەولانزادە ڕەفعەت، شەریف پاشا واز لە سپۆنسەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەستی دەهێنێت(٤).

## شەریف پاشاو دەرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەت

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کە دەزانێت شەریف پاشا خاوەن بیرێکی ئازادیخوازانەیە، بە ئامانجی دوورخستنەوەی لە ئەستەنبوڵ، دەیکات بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم، بەڵام شەریف پاشا لەو کاتەدا کە لە پایەی باڵیۆزیدا بووە لە ستۆکهۆڵم، پەیوەندی لەگەڵ تورکە لاوەکان (Jon Türk)دا دەگرێت و دەچێتە ناو کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە. لەو چوارچێوەیەشدا

بەشداریی ئەو چالاکییانەی کردووە، کە دژ بە ئیدارەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدەکران(٥).
شەریف پاشا وردە وردە هێڵی سیاسیی خۆی لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیی تورک جیاکردووەتەوە، بە جۆرێک لە (١٩)ی ئەیلوولی (١٩٠٩)دا لە ناو دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقیی کورد لە ئەستەنبوڵدا پێگەی هەبووەو بەشداربووە لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەدا(٦). دواتر بە هۆی چەند ڕوداوێکی دیکەو تۆمەتبارکردنی شەریف پاشا لەلایەن کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە، ئیدی درزی پەیوەندیی ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵەکەدا گەورە دەبێت، هەتا لە ئەنجامدا لە ساڵی (١٩٠٩) شەریف پاشا، کە سەرۆکی لقی پانگالتی (pangaltı şubesi) بووە، لەو ئەرکەی دەستلەکاردەکێشێتەوەو هەڵدێت بۆ فەرەنسا. کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی ناوبراو بەوە ڕووندەکاتەوە، کە شەریف پاشا داوای پۆستی بەرزو زیاتری کردووەو پێینەدراوە، بە نموونە داوای ئەوەی کردووە بکرێتە باڵیۆزی لەندەنی دەوڵەتی عوسمانی، لەبەرئەوەی ئەو پۆستەی پێنەدراوە، دەستیلەکارکێشاوەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە شەریف پاشا هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی خۆی بە تێکەڵکردنی سوپا بە پرسە سیاسییەکانەوە لەقەڵەمداوە. پێیوابووە لەبریی ئەوەی سوپا پارێزەرو چاودێری ئیدارەی مەشروتیەت بێت، تێکەڵ بە پرسە سیاسییەکان کراوە، ئەوەیش گەورەترین زیان بە یەکپارچەییو یەکگرتوویی سوپا دەگەیەنێت(٧).
شەریف پاشا هەر بەوازهێنان لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە ناوەستێت، بەڵکو دوای دەستلەکارکێشانەوەو چوونی بۆ فەرەنسا، لەوێ دەبێتە نەیارو ڕەخنەگرێکی گەورە لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو ئیدارەکەی، لەوەیش زیاتر لە پاریس هەموو نەیارانی ئیتیحادو تەرەقی لە خۆی کۆدەکاتەوە، بە هۆی دەوڵەمەندیو پارەزۆرییەوە بڕە پارەیەکی مانگانە بۆ ژمارەیەک نەیاری ئیتیحادو تەرەقی دەبڕێتەوە. بەم جۆرە شەریف پاشا سەری قاسەکەی بۆ نەیارانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی دەکاتەوە، سڵ لە بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی نەیاریکردنی کۆمەڵەی ناوبراو ناکاتەوەو بە توندی دەکەوێتە دژایەتیکردنیان. شەریف پاشا دەکەوێتە هەوڵی ئەوەی نەیاریکردن و دژایەتیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی بخاتە فۆرمێکی سیستەماتیزەکراوەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە پاریس کۆمەڵەی چاکسازیی بنەڕەتیی عوسمانی (Islahat I Esasiyei Osmaniye) لە نەیارانی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیی تورکی دادەمەزرێنێت، لە ناو دیارترین ئەندامەکانیدا دەکرێت ئاماژە بۆ هەریەکە لە د. نیهاد ڕەشاد، د. ڕەفیق نەوزاد، پەرتەو تۆفیق، عەونی

کەمال، مەولانزادە ڕەفعەت، ئەلبێرت فواو کەمال عەونی بکەین(٨).
شەریف پاشا لە بواری ڕۆژنامەگەرییشدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، لە چوارچێوەی دژایەتیکردنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقیو سیاسەتەکانیان، جیا لەوەی دەستدەکات بە سپۆنسەرکردنی ڕۆژنامەکانی "سەربەستیو یەنی یۆڵ"و نوسینی وتار لە ڕۆژنامەکان بە زمانی فەڕەنسیو عوسمانی، ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ناوی "مەشروتیەت" دەردەکاتو دەیکات بە ئۆرگانی کۆمەڵەی (Islahat I Esasiyei Osmaniye). شەریف پاشا بە هۆی ئەوەی خاوەن سامانو داراییەکی گەورە بووە، ڕۆژنامەی مەشروتیەت بە خۆڕایی بە سەر خەڵکدا دابەشدەکات(٩).

**شەریف پاشا ڕۆڵیکی گرنگی بینیوە لە دەرچو اندنی ڕۆژنامەی سەربەستی لەلایەن مەولانزادە ڕەفعەتەوە.**

سەبارەت بە گۆڤار (مجموعە)ی مەشروتیەت، ئەم گۆڤارە شەریف پاشا لە تشرینی یەکەمی (١٩٠٩) لە فەڕەنسا بە زمانی فەڕەنسی بڵاویکردووەتەوە، هەتا نیسانی (١٩١٤) لە بڵاوکردنەوەی بەردەوامبوو. لەم ماوەیەدا پەنجاوپێنج ژمارەی بە فەڕەنسی، سیوشەش ژمارەی بە تورکیو چەند ژمارەیەکیشی بە زمانی ئینگلیزی دەرکردووە(١٠). ئەمە لە کاتێکدایە، کە د. تەنەر ئەسلان؛ مامۆستا لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی ئاکسەرایيو شارەزا لە ژیانو بەرهەمەکانی شەریف پاشا، پێیوایە بە کۆیگشتی، مەشروتیەت (٥٤) ژمارەی لێبڵاوکراوەتەوەو زۆربەی هەرەزۆری بە زمانی فەڕەنسی بووە(١١).
ئەم بڵاوکراوە ناوەکەی بە زمانی فەڕەنسی بەم شێوەیە بووە:(Mèchroutiette: (The Ottoman Constitution، گۆڤارێکی مانگانەیە بۆ بەرگریکردن لە بەرەوپێشچوونی سیاسیو ئابووریو مافی یەکسان بۆ هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی عوسمانی، بەبێ جیاکاریی نەتەوەو ئایین دەردەکرێت، هەروەها ئەم گۆڤارە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی سیاسیی ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی(١٢).

**بەڵگەی (١):** وێنەی ڕۆژنامەی مەشروتیەت، کە بە زمانی فەڕەنسی لەلایەن شەریف پاشاوە دەرکراوە:


T.C. BASBAKANLIK OSMANLI ARSIVI DAIRE BASKANLIGI (BOA)

N° 1. 15 OCTOBRE 1909 1re Année

MECHROUTIETTE

Publié sous la direction de CHÉRIF PACHA

ORGANE CONSTITUTIONNEL OTTOMAN

JOURNAL MENSUEL

consacré à la Défense des Intérêts Politiques et Économiques et des Droits égalitaires de tous les Ottomans, sans distinction de race et de religion

GRATUIT

GRATUIT

La Constitution en Turquie et les Agissements du Comité

OSMANLI ARŞIVI DH.MUİ 31-1 16

DH.MUI_00031.1.00016.001

**بەڵگەی (١): وێنەی ڕۆژنامەی مەشروتیەت**

لەبەرئەوەی بڵاوکراوەی مەشروتیەتی شەریف پاشا، ڕووی ڕەخنەکانی لە سیاسەتی ئیتیحادو تەرەقی بووە، بە توندی ڕەخنەیگرتووە، چونکە کۆمەڵەی ناوبراو کەوتوونەتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ناو مەملەکەتی عوسمانی. ئەمەیش شەریف پاشای ناچارکردووە بە شێوەی شاراوەو نهێنی هەوڵی بردنەناوەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بدات(١٣). لێرە بە دواوە هەوڵدەدرێت هەوڵی بردنەناوەوەو دابەشکردنی ڕۆژنامەکە لە ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانیو ڕێگریو سانسۆرکردنی بڵاوکراوەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە، بە پێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی بخرێتەڕوو.

بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە

بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی، هێشتا ساڵێک بە سەر دەرچوونی ڕۆژنامەی مەشروتیەتدا تێپەڕنەبووە، وتارو ڕەخنەکانی ناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە حکومەتی ئیتیحادو تەرەقی بە تەواوی بێزاردەکات، بە جۆرێک ئەو نوسراوو کۆپییانەی ڕۆژنامەکەی شەریف پاشا، کە هاتوونەتەناو مەملەکەتی عوسمانییەوەو دەست دامودەزگاکانی حکومەت کەوتوون، دوای پشکنینو لێوردبوونەوەیان دەنگی نارەزایەتی لە دژی پەیامەکانی ڕۆژنامەکە لە ویلایەتەکانەوە بە نوسراوی فەرمی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمنیەتو وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بەرزکراوەتەوە.

لە نوسراوێکی فەرمیی ویلایەتی ئەستەنبوڵدا، کە بە ژمارە (٢٢٦) لە ڕێکەوتی (٣)ی تشرینی دووەمی (١٩٠٩) زایینیو بە واژۆی والیی ئەستەنبوڵ بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، تێیدا هاتووە: کۆپییەکی ڕۆژنامەی مەشروتیەتتان بۆ دەنێرین، کە لەلایەن شەریف پاشاوە لە پاریس بڵاودەکرێتەوە، هەندێک نوسینو وتاری دژ بە ئیدارەی مەشروتیەتی (مەبەست حکومەتی ئەوکاتی عوسمانییە)و ڕێساو ڕێوشوێنە کارپێکراوەکانی ئێستای لەخۆگرتووە، لە پۆلیسی ئەستەنبوڵەوە، دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی ئەو ڕۆژنامە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بەپێویستزانراوە، دواجار بڕیار لە لای ئێوەیە(١٤). لە وەڵامی ئەو نوسراوەی ویلایەتی ئەستەنبوڵدا، وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێکەوتی (٦)ی تشرینی دووەمی (١٩٠٩)دا نوسراوێکی بۆ ویلایەتی ئەستەنبوڵ کردووەو تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە سەبارەت بە دواکارییەکەیان لەمەڕ قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی مەشروتیەت بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی، نوسراویان بۆ سەدارەت (سەرۆکایەتیی حکومەت) کردووە، کە ڕێگە بە قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی ناوبراو بدات(١٥).

بە گوێرەی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەکان، بە بڕیاری (٣٩٢)ی ئەنجومەنی وەزیرانەوە (مجلس وكلاء)، بە گوێرەی ماددەی (٣٥)ی یاسای چاپەمەنییەکان، بڕیاری قەدەغەکردنو سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەت، کە بە زمانی فەرەنسی لە پاریس دەرچووە، دراوە(١٦).

بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان پێماندەڵێن، کە دوای یاساغکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەتی شەریف پاشا، کە بە زمانی فەرەنسی دەریکردووە، ناوبراو بڕیاریداوە ڕۆژنامەکەی بە زمانی تورکی دەربکات. ئەم هەوڵە نوێیەی شەریف پاشا دیسانەوە دەبێتە هۆی بێزارکردنی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی، بەو هۆیەوە وەزارەتەکەنوسراوێکی بە ژمارە (٤٠٢٩)ی ئیدارەی چاپەمەنییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، لە ڕێکەوتی (٢٧)ی شوباتی (١٩١٠)ی زایینی، بە ناوی وەزیری ناوخۆوە دەرکردووە. لە نوسراوەکەدا هاتووە، ئەو ڕۆژنامەی مەشروتیەتەی کە شەریف پاشا لە پاریس بە زمانی

فەرەنسی دەریدەکردو لە سەر ئەو بنەمایەی کە نوسینی زیانبەخش و ڕقاویی تێدا بوو لە دژی حکومەت، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەکراوە، ئەم جارە ڕۆژنامەکە بە زمانی تورکی بڵاوکراوەتەوەو لەو کۆپییەی کە بۆ ئەستەنبوڵ نێردراوە، دەرکەوتووە، کە بەر حوکمی یاسای ژماه (٣٥)ی چاپەمەنییەکان دەکەوێت، داواکارین بڕیارێک لەبارەی قەدەغەکردنی ئەم ڕۆژنامەی مەشروتیەتەی کە بە زمانی تورکی دەرچووە، بدرێت(١٧).لە سەر بنەمای ئەو داواکارییەی وەزارەتی ناوخۆ، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە سەر ئەو بنەمایەی کە ڕۆژنامەی ناوبراو ناوەڕۆکی زیانبەخشی لەخۆگرتووەو بە گوێرەی ماددەی (٣٥)ی چاپەمەنییەکان بڕیاری یاساغکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەت لە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا دراوە. لە کۆتایی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا، واژووی وەزیرەکان هاتووە(١٨). واتە بە هەمان پاساوی پێشوو، بە حوکمی یاسای ژمارە (٣٥) بڕیاردراوە، کە نەهێڵرێت ڕۆژنامەی ناوبراو بهێنرێتەناو سنووری دەوڵەتی عوسمانییەوە.



بەڵگەی (٢): دەقی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران لە بارەی قەدەغەکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەتی تورکی، کە شەریف پاشا لە پاریس دەریکردووە.

وەک لە زانیاریی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەردەکەوێت، سەرەڕای دەرچوونی بڕیاری سانسۆرکردنی ڕۆژنامەی مەشروتیەت، شەریف پاشا هەوڵیداوە بە نهێنی ڕۆژنامەکە بگەیەنێتە خوێنەرانی لە ناو سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا، لە نوسراوێکی فەرمیدا کە بە ژمارە (٦١٧) لە ڕێکەوتی (٢)ی ئاداری (١٩١٠)ی زایینی، بە واژووی قائیمقامی قەزای "قەرەمورسل" بۆ موتەسەڕیفیەتی سەنجەقی ئیزمیت نێردراوە، تێیدا هاتووە کە دوو کۆپیی ڕۆژنامەی مەشروتیەت، کە لەلایەن شەریف پاشاوە بڵاوکراوەتەوە، هاتووەتە قەزاکەوە، لەبەرئەوەی دوو کۆپیی ڕۆژنامەکە "هەزەیاننامە" (قسەی پوچو بێبنەما)ی لەخۆگرتووە، وەک خۆی بۆتان ڕەوانەدەکەین(١٩).

**شەریف پاشا هەربە وازهێنان لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقییەوە ناوەستێت، بەڵکو دوای دەستلەکارکێشانەوەو چوونی بۆ فەرەنسا لەوێ دەبێتە نەیارو ڕەخنەگرێکی گەورە لە کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی و ئیدارەکەی**

هەر لەم بارەیەوە سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئیزمیت لە نوسراوێکی نهێنیدا کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئەمنیەتی ناردووە، لە سەری نوسراوە (زۆر نهێنی). لە نوسراوەکەدا هاتووە: ئەو ڕۆژنامەی مەشروتیەتەی کە لەلایەن شەریف پاشاوە لە پاریس دەرکراوە، لە ڕێگەی پۆستەوە گەیشتووەتە ئیزمیتو دەوروبەری، پڕە لە هەزەیاننامە، بە مەبەستی لەناوبردنی، بە هاوپێچ بۆتان دەنێرین. لە نوسراوەکەدا شەریف پاشای وەک ناپاک، دووڕوو و دژەئەخلاق لەقەڵەمداوە(٢٠).

لە نوسراوێکی ویلایەتی کۆسۆڤۆ، کە بە ژمارە (١٥٠٢)ی گشتی/ (١٤١)ی تایبەت، لە ڕێکەوتی (١٩)ی نیسانی (١٩١٠)ی زایینیدا بە واژووی والی کۆسۆڤۆ بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، تێیدا هاتووە: بۆ لەناوبردنی نوسراوی زیانبەخشی شەریف پاشای باڵیۆزی پێشووی ستۆکهۆڵم کە لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ پزیشکێک بە ناوی مستەفا ئەفەندی نێردراوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیەتەوە دەستیبەسەرداگیراوە. ئەم جۆرە نوسراوە یاساغانە، بەردەوام لێرەو لەوێ دەردەکەون، بۆئەوەی مۆڵەتی لەناوبردنی ئەو نوسراوانە وەربگیرێت، نوسراو لە قەزاوە بۆ سەنجەقو لەوێوە بۆ ویلایەت دەکرێت، ئەمەیش ماندووبوونو کاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە داواکارە مۆڵەتبدرێت، ئیدی ئەو پەڕاوانە لە هەر جێگەیەک دەرکەوتن بە بەرچاوی فەرمانبەرانی مەدەنی (بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی

سەرووتر) لەو جێگەیە بسوتێنرێت و لەناوببرێت(٢١).هەر لە چوارچێوەی ئەو نوسراوە فەرمییانەی لە ویلایەتەکانەوە لەمەڕ نوسراوو دانراوەکانی شەریف پاشای خەندانەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراون، تێیاندا داوای پێدانی مۆڵەتی قەدەغەکردنیان بۆ ئەو نوسراوانە کردووە. ئەم جارەیان نوسراوێکی فەرمی بە واژووی والیی ویلایەتی خوداوەندگار (بورسە)، بە شێوەی شیفرە لە ڕێکەوتی (٢٤)ی نیسانی (١٩١٠)ی زایینیدا بۆ بەشی شیفرەی وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، تێیدا هاتووە: بۆمان دەرکەوتووە ژمارەیەک نامیلکە بە ناونیشانی (فهرست و شورای امت)، کە لەلایەن شەریف پاشاوە لە پاریس چاپکراوە، گەیشتووەتە فەرمانگەی پۆستە، لەبەرئەوەی لە بارەی ڕێگریکردن و بڵاوبوونەوەیانەوە بڕیارێکیان لە بەردەستدا نەبووە، پۆستەخانە بە دڕدۆنگییەوە ڕایانگرتوون، لەبەرئەوەی وەها دەرکەوتووە، کە بڵاوبوونەوەو خوێندنەوەیان باش نەبێت، بۆیە بڕیارمانداوە هەتا هاتنی بڕیارو ڕێنمایی لەلایەن وەزارەتەوە ڕێبگیرێت لە دابەشکردنیان. لە نوسراوەکەدا ئەمەش هاتووە: پێویستە بڕیاری خێرا لە بارەی ڕێگریکردن لە داغڵبوونیان یان بڵاوکردنەوەیان بدرێت(٢٢).

وەک لەم بەڵگەنامە مێژووییە گرنگەدا دەردەکەوێت، شەریف پاشا جیا لە ڕۆژنامەی مەشروتیەت، هەوڵیداوە نوسراوو نامیلکەکانیشی کە لە پاریس نوسیونی لە ڕێگەی پۆستەوە بگەیەنێتە دەستی خوێنەواران لە ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەم نوسراوەی ویلایەتی خوداوەندگار لە هەمان ڕۆژدا بە نوسراوێکی فەرمانگەی هەواڵگری گشتیی وەزارەتی ناوخۆ بە ژمارە (١٣٤) لە ڕێکەوتی (١١)ی نیسانی (١٣٢٦)ی ڕۆمی/ (٢٤)ی نیسانی (١٩١٠)ی زایینی بە شێوەی شیفرە، وەکو وەڵام بۆ نوسراوەکەی ویلایەتی ناوبراو نێردراوەتەوەو تێیدا هاتووە: لە بارەی ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوەی ئەو ئەوراقە زیانبەخشانەی لە نوسراوەکەتاندا باستانکردووە، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا (مجلس مخصوص وکلاء) بەم جۆرە بڕیاری لە سەر دراوە: لەگەڵ ڕێگریکردن لە بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی ئەو نوسراوانە، ئەو کۆپییانەی کە هەن، لەناوببرێن(٢٣).

دیارە شەریف پاشا زۆر چالاکانە کەوتووەتە هەوڵی گەیاندنی بڵاوکراوەکانی لە پاریسەوە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی. ئەو هەوڵانەی شەریف پاشا بووەتە هۆی دروستکردنی دەردیسەری و ئاریشە بۆ دامودەزگاکانی حکومەت لە ویلایەتە جیاوازەکان و هەراسانیکردوون، ئەوەیش لە نوسراوێکی شیفرەییدا، کە لە ڕێکەوتی (٧)ی مایسی (١٩١٠) دا بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت. لە نوسراوەکەدا هاتووە:

لە هەموو لایەکەوە هەواڵمانپێدەگات، کە شەریف پاشا بڵاوکراوەکانی لە پاریسەوە لە ناو نوسراوو ئەوراقەکاندا دەنێرێتەوە. پێتانڕادەگەیەنم، کە پێویستە بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم دۆخە بکرێتەوە. لە نوسراوەکەدا هاتووە: ئەگەرچی داوای کردنەوەی نوسراوە تایبەتییەکان ناکات، بەڵام ئەو نوسراوانەی لە پاریسەوە دێن، زیانبەخشییان ئاشکرایە، پێویستە ڕێگری لە دابەشکردنیان بکرێت(٢٤).

**شەریف پاشا لە پاریس کۆمەڵەی چاکسازیی عوسمانی بۆ دژایەتیکردنی ئیتیحادو تەرەقی دادەمەزرێنێتو ڕۆژنامەیەکیش بە ناوی "مەشروتیەت" وەک ئۆرگانی ڕۆژنامەو انیی کۆمەڵەکە دەردەکاتو بە خۆڕایی بە سەرخەڵکدا دابەشیدەکات.**

### داواکاریی شەریف پاشا بۆ لابردنی قەدەغەی سەرڕۆژنامەی مەشروتیەتو نوسراوەکانی

لە بەڵگەنامەیەکی گرنگی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی عوسمانیدا، کە وێنەکەی لە خوارەوە دانراوە، بریتییە لە نامەیەکی دەستنووسی شەریف پاشا، کە لە ڕێکەوتی (٤)ی کانوونی دووەمی (١٣٢٨)ی ڕۆمی/ (١٧)ی کانوونی دووەمی (١٩١٣)ی زایینیدا بۆ سەرۆکایەتیی حکومەتی عوسمانی (سەدارەت)ی ناردووە، لە بەشی خوارەوەی نامەکەدا ناونیشانی خۆی بەم شێوە نوسیوە: "بەڕێوەبەری سیاسیی ڕۆژنامەی مەشروتیەت، کە لە پاریس بڵاودەبێتەوە، لە فەریقی یەکەمدا دەستلەکارکێشاوە، شەریف". لە داواکارییەکەی شەریف پاشادا هاتووە، کە ڕۆژنامەی مەشروتیەت بە فەڕەنسیو تورکی لە سەردەمی حکومەتی ئیتیحادییەکاندا لە بەرمەبنای هەندێک بیروبۆچوونو مەیلی سیاسییەوە سانسۆرو یاساغکراوە، ئیدی هیچ هۆکارێک بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە نەماوە، بە تایبەت کە هەتا ئەمڕۆ ڕۆژنامەی مەشروتیەت جگە لە ئاواتو هیوای دڵسۆزانە بۆ ئازادبوونی نیشتیمانە ئازیزە مەغدورەکەمان شتێکی دیکەی نەکردووە. هەروەها داوایکردووە، ئەو یاساغو سانسۆرەی لە سەر ڕۆژنامەکە هەیە، هەڵبگیرێت، چاوپۆشیبکرێت لەو کۆتوبەندانەی کە پێشتر لە سەر پۆستەی بیانیو عوسمانییەکان دانراوە، لەبارەی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەکە بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی. لە کۆتایی نوسراوەکەیدا داوایکردووە ئەو کۆتوبەندانە لە سەر هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەکە هەڵبگیرێنو لەو بارەیەوە بە فەرمی فەرمانگە حکومییەکانو باڵیۆزخانەکان ئاگاداربکرێنەوە(٢٥).




BEO.003710.278208.005

**بەڵگەی (٣): داواکاریو عەرزوحاڵی شەریف پاشا لە سەرۆکایەتیی حکومەت بۆ هەڵگرتنی سانسۆری سەر ڕۆژنامەی مەشروتیەت**

بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامەیەکی دیکەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی عوسمانی، تێیدا هاتووە، کە شەریف پاشا داوایکردووە سانسۆری سەر ئەو نامیلکەیەی کە لە ژێر ناوی تێکۆشانی نیشتیمانی (مجاهدەی وطنیە)دا نوسیویەتیو چاپیکردووە، هەڵبگیرێت. هەر لەو بەڵگەنامەیەشدا بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە داواکارییەکەی شەریف پاشا بۆ هەڵگرتنی سانسۆر لە سەر ڕۆژنامەکەی (ڕۆژنامەی مەشروتیەت) و نامیلکەکەی، ئەو داواکارییەی ناوبراو


لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بە جددی وەرگیراوەو بە نوسراوی ژمارە (١٨٨٢) لە ڕێگەی ئیدارەی چاپەمەنییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی فەرمی لە ڕێکەوتی (٦)ی تشرینی یەکەمی (١٩١٢) بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت نێردراوە، تێیدا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بەرمەبنای ئەوەی ئێستا ئیدی ڕۆژنامەو نامیلکەکەی شەریف پاشا وەکو نوسراوو بڵاوکراوەی زیانبەخش نابینرێت، داوایکردووە بڕیارێک لە بارەی ڕێگەدان بە هێنانەناوەوەی بۆ ناو دەوڵەتی عوسمانی بدرێت(٢٦).

**بە پێی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی، هێشتا ساڵێک بە سەر دەرچوونی ڕۆژنامەی مەشروتیەتدا تێپەڕنەبووە، وتارو ڕەخنەکانی ناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە حکومەتی ئیتیحادو تەرەقی بە تەواوی بێزاردەکات.**

دیسانەوە لە نوسراوێکی فەرمیدا، کە بە واژووی وەزیری ناوخۆ، لە ڕێکەوتی (١٩)ی کانوونی یەکەمی (١٩١٢)دا بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە، کە شەریف پاشا داواکاریی پێشکەشکردووە بۆ هەڵگرتنی سانسۆری سەر ڕۆژنامەی مەشروتیەت، کە لە پاریس بە فەڕەنسیو تورکی چاپو بڵاوکراوەتەوەو دوای لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکە بۆیان دەرکەوتووە، کە بڕیاری سانسۆرکردنەکەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دراوە، هەڵگرتنی ئەو بڕیاری سانسۆرکردنە لە چوارچێوەی دەسەڵاتو کاری ئەواندایە(٢٧).وا دیارە دوای گۆڕانکاری لە کابینەی حکومەتو هاتنەکایەی دۆخێکی سیاسیو ئیداریی جیاواز، شەریف پاشا هەوڵیداوە ئەو کۆتوبەندانەی لە سەر بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی ڕۆژنامەکەی لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی ئەو کاتەی عوسمانییەوە سەپێنراوە، لابداتو بە ئاشکراوو ئازادانە ڕۆژنامەو چاپکراوەکانی بنێرێتەوە بۆ ئەستەنبوڵو ناو قەڵەمڕەوی عوسمانی. ئەگەرچی دوای گەڕانێکی زۆر بە ناو بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا وەڵامی یەکلاکەرەوەو بڕیاری هەڵگرتنی سانسۆری سەر ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شەریف پاشامان چنگنەکەوت، بەڵام وادەردەکەوێت کە شەریف پاشا وێڕای کۆتوبەندەکانو ئاستەنگەکانی بەردەم کاری چاپو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو بەرهەمەکانی، بەردەوامبووە، چونکە بەپێی نوسراوێکی شیفرەیی کە لە (١٤) ی نیسانی (١٩١٤) لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە فەڕەنساوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە، تێیدا هاتووە، زانیاریان پێگەیشتووە، کە شەریف پاشا ئەو شتانەی لە پاریس چاپو بڵاویاندەکاتەوە، لە ڕێگەی کەسێکی ئەرمەنی بە ناوی ترسایان (Tersayan)ەوە، کە فەرمانبەرە لە

(اوروپــان اکــسپرس)، بـۆ ئـەسـتـەنبـوڵی دەنێرێتـەوە(٢٨). دیسانەوە لە نامەیەکی دیکـەی شیـفرەیی کـە لـە ڕێکـەوتی (٢٣) ی مـایسی (١٩١٤)دا لـەلایـەن ویلایـەتی سیـواسـەوە بـە واژووی والی سیـواس بـە ژمـارەی (١١١٢٥) بـۆ وەزارەتـی نـاوخـۆ نێردراوە، تێیـدا هـاتـووە: شـەریـف پـاشـا وتـارێکی خـۆی بـە نـاوی بێدارکـردنـەوەی میللەتی عوسمانی (ایقاظ ملت عثمانیە) وە لـە ڕێگـەی پـۆسـتـەوە نـاردووەتـەوە بۆ نـاو قـەڵـەمڕەویی دەوڵـەتی عـوسـمـانی، والیی سیـواس وتـارەکـەی بـە هـەزیـانـنـامـە لەقـەڵـەمداوەو داوایـکـردووە ڕێگری لـە دابەشکردنو بڵاوکردنەوەی بکرێت(٢٩). زانـیـاریـیـەکـانی نـاو ئـەو نـوسـراوانـە پـێـمـانـدەڵێن، کـە ســـەرەڕای هـەوڵـە یـەکـلـەدوایـەکـەکـانی سـانـسـۆرکـردنی بەرهەمەکانی، شەریف پاشا شێلگیر بووە لـە هـەوڵـدانی بـۆ گـەیـانـدنی پـەیامـەکانی لـە پاریسـەوە بـۆ بـە خـوێنـەرەکانی لـە ناو دڵی دەوڵـەتی عـوسـمـانـیـدا، سـەختیو تونـدوتـۆڵیی کـۆتـوبـەنـدەکانی دەوڵـەت لـە سـەر بـەرهـەمـەکـانی، شـەریـف پـاشـایـان ساردنەکردووەتەوە لـە هـەوڵی دۆزینـەوەی ڕێـگـەی تـازە بـۆ گـەیـانـدنی ڕۆژنـامـەو نـامیلکـەو وتـارەکـانی بـە خـوێـنـەرەکـانی لـە قـەڵـەمـڕەوی عـوسـمـانـیـدا.دواتـر کـە دەسـەڵاتـی تـورکـە لاوەکـان (JÖN TÜRK) تێـدەگـەن لـەوەی کـۆتـوبـەنـدو سـانـسـۆرکـردن نـاتـوانێـت ڕەخـنـەکـانی شەریف پاشا لە ئاست چەوتییەکانیاندا بێدەنگبکات، پـەنـادەبـەنـەبـەر هـەوڵی تیرۆرکردنی ناوبراو.

لـە نـوسـراوێکی فـەرمـانـگـەی شیـفـرەی سـەر بـە وەزارەتـی دەرەوەی دەوڵـەتی عوسمانیدا، کە ژمارە (١٠١)ی ڕێکەوتی (٢٠)ی کـانـوونی دووەمـی (١٩١٤) لـە سەرە، هاتووە: لە شیتەڵکردنی تەلەگرافی شیفرەی باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عوسمانی لـە پـاریـسـەوە، کـە لـە ڕێـکـەوتی (١٤) ی کـانـوونی یـەکـەمی (١٩١٤)ی زایـیـنی بـۆیـان نێردراوە، ئـەم بـەیـانییـە (واتـە سپێدەی ڕۆژی (١٤)ی کانوونی دووەمی (١٩١٤)) کەسێکی ناو نەزانراو، چووەتە مـاڵی شـەریـف پـاشـاو دوو خـزمـەتکار "کـوڕ"ی نـاو ماڵـەکـەی شـەریف پاشای بـریـنـدارکـردووە، کەسەکەیش خـۆی لە بەرگریو پێکدادانـدا کوژراوە(٣٠). دیارە هەوڵەکە بۆ تیرۆرکـردنی شـەریف پاشا بـووە، دواتـر ئـەمـە دەبێـتـە کـەیسێـکو حکومەتی فەڕەنسی داوای ڕوونکردنەوەو زانیاری لە باڵیۆزی عـوسمانی لە پاریس دەکــاتو دۆسـیـەی لێکـۆڵـیـنـەوە لـەو بارەیەوە دەکرێتەوە. دەکرێت لە بابەتێکی دیـکـەدا بـە وردی بـاس لـەم دۆسـیـەیـە بکـەم. شـەریـف پـاشـا خـۆی ئـەم ڕوداوە بە پیلانی تورکە لاوەکان لێکدەداتەوەو دوای ئەوەی تێدەگات هەڕەشەکانی سەر ژیانی جددیین، دەست لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنـامـەی مـەشـروتـیـەت هـەڵدەگرێت، بـەڵام دەسـتـبـەرداری چـالاکیی سیـاسیو ڕۆشنبیریو دیبلۆماسی نابێت.




**بەڵگەی (٤): بەرگی یەکێک لەو نامیلکانەی شەریف پاشا کە سانسۆرکراوە**

**شەریف پاشا بە پلەی جەنەڕاڵ پەیوەندی بە هێزی سەربازیی فەرەنساوە دەکات**


کۆتوبەندە بەردەوامەکانی سەر بەرهەمو بڵاوکراوەکانو هەوڵی تیرۆرکردنی، وایان لە شەریف پاشا کردووە، هێڵی سیاسیی خۆی بە تەواوی لە دەسەڵاتی ئەوکاتی دەوڵەتی عوسمانیو ئیدارەی ئیتیحادو تەرەقی جیابکاتەوە. لە سەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی لە دۆخی ئامادەکاریدا بووە، بۆئەوەی لەو جەنگە گەورەدا بچێتەپاڵ ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی، شەریف پاشا لە پاریسو بە پلەی جەنەڕاڵ پەیوەندیی بە سوپای فەرەنساوە کردووە.

**لە هەندێک بەڵگەنامەدا بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانی شەریف پاشایان وەک ناپاک، دووڕووو دژەئەخلاق ناوبردووە.**

لە بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوەی بەڕێوەبەرایەتیی (استطلاعات)ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی بە ناوی "شەریف پاشا لە سوپای فەڕەنسادا"دا هاتووە: "بە پێی ئەو زانیاریانەی لە پاریسەوە پێمانگەیشتووە، شەریف پاشا؛ باڵیۆزی پێشوو لە ستۆکهۆڵم، وەک جەنەڕاڵ چووەتەناو سوپای فەڕەنساوە. ناوبراو ئێستا لە بۆردۆیە. شەریف پاشا ئێستا دیسانەوە دەیەوێت خۆی بخاتەوەبەر باس. شەریف پاشا ئەو کاتەی لە ستۆکهۆڵم دەمایەوە، وەک کەسێکی مۆڵەتپێدراوی پایتەخت... ئەوەندەی ئێمە زانیاریمان لە سەر ڕێبازی سیاسیی شەریف پاشا هەبێت، ناوبراو ماوەیەکی زۆرە لە دەرەوەی وڵات دەژی، ئەوەندە نەیاری تەرزی ئیدارەدانی تورکە لاوەکان (JÖN TÜRK) بووەو هەتا لەلایەن ئەو ئیدارەیەوە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکراوە، تورکە لاوەکان بە هۆی جموجوڵو چالاکییەکانیەوە شەریف پاشایان بە میراتگری فیکری سوڵتان عەبدولحەمید لەقەڵەمداوە. لە کاتێکدا نیشتیمان (مەبەست لێی دەوڵەتی عوسمانییە) لەم جەنگە مەزنەدا خەریکی ئامادەکارییە، کە بە هاوپەیمانیەتیی ئەڵمانیا بەشداربیکات، شەریف پاشا بە سیفەتی جەنەڕاڵ چووەتەناو سوپای فەڕەنساوە، ئەمەیش نابێت ببێتە مایەی سەرسوڕمان، چونکە خۆی وەک دوورخراوەیەک لە پاریس دەژی، لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ خەڵکی فەڕەنسادا دروستکردووە(٣١)".

**لە ویلایەتی کۆسۆڤۆوە بە نوسراوی فەرمی داوای مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ کراوە، بۆئەوەی لە کاتی دەستبەسەرداگرتنی ڕۆژنامەکانی شەریف پاشادا بە بەرچاوی فەرمانبەرانی مەدەنی (بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی سەرووتر) لەو جێگەیە بسوتێنرێتو لەناوببرێت.**

ئەم چوونەناوەوەی شەریف پاشا وەکو جەنەڕاڵ بۆ ناو سوپای فەڕەنسا بووەتە جێگەی بایەخی ڕۆژنامەکان، ڕۆژنامەی داگێن (Dagen gazetesi) لە ڕێکەوتی (١٤)ی ئەیلوولی (١٩١٤)دا بابەتێکی لە ژێر ناوی شەریف پاشا لە سوپای فەڕەنسادا (Cherif Pascha I Franska armen) لەگەڵ وێنەیەکی شەریف پاشادا بڵاوکردووەتەوە(٣٢).




**بەڵگەی (٥): داواکارییەکی دائیرەی چاپەمەنییەکانی سەربە وەزارەتی ناوخۆ بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت، بۆ دەرکردنی بڕیارێک لە بارەی قەدەغەکردنی هێنانەناوەوەی ڕۆژنامەی مەشروتیەت بۆ ناو خاکی عوسمانی**

## پەراوێزو سەرچاوەکان

لەگەڵ ئەوەی ناوی ئەم ڕۆژنامەیەی شەریف پاشا لە هەندێک سەرچاوەی عوسمانیدا بە (مجموعە) هاتووە، واتا بە گۆڤار هاتووەو بڵاوکراوەیەکی مانگانەیش بووە، بەڵام لەبەرئەوەی لە زۆربەی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی، کە ئێمە بۆ نوسینی ئەم توێژینەوە پشتمانپێبەستووە، بە (غزتە) واتا ڕۆژنامە هاتووە، ئێمەیش پەیڕەوی ئەو ناوەمان کردووەو بە ڕۆژنامە ناومانهێناوە.

نەجاتی عەبدوڵڵا، نامە دیبلۆماتییەکانی جەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان (١٩١٨-١٩٢٤) لە ئەرشیفخانەکانی فەڕەنساو بەریتانیادا، لە فەڕەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید، ٢٠٢٤، لل٢٣-٢٤.

بۆ زانیاری لە سەر کارو چالاکییە دیبلۆماتییەکانی شەریف پاشا، بڕوانە: نەجاتی عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو.

لە بەشی دووەمی ئەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیەدا کە لە ژمارە (٧)ی وەرزنامەی تورکیاناسی لە ئاداری (٢٠٢٥)دا بڵاوکراوەتەوە، بە درێژی لە بارەی ڕۆژنامەی سەربەستی‌و سانسۆرکردنیەوە وەستاوین.

Taner ASLAN, Saidpasazade Mehmet Serif Pasa muhalefeti ve İkinci Mesrutiyet Döneminde yasaklanan bir risalesi, Tarih Araştırmaları Dergisi, 2011-Cilt: 30 – Sayı: 50 s. 6.

Abdullah Keskin ve Malmisanij, Kürt Terakki ve Teavün Cemiyet ve Gazetesi, Avesta Yay, Istanbul 1999, s.22-30.

Taner ASLAN, a. G. M. S. 8.

15.M, s. 10-11

Taner ASLAN, a. G. M, s. 10-11

Ali Birinci, ŞERİF PAŞA, Mehmed(1865-1951)Türk Siyaset Adamı, https://islamansiklopedisi.org.tr/serif-pasa-mehmed .

Taner ASLAN, a. g. M, s. 11.

Rohat Alakom, Şerif Paşa – Bir Kürt Diplomatının Fırtınalı Yılları (1865-1951), Avesta Yayınları, 3.baskı. 2016, İstanbyl, 57.

BOA, DH. MUI., 113/66; BOA, DH.EUM. THR., 91/74; BOA, MV., 133/79.

BOA. DH. MUI. 31-1. 16. 2.

BOA. DH. MUI. 31-1. 16. 3.

BOA. DH. MUI. THR. 92. 46.01.

BOA. BEO. 3710. 278208. 04.

BOA. MV. 137. 55.

BOA. DH. EUM. 2. 23. 2.

BOA. DH.EUM.VRK.2. 23. 01.

BOA. DH.MUI. 88.35. 4.

BOA. DH. MUI. 88. 35. 2.

BOA. DH. MUI. 88. 35. 1.

BOA. DH. ŞFR. 662. 141. 1.

BOA. BEO. 3710. 278208. 05.

BOA. BEO. 3710. 278208. 03.

BOA. BEO. 3710. 278208. 02.

BOA. HR.ŞFR.4. 873.95.01.

BOA.DH. ŞFR. 427.69. 01.

BOA. HR.SYS.1825. 41.02.

BOA. DH. EUM. 1.Şb. 14. 3. 2.

HR.SYS. 2266. 7. 2.

# کودەتای (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، سیناریۆی ئەردۆغان یان بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی خۆی

ئایهان جەسور | ئەحمەد سیروانی

**پوختە**

(١٥)ی تەممووزی (٢٠٢٥)، نۆ ساڵ بە سەر هەوڵێکی شکستخواردووی کردنی کودەتادا لە تورکیا تێدەپەڕێت.هەوڵێک، کە ئەردۆغانو پشتیوانەکانی بە خیانەتێکی بێوێنە لە مێژووی تورکیادا وێنایدەکەن، بەڵام نەیارەکانی، لە سەرووی هەموویانەوە گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن بە سیناریۆی ئەردۆغانو ئاکپارتی ناویدەبەن. بەرپرسانی حکومەتو ئەردۆغان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە کودەتاکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) لەلایەن گرووپێکەوە کراوە، کە بەردەوام بانگەشەی پەروەردەو خۆدوورگرتن لە سیاسەت دەکەن، لە بەرانبەردا گرووپی گیولەنو بەشێک لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەیان پرسیارو گومانیان لە بارەی کودەتاکەوە خستووەتەڕوو و هەتا ئێستایش زۆرێک لە گومانو پرسیارەکان بێوەڵام ماونەتەوە.

لەو کودەتایەدا کە (٢٥٢) کەس کوژراو (٢) هەزار و (٧٣٥) کەس برینداربوونو بۆمبارانی پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆمارو چەند دامەزراوەیەکی مەدەنیو سەربازیی تورکیای تێدا کرا، هەتا ئێستا گومان لە سەر پلاندارێژانو چۆنیەتیی ئەنجامدانی هەیە.ئەو کودەتایەی کە پلاندارێژەرانی بڕیاریاندابوو لە کاژێر (٣)ی بەرەبەیانی (١٦)ی تەممووزی (٢٠١٦) بیکەن، بە هۆی ئاشکرابوونی پێشوەختەی پلانەکەیانو ئاگاداربوونەوەی هاکان فیدان؛ سەرۆکی ئەو کاتەی دەزگای هەواڵگری (میت)و خلوسی ئاکار؛ سەرۆکی گشتیی ئەو کاتەی ئەرکانی سوپاوە، بە ناچاری (٦) کاژێر پێش کاتی دیاریکراو، کودەتاکەیان لە کاژێر (٩)ی شەوی (١٥) لە سەر (١٦)ی تەممووزی (٢٠١٦) دەستپێکرد.

سەرەڕای تێپەڕبوونی نۆ ساڵ بە سەر کردنیدا، گرتن و دادگاییکردنی هاوڵاتیان بە تۆمەتی بەشداریکردن و پشتیوانی لە کودەتاکە بەردەوامە، بە جۆرێک پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی) و خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ئەو کودەتایەیان کردووە بە بیانوویەک بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان. تەنانەت دەرفەتێکی زێڕینی بەخشیوە بە ئەردۆغان و پارتەکەی بۆ پاکتاوکردنی نەیارەکانی، بە تایبەت لایەنگرانی پەکەکە، پەیەدە، هەدەپە، دەمپارتی، جەهەپەو لە سەرووی هەموویانەوە گرووپی فەتحوڵلا گیولەن.ئەگەرچی لەلایەن دادگاکانی تورکیاو بەرپرسانی باڵای ئەمنی، سیاسی، سەربازی و دەوڵەتی تورکیاوە گرووپی فەتحوڵلا گیولەن، کە لە دوای کودەتاکەوە لەلایەن ئەنقەرەوە وەک گرووپی تیرۆریستی فەتحوڵلا گیولەن (فەتۆ) (Fethullahçı Terör Örgütü (FETÖ) دەناسێنرێت، تاوانبارکراون بە ئەنجامدەری هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، بەڵام گومانەکانی لایەنی بەرانبەر لە سەر دەوڵەت و خودی ئەردۆغان کەم نین. بە جۆرێک ئەو کودەتایە بە هەوڵێکی ئەردۆغان وێنادەکرێت بۆ لەناوبردنی گرووپی گیولەن، لاوازکردنی کەمالیستەکان و بێبەهاکردنی ڕۆڵی سوپا لە ناوخۆی تورکیاو چاوترساندنی هەر بەرپرس و گرووپێک کە بیر لە کردنی کودەتا بکاتەوە.

## کودەتا لە تورکیا

دەستەواژەی کودەتا لە تورکیا جیاواز لە هەر وڵاتێکی دیکە واتای جۆراوجۆری هەیە. کودەتا (Darbe) هەوڵێکە بۆ ڕوخاندن و گۆڕینی حکومەت، بە بەکارهێنانی هێزی ڕەق و توندو چەک لەلایەن سوپا یان گرووپێک بە پشتیوانیی سوپا. وەک کودەتای سەربازیی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠) لە تورکیا، بەڵام هۆشداری (Muhtra) جیاوازە لە کودەتا. هۆشداری لەلایەن سوپاوە وەک بەیاننامەیەک ئاڕاستەی حکومەت دەکرێت و ئاگاداردەکرێتەوە لە "هەڵەو کارە چەوتەکانی و لادانی لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی دەوڵەت و دەستوور"، وەک هۆشداریی (١٢) ی مارتی (١٩٧١). ئەم هۆشدارییەی سوپا خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە سوکایەتی و بەکەمتەماشاکردنی حکومەت و ئاگاداركردنەوەی لە ئەگەری ڕاستنەکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانیدا، ئەوا بە زەبری هێزو چەک (کودەتا) دەسەڵاتی لێدەسەنرێتەوەو سزایشدەدرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک جار خودی هۆشدارییەکەی سوپا دەبێتە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت بە ڕەزامەندیی خۆی یاخود بە ناچاری. وەک کودەتای پۆستمۆدێرنی (٢٨)ی شوباتی (١٩٩٧)(١).

مێژووی کردنی کودەتا لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمو کاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان. یەکەم هەوڵی کودەتا لە (٢٠)ی مایسی (١٦٢٢) بە ناوی "ڕوداوی عوسمانیی گەنج" تۆمارکراوە، لە (٢٨)ی ئەیلوولی (١٧٣٠) هەستانەوە یاخود یاخیبوونێک بە ناونیشانی "هەستانەوەی خەلیل پاترۆن" لە مێژوودا تۆمارکراوە. یاخیبوونی مستەفا کاباکچی لە (٢٧)ی مایسی (١٨٠٧)، ڕوداوی کولەلی لە (١٤)ی ئەیلوولی (١٨٥٩)، لابردنی سوڵتان عەبدولعەزیز لە سەر تەختی سوڵتانی لە (٣٠)ی مایسی (١٨٧٦)، مەشروتیەتی دووەم لە (٢٤) ی تەممووزی (١٩٠٨)، ڕوداوی (١٣)ی نیسانی (١٩٠٩)، ڕاگەیەنراوی هالاسکار زابیتان لە (١٦)ی تەمموزی (١٩١٢)، گوشاری بابی عالی لە (٢٣)ی کانوونی دووەمی (١٩١٣)، ئەو ڕوداوانەن، کە لە مێژووی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان تایبەتمەندیی کودەتایان وەرگرتووە.سەبارەت بە مێژووی نوێو هاوچەرخو سەردەمی کۆماری نوێی تورکیا، هەریەک لە کودەتای سەربازیی (٢٧)ی مایسی (١٩٦٠)، هۆشداریی (١٢)ی مارتی (١٩٧١)، کودەتای سەربازیی (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠)، کودەتای پۆست_مۆدێرنی (٢٨)ی شوباتی (١٩٩٧)، هۆشداریی ئەلیکترۆنیی (٢٧)ی نیسانی (٢٠٠٧)، کە لە سایتی فەرمیی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا بڵاوکرایەوە، بە جۆرێک لە کودەتا یاخود هۆشداریی سوپا بۆ حکومەت هەژماردەکرێت.

ئەوەی کە بووە بە خاڵی بەهێزو پشتیوانییەکی دەستووریو یاسایی بۆ سوپای تورکیا لە کردنی کودەتاو دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات، بریتی بووە لە ماددەی (٣٥)ی یاسای خزمەتی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکانی تورکیا. بە گوێرەی ماددەی (٣٥)ی یاساکە، "ئەرکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا (سوپا) بریتییە لە پاراستنی کۆماری تورکیا، کە بە گوێرەی خاکو دەستووری تورکیا وڵات بەڕێوەدەبات. لە هەمان کاتدا پاراستنی وڵات لە دوژمنی ناوخۆیی (گرووپە دواکەوتووەکان، کۆمۆنیزمو هاوشێوەکانیان). لەو ماددەیەدا مەبەست لە دەستەواژەی دواکەوتووەکان ئیسلامییەکانە. جگە لەوەیش، دانانی دەستەواژەی هاوشێوەکانیان لە ماددەی (٣٥)دا دەستی سوپای تورکیای ئاوەڵاکردووە لە وێناکردنی هەر گرووپو حیزبێک لە تورکیادا بە هاوشێوەی "دواکەوتووەکانو کۆمۆنیزم"، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٣) لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە هەمواری یاسای خزمەتی ناوخۆیی هێزە چەکدارەکان کرایەوەو لەو چوارچێوەیەیشدا ماددەی (٣٥) بەم جۆرە داڕێژرایەوە: "ئەرکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا بریتییە لە پاراستنی خاکی تورکیا لە هێرشی دەرەکی، ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن

لە دەرەوەی خاکی تورکیا بە بڕیاری پەرلەمان و دەستەبەرکردنی ئاشتیی نێودەوڵەتی." بەم جۆرە دەستەواژەی "پاراستنی وڵات لە دوژمنی ناوخۆیی (گرووپە دواکەوتووەکان و کۆمۆنیزم و هاوشێوەکانیان) لە ماددەی (٣٥)ی یاساکەدا لابرا(٢). سەرەڕای نەمانی بەهانەیەکی یاسایی و دەستووری بە دەست سوپای تورکیاوە، لە (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) جارێکی دیکە هەوڵی ئەنجامدانی کودەتا درا، بەڵام جیاواز لە کودەتاکانی دیکە، ئەمەیان بە ڕابەری و فەرمانی پیاوانی ئایینی کرا.

**(١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) هەوڵێک بووە، کە ئەردۆغان و پشتیوانەکانی بە خیانەتێکی بێوێنە وێنایدەکەن، بەڵام نەیارەکانی و گرووپی گیولەن، بە سیناریۆی ئەردۆغان ناویدەبەن.**

## کودەتای (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) چۆن ڕوویدا(٣)

ئەو کودەتایەی کە حکومەتی تورکیا ڕێکخراوی "تیرۆریستیی فەتحوڵڵا گیولەن (فەتۆ) Fethullahçı Terör Örgütü (FETÖ)" و "پێکهاتەی دەوڵەتی هاوتەریب (پەیەدە) Paralel Devlet Yapılanması(PYD) بە بکەری تاوانبارەکات، دوانیوەڕۆی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦) دەستیپێکرد. ڕۆژی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، کاژێر (٤:١٦) خولەکی عەسر هەواڵی پلانی هێرشێک بۆ سەر بینای میت و دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی دەگاتە هاکان فیدان، دواتر هاکان فیدان ئاگاداردەکرێتەوە، کە پلانەکە زۆر لەوە گەورەترە، کە تەنها لە دەستگیرکردنی ئەودا بوەستێت. کاژێر (٧:٢٦) خولەکی ئێوارە هاکان فیدان پەیوەندی بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆمارەوە دەکات، کە لە قەزای مارماریس لە نزیک پارێزگای ئەنتالیا بووە، بەڵام پەیوەندییەکەی بەردەست نابێت. کاژێر (١٠:٥) خولەکی شەو ئەو فڕۆکانەی لە ژێر دەستی سەربازە کودەتاچییەکاندا بوون، بە نزمی بە سەر ئاسمانی ئەنقەرەدا فڕین. کاژێر (١٠:١٠) خولەکی شەو بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی پردی گەروو (Boğaziçi Köprüsü) لە ئەستەنبوڵ لەلایەن فەرماندەییەکی سەر بە کودەتاچییەکانەوە، ڕێگای پردەکە بە ڕووی ئۆتۆمبێلدا داخرا. کاژێر (١١:١٠) خولەکی شەو، بینالی یەڵدرم؛ سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا، ڕوداوەکانی وەک "هەوڵی کودەتا لەلایەن گرووپێکی ناو سوپای تورکیاوە، کە سنووری دەسەڵاتی خۆیانیان بەزاندووە"، ڕاگەیاند. کاژێر (١١:٥٠) خولەکی شەو لە هەر چوار لای ئەنقەرەوە دەنگی تەقینەوەی زۆر بەرز

بیستـرا، هـاوڵاتـیـان وەک کاردانـەوەیـەک بەرانـبـەر هـەوڵی کـودەتـاکـە ڕژانـەسـەر شەقامەکان.کاژێر (١٢:٢٤) خولەکی شەو ئەردۆغـان لە تەلەفزیۆنی (CNNTÜRK) ەوە لـە ڕێـگـەی (Facetime) بـەشـداری لە گـەشتی هـەواڵـەکاندا دەکاتو داوای لـە هـاوڵاتـیـان کـرد بـڕژێـنـە مـەیـدانو سـەرشـەقـامـەکانو بـەرەو فـڕۆکـەخـانـەو نـاوەنـدە ستراتیژیـیـەکـانـی دەوڵــەت لـە شـارەکان بـڕۆنو جـەختی لـەوە کـردەوە، کـە "هـەتـا ئێـسـتـا هـیـچ هێزێـکـم جـگـە لـە هێزی گـەل نـەنـاسـیـوەو لـەمـەودوایـش هـەر وا دەبـم(٤)"، ئـەمە گـرنگترین وتـەی ئـەردۆغـان بـوو لـەو بـەرنـامـەیـەدا، کـە خەڵکی زیاتر هاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کـودەتـاچـیـیـەکـان.کـاژێـر (٣)ی شـەو ئـەو سـەربـازو بـەرپـرسـە سـەربـازیـیـانـەی هەوڵیاندا دەست بە سـەر بیناو پەخشی (TRT)دا بـگـرن، لـەلایـەن پـۆلـیـسو هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەرکران، بەم جـۆرە پـەخـشی (TRT) کـەوتـەوە دەسـتی بــەرەی ئــەردۆغــانو حکـومـەت.کـاژێـر (١١:١) خـولـەکی پێـشـنـیـوەڕۆی (١٦)ی تەمموز، فـەریقی یەکەم ئومیت دونـدار؛ یاریدەدەری سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپا، ڕایگەیاند: "لە چوارچێوەی یەکگرتوویی و پێکەوەیی سـەرۆککۆمار، سـەرۆکوەزیران، وەزیــرەکــان، پــەرلــەمــانــتــاران، هێزە چەکدارەکان پێکەوەو لە پێناوی بەرگری لە دیموکراسیو یاسادا، ڕێگە لە هەوڵی کردنی کودەتا گیرا(٥)".

**ئامارەکان(٦)**

لە سـەرەتای کودەتاکەوە هەتا بەرەبەیانی (١٦)ی تەمموز، (١٨٥) هاوڵاتیی مەدەنی، (٦٣) پۆلیسو (٤) سـەرباز، بە کۆیگشتی (٢٥٢) کـەس کـوژران (٢) هـەزارو (٧٣٥) کـەس بـریـنـداربـوون(٧).لـە کـودەتـاکـەدا (٨) هـەزار سـەربـاز، (٣٥) فـڕۆکـە، (٣٧) هێلیکۆپتەر، (٧٤) تانک، (٢٤٦) ئامێری گولەنەبڕو (٤) چەکی سوک بەکارهێنراوە. دۆسـیـەی لێکۆڵـیـنـەوە بـۆ (٦٩٣) هـەزارو (١٦٢) کـەس کـراوەتـەوە، سـزا بـە سـەر (١٢٢) هەزارو (٦٣٢) کەسدا سەپێنراوە، (٩٧) هــەزارو (١٣٩) کــەس دوای لێکۆڵـیـنـەوە ئـازادکـراون، (٣٤٤) هـەزارو (٨٤٨) کـەس "بـڕیـاری بـەدوادانـەچـوون" (٨)یـان لـە سـەر دەرکـراوە، هـەتـا ئێـسـتـا (١٥) هــەزارو (٥٣٩) کــەس بـە تـاوانـی بـەشـداریو پشـتـیـوانی لـە کـودەتـاکـە لـە زیـنـدانـدان. پـرۆسـەی لێکۆڵـیـنـەوە لـە (٦٧) هـەزارو (٨٩٣) کـەس بـەردەوامـە، دانیـشـتـنی دادگـایـی بـۆ دۆسـیـەی (٢٦) هەزارو (٦٦٧) کەس بەردەوامە، لە کۆی (٢٨٩) دۆسیـەی تایبەت بە کودەتاکەدا (٦٣٤) کەس سزای زیندانیی هەتاهەتایی قـورس(٩)، (٣٦٦) کەس سـزای زیندانیی هـەتـاهـەتـایی، (٨٩١) کـەسیـش سـزای زیـنـدانیی چـەنـد سـاڵێـکیـان بـە سـەردا سەپێنراوە(١٠).

## کودەتا لە نێوان سیناریۆی ئەردۆغانو خەنجەری گیولەندا

هەتا ئێستا کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) لە نێوان ئەردۆغانو گیولەندا جێگای مشتومڕە، سەرەڕای بانگەشەکانی ئەردۆغانو دادگاکانی دەوڵەت سەبارەت بە تاوانبارکردنی بەرپرسو ئەندامانی گرووپی خزمەت بە ئەنجامدانی کودەتاکە(١١)، بەڵام ژمارەی ئەو بانگەشەو بەڵگانەیش کەم نین، کە گومان دەخەنەسەر قسەو بەڵگەکانی ئەردۆغانو دادگاکانی تورکیا، تەنانەت بەشێک لە بەڵگەکان لە لێدوانو قسەکانی خودی ئەردۆغانو نزیکەکانیەوە خراونەتەڕوو.بەرپرسانی حکومەتی تورکیا هەتا ئێستا وەڵامێکی ڕوونیان سەبارەت بە ئاگاداربوونی دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی (میت) پێش کودەتاکە نەداوەتەوە، واتە هێشتا بەرپرسان بە خودی ئەردۆغانیشەوە ڕاشکاوانە دانیان بەوەدا نەناوە، کە میت پێشوەختە ئاگاداری کودەتاکە نەبووە، بە تایبەت لە گفتوگۆکانی هاکان فیداندا، خلوسی ئاکار بە ڕوونی ئاماژە بە ئاگاداربوونی پێشوەختەی میت لە ڕوداوەکە کراوە. تەنانەت باس لەوە دەکرێت ڕۆژی (١٤)ی تەمموز هاکان فیدانو خلوی ئاکارو چەند ژەنەڕاڵێکی سوپا بۆ ماوەی (٦) کاژێرو نیو گفتوگۆیانکردووە. کەس نازانێت باسی چییان کردووە، بەڵام هەریەک لە فیدانو ئاکار دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەو کۆبوونەوەیەیان کردووە(١٢). لە هەمان کاتدا هەوڵێکی جددی بۆ ڕێگری لە کردنی نەدراوە. ئەمە جگە لەوەی چەندین جار ئەردۆغان بۆ نیشاندانی بەهێزیی میتی تورکیا باسی لە ئاگاداربوونی دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکەی لە کردنی کودەتاکە کردووە. لە بەرانبەر ئەم تۆمەتانەدا، میتی تورکیاو ئەردۆغان باس لەوە دەکەن، کە "هەوڵی جددیی میت نەبوایە، کودەتاچییەکان پلانیان وا بووە ڕۆژی (١٦)ی تەمموزی (٢٠١٦)، کاژێر (٣)ی بەرەبەیان کودەتاکە بکەن، بەڵام بە هۆی هەوڵەکانی میتو خودی هاکان فیدانەوە کودەتاچییەکان ناچاربوون ئێوارەی (١٥)ی تەمموز هەوڵەکەیان دەستپێبکەن(١٣)".لە لایەکی دیکەوە ئەگەر کودەتاکە ڕاستەوخۆ سیناریۆی ئاکپارتیو ئەردۆغانیش نەبووبێت، لێدوانی ڕۆژنامەنووسو نووسەرە نزیکەکانی حکومەتو پارتە دەسەڵاتدارەکان لە بارەی ئاگاداربوونی حکومەتو ئەردۆغان لە پلانی کردنی کودەتاکە چەند مانگ پێش ئەنجامدانی وەک بەڵگەیەک بۆ پشتیوانی لە بۆچوونی "سیناریۆبوونی کودەتاکە" دەخرێتەڕوو. هەروەک عەبدولڕەحمان دیلیپاک (Abdurrahman Dilipak)، کە نووسەرێکی ڕۆژنامەوانی نزیک لە ئاکپارتی بووەو ماوەیەکیش ڕاوێژکاری ئەردۆغان بووە، لە تویتێکیدا لە (١٨)

ی شوباتی (٢٠٢٤) ئاشکرایکردووە، کە "حکومەت (٤) مانگ پێش کردنی؛ ئاگاداری پلانی کودەتاکە بووە بە تەواوی وردەکارییەکانییەوە(١٤)".لە کاتێکدا سەرۆکی میتو سەرۆکی گشتیی ئەرکانی سوپای تورکیا لە شەوی کودەتاکەدا بە تەلەفۆنیش نەیاندەتوانی قسە لەگەڵ سەرۆکوەزیراندا بکەن، لێدوانەکەی ئەردۆغان بۆ کەناڵی (CNN TÜRK) لە نیوەشەودا(١٥) گومانێکی دیکەیە لە سەر ڕاستیی ڕوداوەکەو ڕێکخستنی سیناریۆکە لەلایەن گرووپەکەی ئەردۆغانەوە. هەموان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەوەن، چۆن دەکرێت کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بتوانێت لە کاتێکی هەستیاری لەو جۆرەدا دەستیبگات بە سەرۆکوەزیرانو لێدوانی لێوەربگرێت؟ بەڵام بەرپرسانی ئەمنیو سەربازیی وڵات نەتوانن قسە لەگەڵ ئەردۆغاندا بکەن. هەروەها ئەردۆغانیش هەواڵی پێشهاتی گوماناویو ڕودانی کودەتای پێش بەرپرسانی هەواڵگریو ئەمنیی وڵات، لە زاواکەیەوە پێدەگات(١٦).گومانی گەورە لە سەر سیناریۆبوونی کودەتاکە ئەوەیە، کە ململانێکانی گرووپی خزمەتو ئاکپارتی گەشتبووە لوتکەو ئەردۆغانیش هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو، بۆئەوەی پاکتاوی یەکجاریی ئەو گرووپە بکات. لە هەمان کاتدا بە هۆی ڕەگداکوتانی گرووپی خزمەت لە ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، جگە لەوەی لە هەر شوێنێکدا قسەی ئەردۆغان وەک خۆی جێبەجێنەدەکرا، تەنانەت لە هەندێک کاتو شوێندا هەڵمەتی لێکۆڵینەوەو دەستگیرکردن بۆ ئەندامو لایەنگرانی ئاکپارتی دەکرا، تەنانەت لێکۆڵینەوە دادوەرییەکان گەیشتبووە ئاستی وەزیرو ئەندامانی خێزانەکەی ئەردۆغان(١٧) و هاکان فیدان؛ سەرۆکی ئەوکاتی میت، کە ئەدۆغان بە سندوقی نهێنییەکانی ناویدەهێنا(١٨).

**لە کودەتاکەدا (٢٥٢) کەس کوژران، (٢٧٣٥) کەس برینداربوون، نزیکەی (٣٥٠) ملیار دۆلار زیان بەرئابووریی تورکیا کەوتووە. بەهای لیرەی تورکی بە ڕێژەی (٥٪) دابەزی.**

هەڵبەت ئامانجە سەرەکییەکە خودی ئەردۆغان بوو، بەڵام دادوەرەکانی سەر بە گرووپی خزمەت دەیانویست لە ڕێگەی دەستبەسەرکردنی هاکان فیدانەوە دەستیانبگات بە خودی ئەردۆغان، هەر بۆیە لە هەڵمەتە دادوەریو ئەمنییەکەی (٧)ی شوباتی (٢٠١٢)، کە هاوکات بوو لەگەڵ نەشتەرگەرییەکی ئەردۆغاندا، بە پاڵپشتیو فەرمانی تایبەتی ئەردۆغانو هێزی تایبەتی پارێزگاریی سەرۆکوەزیران، هاکان

فیدان بانگهێشتی دادگای ڕەتکردەوەو ئامادەنەبوو خۆی ڕادەستی ئەو هێزە ئەمنییە بکات، کە هاتبوونە بەردەم بینای میت بە مەبەستی دەستگیرکردنی(١٩)، هەر بۆیە ئەردۆغان لە (١٩)ی شوباتی (٢٠١٢) بێدەنگی شکاندو ڕایگەیاند، کە "هەرگیز هەڵبژێردراوەکان ڕادەستی دانراوەکان ناکەین"، ئەمەیش وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە ئەردۆغان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام دادوەرەکان بە فەرمانی دەوڵەتی دانراون، بۆیە ئەردۆغان ملکەچی بڕیاری دادوەرێک نابێت، کە بە فەرمانی خۆی دانراوە. هەر بۆیە پاش ماوەیەک هەمواری یاسای تایبەت بە میتی تورکی کرایەوەو دەسەڵاتی بانگهێشتکردنو لێپرسینەوە لە سەرۆکی میت لەلایەن دادوەرەوە بەبێ ڕەزامەندیی سەرۆکوەزیران هەڵوەشێنرایەوە(٢٠). بەم جۆرە ئەردۆغان هەوڵیدەدا هەم لە ڕێگەی بڕیاری تاکڕەویو هەم لە ڕێگەی یاساوە ڕێگریبکات لە هەوڵەکانی گرووپی خزمەت بۆ شکاندنی کەسانی دەوروبەریو لە هەمان کاتدا هەر پێشهاتێکی وەک دەرفەتێک بۆ پاکتاوکردنی ئەو گرووپە دەقۆستەوە.

کۆمەڵێک پرسیاری جددی هێشتا وەڵامیان نادیارە، تەنانەت ئەو کەسانەی ئەم پرسیارانە دەکەن، هەرچەندە لە شەوی کودەتاکەدا دژایەتیی خۆیان بۆ هەوڵەکە ڕاگەیاندبوو، بەڵام بە تۆمەتی پەیوەندی بە فەتۆوە هەوڵی دەستبەسەرکردنیان دەدرێت. یەکێک لەو پرسیارانەی کە بەردەوام ڕۆژنامەنوسانی تورکیا جەختیلەسەردەکەنەوە، ئەوەیە، کە ئایا ئەگەر ئەو ئەفسەرەی لە سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپاوە ئێوارەی (١٥)ی تەمموز خۆی نەگەیاندایەتە بارەگای میتو هەواڵی کودەتای بە هاکان فیدان نەدایە، میت ئاگاداری هیچ پلانو پێشهاتێک نەبووەو کودەتا بە سەرکەوتوویی دەکرا؟ کەواتە بەهێزیی میت لە چیدا بووە، کە بەردەوام هاکان فیدانو ئەردۆغان جەختیلێدەکەنەوە؟ بۆچی میت ئیشی لە سەر ئەو هەموو هەواڵو زانیارییە نەکردووە، کە لەلایەن ڕۆژنامەنوسو میدیاکانەوە لە بارەی هەڵمەتو بەرنامە نهێنییەکانی فەتۆوە ئاشکرادەکران؟ بە دڵنیاییەوە میت زانیاریی زیاترو گرنگترو نهێنیتری لەوەی ڕۆژنامەنووسان دەستکەوتووە(٢١). پرسیارێکی دیکە پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی ئەردۆغانو فەتحوڵڵا گیولەنەوە، لە کاتێکدا لە (٧) ی شوباتی (٢٠١٢) گرووپی خزمەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەندامانی خۆیەوە لە ناو دەسەڵاتی دادوەری، پۆلیسو هێزە ئەمنییەکان، بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا هەوڵی دەستبەسەرکردنی هاکان فیدانی داوەو ئامانجی سەرەکییش لەم ئۆپەراسیۆنە خودی ئەردۆغان بووە، کەچی لە حوزەیرانی هەمان

ساڵدا لە ئۆڵۆمپیاتی زمانی تورکی کە لەلایەن گرووپی خزمەتەوە ڕێکخرابوو، ئەردۆغان لە وتارێکدا داوا لە فەتحوڵڵا گیولەن دەکات لە ئەمریکا بگەڕێتەوە تورکیاو ناسۆری دووری لە نیشتیمانی دایک کۆتاییبێت(٢٢).پرسیارێکی دیکە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکانی پەرلەمانو بەرپرسانی باڵای ئاکپارتییەوە، بۆچی ڕێگریکراوە لە دەستبەکاربوونی لیژنەی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)ی پەرلەمان تایبەت بە لێکۆڵینەوەو ئاشکراکردنی پەیوەندییە سیاسییەکانی گرووپی فەتۆ لەگەڵ حیزبو کەسایەتییە سیاسییەکاندا؟ بۆچی ڕێگریکراوە لە بانگهێشتکردنی هاکان فیدانو خلوسی ئاکار بۆئەوەی لە دادگا ئیفادەی خۆیان لە بارەی ڕوداوەکانی (١٥)ی تەمموز پێشکەشی دادوەر بکەن؟ تەنانەت ئەو دادوەرەی واژووی لە سەر بڕیاری بانگهێشتکردنی فیدانو ئاکار کردبوو، لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. پێش هەوڵی کودەتاکە دەستلەکارکێشانەوەی سەدان بەرپرسی باڵای سەربازی ئاماژە بوو بۆ مەترسیی گرووپی فەتۆو بێدەسەڵاتیی ئەو بەرپرسانە لە ئاست گرووپی فەتۆدا، بۆچی بەرپرسانی باڵای وڵات ئەو دۆخەیان نەبینی؟ئاگاداربوونی سەرۆکی میتو بەرپرسانی باڵای سەربازیو خودی ئەردۆغانیش لە سەرلەئێوارەی (١٥)ی تەمموز، بەڵام ڕایگشتیی تورکیا لە هەوڵی کودەتا ئاگادارنەکرایەوە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، شاردنەوەی هەوڵی کودەتا لەلایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە لە پێناو چ ئامانجێکدا بووە؟ ڕەنگە هەر سەرلەئێوارە ڕایگشتی ئاگاداربکرایەتەوە، تورکیا بە کەمترین زیانی گیانیو ماددی لەو هەوڵە ڕزگاریببوایە.بۆچی بڕیاری "ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن" نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە؟ ئەم بڕیارە لە ساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن دەستەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (Milli Güvenlik Kurulu (MGK))و بە واژووی خودی ئەردۆغان دەرکراوە، ئەمەیش لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتە هەواڵگریو ئەمنییەکانی میتو دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تورکیا، کە جەختیان لە ڕۆچوونی ئەندامو لایەنگرانی گرووپی خزمەت کردووەتەوە بە ناو دامەزراوە سەربازی، دادوەری، ئەمنیو تەندروستییەکانی وڵاتدا(٢٣).

**کودەتا (Darbe) هەوڵێکە بۆ ڕوخاندنو گۆڕینی حکومەت بە بەکارهێنانی هێزی ڕەقو توندو چەک لەلایەن سوپا یاخود گرووپێک بە پشتیوانیی سوپا.**

دەستگیرکرنی ئادیل ئۆکسوز (Adil Öksöz) کە ئیمامی هێزی ئاسمانی بووەو یەکێک بووە لە کەسە نزیکەکانی

فەتحوڵڵا گیولەن‌و ئازادکردنی پێش یەکلاییبوونەوەی دۆسیەکەی لە دادگا، یەکێکی دیکەیە لە گومانەکان لە سەر ڕاست‌و دروستیی کودەتاکە، یاخود دەستتێکەڵبوونی بەرپرسانی باڵای حکومەت‌و هێزە ئەمنییەکان‌و ئاکپارتی‌و مەترسیی ئاشکراکردنی سیناریۆی کودەتاکە لەلایەن ئادیل ئۆکسوزەوە.میدیای نزیک لە گرووپی فەتحوڵڵا گیولەن بە ئاشکراو شاراوەیی بانگەشەیان بۆ کودەتا کردووە، هەروەک (٩) مانگ‌و (١٠) ڕۆژ پێش کودەتاکە ڕۆژنامەی زەمان (Zaman Gazetesi) ئاماژەی بۆ کودەتاکە کردووە، ئەمەیش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی گرتەڤیدیۆییەکی (٢٠) چرکەییەوە لە پێگەی ڕۆژنامەکە لە تۆڕی ئینتەرنێت، کە تێیدا ئاماژە بە چەند ساڵ ستەم‌و ڕاوەدوونانی ئەندامانی گرووپەکەو پاشان هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ‌و لەدایکبوونی گرووپی خزمەت وەک منداڵێکی ساوا دەکات. تەنانەت ئەو گرتە ڤیدیۆییە لەلایەن داواکاری گشتییەوە وەک بەڵگەیەکی کردنی کودەتا خراوەتەبەردەم دەسەڵاتی دادوەری(٢٤). دواجار ئەردۆغان‌و ئاکپارتی توانییان لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتیان لە پرۆسەی دژایەتی‌و پاکتاوکردنی کەمالیستەکان، بە تایبەت لە ناو سوپاو هەواڵگری‌و دەسەڵاتی دادوەریدا سوود لە تواناکانی گرووپی خزمەت وەربگرن‌و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان‌و وڵاتەکەیان بەکاریبهێنن، لە هەمان کاتدا گرووپی خزمەتیش لە پێناو هەمان ئامانجدا سوودیان لە ئەردۆغان‌و ئاکپارتی وەرگرت‌و پشتیوانێکی سەرسەختی پاکتاوکردنی کەمالیستەکان بوون، بەڵام کاتێک دۆخەکە گەیشتە ئاستی یەکلاییبوونەوەی مەیدانەکە بۆ لایەکیان، ئیدی کەوتنە ڕکابەریی یەکدی‌و کۆی پێشهاتەکان بە هەوڵێکی کودەتا بە ناوی گرووپی خزمەت (فەتۆ) دژی ئاکپارتی‌و ئەردۆغان تەقییەوە.بە دڵنیاییەوە ئەگەر کودەتاکە سەرکەوتنی بەدەستبهێنایە، ئێستا ئاکپارتی وەک پارتێکی قەدەغەکراوی تیرۆریست‌و ئەردۆغانیش وەک سەرکردەی باڵای ئەو گرووپە تیرۆریستییە بە جیهان ناسێنرابوو، هەروەک لە دەرئەنجامی شکستی هەوڵی کودەتاکەدا ئەو وێناکردنە بۆ گرووپی خزمەت‌و فەتحوڵڵا گیولەن جێبەجێکراوە.

**ئەنجام**

کودەتا بەشێکی دانەبڕاو بووە لە مێژووی سیاسی‌و فەرمانڕەوایی تورکیا هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە هە ڕۆژگاری ئەمڕۆ. ئەگەرچی لە سەدەی بیستەمدا کەمالیستەکان‌و بەرەی سیکیۆلار چەندین جار لە ڕێگەی کودەتاوە دەسەڵاتی هەڵبژێردراویان لەکارخستووە، بەڵام لە سەدەی بیستویەکەمدا کودەتا لە تورکیا واتاو

چوارچێوەیەکی دیکەی وەرگرت، بە جۆرێک کودەتاچی لە جەنەڕاڵێکی کەمالیستی سیکیۆلارەوە گۆڕا بۆ پیاوێکی ئاینیی مۆدێرن، لە هەمان کاتدا کودەتالێکراو لە سیاسییەکی دیموکراتی دڵسافی وەک عەدنان مەندەرەس و نەجمەدین ئەربەکانەوە گۆڕا بۆ کەسێکی وەک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی و مانەوەی لە دەسەڵاتدا، نەیارو دۆستەکانیشی بەیەکدادەدات و دواجار خۆیشی لەگەڵ براوەکەیاندا دەجەنگێت. ئاگادارکردنەوەی دەزگای هەواڵگری و خودی هاکان فیدان پێش دەستپێکردن بە کودەتاکە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپاوە بە نهێنی و پاشان ئاگاداربوونەوەی سەرۆکایەتیی گشتیی ئەرکانی سوپا، هێزە چەکدارەکانی تورکیا، ئاشکراکردنی سەرەتای کودەتا لە بەردەم خلوسی ئاکارو ڕووبەڕووبوونەوەی ناوبراو دژ بە کودەتاچییەکان، پۆلیس، ئاسایش و ئەمن، ڕووبەڕووبوونەوەی فەرماندەی هێزی تایبەتی ئامەد لە ئەنقەرە بە چەک لەلایەن جێگری ئەفسەری ئێشکگری فەرماندەی هێزی تایبەتەوە لە ئەنقەرەو کوژرانی هەردووکیان، ڕاگەیەنراوەکەی سەرۆکوەزیران پێش ئەوەی هاوڵاتیانی تورکیا تەلەفزیۆنەکانیان بکوژێننەوەو بخەون، ئاگاداربوونەوەی میدیاو لێدوانەکەی ئەردۆغان لە (CNNTÜRK)، هاتنەسەر خەتی داواکاری گشتی و کردنەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ کەسانێک کە هێشتا ڕوون نەبوو ئایا دەستگیردەکرێن یاخود بۆ ڕۆژی دوایی وەک فەرمانڕەوای تورکیا بڕیار لە سەر ژیانی دادوەرانی داواکاری گشتی دەدەن، ڕاگەیاندنی ئەنجامدانی کودەتا لە تەلەفزیۆنی فەرمیی دەوڵەتی تورکیا (TRT) و قەدەغەی هاتوچۆ لەلایەن کودەتاچییەکانەوە، لە بەرانبەردا هاتنەدەرەوەی هاوڵاتیان و ڕژانەسەر شەقامەکان، خوێندنی قورئان و سەلات لە مزگەوتەکانەوەو بانگەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی کودەتاچییەکان، چەندێک بەڵگە بێت بۆ سیناریۆبوونی کودەتاکە لەلایەن ئەردۆغان و ئاکپارتییەوە. زیاد لەوە، هێمایە بۆ بوونی تۆڕێکی فراوانی ئەمنی و هەواڵگریی بەهێزی سەر بە ئەردۆغان و باڵەکەی خۆی لە ناو حکومەت و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی تورکیادا، کە پێشوەخت بە پلانی کودەتاکەیان زانیوەو بە ناچاری کودەتاچییەکان پێش کاتی دیاریکراو هەڵمەتەکەیان دەستپێکردووە.

**مێژووی کودەتا لە تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەم و کاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان.**

ناتوانین بڵێین کودەتاکەی (١٥)ی

تەمموزی (٢٠١٦) بە تەواوی سیناریۆی ئەردۆغان بووە، بەڵام پشتگوێخستنی رووکەشانەی میتو ئەردۆغانو لە پشتەوە ئاگاداربوونی حکومەت لە وردەکارییەکانی کودەتاکە، ئاماژەیەکی روونە بۆ نیەتی ئەردۆغان بۆ پاکتاوکردنی گرووپی خزمەت لە رێگەی بەڵگەو بەهانەگەلێکەوە، کە هیچ کەسێک نەتوانێت رووبەڕوویانببێتەوە.

**میتی تورکی رۆژی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)، کاژێر (٤:١٦) خولەکی عەسر ئاگاداردەکرێتەوە لە هەوڵێکی کودەتا، بەڵام بینالی یەڵدرم؛ سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا، کاژێر (١١:١٠) خولەکی شەو بە رەسمی هەوڵی کردنی کودەتا بۆ راییگشتی ئاشکرادەکات**

دوای تێپەڕینی (٩) ساڵ بە سەر رووداوەکەدا، ئەردۆغان لە رێگەی سوپایەک لە رۆژنامەنووس، نووسەرو لێکۆڵەرەوە هەوڵی جێگیرکردنی ئەو وێنایە لە لای هاوڵاتیانی تورکیاو جیهان دەدات، کە لە سایەی رووداوەکانی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦) بۆ سوپای تورکیا، حکومەتو ئاکپارتی، خودی ئەردۆغان، گرووپی خزمەت، کەمالیستەکان، بەرەی ئۆپۆزسیۆنو تەنانەت کوردو پەکەکە دروستیکردووە.

## سەرچاوەکان

Tevfik Erdem, Türkiye’de Darbe ve Müdahalelerin Kısa Tarihi, SDE, 15.07.2019, https://www.sde.org.tr/tevfik-erdem/genel/turkiyede-darbe-ve-mudahalelerin-kisa-tarihi-kose-yazisi-10443, 29.05.2025

Bianet, TSK İç Hizmet Kanunu’nun 35. Maddesi Meclis’te, 31.10.2013,te#:~:text=madde%2FSiyaset&text=Bundan%20%C3%B6t%C3%BCr%C3%BC%20Silahl%C4%B1%20Kuvvetler%20mensuplar%C4%B1n%C4%B1n,vermeleri%20ve%20yaz%C4%B1%20yazmalar%C4%B1%20yasakt%C4%B1r.%E2%80%9D, 29.05.2025

Temmuz’da ne oldu ve neler ١٥ ,Sozcu Temmuz ١٥ yaşandı? Dakika dakika ,...darbe girişiminde yaşananlar https://www.sozcu.com. ,١٥,٠٧,٢٠٢٠ temmuzda--١٥/gundem/٢٠٢٠/tr ne-oldu-ve-neler-yasandi-dakika-temmuz-darbe-girisiminde--١٥-dakika ٢٩,٠٥,٢٠٢٥ ,/٥٩٣٣٣٥-yasananlar

Yeni Şafak, Başkomutan’dan halkına https://www. ,١٣,٠٦,٢٠١٧ ,!çağrı ,youtube.com/watch?v=czCknVm١٤dc ٢٩,٠٥,٢٠٢٥

وردەکاریی زیاتری ئەم بابەتە لە ژمارە (٤)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤)ی وەرزنامەی تورکیاناسی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)؛ شەوی یەکلاییبوونەوەی

ململانێ ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە. https://www.centerfs. the-night-of-the--٢٠١٦-july-١٥/org settlement-of-the-political-and-social- /islamic-conflict-in-turkey

وردەکاریی زیاتری ئەم بابەتە لە ژمارە (٤)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤)ی وەرزنامەی تورکیاناسی لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی "(١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)؛ شەوی یەکلاییبوونەوەی ململانێ ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا" بڵاوکراوەتەوە. https://www.centerfs. the-night-of-the--٢٠١٦-july-١٥/org settlement-of-the-political-and-social- /islamic-conflict-in-turkey

Temmuz Darbe ١٥ ,Büşra Çoban Davaları Platformu, darbe davalarıyla ,١٠,٠٧,٢٠٢٣ ,ilgili istatistikleri paylaştı -١٥/https://www.aa.com.tr/tr/gundem temmuz-darbe-davalari-platformu- darbe-davalariyla-ilgili-istatistikleri- ٢٩,٠٥,٢٠٢٥ ,٢٩٤١٦٢٤/paylasti

"بڕیاری بەدوادانەچوون (Takipsizlik Kararı) بە گوێرەی یاسا لەلایەن دادگاکانی تورکیاوە بۆ هەر کەسێک دەردەکرێت، کە تۆمەتێکی ئاراستەکرابێت، بەڵام بەڵگەی پێویست نەخرێتە بەردەستی دادوەر بۆ سەلماندن یاخود ڕەتکردنەوەی تۆمەتەکە، لە دۆخێکی لەم جۆرەدا دادوەر بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتبارەکە لە ژێر ناونیشانی "بڕیاری بەدوادانەچوون" دەردەکاتو دۆسیەکە بە کراوەیی دەمێنێتەوە، هەتا ئەو کاتەی بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی تۆمەتەکە یاخود ڕەتکردنەوەی یەکجاریو بێتاوانیی تۆمەتبارەکە دەردەکرێت. https://

/kalemci.av.tr/takipsizlik-karari-nedir

سزای زیندانیی هەتاهەتایی قورس، واتە لێبووردنی گشتیو تەنانەت لێبووردنی تایبەتی سەرۆککۆماریش نایگرێتەوە.

Temmuz'a ilişkin ١٥ ,Alican Uludağ ,١٥,٠٧,٢٠٢٣ ,yanıt bekleyen sorular -١٥ /https://www.dw.com/tr ٩Fimine-٪temmuz-darbe-giri٪C٥ B١t-bekleyen-٪٩Fkin-yan٪C٤٪ili٪C٥ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,٦٦٢٤١٧١٦-sorular/a

بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە تاوانبارکردنی گرووپی فەتحوڵلا گیولەن بۆ کردنی کودەتاکە؛ دەتوانن سوود لەم توێژینەوەیەی "(١٥)ی تەمموزی (٢٠١٦)؛ شەوی یەکلاییبوونەوەی ململانێ ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە تورکیا" وەربگرن، کە لە ژمارە (٤)ی حوزەیرانی (٢٠٢٤)ی وەرزنامەی تورکیاناسی بڵاوکراوەتەوە. https://www. the-night--٢٠١٦-july-١٥/centerfs.org of-the-settlement-of-the-political-and- /social-islamic-conflict-in-turkey

Ahmet Dönmez, Hulusi Akar'ın Hulusi Akar'ın) ١٣ – Yazılmamış Portresi https:// ,٣٠,١١,٢٠٢٠ ,(Temmuz'u ١٤ ٥uxBXB-_=www.youtube.com/watch?v ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,lJw

Temmuz'da MİT'e ١٥ ,TRT Haber ,gelen ihbar tarihin seyrini değiştirdi https://www.youtube.com/ ,١٣,٠٧,٢٠٢١ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,watch?v=nuC٩٨kGC٧٥c

Abdurrahan Dilipak, Sanki FETÖ'cüler ,١٨,٠٢,٢٠٢٤ ,darbeye kalkışmamışlar gibi ١٧٥٩٢٦١/https://x.com/aDilipak/status

٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,٢٠=s?٣٥٠٠٦٣١٩٤٤٥٢

Temmuz akşamı ١٥ Erdoğan'a ,TRT٢٤ CNN Türk yayınında 'başkomutanım https://www. ,٠٤,٠٤,٢٠٢٧ ,de' telkini ,٥٤d٤tv٤pBBY=youtube.com/watch?v ٣٠,٠٥,٢٠٢٥

Postmodern, Recep Tayyip Erdoğan: Darbeyi eniştemden öğrendim, bu bize ,١٠,٠١,٢٠٢٣ ,Allah'ın büyük bir lütfu https://www.youtube.com/ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,watch?v=YdHG٦pLf٥cc

٢٥-١٧ :soruda ١٠ ,Mahmut Hamsici h ,١٦,١٢,٢٠١٤ ,Aralık operasyonları

Ulusal Kanal, Erdoğan'ın "Sır ,?küpüm" dediği Hakan Fidan kimdir https://www.youtube.com/ ,٠٨,٠٦,٢٠٢٣ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,٦wFPYZYOG٦U=watch?v

Şubat MİT Kumpası'nda ٧ ,Yeni Şafak o dönem başbakan olan Erdoğan – MİT Müsteşarı Fidan diyaloğunun perde https://www. ,٠٧,٠٢,٢٠٢١ ,arkası ,y٠U٤t٨_youtube.com/watch?v=ylR١ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥

,AA TBMM, MİT Teklifi abul edildi https://www.aa.com.tr/tr/ ,١٧,٠٤,٢٠١٤ ,١٦٦٣١٣/turkiye/mit-teklifi-kabul-edildi ٣٠,٠٥,٢٠٢٥

soru. Önce ١٥-Temmuz ١٥ ,Murat Yetkin ,şu soruları yanıtlayın, öyle konuşalım https://www.youtube.com/ ,١٥,٠٧,٢٠٢٤ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,watch?v=fYK١Ly٢gAH٠

Türk Avenue, Fethullah Gülen ,Başbakan'ın Dön Çağrısına Cevap Verdi https://www.youtube.com/ ,٢٥,٠٦,٢٠١٢ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,٤Xj١cJ٤fKSc=watch?v

Temmuz'a ilişkin ١٥ ,Alican Uludağ ,١٥,٠٧,٢٠٢٣ ,yanıt bekleyen sorular -١٥ /https://www.dw.com/tr ٩Fimine-٪temmuz-darbe-giri٪C٥ B١t-bekleyen-٪٩Fkin-yan٪C٤٪ili٪C٥ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥ ,٦٦٢٤١٧١٦-sorular/a

Haberler.com, Zaman gazetesinin "Sukutün Çığlığı" reklamı darbe https:// ,٠٧,٠٨,٢٠١٦ ,dosyasına girdi ,www.dailymotion.com/video/x٤n٢ua٨ ٣٠,٠٥,٢٠٢٥

# وەرگێڕان

تورکیاناسی

# ئایا دەستپێشخەریی ئاشتیی تورکیا-کورد پشتیوانی لە کارنامەی ئەردۆغان دەکات؟

سەرچاوە: مركز الاهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية
**نوسینی: ئامینە فاید | وەرگێڕانی: تورکیاناسی**

لە لوتکەی هەوڵەکانی پرۆسەی ئاشتەوایی مێژوویی نێوان تورکیاو کورد، کە سەرەتاکانی لە تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤) بە سەرکردایەتیی دەوڵەت باخچەلی؛ هاوپەیمانی ناسیۆنالیستی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، دەستیپێکرد، لەو ماوەیەدا داوای لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان (ئاپۆ)؛ ڕێبەری مێژوویی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کرد، پارتەکە هەڵبوەشێنێتەوەو چەکدابنێن لە بەرانبەر پێگەیەکی باشتری دیموکراسی بۆ کورد، لە (١٢)ی ئایاری (٢٠٢٥)، پارتەکە هەڵوەشاندنەوەی خۆیو دانانی چەکەکانی ڕاگەیاند، ئەمەیش لە وەڵامی ئەو بانگەوازەی ئۆجەلان لە (٢٧)ی شوباتی (٢٠٢٥)دا کردبووی، تێیدا داوای لە حیزبەکە کرد کۆنفرانسێك ببەستێت، بۆئەوەی بە فەرمی بڕیار لە سەر هەڵوەشاندنەوە بدات. لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی دوازدەیەمدا، کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان لە چیای قەندیل لە ماوەی (٥-٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) ڕێکخرا، مەرجی هەڵوەشاندنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)و کۆتاییهاتنی خەباتی چەکداریو کۆتاییهێنان بە چالاکییە سەربازییەکەی تێدا بوو. ئاماژەی بەوە دا، کە حیزب ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێکردووەو خەباتەکەی سیاسەتی نکوڵیکردنی تێکشکاندووەو پرسی کوردی گەیاندووەتە قۆناغێك، کە بتوانرێت بە شێوەیەکی سیاسیو دیموکراسی چارەسەربکرێت. هەروەها داوای دابینکردنی گەرەنتیی یاساییو سیاسیی بۆ ئۆجەلان کرد، کە لە قۆناغی داهاتوویشدا مافی بەڕێوەبردنی "میکانیزمی پراکتیکی" بۆ هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزبو ئاڕاستەکردنی ڕەوتی پرۆسەی ئاشتی بدرێتەدەست ناوبراو.

لە ڕووی تیۆرییەوە، پەکەکە کە لە ساڵی (١٩٧٨) دامەزراوە لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە سەرکردایەتیی خەباتێکی چەکداریی لە دژی دەوڵەتی تورکیا دەستپێکردووە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دەدات. لە ماوەی ڕابردوودا لاپەڕەیەکی لە سەر ئەو خەباتە داخست، کە درێژبووبووەوە بۆ عێراقو سوریاو ئێرانو قۆناغێکی نوێی پرۆسەی سیاسیو دیموکراسی دەستپێکردووە، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە هەڵوەشاندنەوەی حیزبو وازهێنان لە خەباتی چەکداری پێناچێت بێبەربەستو ئاستەنگ بێت بۆ دیهێنانی هەنگاوە بەرجەستەکان لە سەر ئەرزی واقیع، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانە سەربازییە بەرفراوەکانی پەکەکەو قەبارەی سەرچاوە ماددیو مرۆییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەو پارتە لە چوار وڵاتی سنووریدا لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەدا. جگە لە نادڵنیایی پرۆسەی ئاشتیی تورکو کورد، کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە پێشێلکردنی پەیماننامەو ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا هەیە.

## دەستکەوتەکانی ئەردۆغان

پرۆسەی نزیکبوونەوەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانو هاوپەیمانیی "کۆمار"ی دەسەڵاتدار لە لایەکو کورد بە نوێنەرایەتیی هاوپەیمانیی "کارو ئازادی" بە سەرۆکایەتیی "پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان" لە لایەکی دیکەوە، یەکانگیرە بە دیدێکی فراوانتر لە ئەجێندای سیاسیی ئەردۆغانو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێك، کە ڕەنگە دیارترینیان بەدەستهێنانی پشتیوانیی کوتلەی کورد بێت لە پەرلەمان، کە خاوەنی (٦٦) کورسیی پەرلەمانن، بۆ دەستەبەرکردنی ئەگەری لابردنی سنووردارکردنی یاساییو دەستووریی لە سەر کاندیدبوونی ئەردۆغان بۆ خولێکی نوێی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا، بە تایبەتی کە ئەمە تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە دەبێت، کە لەلایەن پەرلەمانەوە بە ڕەزامەندیی زۆرینەی سێ لە سەر پێنجی نوێنەران پەسەندبکرێت، یان لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی دەستوورەوە بە زۆرینەی سێ لە سەر پێنجی نوێنەران، بۆئەوەی پێشنیازی هەموارکردنەکە بخاتە ڕاپرسییەوە، یان بە زۆرینەی دوو لە سەر سێ بۆ پەسەندکردنی ڕاستەوخۆی هەمواری دەستوور، زۆرینەیەك کە "هاوپەیمانیی کۆمار" بەبێ پشتیوانیی هێزو هاوپەیمانییەکانی دیکە بەدەستیناهێنێت.هەر لەو چوارچێوەیەشدا دەکرێت ئەردۆغان دەنگدەرانی کورد لە هەر هەڵبژاردنێکی داهاتوودا بە لای خۆیدا ببات، چ بە قازانجی خۆی یان هاوپەیمانیی دەسەڵاتدار، ئەوەیش لە ڕێگەی خێراکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانو

ئـابـووری لـە پـارێـزگـاکـانـی بـاشـووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە پێکهاتەی کوردی تێیدا باڵادەستە. شایانی باسە، بەشێکی زۆر لە کوردانی دیاربەکر کە شارێکی زۆرینە کوردنشینە، دوای ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە ڕژانەسەر شەقامەکانو پێشوازیی خۆیان بۆ ئەو بڕیارەو کۆتاییهاتنی ململانێکان دەربڕی، کە بە هـۆیـەوە دەیـان هـەزار شـەهـیـدو بریـنداری لێکەوتـووەتـەوە. بەهیـوابوون ئـەم بـڕیـارە کاریگـەریی ئـەرێنی لـە سـەر هـەمـوو ئـاسـتـەکان هـەبێـت؛ ئـاسـایش، ئـابـووری، بـارودۆخی ژیـانو کۆمەڵگە. ڕەنگە ئەوەی لە بەرژەوەندیی ئەردۆغانو هـاوپـەیـمـانیی دەسـەڵاتـدار بێـت لـە بـەردەم دەنگدەرانی کورددا، هەڵوێستی بزوتنەوەی نەتەوەیی بێت، کە دژی ئەم پرۆسەیەیە، کە حکومەتی تورکیا لەگەڵ کورددا دەستیپێکردووە. پارتی "باش"ی نـەتـەوەیـی ئـۆپـۆزسـیـۆن پـرۆسـەکـەی بە خیانەت وەسفکرد، جـەختی لـەوە کردەوە، کە ئەو ڕێکخراوە "تیرۆریستی"یە ــبـە ئـامـاژەدان بـە پـارتـی کـرێکـارانـی کوردستـان (پەکەکە)ــ لە ئامانجەکانی پاشەکشەینەکردووە، بەڵکو سەرکەوتنی ڕاگـەیـانـدووە، ئەمەیش جێگەی قبوڵ نییـە. هـەروەهـا ئـامـاژەی بـەوە دا، کە ناتوانرێت سازش لە سنوورەکانی کۆماری تورکیا بکرێت، کە لە پەیماننامەی لۆزاندا دیاریکراوە. لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەی بە کۆنفرانسی ئیدارەی خۆسەریی کورد لە قامیشلۆو پابەندبوونی بە فیدراڵیزمو خـۆبـەڕێـوەبـەری لـە سـەر سـنـووری سـوریـاو تـورکیـا کـرد. هـەروەهـا زۆرێـك دەستگیرکردنی ئومیت ئۆزداغ؛ سەرۆکی پارتی "سەرکەوتن"ی بەرهەڵستکاریان لـە کـانـوونی دووەمـی (٢٠٢٥)، وەك هەوڵێك لەلایەن دەوڵەتەوە لێکدایەوە بۆ کەمکردنەوە تواناکانی ناوبراو بۆ هاندانی ڕایگشتی دژی پرۆسەی ئاشتیی کوردو تێکدانی ئارامی لە ڕێگەی هاندانی تـونـدوتیژیو ڕقوکینەوە لە دژی کورد، ئـۆزداغ خـۆی وەك "بـارمـتـەی سیـاسی" وەسفکردو وتی، کە زیندانکردنی ئەو، ئاسانکارییە بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان. جگە لەوانـە، ئـەردۆغـان هـەوڵیـدا لـە ڕێگـەی چارەسەرکردنی پرسی کوردو کۆتاییهێنان بـەو ئـۆپـەراسیـۆنـە سـەربـازییـانـەی کە دەوڵـەتـی تـورکیـا لـە نـاوخـۆو دەرەوەی سنوورەکانی دژی پەکەکە دەکرێن، ئاستی جەماوەریی خۆی پێبەرزبکاتەوەو وەکو بەرگریکارێك لە ئاسایشو سەقامگیریی نەتەوەکەی خۆی دەربخات، لە بەرانبەر ئەو تەحەدداو هەڕەشە تیرۆریستییانەی کە ڕووبەڕوویدەبێتـەوە بۆ گـەیشتن بە ئـامـانـجی "تـورکیـای بێ تیرۆر". هـەروەهـا ئـەردۆغـان خـۆی وەک سـەرۆکـێـك نیـشـانـدەدات، کە پشت بە میکانیزمە سیـاسیو دیموکراسییـەکان دەبەستێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەو قەیرانەکانی وڵات، بـە تـایبـەتی لـە ژێـر ڕۆشـنـایی ئەو شـەپۆلـە بـەرفـراوانـە نـاڕازییـانـەی کە لە

دوای دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغڵو؛ دیارترین سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن و سەرۆکی شارەوانیی ئەستەنبوڵ، لە (١٩)ی ئاداری (٢٠٢٥) وڵاتی گرتووەتەوەو ئەم هەنگاوە بووەتە هۆی تۆمەتبارکردنی حکومەتی ئەردۆغان؛ چ لە ناوخۆو چ لە رۆژئاوا، بە سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و بەهێزترین رکابەر لە کێبرکێی سەرۆکایەتیی داهاتوواو پاشەکشەکردن لە رێڕەوی دیموکراسیی تورکیا. ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە هەڵمەتێکی چڕوپڕی گرتن و دەرکردن، کە چەندین کەسایەتی و سەرکردەی کردبووەئامانج؛ چ لە ئۆپۆزسیۆن و چ لە ناو کوردەوە، دەستپێکردبوو.

**لە راگەیەنراوی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە "حیزب ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێکردووەو خەباتەکەی سیاسەتی نکوڵیکردنی تێکشکاندووەو پرسی کوردی گەیاندووەتە قۆناغێك، کە بتوانرێت بە شێوەیەکی سیاسی و دیموکراسی چارەسەربکرێت".**

هەرچەندە وڵاتانی رۆژئاوا بوونی پەکەکەیان بە هۆکارو رەنگدانەوەی ئەو پەراوێزخستن و بێبەشییە لەمێژینەیەی گەلی کورد لە تورکیا دەڕوانی، کە بووە بە هۆی گرژیی زیاتری نێوان تورکیاو رۆژئاواو زۆر جاریش رێگر بووە لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ چوونەناو یەکێتیی ئەورووپا، بۆیە دەکرێت بڵێین هەنگاوێکی وەك راگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو پارتەو گرتنەبەری رێگەی سیاسی و دیموکراسی لە بریی بژاردەیەکی سەربازی، نزیکبوونەوەی تورکیا لە رۆژئاوا بەهێزتردەکات و چانسی چوونەناو یەکێتیی ئەورووپایشی زیاتردەکات. سەرکردەکانی ئەورووپا چەندین جار پشتیوانیی خۆیان بۆ پرۆسەی ئاشتیی کورد لە تورکیا دەربڕیوەو ئەنجومەنی ئەورووپایش دانوستانەکانی ئاشتی بە "دەرفەتێکی گرنگ" بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانەو بەردەوام وەسفکردووە.

## دوای هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە چی روودەدات؟

ئەم پێشهاتانە پرسیارگەلێکی زۆر لە بارەی میکانیزمی پراکتیکیی دوای راگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکە دەوروژێنن و پەیوەستن بە کۆمەڵێک پرس و بابەتی ئاڵۆزەوە. بابەتگەلێکی وەك چۆنیەتیی هەڵوەشاندنەوەو رادەستکردنی جبەخانەی سەربازیی ئەو حیزبە لە پێگە جێگیرو بڵاوەکانیدا، هەروەها چارەنووسی ئۆجەلان و ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارو سەرکردە زیندانیکراوو دوورخراوەکانی دەرەوەی وڵات، چارەنوسی

چەکدارانی داواکراو بە تۆمەتی "تیرۆر"، هەروەها هەتا چەند تورکیا پابەنددەبێت بەو ڕێوشوێنانەی کە مافی سیاسیو کولتووریو کۆمەڵایەتیی زیاتر بۆ کورد دەستەبەردەکات. ئەم پرسانە دەتوانرێت لەم تەوەرانەی خوارەوەدا باسیانلێوەبکرێت:

١. چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی حیزبو ڕادەستکردنی جبەخانەی سەربازی: سەرەڕای ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەو دانانی چەك لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، بەڵام زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە پرۆسەی ڕادەستکردنەکە لە ژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکانو بە ئامادەبوونی چاودێرانی نێودەوڵەتی لە (٣) ناوچە دەکرێت؛ ئاکرێ لە دهۆك، پینارو کۆیە لە هەولێر، قەزای سەیدسادق لە سلێمانی، لەگەڵ دانانی چەند پێگەیەك لە تورکیاو باکووری عێراقو هەروەها ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆ وەرگرتنی چەك، بەڵام جێبەجێکردنی پراکتیکیی بڕیارەکە لە کۆتاییدا بەندە بەوەی کە تورکیا چۆن وەڵامی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دەداتەوە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەتا ئێستا تورکیا هیچ سازشێکی سیاسی یان یاسایی دیاریکراوی ئاشکرانەکردووە، کە پەکەکە لە بەرانبەر پابەندبوونی تەواوەتی بە بڕیارەکەیەوە بەدەستیبهێنێت، هەروەك بەرپرسێکی ئەو پارتەیش پشتڕاستیکردەوە، کە ڕاگرتنی کردەوە سەربازییەکانو ڕادەستکردنی جبەخانەی حیزب، پەیوەستە بە ڕادەی پابەندبوونی تورکیا بە بەندەکانی ڕێککەوتنەکەیو هەڵوێستی لە بەرانبەر مافە سیاسیو کولتووریو کۆمەڵایەتییەکانی کورددا.

٢. هەڵوێستی یاسایی بەرانبەر سەرکردەو ئەندامانی پەکەکە: قەیرانی هەڵوێستی یاسایی دەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە سەرکردەو ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، پێدەچێت یەکێك بێت لە دیارترین ئاڵنگارییەکانی قۆناغی داهاتوو. ئەم قەیرانە دەتوانرێت لە سێ ئاستدا چارەسەربکرێت.

یەکەمیان تایبەتە بە چارەنووسی سەرکردەو ئەندامانی پارتی یەکسانیو دیموکراتیی گەلان (دەمپارتی)و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە دەستبەسەرکراون، دیارترینیان ئۆجەلانو سەلاحەدین دەمیرتاشە. لە کاتێکدا لە بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە پێویستە ئۆجەلان بە شێوەیەکی کەسی؛ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەکە بەڕێوەببات، بە سەرنجدان بەوەی کە ئازادکردنی بە یەکێك لە یەکەم بڕگەکانی دەستپێشخەرییەکەی باخچەلی دادەنرا، کە وەك ڕێکارێك بەرانبەر هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە پێشنیازیکرد، بەڵام دەوڵەتی تورکیا

هەتا ئێستا ئەگەری ئازادکردنی ڕانەگەیاندووە، بەڵکو ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، کە ڕێوشوێنی ئیداری دەگیرێتەبەر بۆ باشترکردنو ئاسانکردنی بارودۆخی دەستبەسەرکردنی، هەروەها بۆ زیادکردنی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ وەفدەکانی پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)و خانەوادەکەی. دووەمیان تایبەتە بە سەرکردەو بەرپرسە باڵاکانی ئەو پارتە، هەروەها ئەو فەرماندە مەیدانییانەی بەشدارن لە شەڕە سەربازییەکانی نێوان هەردوولاو کوشتنی سەربازانی تورکیادا؛ چ لە ناوخۆ یان لە دەرەوە. هەتا ئێستا نازانرێت ئایا تورکیا لێبووردنی گشتی بۆیان دەردەکات لە لێپێچینەوەی یاسایی، لەگەڵ پێدانی مافی پەنابەری لە وڵاتێکی تر، جگە لە عێراقو سووریاو ئێران. پێشبینیدەکرێت ئەمە شەقامی تورکیا تووڕەبکات، بەو پێیەی وەکو سازشێك لە مافی کوژراوانی ئەو شەڕە سەربازیانەی کە سوپای تورکیا لە دژی هێزە کوردییەکان کردوویەتی، سەیردەکرێت، ئەمەیش کارتێك بە ئۆپۆزسیۆنو بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی توندڕەو دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەردۆغان. یان تورکیا پێداگری لە سەر مافی دادگاییکردنیانو جێبەجێکردنی سزای یاساییی بەرانبەریان دەکات، کە دەکرێت ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی ئاشتیی نێوان هەردوولا لە هەموو ئاستەکاندا دروستبکاتو ڕێگری لە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو ڕادەستکردنی جبەخانەی سەربازی بکات. ئاستی سێیەم تایبەتە بە چارەنوسی ئەندامانو چەکدارانی ئەو حیزبە، چ ئەوانەی کە دادگاییدەکرێنو تۆمەتبارکراون بە کردەوەی دوژمنکارانە لە دژی هێزەکانی تورکیا لە ناوخۆ یان دەرەوەی تورکیا، یان ئەوانەی کە ڕووبەڕووی هیچ تۆمەتێکی تاوانکاری نەبوونەتەوە. ئەمەیش لە دیاریکردنی میکانیزمی یەکگرتنەوەی ئەو ئەندامانە بە پێکهاتە ڕەچەڵەکییەکانیان لە ناو تورکیا، یان گواستنەوەیان بۆ وڵاتێکی تر، جگە لە عێراقو سووریاو ئێران، دەستپێدەکات، هەتا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانرێت لە پرۆسەی سیاسی لە ناو تورکیادا بەشداریپێبکرێت. بە پێی زانیارییەکان، پێشبینیدەکرێت لە قۆناغی یەکەمدا نزیکەی چوارهەزار کورد کە خاوەنی ڕەگەزنامەی تورکیان، وردە وردە لەودیو سنوورەوە ڕادەستبکرێنەوە، دوای دڵنیابوون لەوەی کە هیچ پێشینەیەکی تاوانیان نییە. ئەمەیش لە وەڵامی داواکارییەکانی دایکانی دیاربەکردایە، کە ساڵانێکی زۆرە چەندین هەڵمەتو گردبوونەوەیان ڕێکخستووەو داوای گەڕانەوەی کوڕەکانیان دەکەن لە دەرەوەی وڵات.

٣. ئاڵنگاریی گەڕانەوەی پەنابەرو ئاوارەکانی کورد بۆ تورکیا: لە سەر ئاستی مرۆیی، چاوەڕواندەکرێت کۆمەڵگەی

تورکیا قەیرانێکی کۆمەڵایەتیو ئەمنیی نوێ بەخۆیەوەببینێت، بە گەڕانەوەی هەزاران هاوڵاتیی مەدەنیی کوردی تورکیا کە لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە وڵاتیان بەجێهێشتووە بۆ ژمارەیەك وڵاتی دراوسێ، زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستانی عێراقو لە کەمپی مەخموور نیشتەجێبوون، کە تورکیا بە پەناگەی "تیرۆریستان"ی بۆ قەندیل لەقەڵەمدەدا. نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کەمپەی بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەرانو ئاوارەکانی ناوخۆ دروستکرد، کە بە هۆی پەرەسەندنی ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکانی نێوان سوپای تورکیاو پەکەکەوە لە پارێزگاکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەرەو عێراق هەڵهاتبوون، هەروەها بە هۆی زیادبوونی پرۆسەی سوتاندنو وێرانکاریی گوندو ماڵەکانیانەوە لەو ناوچانە، بە تۆمەتی داڵدەدانو پشتیوانیکردنی چەکدارانی پەکەکە. گومانی تێدا نییە، کە گەڕانەوەی دانیشتوانی کەمپەکە بۆ تورکیا پڕدەبێت لە ئاڵنگاریی یاساییو ئەمنیو کۆمەڵایەتی. بە تایبەت کە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی تورکیا باس لە دزەکردنی ئەندامانی داعش دەکەن بۆ ناو کەمپەکە، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنیو گۆڕینی بۆ پەناگەو ڕاهێنانی تیرۆریستان.ئەمە جگە لەو دۆخە یاساییە کێشەدارەی کە منداڵانی ناو کەمپەکە لە دەیەکانی ڕابردوودا لەدایکبوون، چونکە خاوەنی هیچ بەڵگەنامەیەکی فەرمیی ناسنامە نین. ئەمەیش وادەخوازێت دەوڵەتی تورکیا لە کاتی گەڕانەوەیاندا پێگەیەکی یاساییو مرۆییان بۆ مسۆگەربکات، بە دەرکردنی ناسنامەی فەرمیی دانپێدانراو، هەروەها دابینکردنی پاراستنی کۆمەڵایەتیو ئابووری بۆ هەموویان بە یەکسانیو بەڵێندان بە سیاسەتمەداران، یان ئەوانەی بە تۆمەتی "تیرۆر" داواکراون، نەخرێنەژێر هیچ جۆرە دادگاییکردنو دەستگیرکردنێکەوە، بە تایبەتی ئەگەر پەرلەمانی تورکیا یاسای "لێبوردنی گشتی" دەربکات. ئەمە شتێکە، پێدەچێت کۆمەڵگەی تورکی قبوڵینەکاتو ڕەنگە زۆر کەس بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی "تیرۆریستی" بۆ سەر دەوڵەتی تورکیا بزانن.

**وازهێنان لە خەباتی چەکداریی پەکەکە پێناچێت بێبەربەستو ئاستەنگ بێت بۆ بەدیهێنانی هەنگاوە بەرجەستەکان لە سەر ئەرزی و اقیع.**

٤. ڕادەی پابەندبوونی ئەندامانو باڵەکانی پەکەکە بە بڕیارەکانی کۆنگرەوە: قۆناغی داهاتوو بەبێ مەترسی نییە، لە ئەگەری دابەشبوونو لێکترازان لە ناو باڵە ناوچەییەکانی پارتی کرێکارانی

کوردستاندا، بە تایبەتی ڕادیکاڵەکانی ناو حیزب، هەروەها ڕادەی پابەندبوونیان بە دەرئەنجامەکانی کۆنگرەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەو چەکداماڵینی حیزب. لە کاتێکدا نێچیرڤان بارزانی؛ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ستایشی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەو چەکداماڵینی پەکەکەی کرد، جەختی لە سەر گرنگیی وەڵامدانەوەی بنیاتنەرو بەکۆمەڵ بۆ ئەم دەستپێشخەرییە کردەوە، هەروەها پابەندبوونی هەرێمی کوردستانی بۆ پاڵپشتیکردنی هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە کردەوە. هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) پێشتر ڕایگەیاندبوو، کە بانگەوازەکەی ئۆجەلان بۆ ئاگربەستو هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو دانانی چەکەکانیان پەیوەندیی بەوانەوە نییە.سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەك لەلایەن مەزڵوم عەبدی؛ فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لەگەڵ حکومەتی سوریادا، لە (١٠)ی ئاداری (٢٠٢٥)، کە مەرجی یەکخستنی سەرجەم دامودەزگا مەدەنیو سەربازییەکانی سەر بە ئیدارەی خۆسەری کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی سوریاو دارشتنەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی داناوە، بەڵام هێزەکانی پاراستنی گەل بەردەوامە لە پێداگری لە سەر مانەوەی وەك هێزێکی سەربازیی یەکگرتوو، هەروەها بەدەستهێنانی ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبەری (ئیدارەی لامەرکەزی) لە باکووری سوریا. ئەمەیش تورکیای هاندا، کە ڕایبگەیەنێت لە ناوچەکانی بوونی خۆی لە باکووری سوریا ناکشێتەوە، لە ترسی بەردەوامبوونی هەڕەشە ئەمنییەکان لە سەر سنوورەکانی، یان ئەگەری لادانی هەندێك لە ئەندامانی ڕێکخراوی دایكو ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانیان لە پەیکەربەندییەکی سەربازیی نوێی ڕادیکاڵتر.

**نادڵنیایی پرۆسەی ئاشتیی تورکو کورد کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە پێشێلکردنی پەیماننامەو ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا هەیە، یەکێکە لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی.**

## کۆتایی

هێشتا زووە بڕیار لە سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیی تورکیا-کورد بدرێت، کە ئەردۆغان بۆ خزمەتکردنی ئەجێندا سیاسییە ناوخۆییو دەرەکییەکانی پشتیپێبەستووە. ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە تەنها سەرەتای قۆناغێکی نوێی لێکتێگەیشتنە لە نێوان لایەنی تورکیو کورددا. ئەم قۆناغە داوا لە دەوڵەتی

تورکیا دەکات، کە پابەندی بەڵێنەکانی بێت سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مافە دیموکراسییەکانی کورد لە سەر هەموو ئاستە سیاسیو کولتووریو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها پێویستە هەموو ڕێوشوێنێکی یاساییو ئەمنیی تەواو بگیرێتەبەر، بۆئەوەی هیچ گرژیو هەڕەشەیەکی ناوخۆیی ڕونەدات، بە تایبەتی دوای گەڕانەوەی ئەندامانی حیزبو ئاوارە کوردەکان بۆ ناو کۆمەڵگە خۆجێییەکانی خۆیان، کە بزوتنەوە ناسیۆنالیستییە توندڕەکان دژی ئەم دەستپێشخەرییەن.هەروەها پێویستە لە سەر هەموو ئەندامانو باڵەکانی پارتی کرێکاران کوردستان پابەندبین بە دەرئەنجامەکانی کۆنفرانسەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە باڵی سوریا. ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ببێتە کارتێکی فشار لەلایەن ئیدارەی سوریاوە لە سەر هێزەکانی هەسەدە بۆ پابەندبوون بە ڕێککەوتنی ڕادەستکردنی چەکەکانیانو تێکەڵبوونیان بە دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەت. ئەمەیش گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەستپێشخەریی ئاشتیی تورک-کورد، بە تایبەتی کە تورکیا هەسەدە بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێتو هەروەها بە لایەنێکی سەرەکیشی دەزانێت لە زنجیرە دانوستانەکانی لەگەڵ لایەنی کوردیدا.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**

https://acpss.ahram.org.eg/aspx.٢١٤٢٧/News

# ئاڕاستەکانی کێبڕکێو هاوکاریی ئیسرائیل-تورکیا لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی سوریادا

سەرچاوە: مركز الاهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية

**نووسینی: مهاب عادل | وەرگێڕانی : د.جەلیل عومەر عەلی**

پەیوەندییەکانی تورکیا-ئیسرائیل هەر لە ساتەوەختی دانپێدانانیەوە لەلایەن تورکیاوە ساڵی (١٩٤٩) وەک یەکەم دەوڵەتی زۆرینە مسوڵمان لە هەڵکشان‌و داکشاندا بووە، لە نێوان هاوپەیمانیی بەرژەوەندیخوازو دابەشبوونی ئایدیۆلۆژیدا. ئەمەیش بە ڕوونی لەم ساڵانەی دواییدا بەدەرکەوت، کاتێک بەردەوام لە کارلێکدا بوون. دواتریشیان ئەو ناکۆکییانە بوون، کە ڕویاندا پاش هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە، ئەو ناکۆکییەی زۆرێک پێیانوابووە لە چوارچێوەی دابەشبوونی ئایدیۆلۆژیدا ڕویانداوە، بەڵام لەگەڵ ئەو وەرچەرخانە گەورەییەی لە جوگرافیای سیاسەتی هەرێمی پەیوەست بە ڕوخانی ڕژێمی فەرمانڕەوا بە سەرۆکایەتیی سوریا (بەشار ئەسەد) ڕویاندا، بووە هۆی گۆڕانکاری لە نەخشەی هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندیی هەریەک لە تەلئەڤیف‌و ئەنقەرە. جارێکی تر ئەگەری ئەو گفتوگۆیەی نێوان هەردوو لای لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هێنایەئاراوە، ئەمەیش ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، کە ئایا ڕووکارو شێوازی ئەو گۆڕانکارییانە بە دیاریکراوی چین، کە لە نێوانیاندا ڕوودەدەن؟ هەروەها دەرفەت‌و پاڵنەرەکانی هاوکاری‌و کێبڕکێی نێوان هەردوو پرۆژەی هەرێمیی هەریەکیان چۆنە؟ ئەمەیش دەمانبات بەرەو وێناکردنی شێوەی ئەو سیناریۆیانەی کە ئەگەری ڕودانیان لە قۆناغەکانی ئایندەدا هەیە، لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتی ڕوداوەکانی سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی‌و هەرێمی.

**یەکەم: سنوورو سیاقی پەیوەندیی نێوان هەردوولا**

تورکیاو ئیسرائیل مێژوویەک لە پەیوەندیی درێژو ئاڵۆز بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، کە ڕەنگدانەوەی هەبووە لە شکڵگرتنی پەیوەندییەکانیان لە نێوان ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی‌و

نەهجێک لە بەرژەوەندیخوازی کە ئەنقەرە بە مەبەست ئەم ڕێچکەیەی گرتووەتەبەر هەر لە دانپێدانانیەوە بە ئیسرائیل تا ئێستا، لە کاتێکدا خۆی وەک هاوپەیمانێکی گرنگی تەلئەڤیف پیشاندەدا لەو گۆشەگیرییەی کە ڕووبەڕوویبووبووەوە لە چواردەورە عەرەبییەکەیەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە قۆناغی جەنگی سارددا ڕوویکردە هاوسەنگییەکی ورد لە پەیوەندییەکانیدا لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکانو ئیسرائیلدا، هەروەک چۆن دانینا بە دەوڵەتی فەڵەستینیدا لە ساڵی (١٩٨٨) دا لەگەڵ ئەو ناکۆکییە زۆرەی ئیسرائیل لەگەڵ فەڵەستینییەکاندا هەیبوو، بەڵام سەردانو هاوکاریکردنی یەکتری لە سەرەتای نەوەدەکان ئەوەی دەرخست، کە پەیوەندییەکانیان ململانێی عەرەب-ئیسرائیلی تێپەڕاند. بە شێوەیەک لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکی دیبلۆماسی قووڵی لەگەڵ ئیسرائیل دەستپێکردو چەندین ڕێککەوتننامەی گرنگی لە ساڵی (١٩٩٦) لێکەوتەوە. لە گرنگترینیان ڕێککەوتننامەی هاوکاریی بەرگریو بازرگانیی ئازاد بوون، ئەمەیش مۆرکێک لە فەرمیبوونی دا بە هاوکاری لە بواری سەربازیو دیبلۆماسیو ئابووریو هەواڵگری. لەم چوارچێوەیەدا ئامارەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوولادا بازدانی گەورەی بەخۆیەوەبینی، بە شێوەیەک قەبارەی بازرگانیی دوولایەنە ملیارێک دۆلاری تێپەڕاند هەتا ساڵی (٢٠٠٠)، لە کاتێکدا لە ساڵی (١٩٩٤) تەنها بڕی (٣٠٤) ملیۆن دۆلار بووە، ئێستا کۆیگشتیی قەبارەی بازرگانیو گەشتیاریی دوولایەنە بە بڕی (٩،٥) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت.

لە کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکەمدا، ناکۆکییەکانی تورکیاو ئیسرائیل دەستیکرد بە هەڵکشان، کاتێک پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیلو فەڵەستین شکستیهێناو ڕاپەڕینی دووەم دەستیپێکردو بووە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانیان، بە تایبەت پاش ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بە سەرکردایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەسەڵاتی گرتەدەستو هەڵوێستەکانی بەرانبەر ئیسرائیل توندتر بوون لە ژێر سێبەری فاکتەری ئایدیۆلۆژیی پەیوەست بە پرسی فەڵەستینەوە، وەک بەشێک لە گوتاری تورکی، ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی ڕەخنەکانیان لە ئیسرائیل. سەرکۆنەکردنەکانی ساڵانی (٢٠٠٨)و (٢٠٠٩)ی تورکیا بۆ ململانێی ئیسرائیل-فەڵەستینی وەک سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە ناکۆکییەکان دەستنیشاندەکرێت، پاشانیش قەیرانی کۆنگرەی داڤۆس لە ساڵی (٢٠٠٩)و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کەشتیی مەرمەڕەی تورکیا لە چوارچێوەی کەشتیگەلی پشتیوانیی غەززە لە ساڵی (٢٠١٠)، کە بووە هۆی کوشتنی (٩) هاوڵاتیی تورکی. ئەم ڕوداوە پەلیکێشا

بۆ قەیرانی کەمکردنەوەی ئاستی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی تورکیا بۆ ئاستی سکرتێری دووەمو هەڵپەساردنی رێککەوتننامە سەربازییەکان.لەم چوارچێوەیەدا هەوڵەکانی رێککەوتن بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان لە ساڵی (٢٠١٦) شکستیانهێنا، لە هەمان کاتدا دانپێدانانی سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترامپ) بە قودسدا وەک پایتەختی ئیسرائیل لە دیسەمبەری (٢٠١٧)دا، بووە هۆی لێکەوتەی زیاتری دیبلۆماسی. سەرەڕای هەموو ئەمانەیش ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە تووشی ئەنقەرە بووبووەوە لە ساڵی (٢٠٢٢)، هەوڵەکانی بۆ سفرکردنەوەی گرفتەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لە رێگەی نزیکبوونەوە لە دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقا، ئەمە سەرەڕای بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ تەلئەڤیف بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، بوونە هۆی جارێکی تر گێڕانەوەی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بە تەواوەتیو گێڕانەوەی باڵیۆزەکانیان.بە ماوەیەکی کەم پێش ڕوداوەکانی (٧)ی ئۆکتۆبەر بە دیاریکراوی لە (٢٠)ی سێپتەمبەری (٢٠٢٣) لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سەرۆککۆماری تورکیا؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، هەوڵی بەهێزکردنو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو تەلئەڤیفی دا، بە پێشوازیکردن لە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل؛ بنیامین ناتانیاهۆ، لە "ماڵی تورکی" لە نیۆرکو گفتوگۆیان لە سەر بەهێزکردنی هاوکاریی بوارەکانی وزەو تەکنەلۆژیاو زیرەکیی دەستکردو ئاسایشی سیبرانی کرد.
لێرەدا دەکرێت ئاماژەبدەین بەوەی سەرەڕای ناجێگیریی پەیوەندییەکانی هەردوولا لە ماوەی نێوان دوو دەیەی ڕابردوودا، بەڵام چەندین هۆکارو گۆڕاو هەن، کە کاریگەری لە سەر کارلێکی پەیوەندییەکانی هەردوولا بەجێدەهێڵێت، لە دیارترینیان:

### گۆڕاوە ناوخۆییو سیاسییەکانی تورکیا

ئەو گۆڕانانەی لە ناوخۆی تورکیا ڕوودەدەن، ئاڕاستەکەری ڕەفتاری دەرەکیی تورکیان بەرانبەر تەلئەڤیف، ئەمەیش بە تەواوی لەگەڵ گرتنەدەسەڵاتی پارتی دادو گەشەپێدانی خاوەن پاشخانی ئایینی بە سەرکردایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەرکەوت، کە بۆ کۆکردنەوەو خرۆشاندنی دەنگدەرەکانی پرسی فەڵەستینی لە وتارەکانیدا بە بەهێزی دەخاتەڕوو، سەرەڕای ئەوەی لە بازنە ئیسلامییەکەیدا لە لایەکەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان وێنەی حکومەتێکی بەرگریکار لە فەڵەستین دژی نەیارەکانی بە بەهێزی بەکاردەهێنێت، لە لایەکی ترەوە چاودێران وایدەبینن وێناکردنی سەرۆکی

تورکیا بۆئەوەی کە ئیسرائیل هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دینامیکیەتی پێشوەچوونەکانی هێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە ناویشیاندا ئەو مەترسیانەی لە ئێرانەوە سەرچاوەدەگرن، لەگەڵ بوونی کورد لە سوریا، بە یەکێک لە ئامرازەکان دادەنرێت، کە پەنای بۆ دەبات لە گەمە سیاسییەکانیدا بۆ بەلاڕێدابردنی سەرنج لە سەر ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان. لە لای سێیەمیشەوە بەشداردەبێت لە بەهێزکردنی شەرعیەتی خۆی (سەرۆکی تورکیا) وەک ڕابەری ئوممەتو کۆمەڵگەی ئیسلامیی نێودەوڵەتی، لە چوارچێوەی گێڕانەوە دینیو مێژووییەکان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانییە ناوخۆییو هەرێمییەکان، لە پێناوی گەیشتنی پلە بە پلەی خەونی زیندووکردنەوەی ئەوەی پێیدەوترێت "عوسمانیەتی نوێ".

لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بە هەندێک ڕێوشوێنی تر بدەین، کە ئەنقەرە گرتوویەتیەبەر بەرانبەر تەلئەڤیڤ، ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی لە پێشەوە باسمانکردن، بۆ نموونە دۆڕانەکان لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا لە (٣١)ی ئاداری (٢٠٢٤) وەک شکستێکی گەورە وابوون بۆ پێگەی جەماوەریی سەرۆکی تورکیا.

ئەمە سەرەڕای ئەو شکستەی بەرانبەر پارتی گەلی کۆماری لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەنبوڵو ئەنقەرە توشهاتن، هەروەها لەدەستدانی چەندین شوێن لە دەوروبەریدا لە بەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی، ئەمەیش ئەوە بوو، کە هەندێک ڕاڤەیان وادەکرد، کە هەندێک لە پشتیوانانی سەرۆکی تورکیا ڕوویان لە پارتە سیاسییە ئیسلامییەکانی تر کردووە، وەک پارتی ڕەفای نوێ، بە هۆی ئامادەبوونی ئەردۆغان لە بەردەوامیدانی بە پەیوەندییە بازرگانییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، پێش ئەوەی لە مانگی چواری (٢٠٢٤) تاکلایەنە کۆتبخاتەسەر بازرگانیو پاشان بە تەواوەتی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا لە مانگی پێنجی (٢٠٢٤) ببڕێت، بە ئامانجی نەهێشتنی ئەو ئامرازە بە دەست کێبڕکێکارەکانی لە پارتە ئیسلامییەکان، هەر بۆیە بڕیارەکانی تەنها پەیوەست نەبوون بە لایەنی ئایدیۆلۆژییەوە لە پشتیوانیکردنی فەڵەستینییەکان، بەڵکو ئاڕاستەکراو بوون بەرەو سیاسەتی ناوخۆیی تورکیا.هەروەها لە سەر ئاستی هەڵکشانی ئەو گوتارەی سەرۆکی تورکیا؛ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، دژی تەلئەڤیڤ گرتیەبەر پاش هەڕەشەکانی لە (٢٨)ی مایۆی (٢٠٢٤) لە مامەڵەکردنی تورکیا لە ناوچەی "ناگۆرنۆگەرەباخو لیبیا"دا، بانگەشەکردنی ئەوەی کە ئیسرائیل دوودڵ نابێت لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ دژی تورکیا پاش غەززەو لوبنانو پیشاندانی ئەوەی کە پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ ئیسرائیلدا پەیوەندیی

هەیە، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی هەبووە بە سەر مەشهەدی سیاسەتی ناوخۆیی تورکیاوە، کاتێک لە خۆپیشاندانەکانی دیاربەکر، کە بۆ پشتیوانی لە فەڵەستین ڕێکخرا بوون، دروشمی هاوتاکردن لە نێوان پارتی کرێکارانی کوردستانو ئیسرائیلدا بەرزکرابووەوە.

**چوارچێوەی بەرژەوەندیو ئایدیۆلۆژی**

لە چوارچێوەی تێچوونە سیاسیو ئابوورییەکان، کە پێویستە سەرۆکی تورکیا بیدات، بە تایبەت لە بارودۆخی ئابووریی خراپدا لە ناوخۆیدا، ڕژێمی تورکیا سووربوو لە سەر پارێزگاریکردن لە پەیوەندیی بازرگانیو بەرژەوەندیی ئابووریی ڕاستەوخۆ لە جیاتیی پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا، ئەردۆغان سیاسەتێکی پێچەوانەی گرتەبەر، کە پێکهاتبوو لە پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکان لە سەر ئاستی باڵیۆز لەگەڵ ئیسرائیلدا، لە هەمان کاتدا بەهێزکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ بزوتنەوەی حەماسداو ڕێگەدان بە میوانداریکردنی ئەندامەکانی لە تورکیادا.

لەگەڵ هەڵگیرسانی ڕوداوەکانی (٧)ی ئۆکتۆبەردا، هەستان بە گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێن دژی ئیسرائیل، وەک هەڵپەساردنی سەرجەم گەشتە ڕاستەوخۆکانی هێڵی ئاسمانیی تورکی بۆ ئیسرائیل لە (١٠)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣)، بەڵام بە پێی هەندێک ڕاپۆرت پارێزگاری لە پەیوەندییە بازرگانییە درێژخایەنەکانی لەگەڵ تەلئەڤیڤدا کردووە لە کەرتەکانی وزەو ڕستنو چنینو تەکنەلۆژیادا، لە ناویشیاندا ئەو مادانەی لە کەرەستەی سەربازیی ئیسرائیلدا بەکاردەهێنرێن، هەروەک چۆن پارێزگاری لە گواستنەوەی نەوتی ئازەربیجان بۆ ئیسرائیل کرد، کە بە خاکەکەیدا تێدەپەڕێت. لەگەڵ ئەوەیشدا بە ناچاری لە (٩)ی نیسانی (٢٠٢٤) بڕیاری قەدەغەکردنی بازرگانی بە سەر (٥٤) بەرهەمهێنراوی ستراتیژیدا سەپاند لە ناویاندا چیمەنتۆو ئاسن، پاشان پەلیکێشا بۆ وەستاندنی سەرجەم بازرگانییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بە تەواوەتی لە (٢)ی مایۆی (٢٠٢٤)، بەڵام بە پێی بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانیی "مەتین جیهان"و ئەوانی تر، ئەم بڕیارانە وەک خۆی جێبەجێنەکراوە، کاتێک دەریانخستووە بازرگانیی نێوان ئیسرائیلو تورکیا بە تەواوی ڕانەگیراوەو ئەوەیان خستووەتەڕوو، کە هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زاواکەی ئەردۆغان تێوەگلاوە لە بازرگانیکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا پاش (٧)ی ئۆکتۆبەر. لەم چوارچێوەیەدا چەندین ڕاپۆرت ئاماژەیان بە بەردەوامیی گەیشتنی شمەکی تورکی بۆ ئیسرائیل کردووە، بە بیانووی ئەوەی کە بۆ فەڵەستین نێردراون، لە ڕێگەی دۆزینەوەی جیاواز بۆ بەڕێکردنی کارەکان لە بەندەرە

مامناوەندو جیاوازەکانەوە، لەم هەنگاوەیشدا کۆمپانیا فەڵەستینییەکانی کەرتی خۆرئاوا وەک "هاوردەکاری فەرمیی شمەکەکان کاریانکردووە، بە شێوەیەک ئەم کۆمپانیایانە بڕێک پارە وەردەگرن لە بری ئەو کارەیان، پاشان شمەکەکان دەگوازرێنەوە بۆ کۆمپانیا ئیسرائیلییەکان، کە بە ڕاستی لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکاندا هاوبەشی بازرگانین. بە پێی ژمارەکانی کۆمەڵەی هەناردەکردنی تورکی ڕێژەی هەناردەکردن بۆ فەڵەستین بە ڕێژەی زۆر زیادیکردووە بەراورد بە ساڵی پێشوو.بەم شێوەیەیش جوڵە جیوپۆلیتیکییەکان بە شێوەیەک بەڕێوەدەبرێن، کە کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی کەمبکاتەوە، هاوشان لەگەڵ مەنهەجی بەرژەوەندیخوازیی ڕژێمی تورکی کە خۆی لە پارێزگاریکردن لە سەر هەڵوێستی پشتیوانیی فەڵەستینییەکان دەبینێتەوە بە مەبەستی ڕازیکردنی بنەما سیاسییەکانی لەگەڵ ڕێگریکردن لە هەر هەڵکشانێک دژی حکومەت. ئەم ڕێچکەیەیش وەک شێوازێکی بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا جێگیربووە، لەگەڵ ئەو ناکۆکییانەی هەندێک جار لە نێوان هەردوو وڵاتدا ڕوودەدەن، بەڵام پەیوەندییە ئابوورییەکانیان بە پێچەوانەوە گەشەیکردووە. سەرەڕای ڕاگەیاندنەکانی سەرۆکی تورکیا بە هەڵپەساردنی "پەیوەندییە سەربازیو ئابوورییەکان" لەگەڵ ئیسرائیلدا پاش هەر قەیرانێک، کەچی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەردوولا لە ماوەی نێوان ئەم دوو دەیەی ڕابردوودا گەشەیکردووە. تەرازووی بازرگانیی بەردەوام لە بەرژەوەندیی تورکیادا بووە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین: گوتاری سیاسیی سەرکردەکانی هەردوولا هەندێک جار ئامانجیان بینینی ڕۆڵی دەسکەوتی ناوخۆییە، کە فراوانبوونی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان وەک پێشینە سەیردەکرێت. ئەمەیش داینامیکیەتی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیلو تورکیایە، کە گرنگیی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دەخاتەپێش هۆکارە سیاسییەکانەوە.

## ناوەندیەتیی تەلئەڤیف لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا

لەبەر ڕۆشنایی زیادبوونی پەیپێبردنی سەرکردایەتیی تورکیا بە ناوەندێتیی تەلئەڤیف لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولای داوە لە ساڵانی ڕابردوودا، لە سێبەری پێویستیی باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەکانی ئەمریکادا.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری ئیدارەی نوێی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی "دۆناڵد ترامپ" وەک یەکەمین سەرۆک، کە (٥) پێنج سزای جیاوازی بە سەر حکومەتی تورکیادا سەپاندووەو پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ تەلئەڤیڤدا هەیە، بە

تایبەت لەبەر ڕۆشنایی دامەزراندنی کارمەندە نوێیەکانی ئیدارەکەیدا، کە زۆربەیان ناسراون بە پشتیوانیکەرێکی بەهێزی ئیسرائیل، لەبەرئەوە پێشبینیی ئەوە دەکرێت ئەنقەرە ناکۆکییەکانی لەگەڵ تەلئەڤیف کەمبکاتەوە، وەک ڕێگەیەک بۆ تێپەڕاندنی ناکۆکییەکانی لەگەڵ واشنتۆندا بە هۆی نزیکبوونەوەی لە ڕوسیاو کڕینی سیستەمی (S٤٠٠)، کە ئەمەیش بووە هۆی سەپاندنی سزای ئەمریکی بە سەریداو بێبەشکردنی لە دەستکەوتنی فڕۆکەی (F٣٥)، سەرەڕای بێبەشکردنی لە کڕینی هەر تەکنەلۆژیایەکی سەربازیی ئەمریکی لە ناویشیاندا فڕۆکەی (F١٦)، لەگەڵ ئەوەی ئەم پرسە لە یەنایەری (٢٠٢٤) چارەسەرکرا بەرانبەر ڕەزامەندیی ئەنقەرە بۆ بوون بە ئەندامیەتیی "سویدو فینلەندا" لە پەیمانی باکووری ئەتڵەسی.
ئەم هەنگاوەیش لەوانەیە ببێتە هۆی بەرەوپێشچوونو نزیکبوونەوەی لەگەڵ ئەمریکا وەک عومەر چیلیک؛ وتەبێژی پارتی دادو گەشەپێدان ئاماژەپێیدا، بەوەی حکومەتی تورکیا کار لە سەر داڕشتنی نەخشەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوتا ئەمریکییە نوێیەکاندا دەکات. بە تایبەت دوای ئەوەی ئەو کەسانەی بۆ پۆستە سەرەکییەکانی حکومەتی ئەمریکی پاڵێوراون، سەرۆکی تورکی وەک کەسانی ناکۆکی خۆی سەیریدەکردن. بۆ نموونە "تلوسی گابارد"ی بەڕێوەبەری نوێی هەواڵگریی نیشتمانیی ئەمریکی یەکێکە لەو کەسانەی ڕەخنەی توندی لە تورکیای ئەردۆغان هەیە، لە ڕاگەیانراوێکیدا پێش وەرگرتنی پۆستەکەی، گابارد تورکیای تۆمەتبارکرد بە "پشتیوانیی جیهادییەکان"و ئەردۆغانی بە "ترسناکترین پیاوی دیکتاتۆری جیهان" ناوبردووە، جەختی لەوە کردبووەوە، کە سەرۆکی تورکیا وەک دۆست نابینێت. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمریکا؛ "مارکۆ ڕۆبیۆ"، لە چەندین بۆنەی جیاوازی پێشوودا ڕەخنەی لە ئەردۆغان گرتبوو لە سیاسەتەکانیدا بەرانبەر بە کورد لە باکووری سوریاو تۆماری خراپیی تورکیا لە بواری ڕادەربڕینو مافی مرۆڤدا.

### ڕۆڵی تورکیا بەرانبەر ڕۆڵی ئێران

ئەو گۆڕانانەی لە ناوخۆی سوریا پاش ڕوخانی ڕژێمی فەرمانڕەوای سەرۆکی سوریا (بەشار ئەسەد) ڕوویاندا، ئەگەری پشتبەستنی ئەمریکا بە ڕۆڵی تورکیا وەک شوێنگرەوەیەکی سوننی بۆ ڕۆڵی ئێرانی لە پێناوی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەجێیهێشتووە لە سوریا، کە پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕێکخستنە چەکدارییەکانەوە هەیەو دەبێتە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی واشنتۆنو تەلئەڤیف، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی پراگماتیکیەتی لایەنی تورکیو پێویستیی بەرژەوەندیخوازانەی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی

نوێی ئەمریکا لە پێناوی ڕێکخستنی جوڵەیەکی تایبەت بە پرسی کوردەوە. لەم چوارچێوەیەدا سەیری گۆڕانکاریی نەخشەی گۆڕەپانی سوریا دەکرێت لە بەرژەوەندیی ئەنقەرەو تەلئەڤیڤ. بەو پێیەی دەروازەیەکە دەکرێت لە ڕێگەیەوە تەنسیقێکی پێویست بۆ ئەو گۆڕانکاریيانەی ڕویانداوە، لە نێوانیادا ڕێکبخرێتو درێژەبکێشێت بۆ تەنسیق لە ڕۆڵیاندا لە ناوچەکانی تردا. لە دیارترینیان ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز، بە تایبەت ململانێی نێوان ئەرمینیاو ئازەربیجان. بە شێوەیەک تەلئەڤیڤ هەوڵدەدات تەنسیقێکی تەکتیکی لەگەڵ ئەنقەرە بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی هەژموونی ئێرانی لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیانیی (ئیسرائیلی-تورکی-ئازەربیجانی)، ئەمەیش لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی تورکیا بۆ ویستە جیۆسیاسییەکانی ئەنقەرە لە ناوچەکەدا لە چوارچێوەی دنیابینیی "عوسمانیەتی نوێدا" بە کردنەوەی ڕێڕەوی "زانغیزور"، کە تەنها ئازەربیجان بە "ناخیتشیڤان" لە ڕێگەی خاکی ئەرمینیاوە نابەستێتەوە، بەڵکو ڕێگەیەکی نوێ دەکاتەوە بۆ تورکیا هەتا بەرەو دەوڵەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست فراوانخوازیبکاتو بگاتە ئەو ناوچانەی بە تورکی دەدوێنو بە سەرچاوەی سروشتی دەوڵەمەندن. ئەمەیش لەوانەیە هاوکاریی تەلئەڤیڤ لە هاوتاکردنی بوونی تورکیا لە سوریاو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بە دوور لە بواری ژیاریی ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکات.

## نزیکیی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ هەڕەشەکان

بوونی هەڕەشەو دوژمنی دەرەکی بۆ هەریەکێک لە تەلئەڤیڤو ئەنقەرە ڕۆڵی هەبووە لە نەبوونی ململانێیەکی جیۆستراتیژیی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولادا، ئەمەیش یەکێکە لە پاڵنەرەکانی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان لە ساڵانی ڕابردوودا. لە پاش جەنگی سارد دژایەتیی هەردوولا بۆ ڕژێمی پێشووی سوریا لە یەکتری نزیککردبوونەوە. هەروەها هەڕەشەکانی ئێرانو بەهێزکردنی هەژموونی لە ناوچەکە، هاوکارییەکی ناڕاستەوخۆی هەردوولای هێنابووەئاراوە، تەنانەت لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا. ئەمەیش ئەوە پیشاندەدات، کە بۆچی تورکیا بێلایەنی هەڵبژارد بەرانبەر بە ئامانجگرتنی پێگە ئێرانییەکانو حیزبوڵڵادا.

لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٢٤)، وەزیری دەرەوەی تورکیا؛ هاکان فیدان، هیوایخواست، کە هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ لاوازکردنی ئێرانو حیزبوڵڵا، ببێتە هۆی دروستبوونی فەراغی دەسەڵات لە سوریا، کە ئەمەیش بە ناڕاستەوخۆ بە قازانجی بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی تورکیا دەشکێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا هەندێک ڕاپۆرت بڵاوبوونەتەوە، کە

باس لە تەنسیقێکی تورکی-ئیسرائیلی دەکەن لە ژێر چاودێریی ئەمریکادا بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سوریا، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەکردنەکانی ئیسرائیل، کە ڕێگەخۆشکەر بوون پێش ڕوداوەکانی ڕوخانی سەرۆکی پێشووی سوریا؛ بەشار ئەسەد، بەو پێیەی ڕێگەیدابوو بە بەهێزبوونی وجوودی هێزی سەربازیی ئێرانیو فراوانبوونی لە سوریا.

## دووەم: سنووری کێبڕکێو هاوکاریی نێوان هەردوولا

ڕوخانی ڕژێمی سوریا بە خاڵێکی وەرچەرخانی یەکلاییکەرەوە لە جوگرافیای سیاسیی هەرێمی دادەنرێت، دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی سەرەکیی پەیوەندیی نێوان تورکیاو ئیسرائیل، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێزی هەرێمی لە نێوانیاندا، کە لەوانەیە ئاڵنگاریو هەڵسەنگاندنی نوێ لە پەیوەندییەکانیاندا بهێنێتەئاراوە، لێرەدا دەرفەتەکانی هاوکاریی نێوانیان لەگەڵ پاڵنەری ململانێو ناکۆکییان دەخەینەڕوو.

### ا. دەرفەتو پاڵنەرەکانی هاوکاریی نێوانیان

### ١. هەماهەنگیی ڕۆڵیان لە گۆڕەپانی سوریادا

لەبەر ڕۆشنایی ئەو دڵنیاییانەی ئەنقەرە هەوڵدەدات بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو تەلئەڤیفی پیشانبدات سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی گرووپە چەکدارییەکان، کە هەندێکیان سەر بە تورکیان، وەک "سوپای نیشتیمانیی سوری"، کە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی لە "تەلڕەفعەت"ی باکووری حەلەب دەرکرد لە بەرەوپێشچوونەکاندا، بەرپرسە سەربازییەکانی تورک کۆنترۆڵکردنی شاری "مەنبج"، کە پێشتر کورد کۆنترۆڵیکردبوون، ڕاگەیاند، ئەمە سەرەڕای ڕێکخستنەکانی تر، لە ناویشیاندا "هەیئەی تەحریری شام"، کە پەیوەندییەکی بەهێز بە تورکیاوەی دەبەستێت. ئەم دڵنیاییپێدانەیش ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر وتاری سەرکردە سەربازییەکان، کە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان لە سوریا گرتووەتەدەست، بۆ نموونە ئەحمەد شەرع (ئەبومحەمەد جۆلانی) سەرکردەی هەیئەی تەحریری شام سەبارەت بە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل ڕوونکردنەوەیداو وتی: "ململانێمان لەگەڵ ئیسرائیلو دەوڵەتانی تر ناوێتو سوریا بۆ بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی تر بەکارناهێنرێت. سورییەکان ماندووبوونو جگە لە بە ئاشتی ژیان، هیچی تریان ناوێت".

ئەم هەنگاوەیش هاوکات بوو لەگەڵ داوای تورکیا لە ئیسرائیل، کە ڕازیببێت بە پێدانی زانیاریی پێشوەختە لە هێرشەکانیدا بۆ سەر سوریا، ئەمەیش کاریگەریی دەبێت لە سەر گۆڕانکاری لە سەر هاوسەنگیی

هێزی نوێی هەرێمیو هەنگاوێکی گەورەیە لە زنجیرەی پەیکەربەندیی هەرێمی، لە ڕووی گۆڕینی ڕۆڵی ڕوسیا بە تورکیاو فراوانبوونی وجوودی سەربازیی تورکی لە سوریا، ئەمەیش ئەو حاڵەتەیە، کە لە ناوخۆی ئیسرائیلدا وەک ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی لە هەڵوێستی تورکیا دەبینرێت، وەک دەستپێشخەری نیەتباشی بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن لەگەڵ تەلئەڤیفو لە پشتیشەوە ئیدارەی نوێی ئەمریکا، لە قازانجی ئیسرائیلە بچێتە دانوستان لەگەڵ تورکەکاندا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانی تا ڕوداوی نەخوزراو ڕونەدات.

ئەم داواکارییەیش پاش ئەوە هات، کاتێک ئیسرائیل پرۆسەیەکی هێرشکردنی توندی کردەسەر پێگە سەربازییەکانی سوپای سوریاو بە نزیکەی (٨٠٪) تواناکانی لەناوبرد، بەڵام لە لایەکی ترەوە هەندێک لە شارەزایانی ئیسرائیلی ئەم داوایەی تورکیایان والێکدایەوە، کە سەپاندنی بارودۆخی نوێیە بۆ نەخشەی هەژموونی تورکیا لە سوریا، چاودێرە ئیسرائیلییەکان بۆ ئەوە چوون، کە "سوریا بووە بە ویلایەتێکی شوێنکەوتەی دەوڵەتی عوسمانی". جۆلانییش بە "فەرمانڕەوای تورکیای عوسمانیی نوێ لە سوریا" هەژماردەکرێت.

**٢. فشارخستنەسەربزوتنەوەی حەماس**

تەلئەڤیف لەوانەیە وا سەیری هەماهەنگیی نێوانیان بکات لە سوریا، بەوەی ئەم هەماهەنگییە لە بەرژەوەندیی هەردوو لایاندایە لە هەندێک پرسی تردا، بە شێوەیەک ئەنقەرە پەستانی زیاتر بخاتەسەر سەرکردەکانی بزوتنەوەی حەماس لە پێناوی نواندنی نەرمیی زیاتر لە هەوڵی ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوانیان، بە تایبەت کاتێک ئەنقەرە بزانێت، کە پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە بۆ کەمکردنەوەی پەستانە ناوخۆییەکانی، لەبەر ڕۆشنایی ڕووکردنە تەلئەڤیف بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لە چوارچێوەی نەخشەڕێگەیەکی نوێ بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی نوێی ئەمریکادا. بە شێوەیەک لە بەرانبەر ئەوەدا، تەلئەڤیف لە سەر داوای ئەنقەرە دەستوەردان لە ئیدارەی نوێی ئەمریکا بکات بۆ هەماهەنگی لە بابەتی پرسی کوردیداو لەبەرچاوگرتنی مەترسییەکانی تورکیا، پەکخستنی هەر هەوڵێک بۆ حوکمیزاتیی کورد لە سنوورەکانی تورکیادا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تورکیا ڕۆڵبگێڕێت لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی کەرتی غەززە، کە لەوانەیە چەندین ساڵی دووررودرێژ بخایەنێت.

**٣. سوودی ڕۆڵی تورکیا لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ناوچەکە**

لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی ڕۆڵی هەرێمیی تورکیا لەم دەیەی کۆتاییدا؛ لە ڕووی بەهێزبوونی وجوودی لە زۆرێک

لە مەلەفە هەرێمییەکان لە لیبیاوە بۆ سوریا، سەرەڕای جوڵەکانی لە قارەی ئەفریقاو دەریای سوور، هەژموونی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرەڕای هەوڵەکانی سفرکردنی کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە لە ماوەی پێشوودا، بوونەتە هۆی سەپاندنی وجوودی وەک ژمارەیەکی گرنگ لە هاوکێشە هەرێمییە نوێیەکاندا، کە لەوانەیە ئیدارەی نوێی ئەمریکا کاریان لە سەر بکات لە پێشهاتە هەنووکەییەکاندا. لێرەوە لەوانەیە واشنتۆن سەیری سوودەکانی ڕۆڵی ئەنقەرە بکات لە هەماهەنگیی ڕۆڵیدا لەگەڵ تەلئەڤیف، لە بەرانبەردا هەندێک بەرژەوەندیی "سیاسیو ئابووری" بدات بە تورکیا، کە پێویستێتی بۆ بەهێزکردنی پایەکانی فەرمانڕەوایی لە ناوخۆدا.

**ب. پاڵنەرەکانی ململانێو کێبڕکێ**

**١. دژیەکیی تێگەیشتنیان بۆ ئایندەی سوریا**

تورکیا مەبەستیەتی سوریا وەک دەوڵەتێکی یەکپارچە بمێنێتەوەو ڕژێمێکی فەرمانڕەوای هەبێت، کە پەیوەندییەکی بەهێز بە ئەنقەرەی ببەستێتەوە، ئەمەیش بە هۆی چەند هۆکارێکەوە، لە گرنگترینیان دوورکەوتنەوە لە سیناریۆی پارچەبوونی سوریاو کێبڕکێی دەسەڵاتە ناوچەییەکان لە سەر بەدەستخستنی حوکمیزاتی لە سوریا، وەک ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی پەیوەست بە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا داوایدەکات. لایەنێکی تری پەیوەستە بە دوورکەوتنەوە لە شەپۆلی کۆچی ئاوارەی نوێ بە هۆی ناسەقامگیرییەوە بۆ تورکیا، هەروەک چۆن دەکرێت ماوەی ڕاگوزەرێکی جێگیر ڕێگە بە تورکیا بدات هاوکاریی ئابووری پێشکەش بە سوریا بکات، لە پێناوی ڕێگەخۆشکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان.لە بەرانبەردا ئیسرائیل سوریایەکی یەکپارچەی ناوێت، قسەکردن لە سەر چەمکی "دەوڵەتی نەتەوەیی" بە "دەوڵەتی پێکهاتەکان" لەگەڵ دڵنیابوون لە پاراستنی ناوچە جیاکەرەوەکانی بۆ فەراهەمکردنی ئاسایشی دژی هەیئەی تەحریری شامو لایەنە باڵادەستەکانی تر. ئەمەیش ئەوەیە، کە ئەنقەرە دژیەتی، جا چ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بێت لە ژێر هەژموونی پارتی کرێکارانی کوردستان، یاخود ئەگەر ئەم دابەشبوونەیش نەبێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام دەبێتە بەربەست لە بەردەم سەرکەوتنەکانی تورکیا لە سوریا، هەر بۆیە ئەنقەرە هەوڵی کۆنترۆڵی سوریایەکی یەکگرتوو لەلایەن هەیئەی تەحریری شامو زەمانکردنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دەدات. ئەمەیش لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی گرژییەکان ئەگەر هەیئەی تەحریری شام تەحەدای هەژموونی نوێی ئیسرائیل بکات لە سوریا لە ڕێگەی داگیرکردنی خاکی زیاتر، ئەگەر

هەوڵی لاوازکردنی بدات، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو واقیعە نوێیەی هاتووەتەکایەوە، کە وای لە هەردوو دەوڵەت کردووە ببنە دراوسێ، لەگەڵ چالاکی کردەوە هەواڵگری و سەربازی و مەدەنییەکانی تورکیا لەو ناوچانەی هەیئەی تەحریری شام کۆنترۆڵیکردوون، بوونی تورکیا لە نزیک سنوورەکانی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی خاڵی ناکۆکی نوێ.ئەمەیش لە ڕۆژانی دواتردا ڕەنگیدایەوە، کاتێک تورکیا بە توندی سەرکۆنەی جوڵەکانی ئیسرائیلی لە ناوچە دابڕاوەکان کرد، ئەردۆغان ئیسرائیلی تۆمەتبارکرد بە "دەرخستنی هزری داگیرکاری"، ئیسرائیلیش تورکیای تۆمەتبارکرد بە "کۆتا دەوڵەتە، کە بتوانێت باس لە داگیرکاری لە سوریا بکات". ئەم تۆمەتبارکردنانەیش زیادیانکرد، کاتێک سەرۆکی تورکیا لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێک بەرانبەر کوتلەی پەرلەمانی سەر بە حیزبی دەسەڵاتداری دادو گەشەپێدان لە (١٤)ی کانوونی (٢٠٢٤) وتی: "پێویستە ئیسرائیل بە پەلە لە خاکی سوریا بکشێتەوە". لە وەڵامدا وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە بڵاوکراوەیەکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە "باشترە سەرۆکی تورکیا لە هەڕەشە ناپێویستەکانی دووربکەوێتەوە"، زیاتر لەمەیش وتی: "لایەنی داگیرکەرو دوژمنکار لە سوریاو باکووری قوبرس و لیبیاو ناوچەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تورکیا خۆیەتی".

لێرەوە سەیری گۆڕانی هاوکێشەکان لە سوریا دەکرێت بەوەی لەوانەیە پاڵنەری ململانێ بێت زیاتر لەوەی هاوکاری لە نێوان تورکیاو ئیسرائیل، لەبەر ڕۆشنایی ئەگەری دروستبوونی کێبڕکێی جیۆسیاسی لە نێوان ڕۆڵە هەرێمییەکانی هەریەکەیان، بە شێوەیەک ببێتە هۆی هەڵکشانی مەترسیی زیاتر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

### ٢. مەترسییەکانی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسی بە سەرکردایەتی ئەنقەرە لە ناوچەکە

تەلئەڤیڤ وا سەیری ڕێکخستنە چەکدارییە ڕادیکاڵییەکانی سوریا دەکات، بەوەی پەیوەندییەکی بەهێزیان بە ئەنقەرەوە هەیەو مەترسی و دڵەڕاوکێن بۆ گۆڕینی پڕۆژەی هەژموونی شیعیی ئێرانی بە پڕۆژەی هەژموونی ئیسلامی سیاسی بە ڕابەرایەتی ئەنقەرە، ئەمەیش خاڵی بەیەکگەیشتنی ڕژێمی سیاسیی ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان (الاخوان المسلمون)، کە هزری دژایەتی ئیسرائیل و جوودیان لە ناوچەکەدا هەڵگرتووە، ئەم دڵەڕاوکێیەش لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان هاوبەشە، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی دەربڕینەکانی سەرۆکی تورکیا لە چوارچێوەی ئەوەی پێیدەوترێت "عوسمانیەتی نوێ"، کاتێک بە ڕوونی لە بەدواداچوونی ڕوداوەکانی سوریا

وتی: "هەر ڕووداوێک لە ناوچەکەمان، بە تایبەتییش سوریا، ئەوەمان بەبیردەهێنێتەوە، کە تورکیا گەورەترە، ئوممەتی تورکیا ناتوانێت لە مەسیری خۆی هەڵبێت". هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەردۆغان ئەم چارەنووسەی تورکیای نوێی بە بەردەوامبوونی پێگەی ویراسەتی عوسمانییەوە وەک ڕابەرایەتیی جیهانی ئیسلامی بەستەوە.

ئەم هەڕەشەیە لەوانەیە ببێتە پاڵنەری ململانێ لەگەڵ تەلئەڤیڤو ژمارەیەک لە دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئەنقەرەدا، ئەمەیش ئەوەیە، کە دەکرێت واشنتۆنو تەلئەڤیڤ بەکاریبهێنن بۆ خێراکردنی فراوانکردنی هاوپەیمانیەتییە هەرێمییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا لە ڕێگەی هاندانی ڕێڕەوی ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمی، لە پاڵ چەند ئامانجێکی تریدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانە لە سەر ئەو مەترسییە هەرێمییە هاوبەشانەی لە ناوچەکەدا ئەم ڕێککەوتننامەیەی لە سەر بنیاتنراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران.

### ٣. دۆزی کورد وەک خاڵی سەرەکیی ناکۆکییەکان

دۆزی کورد یەکێکە لە پرسە ناکۆکەکانی نێوانیان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دڵەڕاوکێو بەریەککەوتنی نێوان ئەنقەرەو تەلئەڤیڤ، بە تایبەت لەبەر ڕۆشنایی هەوڵەکانی تورکیا بۆ کۆتاییهێنانی پرسی کورد بە درێژایی سنوورەکانیو دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕاو، کە لە (٣٠کم) کەمتر نەبێت، لە پێناوی دڵنیابوون لە شکستپێهێنانی دروستبوونی هەر خۆبەڕێوەبەرییەکی کورد. سەرەڕای بوونی ئەمریکا لە باکووری سوریاو پێدانی جۆرێک لە پارێزبەندی بە هێزە کوردییەکان، ئەمەیش دەبێتە ئاڵنگارییەک بۆ دنیابینیی تورکیا لەگەڵ واشنتۆنو تەلئەڤیڤ، بە تایبەت کاتێک وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل؛ جەدعۆن ساعر، جەختی لەوە کردەوە، کە ئیسرائیل سەیری کورد دەکات وەک هاوپەیمانی خۆی، وەک کارتی هاوسەنگی بەرانبەر ڕێکخستنە چەکدارییەکان لە ناوچەکەدا لە لایەکەوە. لە لایەکی تریشەوە، وەک گەرەنتییەک بەرانبەر ئاڵۆزیو مەترسییەکانی میلیشیا چەکدارییەکانی سەر بە ئێران لە عێراق، لە سێیەم لایەنیشەوە، وەک کارتێکی دانوستانو پەستان لە بەرانبەر چاوچنۆکییەکانی تورکیا. لەم چوارچێوەیەدا تەلئەڤیڤ هەوڵی بەدەستهێنانی گەرەنتیی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەدات سەرەڕای ویستی ئیدارەی ترەمپ بۆ خۆبەدوورگرتن لە هێزەکانی سوریای دیموکرات (قەسەد)، شانبەشانی هاوکاری لەگەڵ ئەندامە باڵاکانی کۆمارییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا، کە شارەزاییەکی باشیان هەیە بەرانبەر ئەم پرسەو هەڵوێستیان توندە

بە ئاڕاستەی گەرەنتیی دەستبەرنەدانی کورد لە ناوچە ستراتیژییە سەرەکییەکانی ناسراو بە "ڕۆژاڤا" لە خۆرهەڵاتی سوریا.

## ٤. کێبڕکێی جیۆسیاسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لەبەر ڕۆشنایی پلانی ناسراوی تورکیا بە ناوی نیشتیمانی شین (الوطن الازرق)، کە لە ساڵی (٢٠٠٦) سوپاسالاری تورک؛ جیم جور دینیز، پێشکەشیکردووە، ئەنقەرە کار لە بەهێزکردنی وجوودی هەرێمیی خۆی لە دەوڵەتانی دەوروبەری دەکات، ئەمەیش ئەوەیە، کە ڕەنگدانەوەی جوڵەکانیەتی لە دەریای سپیی ناوەڕاستو دەریای ئیجە، جوڵەکانی تری لە سوریاو دەریای سوور، لە پێناوی بەهێزکردنی سەربەخۆیی ئابووریو بواری وزە، بە پێی ئەو چەمکە ئاسایشییەی تورکیا تەبەنیکردووە، سنوورە ئاوییەکانی لاوازترین ناوچەکانیەتی لە لایەک. لە لایەکی تریشەوە دەرفەتی فراوانبوونو سەربەخۆیی ئابوورییەتی. ئەم تێگەیشتنەیش ڕەگوڕیشەی لە مێژووی عوسمانییەوە هاتووە، پاڵی بە سەرۆکی تورکیا ناوە بۆ دەستپێکردن بە پڕۆژەی بەهێزکردنو بنیاتنانی هێزی دەریایی.ئەم ئاڕاستەیەیش ئەگەری بەریەککەوتن لەگەڵ تەلئەڤیڤ زیاددەکات لە ناوچەیەک، کە گرنگییەکی ژیاری بۆ فەراهەمکردنی سەرچاوەی غاز هەیە، سەرەڕای هەوڵەکانی بینینی ڕۆڵی هەرێمی بەرانبەر ئەنقەرە لە بواری وزەدا، ئەمەیش بە هەماهەنگیی قوبرسو یۆنان دەکات، کە پەیوەندییەکی ناجێگیر بە ئەنقەرەیان دەبەستێتەوە، لە ڕێگەی دروستکردنی هێڵی بۆڕیی غازی "ئیست مید"، کە هەناردەی ئەوروپا دەکرێت لە ڕێگەی قوبرسەوە. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیادا ئەم هاوکارییەی نێوان ئیسرائیلی قوبرسی یۆنانییە بە "میحوەری شەڕ" ناودەبرێت.لەم ساتەوەختەدا ناکۆکییەکانی یۆنانو تورکیا بەردەوامن، بە تایبەت لە سێبەری بەرەوپێشچوونی هاوکاریی ئەمنیی یۆنانو ئیسرائیلدا، بە شێوەیەک وەزیری بەرگریی یۆنان؛ نیکۆس دندیاس، مانگی کانوونی دووەم پلانێکی گشتگیری بۆ دروستکردنی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانی کە بتوانێت هەموو خاکی یۆنان بگرێتەوە، پێشکەشی پەرلەمان کرد، بە تێچووی (٢) ملیار یۆرۆ بە هاوکاریی ئیسرائیل. لە (٢٣)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٢٤) وەزیری وزە؛ ئیلی کۆهین، گەیشتە یۆنان بۆ سەردانیکردنی کۆمپانیای "بیزک"و واژووی ڕێککەوتننامەیەکی کرد بۆ فراوانکردنی هاوکاریی نێوان هەردوو دەوڵەت لە بواری وزەدا بە گشتیو غازی سروشتی بە تایبەتی. ئەمەیش سەرەڕای گفتوگۆی بەهێزکردنی ژێرخانێک بۆ شمەکو وزە بە شێوەیەک ئاسیاو ئەوروپا لە ڕێگەی دەوڵەتانی کەنداوو ئیسرائیلو یۆنانەوە پێکەوەببەستێتەوە. لەم

چوارچێوەیەدا تورکیا سەیری بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئیسرائیلو یۆنان دەکات، بەو پێیەی جەنگێکی ڕاستەوخۆیە دژیو هەڕەشەیەکی هاوبەش بەرانبەری.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تورکیا هێرشێکی ڕاگەیاندنیان دژی بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان یۆنان لەگەڵ ئیسرائیل دەستپێکردووە، وەک ڕۆژنامەی "تەقویم" پلانەکەی ناوزەردکرد بە "هاوپەیمانیی بەرگریکاری دژی تورکیا"، لە کاتێکدا ڕۆژنامەی "یانی ساباک" کە گرێدراوە بە ئیدارەی ئەردۆغانەوە ئاماژەیدا بەوەی یۆنان هەوڵدەدات تواناکانی بەهێزبکات لە ترسی بەهێزیی تورکیا. هەروەک چۆن ڕۆژنامەی "سەباح" لە باسکردنی پلانی دووبارەڕێکخستنەوەی هێزە سەربازییەکانی یۆنان درێژەیپێداوەو وتەیەکی ئەردۆغانی هێناوەتەوە، کە لە ڕابردوودا مەترسیی ئەوەی خستووەتەڕوو، کە "ئیسرائیل خاکی تورکیا بەئامانجدەگرێت، دوای فەڵەستینو لوبنان".

لەم چوارچێوەیەدا پێویستە ئاماژە بە ڕاگەیاندنی ئەنقەرە بۆ ئەگەری ڕێککەوتننامەی دروستکردنی ناوچەیەکی تایبەتی ئابووری لەگەڵ حکومەتی سوریای نوێدا بکەین، بە هەمان شێوەی کە لە لیبیا لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی دەریایی ساڵی (٢٠١٩) لەگەڵ حکومەتی ویفاقی نیشتیمانیی لیبی ئەنجامیدا، لە ڕێگەیەوە پێگەی ئەنقەرەی لە خۆرهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستو دووبارەداڕشتنەوەی داینامیکیەتی هەرێمی لە بەرژەوەندیی خۆی جێگیرکرد، ئەمەیش ئەو کارەیە کە هەوڵدەدات لە سوریا بیکات، وەک بنامەیەکی پێکەوەبەستراو لە ستراتیژیەتی جیۆسیاسی لە دەریای سپیی ناوەڕاست، بە شێوەیەک بەهێزکردنی ڕێوشوێنەکان لە گۆڕەپانێکدا کاریگەریی لە سەر هەژموونی دەکات لە گۆڕەپانەکەی تردا، بەڵام لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی وروژاندنی ناکۆکی لەگەڵ هاوبەشە ئەوروپییەکانیدا، وک یۆنانو قوبرسو هێزە ئەوروپییەکانی ترو سەیری ئەم ڕێککەوتننامانە بەوەی هەنگاوێکی نایاسایییەو دەبێتە هۆی ناسەقامگیری، ئەمەیش سەردەکێشێت بۆ جەمسەرگیریی هەرێمیو چڕبوونەوەی ناکۆکییەکان لە سەر وزەو سەروەری. لەوانەیشە ببێتە هۆی دابڕان لەگەڵ تەلئەڤیڤدا، کە بە چاوی گومانو ترسەوە سەیری جوڵەکانی بەهێزکردنی هەژموونی تورکیا دەکات، بە تایبەت لەو ناوچە جیۆسیاسییانەی کە گرنگییەکی زۆری بۆ بەرژەوەندییە ئابووریو ئاسایشییەکانی تەلئەڤیڤ هەیە. لێرەوە ئەم پێدراوانە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت بنەوە پاڵنەری ململانێو کێبڕکێی نێوان تەلئەڤیڤو ئەنقەرە، لەوانەیشە هۆکارێک بێت، کە وا لە تەلئەڤیڤ بکات پشتیوانیی وجوودی تورکی لە سوریا قبوڵبکات لە چوارچێوەی پێویستیی هەماهەنگیی نێوانیاندا، لە کاتێکدا دەکرێت تەلئەڤیڤ کارتی کوردی لە سوریا بۆ پاڵنانی وجودی تورکیا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت.ئەمەیش ڕاڤەی

جوڵە خێراکانی تورکیا بۆ بەهێزکردنی کارتەکانی لە پێناوی کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی تەلئەڤیقدا بە پشتیوانیی واشنتۆن لەم دۆسیانە دەکات، لە گرتنەبەری ڕێچکەی گۆڕینەوەی ئەوەی ئەنقەرە ئامادەیکردووە، بە دۆسیەیەکی تر بۆ جێگیرکردنی بەرژەوەندییەکانی.

## ٥.پاشەکشەی هەڕەشەی هاوبەشی ئێرانی

ئەو گۆڕانکارییانەی لە نەخشەی نوێی هەژموون لە ناوچەکەدا دروستبووە، بە پاشەکشەیەکی ئێران، وەک هەڕەشەیەکی هاوبەش و هاندەرێکی بەهێزی هاوکاریی نێوان تەلئەڤیڤ و ئەنقەرە، جگە لەوەی "بنیامین ناتانیاهۆ" بەردەوامە لە گرتنەبەری هەڵوێستێکی توند دژی تاران، بە پشتیوانیی ئیدارەی نوێی ترامپ، لە کاتێکدا هەڕەشەی ڕاستەوخۆی پرۆکسییەکانی (وکلاء) ئێران بە شێوەیەکی فراوان پاشەکشەیانکردووە. بە هەمان شێوە لەگەڵ بەردەوامبوونی کێبڕکێی تورکی-ئێرانی لە عێراق و قەوقازو نەمانی بەشار ئەسەدو لاوازبوونی حیزبوڵلا، وا لە لایەنەکانی تر دەکات زیاتر شایستەی بەڕێوەبردن بن لە لای ئەنقەرە، بۆیە ئەم گۆڕانانە لە نەخشەی هەژموونی ناوچەکە، پاشەکشەی پشتبەستنی ئیسرائیلی وەک پێشتر بە تورکیا کەمکردووەتەوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی کۆتاییهێنان بە هەماهەنگیی ئەو پرسە گرنگانەی کە بارودۆخی نوێ هێناویەتیەئاراوە لە سوریا. لە خێراکردنی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و دەوڵەتە عەرەبییەکان لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمی، کە لەوانەیە شانشینی سعودیەی عەرەبییش بچێتەناو ڕێککەوتننامەکە لە چوارچێوەی فراوانکردنی تەلئەڤیقدا بۆ هاوپەیمانییە هەرێمییەکانی و ترسی ئەم دەوڵەتانە لە فراوانبوونی پرۆژەی ئیسلامیی نوێ لە سوریا بە سەرپەرشتیی تورکیا، دەوڵەتە عەرەبییەکان دەکرێت بە بێلایەنی یاخود لەگەڵ تەلئەڤیقدا بن لە هەر ناکۆکییەکی نوێدا بەرانبەر ئەنقەرەو دیمەشق.

## سێیەم: سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە ئاراستەکانی پەیوەندیی نێوان ئەنقەرەو تەلئەڤیف لەبەر ڕۆشنایی پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سوریا، مەحکومە بە چەندین جوڵەوە، لە ئەنجامی ئەو نادڵنیاییەی باڵی بە سەر مەشهەدی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا کێشاوە، بە هۆی ئاراستە ئایندەییەکانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا، لە دیارترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

### ١. سیناریۆی پەیوەندییەکی سوودبەخش بۆ هەردوولا

ئەگەری ڕودانی ئەم سیناریۆیە زیاددەکات، بە هۆی تێگەیشتنی بەرژەوەندیخوازانەی ئەنقەرە لە مامەڵەی لەگەڵ تەلئەڤیقداو ڕەنگدانەوەی لە پەیوەندییە بازرگانییەکانیاندا سەرەڕای ناکۆکییەکانیان، شانبەشانی ئاماژە دڵنیاکەرەوەکانی گرووپە چەکدارییەکانی

سوریا کە بە تەلئەڤیڤیان داوە، جگە لە داواکاریی تورکیا بۆ هەماهەنگیی پێشوەختەی نێوان ئەنقەرەو تەلئەڤیڤ دەرهەق بە کردەوە سەربازییەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتن.

ئەم ئاماژە ئەرێنییانەی سەرەوە دەکرێت تێگەیشتنی تەلئەڤیڤ بۆ وتارە توندەکانی سەرۆکی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) لە سیاقی شەڕی هەڵبژاردنو پڕوپاگەندەی ناخۆیی تورکیا لێکبدرێتەوە، نەک هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆجی دژی ئیسرائیل. هەروەها لەم سیناریۆیەدا بە هۆی ئەو ئەمری واقیعەی ئەنقەرە سەپاندوویەتی لە جوڵە هەرێمییەکانیدا، دەکرێت پاڵنەر بێت بۆ بەهێزکردنی دانپێدانانی دروستکەرانی سیاسەتی خۆرئاوا بە ناوەندیەتیی سیاسەتەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێرەوە واشنتۆن خۆی ناچار دەبینێت مامەڵە لەگەڵ ئەنقەرەدا بکاتو هەندێک نەرمینوێنێت لە بواری سیاسیو ئابووری بە قازانجی تورکیا لە پێناو پێشکەشکردنی ئەمەی دوایی بە هەندێک گەرەنتی بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلو ئەمریکا لەو ناوچانەی ڕێکخستنەکانی سەر بە تورکیا کۆنترۆڵیانکردووە لە سوریادا. بەم سیناریۆیەش دەکرێت ئەنقەرە پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکات، کە بەدەستیهێناونو دووربکەوێتەوە لە مەترسیی سیناریۆی بەریەککەوتن لەگەڵ تەلئەڤیڤو واشنتۆندا، بە تایبەت لە سێبەر نەبوونی نەرمیی ناوخۆیی تورکیا لە هەستان بە هەر مانۆڕێکی سیاسی، کە ببێتە هۆی سەپاندنی قورسایی ئابووریی زیاتر بە سەریدا.

لێرەوە ئەگەر زۆرە هاوسەنگیی هەڵوێستەکانی ئەردۆغان لە ناوخۆو دیبلۆماسیەتیدا، گرنگییەکی زۆری هەبێت لە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، هەروەها پێویستیی ناتانیاهۆ بۆ پارێزگاریکردن لە هاوکاریی ئاسایشی لە هەرێمێکی ئاڵۆزدا، وا لە ئەردۆغان بکات یاری لە سەر پەتی نێوان ڕازیکردنی بنکە جەماوەرییەکەیو ڕۆچوون لە سیاسەتێکی واقیعیدا بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەکرێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕۆڵ لە دووبارەپێناسەکردنەوەی ستراتیژیەتو هاوپەیمانییە هەرێمییەکانی هەردوولا دروستبکات.

## ٢. سیناریۆی بەریەککەوتنو کێبڕکێی جیۆسیاسی

ئەم سیناریۆیە یەکێکە لە سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان لەبەر ڕۆشنایی هەڵکشانی خاڵە ناکۆکەکان، کە پێشتر ئاماژەمانپێداوە، بە تایبەت ئەگەر تەلئەڤیڤ هەوڵی سەپاندنی دنیابینی بۆ هەژموونی هەرێمیی خۆی بدات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ فایلەکاندا، ئەمەیش کەمکردنەوەی وجوودی هەرێمیی ئەنقەرەیەو دەکرێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە داینامیکیەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەلئەڤیڤو گرتنەبەری ڕێڕەوی بەرژەوەندییەکانی لە داڕشتنەوەی هەڵسوکەتەکانیداو

هەوڵی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی لەم قۆناغەدا بداتو ڕووبەڕووی وجوودی ئیسرائیل بوەستێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی لە پرۆژەی جیۆسیاسییەکی پەیوەست بە ڕێکخستنە ئیسلامییە سیاسییەکان بۆ زەختکردن لە تەلئەڤیڤ. ئەم سیناریۆیە پڕە لە مەترسیی بەریەککەوتن لەگەڵ واشنتۆن، سەرەڕای کەنارخستنی لەلایەن هەندێک دەوڵەتی عەرەبیی ناوچەکەوە (دەوڵەتانی ڕێککەوتننامەی ئیبراهیمی) دژی ئەنقەرە، بەو پێیەی پرۆژەکەی دژی بەرژەوەندییەکانی ناوچەکەیە، هەروەک چۆن باردۆخی ناوخۆی ئەنقەرە ڕێگەنادات بە سیستەمی سیاسی، کە هەندێک مانۆڕی سیاسی بکات.لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین ئەو وەرچەخانە گەورەیەی لە جوگرافیای هەرێمی بە هۆی ڕوخانی ڕژێمی فەرمانڕەوای سوریا بە سەرۆکایەتیی بەشار ئەسەد ڕویدا، بووە هۆی گۆڕان لە نەخشەی هاوسەنگیی هێزەکان لە بەرژەوەندیی تەلئەڤیڤو ئەنقەرە، پاڵی بە گۆڕان لە داینامیکیەتی پەیوەندییەکانی هەردوولاوە ناوە، لە چوارچێوەی پاڵنەرەکانی هاوکاریو ململانێ وەک ئاماژەیپێدراوە، ئەمەیش دەکرێت بە توندی کاریگەری لە هاوسەنگیی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بکات –کە لە ڕابردوودا مەحکوم بووە بە بارودۆخێک لە بەرژەوەندیو ناکۆکیی ئایدیۆلۆژی- بە تایبەت لە سێبەری گۆڕاوە نوێیەکاندا، کە کردوونی بە دوو دەوڵەتی دراوسێ بە حوکمی واقیع، هەر بۆیە لەوانەیە هەڵکشانی چالاکییە کردەییە هەواڵگریو سەربازیو مەدەنییەکانی تورکیا لەو ناوچانەی هەیئەی تەحریری شام لە سنووری دەوڵەتی ئیسرائیل کۆنترۆڵیکردوون، لەگەڵ جوڵەکانی ئەنقەرە بۆ بەهێزکردنی هەژموونی سیاسی لە ناوچە گرنگەکانی خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، ببێتە هۆی خاڵی هەڵگیرساندنی ململانێی نوێ. ئەمەیش ئەو پرسانەیە، کە دەکرێت ببێتە هۆی دوودڵیی تەلئەڤیڤ لە سەیرکردنی بۆ فراوانخوازیی هەژموونی تورکیاو بەربەست لە بەردەم هێڵی سەربازیی ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا، بەڵام بە پێی شارەزایی لە پێشینەی تورکیا لە چوارچێوەی ڕێچکەی بەرژەوەندیخوازیی ئیدارەدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەلئەڤیڤو سنووردارکردنی هەڕەشەی کارتی کوردی لەلایەن تەلئەڤیڤو واشنتۆنەوە.لە لایەکی ترەوە دڵنیابوون لە هەندێک دەستکەوتی سیاسیو ئابووری کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی پەراوێزی جوڵەی سیستەمی تورکیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووریو پەستانە ناوخۆییەکان، ئەمەیش دەکرێت ڕاڤەی هەوڵی تورکیا لە ساتەوەختی ئێستادا بکات بۆ بەهێزکردنی کارتەکانی لە جوڵەو ئاڵوگۆڕ بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی بەرانبەر ئیدارەی نوێی هەڵبژێردراوی ئەمریکا وەک لایەنگری بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل.

# دیدی ئۆجەلان بۆ کۆنگرەی پەکەکە

ئامادەکردنی لە تورکییەوە: تەحسین وسو عەبدوڵڵا | توێژەرو مامۆستای زانکۆ

ئەم نامەیە بریتییە لە دیدی عەبدوڵڵا ئۆجەلان؛ ڕێبەری زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ بەستنی کۆنگرەی نائاسایی دوازدەیەمینی حیزبەکە، کە لە (٥-٧)ی ئایاری (٢٠٢٥) بەڕێوەچوو.
نامەکە لە (٢٥)ی نیسانی (٢٠٢٥) ئاڕاستەی پەکەکە کراوە، تێیدا بڕیاری وەستاندنی خەباتی چەکداریو هەڵوەشانەوەی خودی پەکەکەی لەخۆگرتووە. لە بنەڕەتدا ئەم پەیامەی ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە، خۆی لە پێشەکییەکی درێژو حەوت تەوەرەی سەرەکییدا دەبینێتەوە، ئەوانیش بریتین لە سروشتو مانا، سروشتی کۆمەڵایەتیو کێشەکانی، دووفاقی/ دوالیزمی دەوڵەتو کۆمۆن لە کۆمەڵگەی مێژوویدا، مۆدێرنیتە، ڕاستیی کوردو کوردستان، کۆتاییهێنان بە خەباتی پەکەکەو دیدەکان بۆ قۆناغی نوێ.
لەبەر دوورودرێژیی نامەکە، وەرزنامەی تورکیاناسی پوختەیەکی پێشەکیو تەوەرەکانی "مۆدێرنیتە، ڕاستیی کوردو کوردستان، کۆتاییهێنان بە خەباتی پەکەکەو دیدەکان بۆ قۆناغی نوێ"ی وەرگێڕاوە بۆ زمانی کوردی.

**پێشەکی**

ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکە لە پێشەکیی نامەکەیدا بۆ دوازدەیەمین کۆنگرەی پەکەکە تیشکدەخاتەسەر چەند بابەتێکی گشتی لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ پرسەکان.
لە سەرەتای پێشەکییەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هەڤاڵانی پەکەکە دەتوانن پشتئەستوور بەم پێشەکییە، پرۆسەکانی کۆنگرە تاووتوێبکەن. هەڵبەت تەواوکردنی کارەکە ڕەنگە مانگێک بخایەنێت، ئەمەش ڕەنگە ببێتە مایەی دواکەوتنی پرۆسەکەو هەندێک گێرەوکێشە.

ئاگایی‌و ناسنامەی کورد/ کوردبوون، لەم چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک پرسیار دەکات، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ناسنامەی کوردەوە هەیە، لەوانە "کوردان هەن، یان نین؟ ئەگەر هەن، تا چ ئاستێک گەیشتوون بە ئاستی بوون؟ لەوەش گرنگتر، ئەم بوونەو ئازادی، هەتا چ ڕادەیەک لێکئاڵاون‌و هەتا چ ئاستێک بەدیهاتنی یەکتر دەڕەخسێنن؟". لێرەدا باس لە خەبات‌و بەرخۆدانی پەکەکە دەکات، کە چۆن ئاگایی‌و گیانی ناسنامەی کوردیی زیندووکردووەتەوە، کە بەسەرچووبوو. لێرەدا ئەوەی پەکەکە ئامانجی بوو، بریتی بوو لە وەرچەرخانی ئەو جۆرە خەباتەی کە شۆڕشەکانی پێشووتر (شێخ سەعید، سەید ڕەزا) لە پێناویاندا هەڵگیرسان. شۆڕشەکانی بەر لە پەکەکە نەریتی‌و سادە بوو، دەوڵەت_نەتەوەو پیشەسازیگەرایی زۆر بە ئاسانی لەناویبردن لە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانەوە.

خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش لە چوارچێوەی پێشەکییە گشتییەکەدا باسکردنە لە قۆناغی گواستنەوە، کە گوزارشتە لەم قۆناغەی ئێستا. ئەوانەی کە گوزارشت لەم قۆناغە دەکەن‌و نوێنەری ئەم قۆناغەن، بریتیین لە سەعید ئاڵچی‌و سەعید قرمزی تۆپراک، سلێمانی موعینی‌و براکانی، هەتا سیراج بیلگین. لە ئەدەبیشدا، جگەرخوێن، لە مۆسیقادا ئارام تیگران، نوێنەرایەتییدەکەن. ئەمانە بە وڵاتپارێز یان سۆشیالیست ناودەبات، کە هەموویان مۆدێرنن‌و نەبوونە ئامرازی دەستی هێزە دژبەرەکان، نەبوونە دەنگی هێزە دژبەرەکان، بەڵام هەر وەک تاکەکەس مانەوە، زۆربەشیان لەلایەن هاوکارانەوە (ئەوانەی دەستیان لەگەڵ نەیاراندا تێکەڵکردووە) لەناوبراون. هەڵبەتە کەمێک کاریگەرییشیان لە سەر ئێمە هەبووە.

دواتر ئۆجەلان درێژە بە قۆناغی ڕێبەرێتیی خۆی/ ئاپۆچێتی دەدات، زانیاری‌و تێگەیشتنی نوێ دەخاتەڕوو؛ "قۆناغی ئاپۆ" لە کارەکتەری ڕێبەرێتییدا، زۆر بە کەمی لێیتێگەیشتوون، لێیتێناگەن. ئێوە دەڵێن: "ڕاستیی ڕێبەرێتی"، بەڵام ئەم ڕاستییە چییە، ئێوە لێیتێناگەن. گەل پەرتەوازەیە، ئیفلیجبووە، هێزی تێگەیشتنی نییە. کادیرەکان بە گوێرەی پێویست نین. (٥٠) ساڵە، سەرسامی‌و مەسیحایەتیی کورد، گرێدراوی ئەم ڕاستییەیە. پەیدابوونی ڕێبەرێتی لە ناو پەکەکەدا، خاڵی وەرچەرخانە لە مێژوویی کورددا. بە لایەنی کەمەوە، هێندەی هۆشیاربوونەوەی کوردو شۆڕشی ژیانەوە، گرنگە. ئاپۆ، مەسیحێک نییە لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، بەڵکو ڕێبەرێکە، بە ڕەنج‌و کۆششی کۆمەڵایەتی خۆی ئافراندووە. سەرهەڵدانی ڕێبەرێتیی سۆشیالیستییە لە مێژووی کوردو کوردستاندا. پەیدابوونی ڕێبەرێتی لە ئاپۆدا، پیرۆزکردنی کەس نییە، بەڵکو

پەیدابوونی ڕێبەرێتییەکی بەکۆمەڵە. لە پرۆسەی سەرهەڵدانی ڕێبەرێتیدا، کوردایەتی پەرتەوازەکرابوو، ڕێبەرێتی نەریتی مایەپووچبوو، کورد لە بیرکردنەوە بێبەشکرابوو، بۆیە پێشکەوتنی ڕێبەرێتی لە ڕەوشێکی وەهادا، واتای موعجیزەئاسای لێبارکراوە، وەها لێیتێگەیشتوون، بەڵام هەتا ئێرەو بەس! ئەوە (٥٠) ساڵە چاوەڕێی تێگەیشتنێکی ڕاستم. هەر دەیڵێمو دەیڵێمو دیسان دەیڵێمەوە. لە ڕاستیی ڕێبەرێتی تێنەگەیشتوون، لە پەکەکە تێنەگەیشتوون، لە کوردی ئازاد تێنەگەیشتوون، لە کوردستان تێنەگەیشتوون. پێداگرن لە سەر پاشڤەڕۆیی، بۆیە پێشناکەونو نابنە ڕێبەر. بۆ ئەوەی بتانکەم بە بەشێک لە ڕێبەرێتیی ڕاست، (٥٠) ساڵە هەوڵو تێکۆشانێکی بێوچانم داوە.
لێرەدا ناوبراو پەیوەندییەکی ڕاستەوانە دروستدەکات لە نێوان تێگەیشتن لە ڕاستی ڕێبەرێتیی ئاپۆو پێشکەوتن، بەو مانایەی هەتا بە دروستی لە ڕێبەرێتیی ئاپۆ تێنەگەن، ناتوانن بچنەپێش! لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە هەوڵەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی دەوڵەت باخچەلییەوە دێتەناو بابەتێکی دیکەوە، ئەویش ئەوەیە، کە دەڵێت هەتا ئێستا ئێوە لە من تێنەگەیشتوونو باخچەلی زیاترو باشتر لە من تێدەگات نەک ئێوە! بە هەموو شێوەیەک لایەنی سێیەم لە پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد (کۆمەڵگەی دیموکراتیک) لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا ڕەتدەکاتەوەو پێداگری لە سەر ئەوە دەکات، کە کاراکتەرەکانی پرسەکە خۆیان دەتوانن پرۆسەکە یەکلاییبکەنەوە.

**یەکەم: مۆدێرنیتە**

لە ئەوروپا ناوی سەردەمی نوێ پێیدەگوترێت مۆدێرنیتە، ئێمە مۆدێرنیتە لە ڕێگەی سێ سوارچاکی مەحشەرەوە پێناسەدەکەین، ئەوانەش: "سەرمایەداری، دەوڵەت_نەتەوەو پیشەسازیگەرایی"ن. مۆدێرنیتە پێناسەی ئەم سەردەمە دەکات. پێویستە مۆدێرنیتەو سەرمایەداری وەک هەمان شت نەبینرێنو تێکەڵنەکرێن (بەو واتایەی دوو چەمکی جیاوازن لەگەڵ یەکتردا). مۆدێرنیتە لە سەرمایەداری، دەوڵەت_نەتەوەو پیشەسازیگەرایی پێکدێت. ئەم بنیاتنراوە لە سەدەی شازدەیەمەوە دەستیپێکردووەو بووە بە بابەتێکی کۆنکرێتی. سۆشیالیزمی بنیاتنراویش بەرهەمی ئەم مۆدێرنیتەیەیە. پێویستبوو سۆشیالیزم وەک جێگرەوەی ئەو سێ پایەیەی مۆدێرنیتە سەریهەڵبدایە، بەڵام تەنها هەوڵی شیکاریی سۆشیالیستیانە بۆ سەرمایەداریو تێکۆشان دژی سەرمایەداری هاتەپێش، ئەوەش بەرەوپێشنەبرا. هەر بۆ خۆی بەم حاڵە پێشنەدەخرا، چونکە تەنها بە بەیاننامەیەک یان بە

مانیفستۆی کۆمەنیست سنووردار بوو. پیشەسازیگەرایی بەو شێوەیەی خۆی پەسەندکراو بەرزیانکردەوە بۆ ئاسمان. ئەمە جیابوونەوەیەکی کارەساتبارو هەڵەیەکی گەورەیە. دیسان مارکس لە سەر دەوڵەت_نەتەوە هیچ شیکارییەک/ ناساندێکی نەبوو. لەم لایەنەوە بۆشاییەکی گەورەی ئایدۆلۆژیی هەیە. بۆئەوەی ئەو مافەی پێبدەین، ئێمە دەڵێین: دوای ماوەیەک مارکس درکی بەم پێناسە سەیرەی خۆی کردو جیاوازییەکەی بینی. لە قۆناغی نوسینی کتێبی سەرمایەدا کتێبی سێیەم لە سەر دەوڵەت دەبوو، بەڵام تەمەنی ڕێگەینەدا. ئەگەر ئەو کتێبەکەیشی بنوسیبایە، بۆی ئەستەم بوو، کە ڕاستیی بنووسیبایە، بۆیە دیدی هەڵسەنگاندنی مارکس بۆ دەوڵەت_نەتەوە سنووردار بوو.

دەتوانرێت بوترێت مارکس ڕەخنەو هەڵسانگاندنی لە سەر پیشەسازیگەرایی نەبوو. ئەو تەنها لە سەر دژایەتیی سەرمایەداری شیکارییەکی سۆشیالیزمی پەرەپێدا. زۆر کەموکورتییشی لە ناودا هەیە، نەدەتوانرا پێشبخرێت. ئەم تیۆرییەی سۆشیالیزم لە شیکاریی مۆدێرنیتەدا ناتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی تەواو. ئەم توانایەی نییە. هەرچەندە بەشێکە لە مۆدێرنیتە، بەڵام لە ناو سنووری خۆیدا دەمێنێتەوە.

کێشەی سەرەکیی سەردەمەکەمان ئەمەیە؛ مۆدێرنیتە بە هەرسێ سوارچاکە مەحشەرەییەکەی، مرۆڤایەتیی بەرەو قیامەت دەبات. ئیستیغلالی سەرمایەداریی ئەمڕۆ گەیشتووەتە ئاستی دڕندەیی. وەک نەخۆشیی شێرپەنجە لە جیهان بڵاودەبێتەوە. دەوڵەت_نەتەوە هێزە چالاکەکەیەتی. لە سیستەمی دەوڵەت_نەتەوەدا سوپای نەتەوە خۆی دەبێتە نەتەوە. لە بنەمای ئەم سیستەمەدا پێکدادانو شەڕ هەیە. دەوڵەت_نەتەوە سیستەمی کۆمەڵگەی شەڕکەرو شەڕخوازە. لەم شەڕانەشدا هەر جارێ ملیۆنان کەس دەکوژرێن (هەردوو جەنگی گەورەی جیهانی نموونەی بەرچاون لەم بارەیەوە).

**پەیدابوونی ڕێبەرێتی لە ناو پەکەکەدا، خاڵی وەرچەرخانە لە مێژوویی کورددا. بە لایەنی کەمەوە، هێندەی هۆشیاربوونەوەی کوردو شۆڕشی ژیانەوە، گرنگە.**

لە سەرەتاوە پیشەسازیگەرایی هەموو سەرچاوە ژینگەییو ژیانییەکانی سەرزەویو ژێرزەوی دەخواتو بەو شێوەیە دەجوڵێتەوە. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئەو ئەهریمەنەی بە دەستی خۆی دروستیکردووە، دەیخوات. ماوەیەکی درێژ لێپێچینەوە لە پیشەسازیگەرایی نەکرا،

یان دوورخراوەتەوە. لەم بابەتەدا ئەوەی کە پێویستە سەرەتا بوترێت، ئەوەیە، کە پیشەسازیگەرایی هێندە بێتاوان نییە وەک ئەوەی دەبینرێت، چونکە پیشەسازیگەرایی تەونی کۆمەڵایەتیو پەیوەندیی نێوان مرۆڤو سروشتی گۆڕیوە.

بینینی پیشەسازیگەرایی وەک دیاردەو چالاکیی ئابووریو ئاشتییانە، دیدێکی هەڵەیە. پیشەسازیگەرایی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ تەکنەلۆژیای شەڕدا تێکەڵبووە. ئەمەیە، کە دەوڵەت_ نەتەوە دەکاتە مومکین. بە واتایەکی تر، تێکەڵکردنی پیشەسازیو تەکنەلۆژیاو شەڕو یەکبوونیان لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی پیشەسازیگەراییە، بۆیە بە ڕێکەوت نییە، کە دەوڵەت_نەتەوە پێشکەوتووەکان خاوەنی پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای شەڕن.

بە کورتی ئەگەر مرۆڤ پێشکەوتنە پیشەسازییەکان وەک خاڵێکی بێکاریگەر/ پاسیڤ ببینێتو لە خەبات دژی مۆدێرنیتەدا کاریگەرییەکی ڕاست نەگرێتەدەست، ئەوا شانسی سەرکەوتنی ئەو خەباتە نییەو دروستیشنابێت. ئەگەر مۆدێرنیتە ڕانەوەستێنرێت، یان ڕێگریلێنەکرێتو بەو شێوەیە بەردەوامبێت، ئەوا (٥٠) ساڵ تەمەنی جیهانەکەمان ماوە. من باسی دیستۆپیاو پێشبینییەکی مەترسیداریی خەیاڵی ناکەم، باسی داهاتوویەکی مەحشەریی ڕاستەقینە دەکەم. مارکس درکی بەم هەڕەشەو مەترسییە کردو دەستیکرد بە بەرپەرچدانەوەی، بەڵام نەیتوانی پەرەیپێبدات. مارکس دەبوایە شەش کتێبی بنووسیبایە، بەڵام تەنها بەرگی یەکەمی کتێبەکەی نووسی. ئەویش بە کەموکورتییەوە نووسیی. بە شیکارکردنی چینایەتیو ناساندنی ژێرخانەکانی کۆمەڵگە سنووردار بوو. کاتێک کە ویستی ئەو ڕاستییە هەڵگەڕێنراوەیە پێچەوانەبکاتەوەو بیخاتەوەسەر پێیەکانی. لە دوای هیگڵیش مایەوە. ئەنگلس هەندێک هەوڵیدا مارکس تەواوبکات. دەستیخستەسەر بابەتەکانی وەک "ڕیشەی دەوڵەت، خێزانو موڵکایەتیی تایبەت، دیالەکتیکی سروشتیو ڕۆڵی توندوتیژی لە مێژوودا"، بەڵام تەمەنی ڕێگەینەدا. لینین هەوڵیدا لە بواری دەوڵەتو سیاسەتدا شیکارییەکی دروست بکات، بەڵام ئەویش نەیتوانی. ماوتسی تۆنگ ویستی ئەم تیۆرییە بگۆڕێت بۆ خەباتی ژێردەستان، بەڵام ئەویش سنووردار بوو. ماو دەیتوانی شیکارییەکی یەکگرتوو لە سەر سیستەمو چارەسەرییەکی جێگرەوە پەرەپێبدات، بەڵام ئەویش بە هەمان شێوە کورتیهێنا لە سەرڕێخستنی بیرۆکەکەی.

ئێمە بۆ ئەوەی ئەو مۆدێرنیتەو سۆشیالیزمە بنیاتنراوەی هەیە، تێیبپەڕێنین، هەوڵماندا شیکارییەکی نوێو تیۆرییەکی سۆشیالیستی جێگرەوە

پەرەپێبدەین. ناوماننا "مۆدێرنیتەی دیموکراتیک" لە بەرانبەر هەرسێ پایەکەی مۆدێنیتەی سەرمایەداری، یان بڵێین لە بەرانبەر سەرمایەداری، دەوڵەت_نەتەوەو پیشەسازیگەرایی ئێمە نەتەوەی دیموکراتیک، کۆمۆنەو شیکاری ئابووری ئیکۆلۆژیی (ئیکۆ_ئیکۆنۆمی) مان پەرەپێدا. سیستەمی کۆمەڵگەیی ئازادیخوازمان لە سەر شیکاری ئەو سێ بوارە پەرەپێداو وەک "مۆدێرنیتەی دیموکراتیک" پێناسەمانکرد. ئیمە نووسیمانو بینیمان هاوتەریبییەکی گرنگ لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، بێگومان ئەم سێ بابەتەش لقیان لێدەبێتەوە. بۆ نموونە یەکێک لە بەشە گرنگەکانی کۆمۆنە ئازادیی ژنە. لەگەڵ ئەوەدا مرۆڤ دەتوانێت سیاسەتو ئەخلاقو ...هتد بۆ خۆی بکاتە بنەما. بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم بابەتە دەخەینەڕوو، بەڵام پێناسەکردنی ئەم سیستەمە بە گشتی وەک "مۆدێرنیتەی دیموکراتیک" بەسە.

لە ئایینە تاک_خوداپەرستییەکاندا چەمکی مەحشەر تەنها بۆ کۆتایی دنیا وتراوە، ئەم گوزارشتە بۆ ئەم دونیایەش گونجاوە. ئەو مەحشەرەی کتێبە پیرۆزەکان/ ئاسمانییەکان باسیدەکەن، هەر ئەمەیە. مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییش مەحشەرێک بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێتەئاراوە. سۆشیالیزم کە دەبوایە لە بەرانبەر ئەوەدا بوەستایەتەوەو ڕێگریلێیبکردایە، بەڵام لە واقیعدا بووەتە بارگیری مۆدێرنیتەی سەرمایەداریو خۆراکی جانەوەری مۆدێرنیتە. یەکێتیی سۆڤیەتو چین نموونەی ڕوونی ئەم ڕاستییەن، چینییەکان مرۆڤی سەیرو عەجیبن، هەوڵیاندا سەرمایەداریو سۆشیالیزم تێکەڵ یەکدی بکەن. ڕەنگە مرۆڤ بتوانێت بیربکاتەوە، بەڵام چین بەم کارەی سۆشیالیزمی خستووەتە خزمەتی سەرمایەدارییەوە.

لە ئەنجامدا بووە خزمەتکاری سەرمایەداریو تەمەنی درێژترکردەوە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا سەرمایەداریی چین بۆ هەژموونی یان بۆ باڵادەستبوونی لە جیهاندا لەگەڵ ئەمریکادا لە ڕکابەریدایە. ئەمریکا دەتوانێت بە دژواری وەڵامی ئەو هەوڵە بداتەوە، ئەمەش شەڕی ئەتۆمی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئا ئەمەیە مەحشەر. ئەنیشتاین وتبووی: "گەر جەنگی جیهانیی سێیەم بە چەکی ئەتۆم ڕوبدات، ئەگەر هەندێک مرۆڤیش لە ژیاندا بمێننەوە، ئەوا جەنگی جیهانیی چوارەم بە بەردو دار دەکرێت"، ڕاستی وتووە. بۆ ئەم بەشە ئەوەندە بەسە.

## دووەم: ڕاستیەتی/ و اقیعیەتی کوردو کوردستان

ماهیەتی هەر دیاردەو پرسێک، لەسەر شێوەو دیالەکتیکی بوونو مانەوەکەی فۆرمولەدەبێت. ئەم دیاردەیە چۆن پەیدابووەو شێوەیگرتووە؟ چۆنو لە

سەر چ بنەمایەکی ماددیو مەعنەوی درێژە بە هەبوونی خۆی دەدات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە، چەند پێدراوێکمان پێدەبەخشێت لە بارەی ماهیەتی بوونو نەبوونی دیاردەکەوە.

وەختێک مرۆڤ لەم چوارچێوەیەدا لێیدەڕوانێت، ڕاستینەی کورد بە هاتنی مۆدێرنیتەکۆتاییهاتووەو نەماوە.ڕاستینەی کوردو کوردستان وەک چەمکو دیاردە بە کۆمار/ کۆماری تورک قڕکراو داپۆشرا. بە گوتنی وەک "کوردستانی خەیاڵی لێرە نێژراوە" خاوەنداری لەم قڕکردنە کرا. ڕەوشی بەشەکانی تری کوردستانیش جیاواز نەبوو. ڕاستییەک بە ناوی کوردو کوردستانەوە نەمابوو.

وەک تەڤگەرێکی هاوچەرخو مۆدێرن، گرنگترین سەرکەوتنی پەکەکە زیندووکردنەوەی ئەم ڕاستییە بوو. پەکەکە ڕاستیی کوردو کوردستانی سەلماند، گەیاندی بە ئاستێک، کە کەس نەتوانێت لەناویببات. خەباتی گەورەی پەکەکە، بابەتی بوونی کوردو کوردستانی هێشتەوە. هۆشیارییەکی بەهێزو پتەوی دەربارەی بوونی کورد پێشخست. بۆئەوەی بزانن ئەمە چۆن پێشخراوە، دەبێت بڕواننە ئارگومێنتە مێژوویی‌و سۆسیۆلۆژییەکان. من پێش (٥٢) ساڵو مانگێکو (٤) ڕۆژ، بە گوتنی "کوردستان داگیرکراوە!" کەوتمەڕێ. وەختێک ئەمەم گوت، بێهۆشکەوتم. ئەمە دۆزینەوەیەکی دژوار بوو. بە گوتنی ئەمە، ترس دەکەوتە دڵم. کاتێک ئەم وشانەم بە یەک دوو هەڤاڵ گوت، وەخت بوو بێهۆشبکەوم. لەوێوە گەیشتین بە ئەمڕۆ. هێزی وشە بەکەممەگرن. کاتێک وشە لەگەڵ ڕاستیدا یەکدەگرێت، زۆر کاریگەرە، ئافرێنەرەو مرۆڤ ئاڕاستەدەکات. ئەم وشەیە تەنها ڕێخۆشکەر نەبوو بۆ بەرخۆدانێکی مەزن، بەڵکو گۆڕا بۆ وردبوونەوەیەکی مێژوویی مەزن. پاشان شرۆڤەکان دەربارەی نیولیتیکو ئایدۆلۆژیای ئازادیی ژنو سۆشیالیزمو ...هتد، بە دوای یەکدا هاتن. ئامانجی هەموو ئەمانە؛ دەرخستنی ڕاستیی کوردو بەدیهێنانی ڕۆشنگەریی کورد بوو. ئەم ئامانجەمان بەدیهێنا. گەیاندمان بە سەرکەوتن. ئەم ڕێپێوانە مێژووییە مەزنو شیکارییە سۆسیۆلۆژیو تێکۆشانە سیاسییە، ڕاستیی کوردو کوردستانی سەلماند، وایکرد لە لای دۆستو دوژمن قبوڵبکرێت.

**ئاپۆ، مەسیحێک نییە لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، بەڵکو ڕێبەرێکە، بە ڕەنجو کۆششی کۆمەڵایەتی خۆی ئافراندووە.**

باشە، ئایا پرسی ئازادکردن چارەسەرکرا؟ نەخێر. ڕاستیی کورد سەلمێنرا، خۆی گەیاندە هۆشیاری ئایدۆلۆژیو ڕێکخستنی، بەڵام لە هەنگاوی ئازادبووندا چەقی. لە پشت ئەم چەقینو بنبەستەوە،

ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی بنیاتنراوو کاریگەرییەکانی هەن. سۆشیالیزمی سەدەی بیستەم لە چەندین شوێنی جیهان دەسەڵاتی گرتەدەست. یەک لە سەر سێی جیهانی بەدەستەوەبوو، بەڵام نەیتوانی بمێنێتەوە، ڕوخا. ئەم ڕەوشە، بۆ ئێمەش وەک قەیرانێک کەوتەوە. سۆشیالیزمی بنیاتنراو هەڵوەشایەوە، ئێمە ماینەوە، بەڵام ئێمەش سەختییەکمان ئەزموونکرد. سۆشیالیزمی بنیاتنراو، چونکە پرسی ئازادیی چارەسەرنەکردو ئایدۆلۆژیای ئازادیی پێشنەخست، هەڵوەشایەوە. دەرچوون لە قەیرانی ئایدۆلۆژی زەحمەتو دژوارە. کاتێک ئەو ئارگۆمێنتە ئایدۆلۆژییانەی پشتیپێدەبەستن، شکستیانهێناوە، ئیتر پەنادەبەن بۆ کام چوارچێوەی ئایدۆلۆژیو کامە شیکاریی سۆسیۆلۆژی؟ سۆشیالیزمی بنیاتنراو هەڵوەشایەوە. شتێکی لێنەماوەتەوە. هەوڵماندا هەر چۆنێک بێت باوەڕمان بە سۆشیالیزم بپارێزین. ئەو دەمە هەڵسەنگاندنێکم کرد بە ناونیشانی "سووربوون لەسەر سۆشیالیزم؛ سووربوونە لە سەر مرۆڤبوون". دڵسۆزیو باوەڕی خۆم بە سۆشیالیزم پاراست. تێکۆشام هەتا ئەمە بگۆڕم بۆ هۆشیارییەک. ساڵانێکی سەختو دژوار بوون. یەکێک لە ئەنجامە ستراتیژییەکانی ئەم هەوڵەمان "نەتەوەی دیموکراتیک"ە، ئەمەش بووەتە هەناسەیەک بۆ دیدی سۆشیالیستی. ئەم هەنگاوە هەم بۆ دیدی سۆشیالیستیو هەم بۆ پەکەکە، گۆڕا بۆ ستراتیژێک. ئەمڕۆ (لە ڕێی ئەم پرۆسەیەوە) تەنها ناو لەم گۆڕانکارییە دەنرێتو فەرمیەتی پێدەبەخشرێت. ئەوە (٢٠) ساڵە هەوڵدەدەین ئەم گۆڕانکارییە بکەین.

**ئۆجەلان پێیوایە دەوڵەت باخچەلی باشتر لێیتێگەیشتووە، بەراورد بە بەرپرسانی هەدەپە.**

چارەسەری "نەتەوەی دیموکراتیک" دەبێتە بناغەی ئەم پرۆسەیە. دیدی چارەسەری مۆدێرنیتەی دیموکراتیک؛ نەتەوەی دیموکراتیکە. لە دەقی بانگەوازەکەدا بە "ئاشتیو کۆمەڵگەی دیموکراتیک" ناومانبردووە. هەردووکیان هەمان شتنو هەڵگری هەمان واتان.

پەکەکە ئەو بزوتنەوەیەیە، کە ڕاستیی کوردستانی دەرخستو ئەم بوونەی مسۆگەرکرد. کەس ناتوانێت ئەم ڕاستییە لەناوببات. ئەو هەنگاوەی لەمەودوا دەنرێت، بۆ بەدیهێنانی ئازادییە. کۆمەڵگەی ئازاد ئیتر لە سەر بناغەی کۆمۆنەو ئەخلاقو سیاسەت فۆرمولەدەبێت. وا دیارە ناکرێت ئەم هەنگاوە لە ڕێگەی پەکەکەوە بەدینایەت. گەر پەکەکە نەبوایە، چ دەمایەوە

لە ناوی کوردو کوردستان! کولتووری کوردو کوردستانیش، وەک کولتوورەکانی ئینکاو ئازتێک لە ئەمریکای لاتینو سووورپێستەکان لە ئەمریکای باکوور لە ناو لاپەڕەکانی مێژوو دەمایەوە، یان هەر نەدەما.

ڕاستییەکەی، ئەم مەترسییە یان ئەم ڕەوشە، هێشتا تێپەڕنەبووە. کوردەکان لە دێرسیمو چەولیکو زاگرۆس، هێشتا پاشماوەیەکی کولتووریین. هۆزەکان پەرتەوازەبوون، زمانێکی کاریگەر نەماوە، دابەشبوونی تەریقەتەکانو شەڕی نێوان عەشیرەتو بنەماڵەکان هێشتا ماوە. کاتێک سەرەڕای هەبوونی پەکەکە، هێشتا ئەم ڕەوشە تێپەڕنەکراوە، هۆکارەکەی پەرتەوازەبوونی قووڵی مێژوویی- کۆمەڵایەتی ڕاستینەی کوردە. لەم خاڵەوە، چیتر زانیم وشەی "ژێردەست" یان "داگیرکراو" بۆ ئەم ڕەوشە بەس نییە. ئەم ڕەوشە لە ژێردەستی ئەولاترو قووڵترە، جۆرێکە لە "کۆمەڵگەی زبڵدان..." گۆڕستان. لە دۆڵو ڕوبارو ئەشکەوتەکانی دێرسیمدا، هێشتا ئێسکوپرووسک ماون. هێشتا گۆڕی دوایین نوێنەرانی نەریت دیار نییە. کەس نازانێت گۆڕی شێخ سەعیدو سەعیدی کوردیو سەید ڕەزا لە کوێیە. ئەمانە بەهێزترین نوێنەری کوردایەتی دێرینن.

چەند کۆمیتەیەکی جولەکەکان بە ناوی یودنرات (شورای جولەکەکان) هەبوون، ئەم کۆمیتانە دەستیان هەبوو لە جینۆسایدی جولەکەکاندا. ئەو گرووپو خێزانو توێژە جوولەکانە بوون، کە هاوکاریی فاشیستەکانیان کرد. تاوەکو بۆ ڕۆژێک تەمەنی خۆیانو خێزانەکانیان درێژبکەنەوە، جولەکەکانیان بەرەو ژوورەکانی گاز ڕەوانەدەکرد. بە جولەکەکانیان دەگوت: "دەتانبەین بۆ حەمام"، کەچی فریویاندەدەنو دەیانبردن بۆ ژوورەکانی گاز. ئەم کۆمیتە هاوکارانەی جولەکەکان، بە گوێرەی ئەو ژمارەیەی داوادەکرا، دەستنیشانیاندەکرد، کە کێ دەچێتە ژوورەکانی گازو لیستی ناوەکانیان ئامادەدەکرد. فاشیستەکان ئەم کۆمیتانەیان دامەزراند. کاتێک بیرم لەم بابەتە کردەوە، بینیم، کە ڕاستینەی کوردیش وەک ڕاستینەی یودنراتە. ئەم ڕاستییەی کوردە، کە دەڵێم لە ژێردەستیو داگیرکراوی زیاترە. ئەوەتا بنەماڵە هەرە بەناوبانگەکانی وەک بارزانیو بەدرخانو بەشێک لە نەوەکانی شێخ سەعیدو سەید ڕەزا بوونەتە یودنرات. بۆ ڕزگارکردنی بنەماڵەکانیان کوردایەتی دەبەن بۆ لەناوچوونو سڕینەوە. کەسیان کتێبێکیان نەنووسیوە. خاوەندارییان لە بیرەوەریی باپیرانیشیان نەکردووە. دوژمنایەتی کوردی ئازادیخواز دەکەن. دواجار لە بەدلیس پەرلەمانتارێک، لە شەرناخ قەیومێکی شارەوانییان بەخشی بە بەدرخانەکان. ئەمە ئیشی یودنراتەکانە. بەم دواییانە ئەم تێزەم پێشخستو تەواو بڕوام پێیەتی. لە بریی گوتنی "ڕاستی

کـوردو کـوردسـتـان داگیرکـــراوە"، بـڕوام وایـە ئـەم وشـەیـە (یـودنـرات) زیـاتـر ئـەم ڕاسـتییە ڕاڤـەدەکات. ئەمە ڕەهەندێکی نـوێی کارکـردنـمـە لـە سـەر چـەمکـەکان. ئـەم ڕەهـەنـدەی کارکـردنـم، دەتـوانێـت باشتر ئەوە پێناسەبکات، کە چ شتێک لە ڕاستیی کوردو کوردستاندا ڕوودەدات.

لەگەڵ ئەمەدا، لە لای کوردان هەڵهاتنێکی مـەزن دەبـینرێت. لـەبیرتـانـنـەچێت، ئێوە هێـشـتـا لـە ڕاســتیی خـۆتـان هـەڵـدێـن. کـوردایـەتـی لـە حـاڵـەتی هـەڵـهاتـنـدایە. شێوازێکی سەرۆکایەتیم بۆ کوردان هەیە. چـۆن دەتـوانـم تێـیانـبگـەیـەنم، کـە ئـەم هـەڵهاتـنـە واتـای چییـە، چـۆن دەتـوانـم هەڵهاتنەکەیان (لـە ڕاسـتیی کوردایـەتی) بوەستێنم، سەرقاڵی ئەمە بووم‌و ئێستاش پێیەوە سەرقاڵم. من هـەم فێرتاندەکەم، هـەم وادەکـەم باجی ئـەم هەڵهاتنە بدەن. شێوازێکی سـەرۆکایەتیی وەهـام هـەیە. من بە ئێوەم گوت: "ناتوانیت لە کوردایەتی هەڵبێیت. کوردایەتی شتێک نییە بتوانی لێیهەڵبێیت. پەناتانبردەبەر هـەزار فێڵ، هەوڵدەدەن فریومبدەن". هەمان شتم بە دەوڵـەت گوت: "ناتوانن فریومبدەن. چی دەکەن، بیکەن. ئەم ئاپۆیەی بەرانبەرتان فـریـونـادرێـت". (٥٠) سـاڵـە بـە ئـێـوە، بە یەکەکە دەڵـێم. هـەرچـەنـدە هـەوڵـدەن بمکەن بە مەسیح‌و جانەوەر، لە دەستم ڕزگـارنـابـن. (٥٠) سـاڵـە سـەرۆکـایـەتیی شتێکی وەهایە.

دەوڵەت بۆچی ئەم مێزی گفتوگۆیەی دانا؟ چۆن‌و بۆچی توانیمان ئێوە لە سـەر ئەم مێزە کۆبکەینەوە؟ ئەمە کۆبوونەوەیەکی جـددیـیـە. کـۆبـوونـەوەی کـــوردە. لـە ڕۆژانـێـکـەوە هـاتـوویـن، کـە دەوڵـــەت سـزای قـورسی بـەرانـبـەر وشـەی "کـورد" دانـابـوو. ئـەم کۆبـوونـەوەیـە زۆر مـانـای جیاواز هەڵدەگرێت. چۆن ئەمە بخەینە بــواری جێـبـەجێـکـردنـەوە، خـەریـکین هـەڵـیـدەسـەنێـنین. چـۆن گـەیـشـتین بە ئێرە، بۆ ئەمە چ تێکۆشانێک کرا، من لە هەموان باشتر ئەمە دەزانم. کادیرەکانی سەرەتاشمان، هێشتا لە تێگەیشتن لەم ڕاستییە دوورن، بۆیە ناتوانن داهێنەر بن. ناتوانن ڕێبەر بن. لە گیانبەخشین‌و مردن نـاتـرسێـت‌و هـەڵـنـایـەت، بـەڵام نـایـەوێت نزیکی ڕاستی ببێتەوە. ئیتر، ڕاسـتیی کورد لە ژێـردەستی زیـاتـر بـووەتـە شتێکی وەک "زبڵخانە"، گەیشتووین بەم ڕاستییە.

ئەفـریـقـاش داگیرکـرابـوو، بـەڵام ئێستا هـەریـەکـەیـان (هـەر وڵاتـێـک) بـوونـەتـە دەوڵـــەت_نـــەتـــەوەیـــەک. ئـەمـریـکـای لاتـیـنـیـش وەهـــایـــە، بـــەڵام لـــە ڕاســـتیی کـــورددا، شـتـێکی وەهـــا نـیـیـە. نـازانـرێت کـــورد چـیـیـە. دێــریــن‌و نـەریـتـیـیـە یـان مـۆدێـرن؟ بـووەتـە ڕاسـتـیـیـەکی تـراژیـدی. هۆکاری ئەمە فشاری دەرەکی نییە، وەک ئـەوەی حـەزدەکـەن وا بێت. هـۆکارەکـەی نـاوخـۆیـیـە. ئـەو تـاکـتـیـک‌و سـتراتیژانـــەی من دەیـخـەمـەڕوو، بۆ ئاشکراکردنی ئەم ڕەوشـە یەکلاییکەرەوەن.

جـوگـرافـیـای کـوردسـتـان یـەکـەم جـار

لەلایەن سۆمەریەکانەوە وەک "کورد، هوریی، ئور" ناوبراوە. بەمەش یەکەم پێناسەی جوگرافی خراوەتەڕوو. ئەو کاتە لە هیچ شوێنێکی دنیا، ناوی هیچ وڵاتێک نییە. بەڵام ئێرە (کوردستان) وەها ناونراوە. پاشان وەک "کوردیا" لە نوسینە مێژوویەکانی یۆناندا جێدەگرێت.

**ئۆجەلان بە هەموو شێوەیەک دژی هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەمە بۆ پرۆسەی ئاشتی.**

مێژووی هیرۆدۆت نزیکەی نیوە زیاتری دەربارەی ڕاستیی کوردستانە. کۆمەڵگەی یۆنان چاو لە مادەکان دەکات. لاسایی مادەکان دەکەنەوە. لە ژێر کاریگەریی مادەکاندا، دیموکراسیی خۆیان ئافراند. لە سەدەی ناوەڕاست، پاش شۆڕشی ئیسلام ناوی کورد بە تەواوەتی جێیگرت. سەلجوقییەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ناوی کوردستانیان کردە دیاردەیەکی سیاسی. سوڵتان سەنجەر هەمەدان دەکاتە پایتەختی خۆیو "کوردستان" وەک ناوەندی وڵاتی هەمەدان ناودەبات. یەکەم جار لەلایەن سوڵتان سەنجەرەوە، کوردستان وەک یەکەیەکی ئیداری ناودەبرێت. حاکمێکی تورک، کوردستان بنیاتدەنێت. لەم ڕاستییەوە گەیشتم بەوەی کە ئایا سوڵتانی سەلجوقییەکان سوڵتانی کورد نییە؟ پایتەختەکەی لە ئەکباتانە (هەمەدان)و وەزیرەکەی نیزامولمولکە. بە وەزیرەکەی دەڵێت: "برۆ، خێزانەکەم بپارێزە". هەتا دەڵێت: "ئەگەر شکستمانهێنا، دەکشێینەوە بۆ هەمەدان". پاڵپشت بە هەمەدان، شەڕی مەلازگرت دەکات. واتە ئالپ ئەرسەلان وەک میرێکی کورد شەڕدەکات. ئەمەش سەرەداوێکە بۆ تێگەیشتنی نوێی ئێمە لە مێژوو. ئالپ ئەرسەلان زیاتر میرێکی کوردە نەوەک تورک. خێزانەکەی لە هەمەدانە. وەزیرەکەی خەڵکی ئەوێیە. باشە، لە سەر بنەمای ئەم زانیارییانە، چۆن سەلجوقییەکان هەڵبسەنگێنین؟ میرنشینێکی تورکە یان کورد؟ پێویستە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆی زیاتر لە سەر ئەم خاڵە بکرێت. ئێستاش دەوترێت نیوەی دانیشتوانی هەمەدان تورکمانن. ئێستا زۆربەیان بوونەتە کورد. لە میرنشینەکاندا، مەڕوانییەکانو شەدادییەکان جێگەی سەرنجن. مەڕوانییەکان لە نێوان فوراتو دیجلە گوزارشت لە کوردبوون دەکەن. ئەوانیش لە ڕێگەی ئیسلامەوە بەرەوپێشدەچن. لە لای سەلجوقییەکانیش هەمان ڕەوش هەیە. ئالپ ئەرسەلان هێزی چەکداری مەڕوانییەکان دەداتەپاڵ خۆیو لە شەڕی مەلازگرت دژی بیزەنتییەکان دەجەنگێت. ئالپ ئەرسەلان فەرماندەیەکی سەربازییە، دەوروبەری پڕە لە کورد. پاداشتەکەش میرنشینێکە. ئەگەر کوردەکان لایەنگری

بیزەنتییەکانیان بکردایە، ئالپ ئەرسەلان سەرنەدەکەوت. بێگومان، بە هاوپەیمانی لەگەڵ کورداندا، ئالپ ئەرسەلان لەو شەڕەدا سەرکەوت. لە ساڵەکانی (١٠٥٠-١٠٦٠)لە باشووری قەوقاس، سەلجوقیو شەدادی دەبنە هاوپەیمانو ڕێککەوتنێک دەبەستن بەرانبەر بیزەنتییەکان. نە شەدادییەکان دەتوانن بە تەنها بمێننەوە، نە سەلجوقییەکان بە تەنها دەتوانن هەنگاوبنێن. هەردوولا ڕێککەوتنێکی مێژوویی دەبەستن. بەرهەمی سەرەتایی ئەم ڕێککەوتنە مێژووییە، لەشکرکێشییە دژی شانشینی ئەرمەنییەکان. شارەکانی ئانیو قەرس فەتحدەکرێن. دوای ئەم شەڕە، شاری ئانی دەدەن بە مەنوچەهرو قەرس دەدەن بە توغرول. وەک پاشماوەی ئەو کاتە، هێشتا لە قەرس مزگەوتی مەنوچەهر هەیە.

**ئەگەر مۆدێرنیتە ڕانەوەستێنرێت، یان ڕێگریلێنەکرێتو بەوشێوەیە بەردەوامببێت، ئەوا (٥٠) ساڵ تەمەنی جیهانەکەمان ماوە.**

پەیمان یان ڕێککەوتنی نێوان سوڵتان سەلیمو ئیدریسی بەدلیسی زۆر گرنگە. شەڕەکانی ڕدانیەو مەرج دابقو چاڵدێران بەرهەمی ئەم ڕێککەوتنەن. لە ئەنجامی ئەم شەڕانەدا، عوسمانییەکان بوونە ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کوردەکان توخمێکی سەرەکین لە پێکهێنانی ئەم ئیمپڕاتۆریەتەدا. کاتێک چەلەبی محەمەد پاش بەدیلگرتنی باوکی هەڵدێت، بایەزیدی پاشای ئاماسیا ئەو دەخاتە پشتی خۆی، هەتا ئاماسیا دەیبات. ئەویش پاشایەکی کوردە. ڕەنگە ئەمە ڕوداوێکی سیمبولیک بێت. لەو کاتەدا، لە ئاماسیا؛ باڵی قوتلوشاهی شەدادییەکان، خانەوادەی فەرمانڕەوا بوون. چەلەبی محەمەد پاشاش، کە عوسمانی لە قۆناغی بنبەست ڕزگارکرد. مەلا گۆرانیو ئاق شەمسەدینیش کوردن، ئەوان سوڵتان محەمەد هاندەدەن بۆ فەتحکردن/ ڕزگارکردنی ئەستەنبوڵ. پێویستناکات باسی شەڕی ڕزگاریی تورکیا بکەم. مستەفا کەمالیش نەوەک لە شارە تورکییەکانی وەک ئەزمیرو تراکیا، بەڵکو لە ئەرزەڕۆمو فارقین، لە جوگرافیای کورد، ئەم شەڕە دەستپێدەکات. شەڕی ڕزگاریی تورکیا بە هاوپەیمانیەتیی کوردو تورک گەیشتە سەرکەوتن؛ کەس ناتوانێت نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات. ئەنجامەکەش کۆماری تورکیایە، کە پێیئاشنایین. کوردەکان، وەک دامەزرێنەرانی سەرەکیی کۆمار، پاش ساڵێک پەراوێزخران. ناسنامە (کولتوورو ناوی کورد) قەدەغەکرا. بەم جۆرە، ئەو کوردانەی کە لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە لە مێژوودا تۆمارکراون، بە دامەزراندنی کۆماری تورک، نادیدەگیران.

پەکەکە بە بەرخۆدان ئەم نکۆڵییەی پوچەڵکردەوە. ناسنامەو ڕاستیی کوردی لە ڕووی مێژوویی‌و کۆمەڵایەتییەوە پیشاندا، بۆ دۆست‌و دوژمنی پێناسەکرد، بەڵام هێشتا ئەنجامەکانی ئەم نکۆڵییە (لە کەسێتیی ئێوەدا) بە تەواوەتی تێپەڕنەکراوە. هێشتا لە ڕاستیی خۆتان هەڵدێن. من لە ئێوەدا ناسنامەو کەسێتییەکی تەندروست‌و جێگیر نابینم، ناتوانم ببینم.

ئەم کارە تەنها بە بەرخۆدان نابێت. لە قەوارەی نوێدا (ژیان‌و کۆمەڵگە)، کولتووری شۆڕشگێڕی‌و ڕێکخراوی دیموکراتیک‌و ڕێکخراوی نەتەوەی دیموکراتیک‌و ڕێکخراوی توێژینەوەو زمان، ڕۆڵی خۆیان دەبێت. نابێت ئەم ڕێکخراوانە بە سەرمایەدارییەوە گرێدراو بن. پێویستە کۆمەڵگەی کورد دژی سەرمایەداری بێت. دەبێت کورد بە نەتەوەی دیموکراتیک‌و ئیکۆ_ئابووری‌و کۆمۆناڵیتە خۆیان ئازادبکەن‌و ژیانێکی بەردەوام مسۆگەربکەن. ئەمەش بە تێکۆشانی بوون‌و بنیاتنان بەدەستدەهێنرێت. بەرانبەر دەرەوە، دژی فشاری دەرەکی، بەرخۆدان کرا. یەکێک لە هۆکارەکانی تەواوبوونی وادەی پەکەکە ئەوەیە، لە بەرخۆدان دژی فشارە دەرەکییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لەمەودوا، دەبێت بەرخۆدان‌و تێکۆشان ڕووی لە ناوەوە بێت. دەبێت ئەم قۆناغە ببێتە قۆناغی خۆسازدانەوە. بۆ ئەمەش، پێویستمان بە ئاشتی‌و کۆمەڵگەی دیموکراتیکە. ئێستا ئێمە ئاستەنگێکمان لە پێشە.

## سێیەم: کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی پەکەکە

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک ڕیاڵ_سۆشیالیزم (سۆشیالیزمی بنیاتنراو) ڕوخا، پەکەکە زەمانی ئایدۆلۆژیی لەدەستدا، چونکە پەکەکە لە سەر ڕوانگەی سۆشیالیزمی بنیاتنراو خۆی ڕێکخست. بەرنامە، ستراتیژ، تاکتیک‌و ...هتد لە سەر بنەمای سۆشیالیزمی بنیاتنراو دامەزرابوو. لە سەر ئەم بنەمایەش پەکەکە لە پاش ساڵانی نەوەدەکانەوە لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە دوچاری قەیران هات. سەربارى ئەم قەیرانەش، هێشتا لە سەر ڕێگای ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سۆشیالیستی، لە سەر پێی خۆی وەستابوو. لەبەرئەوەی جوڵانەوەکەمان تازە بەرەو پێشەوە دەچوو، پێویستییەکی زۆرمان بە ڕزگاریی نەتەوەیی هەبوو، ئەمەش پاڵنەری مانەوەی پەکەکە بوو لە سەر پێی خۆی. درێژەمان بەم ڕێبازە دا، بەردەوامیمانپێیدا، ئێمە دەمانزانی سەردەمی سۆشیالیزمی بنیاتنراو بەسەرچووە، بەڵام نەماندەزانی چی بکەین بە جێگرەوەی. بە هۆی ئەمەشەوە ئێمە لە ساڵانی (١٩٩٠) هەتا ساڵانی (٢٠٠٠) کەوتینە قەیرانەوە، لە ساڵی (١٩٩٨)

دا من گوتبووم: "من دەست لە پارتێکی وەها هەڵدەگرم". هۆکارەکەی ئەوە بوو، ئێمە نەمانتوانی قەیرانی ئایدۆلۆژیا لە ناو پارتەکەماندا تێبپەڕێنین. لە قۆناغی ئیمراڵیدا لە سەر ئەم کێشەو گرفتانە هەمووی کەوتمەناو لێوردبوونەوەو توێژینەوەی بەرفراوان. دەرئەنجامی ئەم قاڵبوونەوەو توێژینەوانەم بە کتێبێکی پێنج_بەرگی، خستەڕوو. ستراتیژی تێکۆشانی سۆشیالیستو ...هتد زۆر شتی تر، کە سەرلەنوێ پێناسەمکردەوە. لە پێناوی سەرلەنوێ داڕاشتنەوەی ئایدۆلۆژیاو ستراتیژدا، کۆبەرهەمێکی گرنگمان نووسی. ئێمە ڕەخنەی توند لە ناوی "پەکەکە" دەگرینو خۆمان ڕەخنەدەکەین، تێکۆشانی (٥٠) ساڵە بە لایەنی باشو خراپی خۆیەوە، هەگبەی خۆڕەخنەکردنە بەبێ خۆپەڕاندنەوە. ڕاوەستانی سۆشیالیزم دۆخێکی گشتییەو لەم بارەیەوە هەندێک بەدواداچوون هەیە، بەڵام قەیرانو تەنگەژە بەردەوامە. شرۆڤەکانی ئێمەتان لە سەر سۆشیالیزم پێشخستو لە دەرەوەی وڵاتیش هاوسۆزانێکی سۆشیالیستو ڕۆشنبیرتان دروستکردو سەرنجی ئەوانتان خستەسەر خۆتان، ئەمە بە بەباشی دەبینرێت.

پرسی کۆتایهێنان بە کارو خەبات لە ژێر ناوی پەکەکەدا، ئەمە بابەتێکی نوێ نییە، کاتێک داواکاریو خواستێکی وەهام لە ناو دەوڵەتیش بینی، وەڵاممدانەوە. پێمگوتن: من بۆ چارەسەری کێشەکە، لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاو سیاسییەوە، پێویستم بە خاوەنداریەتیو قورسایی کردار هەیە، لە ڕاستیدا ئەوە شەش مانگە ئێمە بەو پرسانەوە سەرقاڵینو هێناومانە هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ، پێویستناکات ئەم بابەتە زۆر بکەینەوە. پێویستە ڕەخنەو ڕەخنەکردنی ناوخۆیی سەرلەنوێو بە شێوەیەکی بنچینەیی بکرێت. بە تایبەتی ئەگەر کۆنگرەی کۆتایهێنان بە کارو خەبات لە ژێر ناوی "پەکەکە"دا کرا. ئەم کۆنگرەیە دەتوانێت زۆر درێژەبکێشێت، کێشە تەنها کۆتایهێنان بە کارو خەبات لە ژێر ناوی "پەکەکە"دا نییە، پێویستە لایەنی باشو خراپی ئەم بابەتە بە چەندان مانگ وتووێژبکرێت. تەنانەت پێویستناکات لە شوێنی "پەکەکە" هیچ شتێکی نوێ دروستبکەن. هەتا پێویستناکات بڵێن سەرلەنوێ دامەزراندنەوە، چونکە ئێمە بە تەنها باسی بینایەک ناکەین، ئێمە باسی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە هۆشمەندیو کەسێتیدا دەکەین. سەرلەنوێ دامەزراندنەوە بە لایەنی زۆرەوە مومکینە پێکبهێنرێت، هەر چۆنێک بێت، چەند مانگێک کاتی دەوێت. بۆئەوەی پرۆسەکە بە دروستی بچێتەپێشەوەو بگاتە ئەنجام، پێویستە پەلەنەکەن. حکومەتو دەوڵەت دەیانەوێت ئەم پرۆسەیە تەنها وەک "چەکدانان" پێناسەبکەن، نیشاندانی قۆناغو پرۆسەکە بەم جۆرە هەڵەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئێمە دەیخەینەڕوو، سەردەمێکی نوێی

بەڵێنو داخوازییەکانی ئێمەیە، بەڵام ئەمە تەنها بە گوێرەی خواستی ئەوان جێبەجێنابێت. لەم بابەتەدا پێشکەوتنە تیۆریو سیاسییەکانمان لە سەر ئەم پرسە بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەیشتووەو ئاڵوگۆڕێکی گەورەی ئەزموونیمان بۆ دروستبوو.

**چینییەکان هەوڵیاندا سەرمایەداریو سۆشیالیزم تێکەڵی یەکدی بکەن، بەڵام بەم کارەیان سۆشیالیزمیان خستووەتە خزمەتی سەرمایەدارییەوە.**

ناتوانین بڵێین، کە ئێمە هەڵسەنگاندن لە سەر کۆنگرەی کۆتاییهێنان بە کارو خەبات لە ژێر ناوی "پەکەکە"دا دەکەین، دەزانم لە کردنەوەی ئەم گرێکوێرەیەوە هەتا بەستنی کۆنگرەش زۆر زەحمەتی دەکێشین. وەک وتمان: خەباتێکی گۆڕانکارییەو ماوەیەکی درێژە دەستپێکردووە.

**چوارەم: دیدەکان بۆ قۆناغی نوێ/ تازە**

پەکەکە لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمی بنیاتنراوو پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی دامەزرابوو. ستراتیژو تاکتیکی تێکۆشانی بە گوێرەی ئەوە فۆرمولەبووبوو، وەها دامەزراو پێشکەوت. کوردستانی یەکگرتوو و سەربەخۆ ئامانجی بنچینەیی بوو، ئێمە ئەم ئامانجەمان وەک "ئامین/ باوەڕ"کردنێک بۆ سۆشیالیزم قبوڵکرد. کاتێک سۆشیالیزمی بنیاتنراو هەڵوەشایەوە، هەروەها لە کێشەی دەوڵەت_نەتەوە وردبوومەوە، کە لە سەر دیدەکانی سۆشیالیزمی بنیاتنراو فۆرمولەبووە، بۆمان دەرکەوت ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە سۆشیالیزمو ڕزگاریی نەتەوەییشەوە نییە. بە پێچەوانەوە، هەرچەندە کە دەوڵەت_نەتەوە لە سەر دیدی سۆشیالیزمی بنیاتنراو دامەزرابێت، بەڵام خزمەتی بە سیستەمی سەرمایەداری کرد. بوو بە مۆدێلێکی سەرمایەداری.

هۆکاری لێوردبوونەوە/ بیرکردنەوەی ئێمە لە سەر سۆشیالیزمو هەوڵی دیموکراتیزەکردنی لە سەر بنەمای ئەم ڕاستییانە بوو، لە ڕاستیدا کاتێک مرۆڤ وشەی "دیموکراتیک" دەخاتەپاڵ سۆشیالیزم، ئەم وشەیە تەواو جێگەی خۆی ناگرێت، لەبەرئەمە سۆشیالیزم دەبێت لە ڕەگەوە دیموکراتیک بێت، بەڵام کاتێک سۆشیالیزمی بنیاتنراو چاوی لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتەو ئامانجی بنیاتنانی دیکتاتۆریەتی کرێکاری (پرۆلیتاری)یە، لە جەوهەرەکەیدا دیموکراسی لاوازدەبێت. لە سەر ئەم بنەمایەش ئێمە دەستەواژەی "سۆشیالیزمی دیموکراتیک"مان کرد بە پێویستی.

دەوڵەت_نەتەوە بە سروشتی خۆی دەسەڵاتپەرستە/ دەسەڵاتخوازە، دەسەڵات لە دەستی پرۆلیتار بێت یان لە دەستی بۆرژوازەکان، لە لایەنی سیاسەتەوە ڕەنگە گۆڕانکارییەک بهێنێتەئاراوە، بەڵام لە لایەنی کولتووری دەسەڵاتخوازییەوە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا بەدیناکرێت، هەروەها تێکۆشانی چینێک لە بەرانبەر چینێکی تریشدا ڕاست نییە. ئەمە تەنها دابەشکردنی کۆمەڵگا لە نێوان چینەکاندا قوڵتردەکاتەوە. لە بریی شەڕی چینێک لە بەرانبەر چینێکی تر، ئێمە دوالیزمی "کۆمۆنە بەرانبەر بە دەوڵەت"مان جێگیرکرد.

دەوڵەت_نەتەوە بە پێچەوانەی جەوهەری سۆشیالیزمە، تەنانەت سۆشیالیزم لەناودەبات/ دەرزێنێت، لەبەرئەوە ئێمە زوو تێگەیشتین، هەروەها ئێمە ئامانجو کەڵکەڵەی دەوڵەت_نەتەوەشمان پێچەوانەکردەوە. لە شوێنی ئەو "نەتەوەی دیموکراتیک"مان دانا.

دیدی ئێمە بۆ سەردەمی نوێ؛ نەتەوەی دیموکراتیک، ئیکۆ_ئیکۆنۆمیو سەرلەنوێ دامەزراندنی کۆمەڵگایە لە سەر بنەمای هەرەوەزی/ پێکەوەیی. ئەو بەرپرسیاریەتییەی لە پێشمانە، ئەمەیە؛ پێشخستنی بنیاتێکی فەلسەفی، ڕەهەندە ئایدۆلۆژیکەکان، بە وردەکارییەوە دانانی چوارچێوەی چەمکو دەستەواژەکانو دانانی لە ناو جەستەی کۆمەڵگادا.

لە بەردەوامی خەباتماندا هەموو ئەم بابەتانە، بە سەردێڕو کۆتایی دێڕ دەگرینەدەست. بەو واتایەی کە ئێمە هەم لە بواری بەرنامەڕێژیو هەم لە بواری تاکتیکو ستراتیژدا هەوڵبدەین چوارچێوەیەکی نوێ دەستنیشانبکەین.

بانگەوازی کۆتاییم، بانگەوازە بۆ "ئاشتیو کۆمەڵگای دیموکراتیک". ئەم بانگەوازە بە مۆڵەتی کۆماری تورکیا کرا. ئەمە خاڵێکی گرنگە، چونکە ئاشتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتەدا مومکینە، کە بەرانبەری تێدەکۆشیت. کۆمەڵگای دیموکراتیک بە دیالۆگ لە ناو ئەم دەوڵەتەدا دەتوانرێت دابمەزرێت. ناوی ئەمەش دەبێتە "هاوپەیمانیی دیموکراتیک". پێشتر لە بانگەوازەکەمدا ئەم خاڵە هەبوو.

بێگومان؛ دەبێت کە ئامانجی لایەنەکان لە یەکتر جیاواز بێت، بەڵام ئەو هەنگاوی نراوەو ئەو بانگەوازەی کە کراوە، ڕاستە، لە جێی خۆیدایە. دۆخی لایەنەکانیش ئەوە نیشاندەدات، کە ئەم هەنگاوە لە جێی خۆیدایە. بۆ من کۆنگرە لە مێژە تەواوبووە، بەڵام با هێزی کادیرەکانمان ئەم بابەتە بکەن بە ڕۆژەڤی خۆیانو بە فەرمی بیکەن. باوەڕناکەم هیچ کێشەیەک دروستببێت. لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە ئێمە لە داهاتوودا بنیاتی فەلسەفیو ئایدۆلۆژیو بەرنامەو بەرنامەڕێژیی پراکتیکو ڕەهەندە تاکتیکیو ستراتیژییەکانی پێشدەخەین.

کۆمەڵگای دیموکراتیک بەرنامەی

سیاسیی ئەم قۆناغەیە، دامەزراندنی دەوڵەت ناکاتە ئامانجی خۆی. سیاسەتی کۆمەڵگای دیموکراتیکیش سیاسەتی دیموکراتیکە. کۆمین خۆی لە خۆیدا دیموکراتیکە، جیاکردنەوەیان لە یەکتر نابێت، دروست نییە. کۆمەڵگای کۆمین کۆمەڵگای دیموکراتیکە. پێویستە ئەم کۆمەڵگەیە ناویلێبنرێت کۆمەڵگای دیموکراتیک، سۆشیالیزمی دیموکراتیکیش پارێزەری کۆمەڵگای دیموکراتیکە. چۆن مێژووی دەوڵەت هەیە، ئاواش مێژووی کۆمین هەیە. بابەتی کۆمین زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، لەبەر گرنگییەکەی ئێمە بە دووردرێژی لێیبکۆڵینەوە. ژیانی ئازادی گەلان بە کۆمین بەرجەستەدەبێت. چۆن دەوڵەت_ نەتەوە چەکی سیستەمی سەرمایەدارییە، ئاواش کۆمین چەکو زمانحاڵی گەلانە. لە ڕێگەی شارەوانییەکانیشەوە ئەم کۆمەڵگایە دەتوانرێت ڕێکبخرێت، لە بواری تیۆرو پراکتیکیشدا بەرجەستەیە، بەڵام بە هەستیارییەکی زۆرو تێکۆشانێکی ڕاست لە دژی سیستەمی سەرمایەداری بەدیدێت. ئەگەر مێشکی کادیری جێبەجێکار تێکەڵوپێکەڵبێت‌و ئیرادەی پەرشوبڵاو بێت، ئەم کارە سەرناگرێت.
ئێمە بە گرنگی دەزانین کە سەرەتا ئەم قۆناغە لە کۆماری تورکیا سەربگرێت، کۆبوونەوەکانمان هەتا ئێستا، ئەم کارەی گەیاندووەتە ئەم خاڵە. ئەمە قۆناغێکی گرنگە، ئەم کۆبوونەوانە بۆ خۆی نیوەی چارەسەرە، لە ئێستا بە دوایشەوە کارو خەباتی ڕژدی دەوێت لە دڵەوە. هیواو باوەڕم بە سەرکەوتن بەرزە، نەک تەنها بۆ کوردو کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە ڕێگە لە بەردەم دەستکەوت‌و سەرکەوتنی گەورە بکرێتەوە. سەرکەوتنێک لێرەوە بێتەدی، کاریگەری لەسەر ئێران، عێراق‌و سوریاش دەکات، بۆ کۆماری تورکیاش چانسی خۆتاجدارکردن بە دیموکراسی‌و پێشەنگایەتیکردنی هەرێمەکە هاتووەتەپێشەوە.

**ڕاستینەی کورد بە هاتنی مۆدێرنیتە کۆتایهاتووەو نەماوە. ڕاستینەی کوردو کوردستان وەک چەمک‌و دیاردە بە کۆمار/ کۆماری تورک قڕکراو داپۆشرا.**

دەتوانم بڵێم: ئەوانەی دژایەتیی ئەم پرۆسەیە دەکەن، گوزارشت لە هیچ بەهایەک ناکەن‌و دوچاری شکست دەبن. هاوکات تێپەڕاندنی ئەو دژایەتییەش، بەرپرسیاریەتی دەخاتەسەر شانتان.
دەزانم لە ناوچەکەو لە سەر ئاستی نێونەتەوەییش ئەم پرۆسەیە ئەنجامگیر دەبێت، کۆنفیدراڵیزمبوونی ناوچەکە وەک پێویستییەکی ڕەها/ مسۆگەر خۆی نیشاندەدات. دژەژەهری شەڕی ئیسرائیل‌و فەڵەستین‌و شەڕو دەمارگیرییە

مەزهەبییەکانو ناکۆکییەکانی دەوڵەت_ نەتەوە، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیکە.

**سۆشیالیزمی سەدەی بیستەم، لە چەندین شوێنی جیهان دەسەڵاتی گرتەدەست. یەک لە سەرسێی جیهانی بەدەستەوەبوو، بەڵام نەیتوانی بمێنێتەوە، ڕوخا.**

ئەم پڕۆسەی چارەسەرییەش بە هەمان شێوە پێویستی بە ئەنتەرناسیۆنالێکی نوێش هەیە، لەگەڵ دۆستەکانتان بەبێ دواکەوتن، دەستپێکردنی خەباتی ئەنتەرناسیۆنال دەبێتە هەنگاوێکی دروستو مێژوویی.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**
https://serxwebun.org/reber-aponun-12-pkk-kongresine-gonderdigi-perspektif/

# سەردانەکەی سودانیو پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق

**نوسینی: فەیزوڵڵا تونا ئایگون** | ناوەندی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئۆرسام)/ ئەنقەرە
Ortadoğu Araştırmaları Merkezi (ORSAM)
**وەرگێڕانی: ڕابەر سیوەیلی**

## پێشەکی

هاتوچۆو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان تورکیاو عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینیوە، ئەمەیش هۆکارێک بووە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کە لە ڕابردوودا بە هۆی قەیرانە جۆربەجۆرەکانەوە کاریگەریان لە سەر بووە. بە واتایەکی دیکە، پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو عێراق ساڵانێکی زۆرە لە کێشمەکێشمی چەند پرسێکی تایبەت بە ئاسایشو ئەمنیەتدا دەخولێتەوە! بەڵام ئێستا مەیلی ئەوە هەیە، کە پەیوەندییەکان لە سەر بنەمایەکی گشتگیرترو ستراتیژیتر جێگیربکرێت. ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکارییەیش پرۆسەی بوژانەوەو گەشەسەندنی ئابووریی عێراق بێت، کە لە دوای کۆتاییهاتنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ناوچەکەدا، بە تایبەت لە ڕێگەی ئەو دەرفەتانەی کە تورکیا لە بوارەکانی وەک پرۆژەی ئابووریی ناوچەییو بەڕێوەبردنی ئاوو وزە پێشکەشیکردووەو هۆکارێکی بنچینەیی بووە، بۆئەوەی عێراق دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنقەرەدا هەڵبسەنگێنێتەوە.لە لایەکی دیکەوە، سەردانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆککۆماری تورکیا بۆ بەغداد لە ساڵی (٢٠٢٤)و سەردانەکەی محەمەد شیاع سودانیی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە لە ساڵی (٢٠٢٥)، گوزارشتێکی ئاشکرایە لە نوێبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات. تەنانەت ئەو ڕێککەوتنانەیش کە لە بوارەکانی ئاسایشو بازرگانیو گواستنەوەو وزە لە نێوانیاندا واژووکراون، دووبارە پەیوەندییەکانی خستووەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەو هەڵبژاردنانەیش کە بڕیارە لە قۆناغی داهاتوودا لە عێراقدا بەڕێوەبچن، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زیاتر لە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دادەنێت.

**داینامیکی بنەڕەتیی سیاسەتی دەرەوەی عێراق**

عێراق دوای لەشکرکێشییەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٣)، هەوڵیدا بە دیدێکی نوێ پەرە بە ستراتیژو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بدات، بە جۆرێك ببێتە مایەی بنیاتنانەوەی سەروەریی وڵاتو دوورخستنەوەی هەر جۆرە دەستوەردانێك لە کاروباری وڵاتەکەدا. هەرچەندە ناتوانین حاشا لەو ڕاستییەیش بکەین، کە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریی ئەکتەرە دەرەکییەکانی لە سەر بووە، بە تایبەت لە قۆناغی دوای جەنگدا! کەواتە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی سیاسەتی سەربەخۆی دەرەکی ئامانجێکی هاوبەشی کۆمەڵگەو دەستەبژێرە سیاسییەکانیش بووە، بەڵام ئەم ئامانجە بە هۆی قەیرانە ئەمنییەکانو پارچەپارچەبوونی سیاسیی ناوخۆییەوە، لە ئێستادا زۆر دوورە لە جێبەجێکردن.لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، کە سیاسەتی دەرەوەی عێراق تەنها لە چەسپاندنی سەروەریی وڵاتەکەیدا سنووردار نەبوو، بەڵکو لە هەوڵی دامەزراندنی تۆڕێکی پەیوەندیی دەرەکییشدا بوو، کە چاودێریی گۆڕانکارییە ناوچەییو نێودەوڵەتییەکان بکات، تاوەکو لەو دوو ڕێگەیەوە شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕژێمی نوێ بەدەستبهێنێت. هەر لەم چوارچێوەیەیشدا جارێکی دیکە عێراق هەوڵیدا لە ڕێگەی شوناسە عەرەبییەکەیەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداوادا زیندووبکاتەوە، هەروەها لە سەر بنەمای نزیکیی جوگرافیو تائیفی؛ دەرگایەکی نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بکاتەوە. لە لایەکی دیکەیشەوە، عێراق هاوشانی پاراستنو گەشەپێدانی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئەمریکادا، پەرەپێدانی هاوکارییە سیاسیو ئابوورییەکانی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپاو ئەکتەرە ڕۆژئاواییەکانی دیکەیدا، کردە یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکانی دیدگای سیاسەتی دەرەوەی خۆی.لە ڕاستیدا ئەم هەوڵو کۆششەی عێراق، ڕەنگدانەوەی ئامانجی وڵاتەکەیە بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی فرەلایەنەو نەرمونیان، کە هاوسەنگی لە ململانێی ناوچەییو جیهانیدا پیادەبکات، بەڵام بە هۆی لاوازییەکانی وڵاتەکەو دەستوەردانە دەرەکییەکانەوە، ئەم ئامانجە چەندین ساڵە لە ئاستی گوتاریدا ماوەتەوەو عێراق زۆر جاران وابەستەیی خۆی بە کاریگەریی ئەکتەرە دەرەکییەکان نیشانداوە، بەڵام ناکرێت ئەوەیش نادیدەبگرین، کە ئەم دیدە لەم ساڵانەی دواییدا هەتا ڕادەیەك کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە تایبەتی لەگەڵ بەدەستهێنانی سەقامگیریی ناوخۆییو پرۆسەکانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە ناوچەییەکاندا.

یەکێک لە بەربەستە بنەڕەتییەکانی

بەردەم بەدیهاتنی سیاسەتی نوێی دەرەوەی عێراق، نەگونجاویی نێوان پێکهاتەکانی سیستەمی سیاسیی وڵاتەکە بووە، کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە هێڵە نەتەوەیی‌و تائیفییەکان پارچەپارچەبوون‌و بێمتمانەیی قووڵ لە نێوان گرووپە سیاسییەکانی شیعەو سوننەو کورددا سەریهەڵداوە، بە تایبەت لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠) و قەیرانەکانی پێکهێنانی حکومەتدا زیاتر بەدەرکەوتووە. بۆ نموونە دوورخستنەوەی عەرەبە سوننەکان لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی نووری مالیکیدا، ئەو شکانە کۆمەڵایەتییانەی قووڵترکردەوەو ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە ڕۆژئاوای وڵاتدا خۆشکرد.یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی عێراق، چەقبەستوویی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیە لە نێوان خواستی ئەمەریکاو ئێراندا، چونکە هەژموونی سەربازیی ئەمریکا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە، مشتومڕەکانی سەرووریی عێراقی بەردەوام لە ژینگەیەکی سیاسیی تەمومژاویدا هێشتووەتەوە. هاوکات ئێرانیش لە ڕێگەی کاریگەرییەکانیەوە لە سەر گرووپە شیعەکان؛ ناوەندێکی دەسەڵاتی جێگرەوەی لە بەغداد دروستکردووەو لە ڕێگەی "ئەکتەری بەوەکالەت"ەوە کاریکردووەتەسەر دامەزراوە دەوڵەتییەکان‌و سیاسەتی دەرەوەی عێراقی کردووە بە ئامڕازێکی کێبڕکێی ناوچەیی. ئەم بارودۆخەیش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی‌و ئەبومەهدی موهەندیس‌و ململانێ ڕاستەوخۆکانی دواتری ئێران‌و ئەمریکا لە سەر خاکی عێراق بە ڕوونی دەرکەوت. کەواتە ئەم ململانێ قووڵە پێماندەڵێت، کە عێراق ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەڕێوەبباتو لە بریی ئەوە، وڵاتەکە کەوتووەتەژێر کاریگەریی سیاسەتی وڵاتانی ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەوە. کێشەیەکی دیکەی عێراق لەباربوونی خاکەکەیەتی بۆ پەناگەی گرووپە چەکدارەکان، کە ئەمەیش قەیرانی ئەمنیی گەورەی بۆ دروستکردووە. بۆ نموونە گرتنی موسڵ لەلایەن داعشەوە لە ساڵی (٢٠١٤) لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراقی ئاشکراکردو بووە هۆی ئەوەی عێراق هەژموونی سیاسەتی خۆی بە سەر کاروباری ناوخۆو دەرەوەی وڵاتەکەیدا لەدەستبدات. هەرچەندە لە قۆناغی دوای داعشدا، عێراق بە کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە قەیرانی ئەمنیی ناو وڵات‌و بە پاڵپشتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چووەناو پرۆسەی بوژانەوەوە، بەڵام هەڕەشەی پاشماوەکانی داعش وایکرد، کە ئەو وڵاتە بۆ چەندین ساڵ سەرنجی تەواوی خۆی لە سەر ئاسایشی ناوخۆ چڕبکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەم ئەزموونە نوێیە وێنایەکی دیکەی بە کاروباری سیاسیی عێراق بەخشی‌و

ئەو بۆچوونەی لە لا گەڵاڵەکرد، کە بە هێڵێکی هاوسەنگتر ئەدای سیاسەتی دەرەکی بکات. لە سەرەتایشەوە هەوڵیدا خۆی لە قەتیسبوونی سیاسەتی دەرەکی بەدووربگرێت، بەوەی کە تەنها لە ژێر هەژموونی ئێران یان ئەمریکادا بێت! بەڵکو جارێکی دیکە ستراتیژی هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، تورکیاو ئەوروپای خستەوە کارنامەی خۆی. بە تایبەتی کرانەوە بە رووی وڵاتانی عەرەبیو مەیلی دووبارە پەیوەندیکردنەوە لەگەڵ تورکیادا، کە لە سەردەمی حکومەتی حەیدەر عەبادی دەستیپێکردووە، دەتوانرێت وەک یەکەم نیشانەی هەوڵەکانی عێراق بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە فرەلایەنەکان لە بریی وابەستەیی تاکلایەنە لێکبدرێتەوە.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی ناشەرعی کە لە ساڵی (٢٠١٧) لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەرێوەچوو، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو بۆ نوێبوونەوەی پەیوەندییەکانی عێراقو تورکیا، چونکە تورکیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە بە ئاشکرا پاڵپشتیی بەغدادی کرد لە دژایەتیکردنی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستاندا. نموونەی هەرەبەرچاوی ئەم پاڵپشتییەیش ئەو مانۆرە هاوبەشە بوو، کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی تورکیاو سوپای عێراقەوە رێکخرابوو. هاوکات پشتیوانیی رۆونی تورکیا بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق لەم پرۆسەیەدا وایکرد عێراق لە چوارچێوەی بوژانەوەی پەیوەندییەکاندا، نەك تەنها لە رووی ئەمنییەوە بەرەو تورکیا هەنگاوبنێت، بەڵکو لە بواری سیاسیو ئابووریشدا ستراتیژێکی قووڵ لە نێوانیاندا بەرجەستەببێت. لەم پێناوەیشدا عێراق زنجیرەیەك سەردانو پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا ئەنجامداو چیتر عێراق وەک ئەکتەرێک کە بە ئۆپەراسیۆنەکانی دژەتیرۆر لە باکووری عێراق هاتەپێشەوە، لە تورکیای نەدەڕوانی، بەڵکو وەک هاوبەشێکی ستراتیژی وێنایدەکرد، کە بتوانێت لە گەشەپێدانی ئابووریو هاوکاریی وزەو سیاسەتی هاوسەنگیی ناوچەییدا هاوکارییبکات.

## پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق

سیاسەتی عێراق کە لە دوای نەمانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش بە ئاقاری نوێبوونەوەو رێکخستنەوەدا دەڕوات، گەشەسەندنی ئابووریو جۆراوجۆرکردنی رێگاکانی بازرگانیی دەرەکیی کردووەتە ئەولەویەتی کارکردنی. لەم پێناوەیشدا هەوڵی سوودوەرگرتن لەو توانا ئابووریو لۆجیستیانە دەدات، کە تورکیا خاوەنداریەتیی دەکات. بە تایبەت جۆراوجۆرکردنی بازرگانیی عێراق لە کەنداوو بەستنەوەی ئەم هێڵە بە جیهانەوە لە رێگەی تورکیاوە، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی عێراقە. لەم چوارچێوەیەدا پرۆژەی دەروازەی سنووریی ئۆڤاکۆیو پرۆژەی رێگەی

گەشەپێدان کە هاتە بەرنامەی کار، دیدی عێراقیان بۆ تورکیا نەک تەنها وەک ئاسایش، بەڵکو وەک هاوبەشێکی گەشەپێدان پێناسەکردووەتەوە.

**هاتوچۆو پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان تورکیاو عێراق لە چەند ساڵی ڕابردوودا گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوەبینیوە، ئەمەیش هۆکارێک بووە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات.**

دەکرێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان یەکێک بووە لە هێزە بزوێنەرەکانی نوێکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراقو تورکیا. ئەم پرۆژەیە وەک دەستپێشخەرییەکی گەورەی ئابووری وێنادەکرێت، کە تۆڕێکی هێڵی ئاسنو ڕێگەوبان لەخۆدەگرێتو لە بەندەری گەورەی فاو لە بەسرە دەستپێدەکاتو هەتا سنووری تورکیا درێژدەبێتەوە. ئامانجی حکومەتی عێراق لەم پرۆژەیە نەک تەنها بوژاندنەوەی ئابووریی خۆیەتی، بەڵکو هەوڵدەدات ببێتە ناوەندێکی بازرگانیی هەرێمایەتیو جیهانی، هەر بۆیە عێراق لە هەوڵی بەردەوامدایە هەتا سوود لە توانا ئابووریو بازرگانییەکانی تورکیا وەربگرێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گەڕانی عێراق بە دوای هاوسەنگیی نوێو نزیکبوونەوە لە تورکیا، زیادبوونی مشتومڕی بەردەوام بوو لە سەر کاریگەریی ئێران لە عێراق لە ناو خەڵکو دەستەبژێرە سیاسییەکاندا! لە ڕاستییشدا ئەم گەڕانە بۆ هاوسەنگی، لە بریی پەرەپێدانی کێبڕکێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران، پەرەیسەند بۆ ستراتیژێک لە پێناوی بەرقەرارکردنی هاوسەنگیی ناوچەییو پەرەپێدانی هاوکاری لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەییەکانی وەک تورکیادا.

## کاریگەریی پەیوەندییە دوولایەنەکان؛ سەردانی سودانی بۆ ئەنقەرە

سەردانەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا بۆ بەغداد لە نیسانی (٢٠٢٤)دا، ئەو کاریگەرییە سیاسییەی هێنایەکایەوە، کە لەمێژە چاوەڕواندەکرا لە پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا بێتەدی، چونکە ئەم سەردانە گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو. بەو پێیەی یەکەم سەردانی فەرمی بوو بۆ بەغداد لە سەر ئاستی سەرۆکایەتی لە ساڵی (٢٠١١)وە. لەم سەردانەدا (٢٦) یاداشتی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وڵات لە ژێر پێنج سەردێڕی سەرەکیدا واژووکرا، کە بریتی بوون لە "پرۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان، هاوکاریی وزە، بەڕێوەبردنی ئاو، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو گەشەپێدانی ئابووری"، بەڵام لە

ناو سەردێڕەکانیشدا، ئەو لێدوانانەی باس لەوە دەکەن، کە پڕۆژەی ڕێڕەوی گەشەپێدان یەکگرتنی ئابووریی ناوچەکە خێراتردەکاتو عێراق ڕۆڵێکی چالاکتر لە شەڕی دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا دەگێڕێت، ئەم سەردانەیان کردە خاڵی وەرچەرخان. تەنانەت ئەردۆغان جەختی لە ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاکو سەروەریی عێراق کردەوەو بە ئاشکرا سیاسەتی پەرەپێدانی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەغدادا دەربڕی.لە سەردانەکەی ئەردۆغانیشدا، دیارترین پرس ڕێککەوتنی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بوو. جگە لەوەیش، جەخت لە سەر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک کرایەوە لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە. هاوکات بڕیاردرا شاندی تەکنیکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاو دروستبکرێتو لە ڕێگەی پڕۆژەی هاوبەشەوە هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاو. لە بواری ئاسایشدا ئامانجی تورکیا پەرەپێدانی هاوکاری بوو لە دژی بوونی پەکەکە لە عێراق. دوابەدوای سەردانەکەیش لایەنە ڕاسپێردراوەکان دەستیان بە کاری جددی کرد، بۆئەوەی ئەو بابەتانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. لە قۆناغێکی دواتردا و بە مەبەستی درێژەدان بەو پەیوەندییە نوێیە کە لە مانگی نیسانی (٢٠٢٤)دا بەدەستهات، محەمەد شیاع سودانی؛ سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە ئایاری (٢٠٢٥) بە فەرمی سەردانی ئەنقەرەی کرد. ڕۆیشتنی سودانی بۆ ئەنقەرە تەنها سەردانێکی پرۆتۆکۆڵ نەبوو، بەڵکو قۆناغێکی گرنگ بوو لە ڕووی کارپێکردنی میکانیزمە ئاستبەرزەکانو گرتنەبەری هەنگاوی هاوکاریی ڕیشەیی. لە میانەی سەردانەکەیدا، سودانی ئیرادەی سیاسیی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ تورکیاو خێراترکردنی یەکگرتنی ئابووریی هەردوو وڵات دووپاتکردەوە.

مایەی ئاماژەپێکردنە، لە پێش سەردانەکەی سەرکوەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە، بەرپرسانی ئەمنیی هەردوو وڵات لە پەراوێزی کۆڕبەندی دیبلۆماسیی ئەنتالیا لە نیسانی (٢٠٢٥)دا، کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوەیەیش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ کۆکردنەوەی قاسم ئەلعەرەجی؛ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراقو سەرۆک_ئەرکانی عێراقو بەرپرسانی دیکەی وڵاتەکە. دەتوانین بڵێین: ئەم کۆبوونەوەیە وەرچەرخانێکی گرنگە، کە بەو هۆیەوە هاوکاریی ئەمنی لە ڕێگەی هەماهەنگیی ڕاستەوخۆوە لە سەر ئاستی سەربازی دەکرێت.

دوابەدوای کۆڕبەندی دیبلۆماسیی ئەنتالیاو سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئەنقەرە، ئەنجومەنی باڵای هاریکاریی ستراتیژیی نێوان هەردوو وڵات کۆبوونەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم ئەنجومەنەیش، بەڕێوەبردنی

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵاتە لە سەر بنەمای دامەزراوەیی لە ڕێگەی کۆبوونەوەی وەزارییەوە. دوابەدوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن، (١١) ڕێککەوتنی نوێ لە بوارە جیاوازەکاندا واژووکران، کە بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە "وزە، ئاو، ئاسایش، گواستنەوە، ئابووریو ڕۆشنبیری".

**کێشەیەکی گەورەی عێراق چەقبەستوویی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیە لە نێوان خواستی ئەمەریکاو ئێر اندا.**

لەوەیش گرنگتر، جەختکردنەوە بوو لە سەر کۆمەڵێک بابەتی گرنگ لە چوارچێوەی ئەو ناونیشانانەی لە ناو ڕێککەوتنە (١١) ماددەییەکەدا هەبوون، کە بریتی بوون لە "پیشەسازیی بەرگری، گەڕانەوەی خۆبەخشانەی کۆچبەرانی عێراقی لە تورکیا، هاوکاریی دادوەری، کردنەوەی زانکۆکانی تورکیا لە بەغدادو بەسرەو هاوکاریی بەڕێوەبردنی کارەساتەکان". ئەم بابەتانەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە واقیعێك هاتووەتەئاراوە، کە نەک تەنها لە سەر دەستکەوتە سیاسییە کورتخایەنەکان کاردەکات، بەڵکو گرنگی بە هاوکاریی دامەزراوەیی درێژخایەنیش دەدات. پاش کۆبوونەوەو واژووکردنی ڕێککەوتننامەکان، لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا، تیشکخرایەسەر گرنگیی ستراتیژیی ڕێڕەوی گەشەپێدان، ئیرادە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هاوبەش لە دژی پەکەکەو بەشداریی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە ئاشتیی ناوچەکەدا. ئەردۆغان پشتیوانیی تورکیای بۆ یەکپارچەیی خاکو سەروەریی عێراق دووپاتکردەوە، هاوکات سودانیش جەختی لەوە کردەوە، کە تورکیا هاوبەشێکی گرنگە لە ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی عێراقدا. ئەردۆغانو سودانی ڕایانگەیاند، کە ئەمە دەتوانێت مۆدێلێک بێت بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق بۆ هاوبەشییەکی ستراتیژی، کە نەک تەنها بۆ هەردوو وڵات، بەڵکو کاریگەریی لە سەر هەموو ناوچەکە هەبێت. دەکرێت بگوترێت ئەو پەیامە ڕوونانەی کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەنگاوەکان ئەنجامی کۆنکرێتیی لێدەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە بوارەکانی ئاسایشو ئابووریدا، چوارچێوەیەکی سیاسیی بەهێز دەڕەخسێنن، کە ڕێڕەوی داهاتووی پەیوەندییەکان دیاریدەکات.

**پەیوەندییەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟**

ئەو گەرموگوڕییەی لە پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا بەدەستهاتووە، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە کە هەردوولا ویستێکی جددییان هەیە بۆ تێپەڕاندنی

گفتوگۆی سیاسیی نێوانیانو گۆڕینی بۆ پرۆسەی هاریکاریو پتەوکردنی ژێرخانی ئابووریان. لە هەمان کاتدا کاراکردنی ئەنجومەنی هاریکاریی ستراتیژی، واژووکردنی ڕێککەوتنی ڕیشەیی و ئەو کارە هاوبەشانەی کە لە ئاستی تەکنیکیدا دەکرێن، دەتوانرێت وەک نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە هەڵبسەنگێنرێت. هەروەها بەشداربوونی ڕاستەوخۆی پرۆژە درێژخایەنەکانی وەک ڕێڕەوی گەشەپێدان لە ئابووریی هەردوو وڵاتدا، دیسانەوە وەک فاکتەرێکی کاریگەر دەردەکەوێت، کە گەرەنتیی بەردەوامیی پەیوەندییەکان دەکات، بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوەیشمان لەیادبێت، کە ئەم پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنە هێشتا بە تەواوی ڕەگوڕیشەی نەگرتووە! پێویستی بە بەردەوامیی ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ بەدامەزراوەییکردنی. بە واتایەکی دیکە، پێویستە ڕێککەوتنەکان نەک تەنها لە نێوان سەرکردەکاندا، بەڵکو لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەتو کەرتی تایبەتو کۆمەڵگەکاندا قووڵتربکرێنەوە.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە (١١)ی تشرینی دووەمی (٢٠٢٥) بکرێت، دەتوانێت وەرچەرخانێکی گرنگ بێت لە ڕەوتی پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا. هەرچەندە گۆڕانکاری لە حکومەتی ئێستادا دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت لە سەر پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە واژووکراوەکان، بە تایبەت لە ئەگەری بەهێزبوونی ئەو گرووپانەی کە دژەتورکیان، یان ئەو ئەکتەرانەی کە نزیکن لە ئێرانەوەو سەرقاڵی سیاسەتن، دەتوانێت ببێتە هۆی نادڵنیایی یان خاوبوونەوەی پەیوەندییەکان لە کورتخایەندا، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەشدارییە ڕیشەییانەی کە تورکیا بۆ ئابووریو ژێرخانی عێراقو بازرگانیی دەرەکی پێشکەشیدەکات، دەتوانرێت پێشبینیبکرێت، کە حکومەتی نوێ نایەوێت ئەم دەستکەوتانە بخاتە مەترسییەوە، بۆیە سەرەڕای ئەو هەڵچوونانەی کە ڕەنگە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە پرۆسەی دوای هەڵبژاردندا بهێننەئاراوە، بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان وەک خۆیانو بەبێ گۆڕانکاریو خاوبوونەوە بەردەوامدەبن.

یەکێک لەو پێشهاتە گرنگانەیش کە نیشانیدەدات پەیوەندییەکان لە قۆناغێکی سەرەتاییەوە پەرەیانسەندووە بۆ چوارچێوەیەکی گشتگیرو ستراتیژی، هەنگاوی نوێنەری تایبەتی تورکیا بووە بۆ عێراق. چەند کاژێرێک پێش سەردانەکەی سودانی، فەیسەڵ ئیرۆغڵو لەلایەن ئەردۆغانەوە وەک نوێنەری تایبەتی تورکیا بۆ ئاو لە عێراق دەستنیشانکرا. دیارە فراوانکردنی دەسەڵاتی نوێنەرایەتیی تایبەت کە پێشتر سنووردار بوو بە پرسی ئاو، ئاماژەیەک بووە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان بەرەو پرۆسەیەکی

دامەزراوەیی هەنگاویانناوە، کە بەردەوام لە چوارچێوەی میکانیزمی دەوڵەتدا چاودێریدەکرێت، بەبێ ئەوەی وابەستەی پەیوەندییە کەسییەکان بن.

**کرانەوە بە ڕووی وڵاتانی عەرەبیو مەیلی دووبارەپەیوەندیکردنەوە لەگەڵ تورکیادا، کە لە سەردەمی حکومەتی حەیدەرعەبادییەوە دەستپێکردووە، دەتوانرێت وەک یەکەم نیشانەی هەوڵەکانی عێراق بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە فرەلایەنەکان لە بریی وابەستەیی تاکلایەنانە لێکبدرێتەوە.**

لە ڕووی سیاسەتی ناوچەییەوە، هیچ ململانێیەکی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندی یان ڕکابەریی ستراتیژی لە نێوان تورکیاو عێراقدا نییە. بە پێچەوانەوە، هەردوو وڵات ئامانجی تەواوکاریيان هەیە لە هەردوو بواری ئاسایشی دابینکردنی وزەو بەهێزکردنی پەیوەندییە لۆجیستیکییەکانو بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. دیارە ئەم دۆخەیش ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو وڵات بە هۆی جیاوازیی سیاسەتی ناوچەیی لە ئاستێکی زۆر نزمدا دەهێڵێتەوە.

ئەو بەرەوپێشچوونەی کە لە پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراقدا بەدەستهاتووە، ئەوە نیشاندەدات، کە پەیوەندییەکان لە هاوکاریی سنووردار تێپەڕیوە بۆ بوارە فرەڕەهەندەکانی وەک گەشەپێدان، وزە، بەڕێوەبردنی ئاو، گواستنەوەو ئاشتیی ناوچەیی. نزیکبوونەوەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتیش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، کە ئەم ڕێبازە فرەڕەهەندە گۆڕاوە بۆ مۆدێلێکی دامەزراوەییو چاودێریکراو. ڕەنگە لە ماوەی داهاتوودا، پچڕانی سیاسی وەک هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٢٥)ی عێراق ببێتە هۆی نادڵنیایی، بەڵام قووڵبوونەوەی وابەستەیی نێوان هەردوو وڵاتو نەبوونی کێبڕکێو ململانێی ناپێویست، بنەمایەکی بەهێز بۆ بەردەوامیی هاوکارییەکان دەرەخسێنن. لەم چوارچێوەیەدا، بە پاراستنو قووڵکردنەوەی دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان، پەیوەندییەکانی تورکیاو عێراق دەتوانن بنچینەی سەقامگیریو گەشەسەندنی ناوچەکە بن.

**لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت:**

https://orsam.org.tr/yayinlar/turkiye-irak-iliskileri-ve-sudaninin-ziyareti/

chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://orsam.org.tr/dosya/turkiye-irak-iliskileri-ve-sudaninin-ziyareti.pdf

# کێشە لەپێشینەکانو مەیلی دەنگدەری باکوور

ناوەندی لێکۆڵینەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییە مەیدانییەکان
(Sosyo Politik Saha Aratırmalar Merkezi)

وەرگێڕانی: ڕێدیار عادل حەمەسەعید
ڕاڤەو شیکاری: تورکیاناسی

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە سەبارەت بە باسوخواسی ڕۆژانە، مەیلی دەنگدەرو کێشە لەپێشینەکانی هاوڵاتیان لە باکووری کوردستان (ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا)، لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییە مەیدانییەکانەوە (Sosyo Politik Saha Aratırmalar Merkezi) ئامادەکراوە.
وەرزنامەی تورکیاناسی بەپێویستیدەزانێت پوختەی توێژینەوەکە لەگەڵ شیکاریو ڕاڤەی دەرئەنجامەکانی بۆ خوێنەری کورد بڵاوبکاتەوە.

**سەرەتا**

ناوەندی لێکۆڵینەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییە مەیدانییەکان لە (١٨-٢٠)ی ئایاری (٢٠٢٥)، لە (١٦) شاری ڕۆژهەڵاتو باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی سەبارەت بە باسوخواسی ڕۆژانە، مەیلی دەنگدەرو کێشە لەپێشینەکانی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە کردووە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ (١٥٠٤) کەس لە ماڵەکاندا ڕووبەڕوو کراوەو بە (٩٥٪) ئاستی متمانەو (٣٪) هەڵە هەژمارکراوە. لە لێکۆڵینەوەکەدا گرنگیدراوە بە هەست، ئاڕاستە، چاوەڕوانیو داواکارییەکانی خەڵکی ناوچەکە سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیی نوێ لە تورکیا.

**کێشەی یەکەمو لەپێشینەی تورکیا**

(٦٨،٩٪)ی بەشداربوانی توێژینەوەکە پێیانوایە کێشەی یەکەمی تورکیا قەیرانی ئابووری/بێکارییە، لە کاتێکدا تەنها (١٦،٤٪)ی بەشداربوان کێشەی کورد وەک کێشەی

لەپێشینەی تورکیا لەقەڵەمدەدەن. (٣،٧٪) سیستەمی پەروەردە، (٣،٢٪) دۆخی ئێستای سیستەمی یاساو (٢،٧٪) نەبوونی دیموکراسی بە کێشەی لەپێشینەی وڵات دەزانن. ئەوەی مایەی سەرنجە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی ڕەهای بەشداربوانی ڕاپرسییەکە کوردن، بەڵام کێشەی بێکاریو قەیرانی دارایی لە پێش کێشەی کوردەوەیە، ئەمەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، باری ئابووریو خەمی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە لە پێش هەستی نەتەوایەتییەوەیە.جگە لەمەیش بەراورد بە لێکۆڵینەوەیەکی ناوەندی لێکۆڵینەوە سیاسیو کۆمەڵایەتییە مەیدانییەکان، کە لە ئاداری ئەمساڵدا کراوە، لە هەمان نموونەدا، زیادبوونی ڕێژەی ئەوانەی دەڵێن کێشەی یەکەمی تورکیا (قەیرانی ئابووری/بێکاری)یە، جێگەی سەرنجە.

**بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)**

تەنها (١٥،١٪)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بە زۆر باش ناودەبەن، (٥٦،٤٪)یش پێیانوایە پەکەکە بڕیارێکی باشی داوە، سەرەڕای ئەوەی (١٧،٤٪)ی بەشداربوان دوودڵن سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، تەنها (١،٧٪)ی بەشداربوان وایدەبینن پەکەکە بڕیارێکی خراپی دەرکردووەو (٣،٤٪)یش پێیانوایە بڕیارەکە زۆر خراپە، هەروەها (٥،١٪)ی بەشداربوانیش ئامادەنەبوون وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە. بە کۆیگشتی (٧١،٥٪)ی بەشداربوان بڕیارەکەی پەکەکە بە ئەرێنی وێنادەکەن. لێرەوە دەردەکەوێت زۆرینەی هاوڵاتیانی کورد لە باکووری کوردستان پشتیوانی لە بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەکەن، ئەمەیش زەمینەیەکی لەبار بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیاو باکووری کوردستان فەراهەمدەکات.

**بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە لە تورکیا بەسە بۆئەوەی پرۆسەی ئاشتی بەردەوامو سەرکەوتوو بێت**

ڕێژەی (٣٦،٨٪)ی بەشداربوانی توێژینەوەکە پێیانوایە بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە لە تورکیا بەسە بۆئەوەی پرۆسەی ئاشتی بەردەوامو سەرکەوتوو بێت. لە کاتێکدا (٢٢،٧٪)ی بەشداربوان بە نەخێر وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوەو (٢٧٪)یش پێیانوایە هەتا ڕادەیەک بڕیارەکە بەسە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام (٦،٧٪)ی بەشداربوان هیچ بڕیارێک لەو بارەیەوە نادەنو (٥،٩٪)یش بیرۆکەیان بۆ وەڵامی پرسیارەکە نییە، واتە (٥٩،٥٪)ی بەشداربوان پێیانوایە بڕیارەکەی

پەکەکە بەسە بۆ بەردەوامیی پرۆسەی ئاشتیو سەرکەوتنی.

**بەرپرسیاریەتیی یەکەم بۆ ئاشتیی درێژخایەن**

بە بڕوای (٤٨،٤٪)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە بەرپرسیاری یەکەم لە گۆڕینی بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بۆ ئاشتیی درێژخایەنو ڕەگداکوتاو، پەرلەمانی تورکیایە. هەروەها (٣٩٪)ی بەشداربوان حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)و پارتی بزوتنەوەی نەتەوەپەرست (مەهەپە) بە بەرپرس دەزانن. لەگەڵ ئەوەیشدا (٦،١٪)ی بەشداربوان پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)و (٢،٥٪) ی بەشداربوان کۆمەڵگەو (٠،٧٪) پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)و (٠،٧٪) ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە بەرپرس دەزانن. هەروەها (١،١٪)ی بەشداربوانیش بۆچوونیان دەرنەبڕیوە. ئەوەی مایەی سەرنجە، (٨٧،٤٪) ی بەشداربوان پەرلەمانو ئاکپارتیو مەهەپە بە بەرپرس دەزانن. ئاشکرایە ئاکپارتیو مەهەپە زۆرترین کورسییان لە پەرلەمان هەیە، بە پشتیوانیی دەمپارتیو ژمارەیەک پەرلەمانتاری دیکەیش دەتوانن زۆرینەی پەرلەمانی بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە پرۆسەی ئاشتی لە هەمواری دەستوور، گۆڕانکاری لە یاسا بەرکارەکانو دەرکردنی یاسای نوێو لێبووردنی گشتی مسۆگەربکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا لە بابەتێکی هەستیاری وەک پرۆسەی ئاشتی، جەهەپەو بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش ئەگەر پشتیوانیی بڕیارو کارەکانی پەرلەمان نەبن، گرفتێکی وەهای بۆ دروستناکەن، کە ببێتە لەمپەر لە بەردەم بەردەوامیو سەرکەوتنی پرۆسەکە.

**حکومەت، حیزبە سیاسییەکانی تورکیا، حکومەت، حیزبە سیاسییەکان، دەستەبژێرەی ڕۆشنبیر، چاودێرانو هاوڵاتیانیش لە باشووری کوردستان دەتو انن لە ڕێگەی ئەم توێژینەو انەوە ئاگاداری هەڵوێستی هاوڵاتیانی کوردو باکووری کوردستان لە بارەی پرۆسەی ئاشتیو بابەتە پەیوەندیدارەکانی بن.**

**ڕۆڵی پەرلەمان**

بە بۆچوونی (٧٩٪)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە، پێویستە پەرلەمانی تورکیا بەرپرسیاریەتیی گۆڕینی پرۆسەکە بۆ ئاشتیی جێگیر بگرێتەئەستۆ، بەڵام (٦٪)ی بەشداربوان ئەم کارە بە ئەرکی پەرلەمان نازانن و (١٥٪)ی بەشداربوانیش بۆچوونیان سەبارەت بەم بابەتە دەرنەبڕیوە. لێرەیشدا زۆرینەی بەشداربوان دەیانەوێت پەرلەمان ئەو

ڕۆڵە گرنگە جێبەجێبکات، ئەمەیش لەبەرئەوەی دەتوانرێت لە پەرلەمانەوە لە چواچێوەیەکی یاساییدا پرۆسەکە ڕەگداکوتاو بکرێت.

### هەمواری دەستوور

ڕێژەی (٦٧،٤٪)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە پێیانوایە تورکیا پێویستی بە هەمواری دەستوورو دارشتنەوەی دەستوورێکی نوێ هەیە، لە کاتێکدا (٨،٦٪) هەتا ڕادەیەک بە پێویستی دەزانن، لە بەرانبەردا (١٣،٤٪)ی بەشداربوان هەمواری دەستوور بەپێویستنازانن و (١٠،٥٪) بیرۆکەی وەڵامدانەوەیان نییە. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی زیاتر لە (٧٦٪)ی بەشداربوان هەمواری دەستووری تورکیا بەپێویستدەزانن.

### سیاسەتی پێویست بۆ پێشکەوتنی پرۆسەکە

سەبارەت بە گرتنەبەری سیاسەت و ڕێکاری پێویست بۆ گەیشتنە ئەنجامی پرۆسەی ئاشتی، (١٣،٦٪)ی بەشداربوان هەنگاوی دیموکراتیک/ متمانەپێکراو بەگرنگدەزانن، (٧،٦٪) پێیانوایە پێویستە کار بۆ ئاشتی بکرێت، (٧٪) پێیانوایە پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان بەشداریی پرۆسەکە بکەن، (٦،٣٪) بە گرنگی دەزانن پرۆسەکە ڕوون و بنیاتنەر بێت، (٥،٨٪) بەپێویستیدەزانن مافەکانی کورد بخرێنەژێر پاراستنی دەستووری، (٤،٥٪) داوای ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان دەکەن، (٤،٥٪)یش داوای گۆڕانکاریی دەستووری دەکەن و (١٠،٤٪) بۆچوونیان نییە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، زۆرینەی خواست و داواکارییەکان لە چوارچێوەی فەراهەمکردنی مافەکانی کورد و گەرەنتیکردنی ئەو مافانە لە ڕێگەی هەمواری دەستوورەوەیە.

**سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ڕەهای بەشداربوانی توێژینەوەکە کوردن، بەڵام کێشەی بێکاری و قەیرانی دارایی لە پێش کێشەی کوردەوە دەبینن، ئەمەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە باری ئابووری و خەمی دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە لە پێش هەستی نەتەوایەتییەوەیە.**

### ڕاپرسیی هەڵبژاردن

هەرچەندە زۆرینەی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە کوردن، بەڵام تەنها ڕێژەی (٤١،٢٪)ی بەشداربوان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆمار لە (١٤)ی ئایاری (٢٠٢٣)دا دەنگیان بە دەمپارتی داوە، (٢٥،٤٪) دەنگیان بە ئاکپارتی، (١٠،٨٪) بە جەهەپە، (٣،٤٪) دەنگینەداوە و (١٤،٨٪) وەڵامی پرسیارەکەی نەداوەتەوە. لە

هەمان کاتدا (٪٤٤،٩)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە گوتوویانە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، دەنگ بە دەمپارتی دەدەن، (٪١٩،٥) بە ئاکپارتی، (٪٩،٢) بە جەهەپە، (٪٦،٧) دەنگناداتو (٪١٠،٦) بڕیارینەداوە. لێرەدا بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگی دەمپارتیو ئەوانەی دەنگنادەنو کەمبوونەوەی دەنگی ئاکپارتیو جەهەپە هەستیپێدەکرێت.

**(٪٧١،٥)ی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بە ئەرێنی وێنادەکەن، واتە زۆرینەی هاوڵاتیانی کورد لە باکووری کوردستان پشتیوانی لە بڕیاری چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەکەن.**

### کۆتایی

ئەنجامدانی توێژینەوەی لەم جۆرەو بڵاوکردنەوەی لەلایەن ناوەندەکانی توێژینەوەو ڕاپرسییەوە گرنگیو بایەخی تایبەتی هەیە. لە کاتێکدا حکومەتو حیزبە سیاسییەکانی تورکیا دەتوانن بە سوودوەرگرتن لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوانە، پلانو بەرنامەی کاری خۆیان گەشەپێبدەنو گۆڕانکاریی پێویست لە سیاسەتی کارکردنیاندا بکەن، لە هەمان کاتدا حکومەت، حیزبە سیاسییەکان، دەستەبژێرەی ڕۆشنبیر، چاودێرانو هاوڵاتیانیش لە باشووری کوردستان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم توێژینەوانەوە ئاگاداری هەڵوێستی هاوڵاتیانی کوردو باکووری کوردستان لە بارەی پرۆسەی ئاشتیو بابەتە پەیوەندیدارەکانی ببن. لە ڕوانگەی هەڵبژاردنو دەنگدانەوە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە بەرژەوەندیی دەمپارتی بووە، بەڵام ڕێژەی دەنگی ئاکپارتیو جەهەپە کەمیکردووە، بەدەر لە پرۆسەی ئاشتی ڕەنگە قەیرانی دارایی، بێکاری، بەردەوامیی فشاری دەسەڵات بۆ سەر بەرەی ئۆپۆزسیۆنو کەسایەتیو هاوڵاتیانی کورد کاریگەریی لە سەر کەمبوونەوەی دەنگی ئاکپارتی هەبووبێت، لە هەمان کاتدا ئاشکرابوونی گەندەڵیی سەرۆک_شارەوانییەکانی جەهەپەو هەندێک هەڵوێستی نەرێنیی بەشێک لە بەرپرسو ئەندامو لایەنگرانی ئەو حیزبە بەرانبەر بە کوردو ئەندامانی دەمپارتی کاریگەریی نەرێنی لە سەر کەمبوونەوەی دەنگەکانی جەهەپە هەبووە.لە چوارچێوەی پرۆسەی چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەدا هاوڵاتیانی باکووری کوردستان، پەرلەمانو حکومەتی تورکیا کە لە ئاکپارتیو مەهەپە پێکهاتووە، بە بەرپرسیاری سەرەکی دەزانن لە گۆڕینی پرۆسەکە بۆ ئاشتییەکی درێژخایەنو

ڕەگداکوتاو، لەم چوارچێوەیەدا فەراهەمکردنی مافەکانی گەلی کوردو گەرەنتیکردنی لە چوارچێوەی هەمواری دەستووریو دەرکردنی یاسای نوێ بە هەنگاوی بنەڕەتیو گرنگ دەزانن بۆ گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی پرۆسەی ئاشتیو جێگیربوونی.

### لینکی بابەتەکە لە ئینتەرنێت

https://sahamerkezi.org/dogu-ve-guneydogu-anadolu-bolgelerinde-yer-alan-16-kentte-gundeme-ve-secmen-davranislarina-iliskin-bir-saha-arastirmasi/


chrome-extension://efaidnbmnnnibpcajpcglclefindmkaj/https://sahamerkezi.org/wp-content/uploads/2025/06/Basin-Metni1.pdf

# چاوپێکەوتن

تورکیاناسی

# سولەیمان چەڤیک: لە (٢٠) ملیۆن کورد لە تورکیا، تەنها (٥٠) هەزار خوێنەری بڵاوکراوە کوردییەکان هەیە

چاوپێکەوتن: تورکیاناسی



کتێبو چاپو بڵاوکردنەوە بە یەکێک لە هەرە گرنگترین بوارەکانی پاراستنی زمانو ئەدەبو کولتووری هەر نەتەوەیەک دادەنرێت. لە چاوپێکەوتنی ئەم جارەی وەرزنامەی تورکیاناسیدا بەپێویستزانرا ئاوڕێک لە دۆخی چاپەمەنیو بڵاوبوونەوەی کتێبو گۆڤار بە زمانی کوردی لە باکووری کوردستانو تورکیا بدرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لەم ژمارەیەی وەرزنامەی تورکیاناسیدا چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز سولەیمان چەڤیک (Süleyman Çevik)؛ بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی نوبەهار کراوە.

سولەیمان چەڤیک (Süleyman Çevik)؛ نوسەر، ڕۆژنامەنووسو کەسایەتیی کورد لە تورکیا، لە ساڵی (١٩٥٦) لە دیاربەکر لەدایکبووە. دواى تەواوکردنی خوێندنی

زانکۆ دەستیکردووە بە نوسینو لەمەش زیاتر سەرقاڵی چاپو بڵاوکردنەوەی کوردی بووە. ئێستا بەڕێوەبەری گشتیی ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی نوبەهار (Nubehar Yayınevi)ەو لە هەمان کاتدا سەرنوسەری گۆڤاری نوبەهارە، کە گۆڤارێکی ئەکادیمییەو بە زمانی کوردی/ کرمانجی لەلایەن ناوەندی چاپو بڵاوکردنەوەی نوبەهارەوە بڵاودەکرێتەوە.

لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز سولەیمان چەڤیک تیشکیخستووەتەسەر دۆخی زمانی کوردیو چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەگەری لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا. چەڤیک لەگەڵ ئاشکراکردنی چەندن زانیاریی گرنگ دەربارەی ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامەگەریی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان، ڕاڤەی بۆ دوایین پێشهاتەکانی تورکیاو پرۆسەی ئاشتیو کاریگەریی لە سەر فراوانبوونی مەودای ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانی بۆ کوردو نوسینو چاپو بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی خستووەتەڕوو.

گرنگیو چێژی نەبڕاوەی ئەم چاوپێکەوتنە لەوەدایە، کە بە زمانی شیرینی کوردی گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لە نێوان وەرزنامەی تورکیاناسیو سولەیمان چەڤیکدا کراوە.

**تورکیاناسی:** دۆخی چاپەمەنیو ڕۆژنامەگەریی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا چۆن بووە؟

**سولەیمان چەڤیک:** وەک دەزانن لە کۆتاییەکانی تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی سەرجەم نەتەوەکانی ژێردەستی ئەو دەوڵەتە بە زمانی خۆیان دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو کتێب. کوردیش بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٨٩٨) ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەرکرد. دوای ئەوەش هەتا ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانیو دامەزراندنی کۆماری تورکیا چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری وەک "ژین، ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد، ئیستیقلال ...هتد" بە زمانی کوردی لەلایەن ئەو نوسەرو ڕۆشنبیرە کوردانەوە دەرکران، کە هاتبوونە ئەستەنبوڵ. لە هەمان کاتدا ژمارەیەک کتێب بە زمانی کوردی چاپکراون، لەوانەش "مەولوودنامە"ی مەلا حسێنی باتەیی، لە ساڵی (١٨٩٩)و مەولوودنامەی زازاکی، کە لەلایەن مەلا ئەحمەدی خاسێوە نوسراوە، لە دیاربەکر چاپکراوە، ئەمەش کارێکی سەرنجڕاکێش بووە لەو سەردەمەدا. هەروەها لە ساڵی (١٩١٨) مەمو زین لەلایەن حەمزەی موکسیو دیوانی مەلا ئەحمەدی جزیری لەلایەن شەفیق ئارواسییەوە چاپکراوە. لەمانەش گرنگتر، پێش ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی کتێبی ئینجیل بە زمانی کوردی/ کرمانجیو بە پیتی ئەرمەنی چاپکراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەرمەنی لە ناوچە کوردییەکاندا ژیاون، بەڵام زمانی ئەرمەنییان

لەبیرچووەتەوەو فێری زمانی کوردی بوون. هەروەها دیوانی مەولانا خالیدی بەغدادی (شارەزووری) چاپکراوە. پاش دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیا، هەموو چالاکیو بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی قەدەغەدەکرێت. سەرەڕای سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی شێخ ڕەزای دەرسیمو جوڵانەوەی شێخ سەعیدی کوردی (نورسی)، بەڵام هەتا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هیچ جۆرە چالاکییەکی کولتووریو ڕۆژنامەوانیو چاپەمەنی بە زمانی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان نەبووە. لە ساڵی (١٩٥٩) ڕۆژنامەیەک بە ناوی (الشرق) لەلایەن موسا عەنتەرەوە لە دیاربەکر دەردەکرێت، بەڵام بە بیانووی قەدەغەبوونی دەرکردنی ڕۆژنامە بە زمانێکی قەدەغەکراو بەدەر لە زمانی فەرمیی دەوڵەت، موسا عەنتەر دەدرێتە دادگاو ڕۆژنامەکەش دادەخرێت. دوای کودەتا سەربازییەکەی ساڵی (١٩٦٠)، "یاسای بنەڕەتیی تورکیا" لە بریی دەستوور دەردەکرێت، ئەم یاسا بنەڕەتییە بە باشترین دەستوور دادەنرێت لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا. هەر لەم چوارچێوەیەدا شەش حەوت ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی چاپو بڵاوکرانەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "دەنگ" لە ساڵی (١٩٦٥) بڵاوکرایەوە. پاشان دۆزی کورد لە میدیای تورکیادا دێتەبەر باس. لە کۆتایی شەستەکاندا مەمو زینو شەرەفنامە

لەلایەن محەمەدئەمین بۆز ئارسڵانەوە وەردەگێڕدرێت بۆ تورکیو بڵاودەکرێتەوە. فەرهەنگێکی کوردی-تورکی لەلایەن موسا عەنتەرەوە بڵاودەکرێتەوە. بەم جۆرە لە سایەی کودەتا سەربازییەکەی (١٩٦٠) دا ئازادییەکی ڕێژەیی بۆ کورد دێتەکایەوە. لە سەرەتای حەفتاکانەوە پارتی کرێکارانی تورکیا دادەمەزرێت، لەبەرئەوەی ئەم پارتە خاوەنی ئایدۆلۆژیای چەپ بووە، چەندین کەسایەتیی کورد دەڕۆنەناو پارتەکەوە. لەم چوارچێوەیەدا دۆزی کورد چڕتر دێتەبەر باسوخواس، تەنانەت چەند پەرلەمانتارێکی کوردی پارتی کرێکارانی تورکیا لە پەرلەمان قسە لە سەر دۆزی کورد دەکەن. لێرەوە قسەکردن لە سەر دۆزو زمانی کوردی زیاتر بڵاودەبێتەوەو دەگاتە ناو خوێندکارانی زانکۆو قوتابخانەکان. دوای دروستبوونی کێشە لە نێوان کەسایەتییە کوردەکانی ناو پارتی کرێکارانی تورکیاو بەرپرسانی باڵای حیزبەکەدا ئیدی کوردەکان خۆیان حیزبی سیاسی دادەمەزرێنن. هەتا سەرەتای هەشتاکان نزیکەی (١٠) پارتو ڕێکخراو لەلایەن کوردەکانەوە دروستکرا، ئەم پارتو ڕێکخراوانە هەوڵیانداوە ڕۆژنامەو چاپەمەنیی تایبەت بە خۆیان بە زمانی کوردی بڵاوبکەنەوە. هەڵبەت لەگەڵ زمانی کوردیدا، لەو بڵاوکراوانەدا زمانی تورکییش بەکاردەهێنرا. کودەتای (١٢)ی ئەیلوولی (١٩٨٠) جارێکی دیکە سەردەمێکی تاریکی بۆ کوردو

چاپەمەنیو زمانەکەی هێنایەکایەوە، کودەتاچییەکان بڕیارێکیان دەرکردو لەو بڕیارەدا تەنها ڕێگە بە دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان بە زمانی فەرمی (یەکەم)ی دەوڵەت دراوە، کە تورکییە، ئەم بڕیارەش لەو مەترسییەی کودەتاچییەکانەوە سەریهەڵدابوو، کە لە عێراق کوردی کرابوو بە زمانی دووەم. هەروەها هەموو کەسایەتیو ڕۆشنبیرو خەباتکارانی کورد یان خرانە زیندانەوە، یاخود بێدەنگکران، یان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد. لەگەڵ ئەمانەشدا بە تایبەت ئەو نوسەرو ڕۆشنبیرە کوردانەی ڕوویان لە وڵاتی سوید کرد، هەتا کۆتایی هەشتاکان توانییان خزمەتێکی باش بە زمانی کورد بکەنو شۆڕشێکی مەزنیان لەو بوارەدا کرد. لە ساڵی (١٩٩١) تورگوت ئۆزال؛ سەرۆککۆماری تورکیا بڕیارەکەی کودەتاچییەکانی ڕاگرت، ئیدی جارێکی تر ڕۆژنامەو کتێبو بڵاوکراوە بە زمانی کوردی دەرکرایەوە. لە سەرەتای سەدەی بیستویەکەمو دوای کرانەوەی تورکیا بە ڕووی جیهانو هاتنەسەر کاری پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکپارتی)و هەوڵەکان بۆ چوونەناو یەکێتیی ئەوروپاو پرۆسەی ئاشتی، ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانیو چاپەمەنی بۆ تورکیا بە گشتیو بۆ کوردیش بە تایبەتی زیاترو فراوانتربوو. هەرچەندە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێک گرفتو ئاستەنگ خراونەتە بەردەم ڕۆژنامەوانیو چاپەمەنیی کوردی لە تورکیا، بەڵام بەراورد بە ڕابردوو هەنگاوی باش بەرەوپێشچووە.

**تورکیاناسی:** دەکرێت پۆلێنبەندییەک بۆ ناوەندە کوردییە چاپەمەنییەکانی تورکیاو باکووری کوردستان بکەین؟

**سولەیمان چەڤیک:** ئێستا نزیکەی (٣٥) ناوەندی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان چالاکییان هەیە، هەندێکیان گەورەنو هەندێکیان چالاکیی سنووردارن، هەندێکیان تەنها کتێب چاپدەکەن، هەندێکی دیکەیان کتێبو گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان هەیە، هەندێکی دیکەشیان هەیە لەگەڵ ئەو چاپکراوانەدا چالاکیی کولتووریو زمانەوانیی وەک "کۆڕ، سیمینارو پانێڵ" دەکەن. لە ڕوانگەی فیکریو ئایدۆلۆژییەوە دەتوانین ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە تورکیا دابەشبکەین بۆ ناوەندی "چەپڕەو، لیبراڵو پارێزکارەکان". پۆلێنێکی دیکە بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە سەر بنەمای بابەتو زمانە. بەشێک لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەلایەن کوردەوە دامەزراونو بەڕێوەدەبرێن، هەمووی یاخود زۆرینەی بابەتە بڵاوکراوەکانیشیان پەیوەستە بە دۆزی کوردو کوردستانەوە، بەڵام بە زمانی تورکی بڵاودەکرێنەوە. بەشێکی دیکەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لە ڕووی خاوەندارێتیو بابەتو زمانیشەوە بە تەواوی کوردین. تەواوی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی بە پیتی لاتینی بابەتەکان چاپدەکەن، بەڵام

ناوەندی نوبەهار (Nubehar Yayınevi) نزیکەی (٣٠٪)ی بڵاوکراوەکانی بە زمانی کوردی/ پیتی عەرەبی چاپدەکات. ئەو ناوەندە چاپەمەنییە کوردییانەی کە خاوەن ئاراستەی پارێزکارن، بایەخیان بۆ بەکارهێنانی پیتی عەرەبی لە بریی پیتی لاتینی هەیە.

**گرنگی و چێژی نەبڕاوەی ئەم چاوپێکەوتنە لەوەدایە، کە بە زمانی شیرینی کوردی گفتوگۆیەکی ئەکادیمی لە نێوان وەرزنامەی تورکیاناسی و سولەیمان چەڤیکدا کراوە.**

**تورکیاناسی:** خوێنەری کتێب و بڵاوکراوەی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا لە چ ئاستێکدایە؟

**سولەیمان چەڤیک:** ئێمە داتایەکمان لە بەردەستدا نییە لە سەر ژمارەی ئەو کەسانەی خوێنەری کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانن. بە داخەوە، هەتا ئێستا ڕێژەی خوێنەری بابەتی کوردی بەراورد بە ژمارەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا زۆر کەمە، بە گشتی ڕەنگە لە کۆی نزیکەی (٢٠) ملیۆن کورد تەنها نزیکەی (٥٠) هەزار کەس کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکان بخوێننەوە. ئەم ژمارانە داتای ورد نین، بەڵکو تەنها پێشبینی ئێمەیە لە بەرمەبنای فرۆشتنی کتێب و بڵاکراوە کوردییەکان لەلایەن چاپەمەنییە کوردییەکانەوە. بە داخەوە، ئەمەش دەرئەنجامی کۆمەڵێک کێشە و گرفتە لە بەردەم بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی لە تورکیا. کاتێک زمانی کوردی زمانی قسەکردنی بازاڕ نەبێت، زمانی پەروەردە نەبێت، زمانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی نەبێت، زمانی زۆرینەی میدیای وڵات یاخود ناوچە کوردییەکان نەبێت، زمانی چالاکییە ئایینی و کولتوورییەکان نەبێت، ئیدی خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکان بەو زمانە لە ئاستێکی زۆر لاوازدا دەبێت. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نوسین و بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوەی کوردییەوە چەندین کەس دادگاییکراون، لە کار دەکراون، سزای زیندانییان بە سەردا دراوە، دوچاری فشارو هەڕەشە بوونەتەوە.

**تورکیاناسی:** ئەگەر باشتر بۆمان ڕوونبکەیتەوە، ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندنەوەی کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکان لە تورکیاو باکووری کوردستان چین؟

**سولەیمان چەڤیک:** دەتوانین ئاستەنگەکان پۆلێن بکەین بۆ ئاستەنگی دەوڵەتی و ئاستەنگی خودی، مەبەست لە ئاستەنگی دەوڵەتی ئەو گرفت و ڕێگرییانەن دەوڵەت لە ڕێگەی یاسایی، سیاسی، ئەمنی، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەیخاتە بەردەم بەکارهێنانی زمانی

کوردی، بەڵام ئاستەنگی خودی ئەو گرفتانەیە، کە سەرچاوەکەی بۆ خودی هاوڵاتیانی کورد دەگەڕێتەوە. دەوڵەت هەتا ئێستا ئامادە نییە کتێب لە ناوەندە چاپەمەنییە کوردییەکان بکڕێت، تەنانەت ڕەزامەندینەدراوە لە سەر هەڵگرتنی کۆپییەکی کتێبو گۆڤارە کوردییەکان لە دامەزراوەی ئەرشیفی نیشتیمانیو ئەرشیفی شارەوانیو هیچ دامودەزگایەکی دەوڵەتدا. هەروەها هەتا ئێستا دۆخی سیاسی زەمینەسازیی بۆ ئاساییکردنەوەی خوێندنەوە بە زمانی کوردی نەکردووە، هاوڵاتی ناتوانێت بەبێ ترسو بە ئازادی کتێبی کوردی لە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی یان لە ناوەندێکی گشتی یان لە ناو میترۆو پاسدا بخوێنێتەوە. لێرەشەوە ئاستەنگی ئابووری سەرهەڵدەدات، ئەمەش لەبەرئەوەی خەڵکی وەک پێویست کتێبە چاپکراوە کوردییەکان ناکڕن، بۆیە ناوەندە چاپەمەنییە کوردییەکان ڕووبەڕووی گرفتی دارایی دەبنەوە، هەر ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ دروستنەبوونی پسپۆڕی لە بوارە جیاوازەکانی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی کوردیدا، لەبەرئەوەی نە پشتیوانییەکی دارایی پێویست لەلایەن دەوڵەت یان حیزبو ڕێکخراوەکانەوە هەیە، نە ئەو ناوەندانەی چاپەمەنیی کوردی دەتوانن لە سەر داهاتی کتێبو گۆڤارە چاپکراوەکانیان بژین، بۆیە ڕەنگە لە ناوەندێکی چاپەمەنیی کوردیدا کەسێک کاری چەند کەسێک لە یەک کاتدا بکات.

هەروەها لەبەرئەوەی پاداشتی پێویست بۆ نوسەری کتێبو بابەتە کوردییەکان دابیننەکرێت، بۆیە ئەو نوسەرانەش ئامادە نین کاتی خۆیان بە نوسینی بابەتێکەوە خەرجبکەن، کە خوێنەری پێویستی نەبێتو داهاتی پێویستیشی لێوەدەستنەکەوێت. کێشەیەکی دیکەیش تێکچوونی وشەو ئاوازو ناوەڕۆکی زمانی کوردییە بە هۆی بەکارهێنانی بەردەوامی زمانی تورکی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتو قوتابخانەو بازاڕو تەنانەت لە ناو هەندێک خێزانی کوردییشدا، ئەمەش بووەتە هۆی لەبیرچوونەوە یاخود کەمکردنەوەی بەکارهێنانی زمانی کوردیو دواجار تێکدانی وشەدانو بنەما ڕێزمانییەکانی کوردی، هەر ئەمەش هۆکار بووە بۆ تێکدانو بەلارێدابردنی مێژووی ئەدەبو فۆلکلۆری کوردیو لەمانەش مەترسیدارتر جێگرتنەوەیەتی بە زاراوەو ڕێزمانو ئەدەبی تورکی.

**تورکیاناسی:** ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو حیزبە سیاسییە کوردییەکان بۆ هاندانی خەڵک بۆ خوێندنو خوێندنەوە بە زمانی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

**سولەیمان چەڤیک:** بە داخەوە، حیزبە سیاسییەکان لە هاندانی خەڵکی بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردیو پشتیوانی لە ناوەندەکانی تایبەت بە چاپەمەنیی کوردی سەرکەوتوو نەبوون. ئەمەش بە هۆی ئەوەی یان دەوڵەت ڕێگەینەداوە،

یان خۆیان لە بایەخی زمانی دایک تێنەگەیشتوونو پێیانوایە بە تورکی دەتوانن ئاسانترو باشتر بانگەشەی خۆیان بکەن. هەروەها بوونی زازاو عەلەویەکانیش لە ناو کوردو ئەو پارتە سیاسییانەدا هۆکارێکی دیکە بووە بۆ ڕێگری لە پشتیوانیی زمانی کوردی لەلایەن پارتە سیاسییە کوردییەکانەوە، بەڵام مەدرەسە ئاینییەکان ڕۆڵیان گێڕاوە لە پاراستی زمانی کوردی، ئەمەش لەبەرئەوەی مامۆستایان لە حوجرەکاندا کتێبی عەرەبی بە زمانی کوردی بۆ خوێندکارەکان ڕووندەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی فشاری دەوڵەتو ئەو ڕێگرییە یاساییانەی دەهێنرێتە بەردەم سیستەمی خوێندنو مەدرەسە ئایینییەکان، ئەوانیش هەتا ڕادەیەک لە بەکارهێنانی زمانی کوردو ڕوونکردنەوەی وانەکان بە زمانی دایک کشاونەتەوەو تورکی جێگەی زمانی کوردیی گرتووەتەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا خودی ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەو پشتیوانی لە بەکارهێنانی زمانی کوردی، بە نزیکەی ساڵانە (٤٠٠) کتێبی نوێ لە بوارە جیاوازەکاندا بە زمانی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان بڵاودەکرێتەوە. بەشێک لەو کتێبانە بۆ جاری دووەمو سێیەم چاپدەکرێنەوە. ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییش تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانو هاندانیان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی هەن. بۆ نموونە بزوتنەوەی زمانی کوردی (هێز کورد) یەکێکە لە ڕێکخراوە کاریگەرەکانی بواری پشتیوانی لە زمانی کوردی. ساڵانە چەندین چالاکیی لە بوارە جیاوازەکانی پەیوەست بە زمانی کوردی هەیە، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هاندانی دایکوباوکانو منداڵەکانیان بۆ هەڵبژاردنی وانەی بژاردەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا.

**ئەو ناوەندە چاپەمەنییە کوردییانەی کە خاوەن ئاراستەی پارێزکارن، بایەخیان بۆ بەکارهێنانی پیتی عەرەبی لە بریی پیتی لاتینی هەیە.**

**تورکیاناسی:** کورد لە تورکیاو باکووری کوردستان پیتی لاتینی بەکاردەهێنێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستانی عێراق پیتی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، بە گوێرەی ئەزموونی ئێوە کورد باش وایە پیتی لاتینی بەکاربهێنێت یاخود پیتی عەرەبی؟

**سولەیمان چەڤیک:** بەڕای من گرنگی لە بەکارهێنانی جۆری پیتەکاندا نییە، لاتینی بێت یاخود عەرەبی، هەر یەکێک لەو دوو جۆرە پیتە لایەنی ئەرێنیو نەرێنییان هەیە، بەڵام گرنگ ناوەڕۆکی بابەتەکانو لە هەمان کاتدا یەکگرتووییە لە بەکارهێنانی پیتو ڕستەسازیو زمانی ستاندارد.

**تورکیاناسی:** ناوەندەکانی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی کوردی لە تورکیا هەتا چەند بەشداردەبن لە پێشانگای کتێب لە تورکیاو دەرەوەی وڵاتەکە، بە تایبەت لە عێراقو ئێرانو سوریا کە کوردی لێیە، هەروەها لەو وڵاتانەی زمانی فەرمییان تورکییە؟

**سولەیمان چەڤیک:** لە پێشانگای ساڵانەی کتێب لە دیاربەکر سەرجەم ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە تورکیا بەشداریدەکەن، بەڵام لە شارەکانی دیکەی وەک باتمان، وانو ماردین چەند ناوەندێک بەشداریدەکەن. بە داخەوە، لە ئەستەنبوڵو شارە گەورەکانی تورکیاش دوو یان سێ ناوەندی چاپەمەنیی کوردی دەتوانن بەشداریبکەن، ئەمەش بەهۆی گرانیی کرێی ئەو شوێنانەی دەدرێت بە ناوەندەکانی چاپەمەنی لەو پێشانگایانەدا. سەبارەت بە دەرەوەی تورکیا، تەنها چەند ناوەندێکی چاپەمەنیی کوردی دەتوانن بەشداری پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەرێمی کوردستان بکەن. لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی ئەمساڵ لە هەولێر تەنها ناوەندەکانی "ئاڤێستا، نوبەهارو سیتاڤ" بەشداریانکردبوو. هەندێک کتێبفرۆشیش بەشداری لە پێشانگای کتێب لە سوریاو ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن. بە داخەوە، لەوێ هەندێک جار گرفت بۆ بەشداریکردنی بەشێک لە ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان دروستدەکرێتو جیاوازی لە نێوان ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردیدا دەکرێت. ئەم جیاوازییە بە داخەوە، لەلایەن شارەوانیو پارێزگاری شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستانەوە دەکرێت.

**تورکیاناسی:** وەک دەزانن شارەوانیی بەشێک لە شارەکانی باکووری کوردستان بە دەست کوردەوەیە، ئایا ئەو شارەوانییانە پشتگیریی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی دەکەن؟

**سولەیمان چەڤیک:** ئەگەر ئەو شارەوانییانە لە دەستی کوردەکاندا بێت، پێشانگای گەورەی کتێب ڕێکدەخەنو ناوەندەکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کوردییش بانگهێشتدەکەن. هەرچەندە لە ڕووی بانگهێشتکردنەوە جیاوازییەکی کەم دەکەن، بەڵام هێندە نییە شایانی باس بێت. گرفتی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو شارەوانییانەدایە، کە قەیومیان بۆ دانراوە. ئەمانە بایەخ بە پێشناگای کتێبو چالاکیی کولتووری لە سەر زمانو کولتووری کوردی نادەن. خۆ ئەگەر چالاکییەکیش بکەن، ناوەندە کوردییەکان بانگهێشتناکەن.

**تورکیاناسی:** نزیکەی (١٣) ساڵە لە تورکیاو باکووری کوردستان "وانەی بژاردەی زمانی کوردی" دانراوەو خوێندکار دەتوانێت بیخوێنێت. بە بۆچوونی ئێوە ئەم وانەیە بەسە، یان پێویستە بکرێت بە "وانەی ناچاری"، یاخود پێویستە

خوێندن بە تەواوی بە زمانی کوردی بێت لە باکووری کوردستان؟

**سولەیمان چەڤیک:** لە هیچ وڵاتێکدا نییە وانەی زمانی دایک "وانەی بژاردە" بێت، بەڵکو لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن وانەی زمانی دایک "وانەیەکی ناچارییە". پێویستە وانەی تایبەت بە زمانە بیانییەکان "وانەی بژاردە" بێت.

لە قوتابخانەکانی تورکیا لە ساڵی (٢٠١٢) وە تەنها وانەیەک بۆ خوێندنی زمانی کوردی لە پۆلەکانی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمو هەشتەم دەخوێنرێت، بەڵام ئەم وانەیەش بژاردەیەو چەندین کێشەو گرفتی هەم لەلایەن دەوڵەتو هەم لەلایەن بەشێک لە کوردەکانیشەوە بۆ دروستدەکرێت. لەلایەن دەوڵەتەوە وانەکە وەک وانەیەکی "بژاردە" لە سیستەمی پەروەردەدا دانراوە، مەرجی هەڵبژاردنی ئەم وانەیە لەلایەن (١٠) خوێندکارەوە بۆ کردنەوەی پۆلی تایبەت بە "وانەی بژاردەی زمانی کوردی" دانراوە. دامەزراوە پەروەردەیی‌و میدیاییەکانی دەوڵەت هاوکار نین لە هاندانی خوێندکاران‌و کەسوکاریان بۆ هەڵبژاردنی ئەم وانەیە. هەروەها وەزارەتی پەروەردە مامۆستای پێویستی زمانی کوردی دانامەزرێنێت. لە هەندێک قوتابخانەدا مامۆستای وانەکانی دیکە وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە، یاخود کەسانی خۆبەخش، یان ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە پەرەپێدان‌و بوژاندنەوەی زمانی کوردی مامۆستا بۆ وانەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا دابیندەکەن. بە داخەوە، لەلایەن کوردیشەوە وەک پێویست هەنگاو بە ئاراستەی پشتیوانی لەم وانەیە نەنراوە. بە تایبەت پارتە سیاسییە کوردییەکان پشتیوانیی پێویست لە هەڵبژاردنی وانەکە ناکەن، تەنانەت منداڵی زۆربەی بەرپرسانی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە تورکیا "وانەی بژاردەی زمانی کوردی" هەڵنابژێرن.

لەگەڵ ئەم کێشەو گرفتانەشدا ساڵانە ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی "وانەی بژاردەی زمانی کوردی" هەڵدەبژێرن، لە بەرزبوونەوەدایە. بۆ ئەمساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) نزیکەی (٦٠) هەزار خوێندکار ئەم وانەیەیان هەڵبژاردووە. ئەم ژمارەیەش بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو مایەی دڵخۆشییە.

**بە هۆی قەدەغەکردنی زمانی کوردییەوە، لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا هەتا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هیچ چالاکییەکی کولتووری‌و ڕۆژنامەوانی‌و چاپەمەنی بە زمانی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان نەبووە.**

**تورکیاناسی:** ئەم وانەیە کاریگەریی هەبووە لە سەر بڵاوبوونەوەی زمانی

کــوردیو زیـادبـوونـی ڕێــژەی خـوێـنـەری کتێبو بڵاوکراوە کوردییەکان؟

**سـولـەیـمـان چـەڤـیـک:** بـە دڵـنـیـاییـەوە کاریگەریی زۆر باشی هەیە، لەبەرئەوەی ئـەو خـوێـنـدکـارانـەی ئـەم وانـەیـە هەڵدەبژێرن، لەگەڵ وانەو کتێبەکەی خۆیـانـدا لـە قـوتـابـخـانـە پـەنـا بـۆ ئـەو کـتێـبو چیرۆکو ڕۆمـانـە کوردییـانـە دەبەن، کە لەلایەن ناوەندە چاپەمەنییە کوردییەکانەوە بڵاودەکرێنەوە. هەروەها بەشێک لـە خـوێـنـدکارەکان بـەشـداری لـە خـولی فێرکــردنو بەهێزکـردنی زمانی کوردیدا دەکەن، کە لەلایەن ناوەندەکانی چاپـەمـەنیو سـەنـتـەرەکانی فێرکـردنی زمانەوە دەکرێنەوە. ئەمە جگە لـەوەی ئەم وانەیە هاندانێکەو ئامادەکارییەکی خوێندکارە بۆ هـەڵبژاردنی بـەشی زمانی کوردی، کە لە چەند زانکۆیەکی باکووری کـوردسـتـان کـراونـەتـەوە. بـە تـایـبـەت کــردنــەوەی بــەشی زمـانـی کــوردی لە زانکۆکانی فـورات لـە ئێلازغ، ئارتوکلو لە ماردینو چەند زانکۆیەکی دیکە، کاریگەریی زۆر بـاشی هـەبـووە لـە سـەر فرۆشـتنی بەرهەمی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی، لەبەرئەوەی خوێندکارانی بـەشی زمانی کوردی پێویستیان بە سەرچاوەی زانستی دەبێت لە بـواری زمـانو ئـەدەبی کوردی بە خـودی زمـانـەکـە، لـە هـەمـان کاتدا دابینـکـردنی کـورسیی ماسـتـەرو دکـتـۆرا لـە بـەشی زمـانی کوردیی ئـەم زانکۆیـانـە کاریگەریی زیاتری دروستکردووە.

لـە لایـەکی دیـکـەوە هـەم نـاوەنـدەکانی چــاپو بڵاوکــردنــەوەی کــوردی، هـەم نـوسـەری کـتێـبو بڵاوکــراوەکـان، هـەم هـەنـدێـک لـە بـازرگـانو دەوڵـەمـەنـدان خەرجیی دابینکردنی ژمارەیەک لە کتێبو چیرۆکو ڕۆمـان بـۆ ئـەو خـوێـنـدکارانـە دەگـرنـەئـەسـتـۆ، کـە "وانــەی بــژاردەی زمـانـی کـــوردی" لـە قـوتـابـخـانـەکانـدا هـەڵـدەبـژێـرن. ئـەمـەش دیـسـان مـایـەی دڵخـۆشیو ئومێدبەخشەو کاریگەریی لە سـەر فـرۆشـتنو بڵاوبـوونـەوەی بـەرهـەمی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە تورکیا دەبێت.

**تـورکـیـانـاسی:** نـاوەنـدەکانی چاپـەمـەنیی کوردی لە تـورکیـاو بـاکووری کوردسـتـان هەماهەنگیو کاری هاوبەشیان هەیە؟

**سولەیمان چەڤیک:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە، هـەمـاهـەنگیو کـاری هـاوبـەش هـەیـە. بۆ نـموونـە نـاوەنـدی ئاڤێسـتـا لـە پێشـانگای کـتێـب لـە وان پـرۆگـرامـێکی هـابـەشی ئامادەکرد. چەند ناوەندێکی چاپەمەنیی کوردی بـەشـداریـان تێدا کـرد، ئێمـەش وەک نـاوەنـدی نـوبـەهـار بـەشـداربـووین. هـەروەها لە ئامەد "یەکێتیی ناوەندەکانی چـاپـەمـەنیی کـــوردی" دروسـتـکـراوەو سـەرجـەم نـاوەنـدە کـوردیـیـەکـان تێـیـدا ئەندامن. ئـەم یەکێتییە کاری زۆر باشی کــردووەو لـە هـەنـدێـک بـابـەتی گـشـتیـدا هـەڵـوێـستی یـەکـگـرتـووی نـاوەنـدەکانی چـاپـەمـەنـی کـــوردی لـە ڕێـگـەی ئـەم یەکێتییـەوە ڕادەگـەیـەنرێت. پـەیـوەنـدی

لە نێوان هەموو ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردیدا هەیە، نوسەرانی ناوەندو گۆڤارەکانیان وتارو توێژینەوە بۆ یەکدی دەنووسن. ساڵی ڕابردوو چەند جارێک کۆبوونەوەو دیدار لە نێوان چەند ناوەندێکدا لە سەر دۆخی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردیو ئاڵنگارییەکانی بەردەمیان لە تورکیا سازکراوە.

**ڕەنگە لە کۆی نزیکەی (٢٠) ملیۆن کورد، تەنها نزیکەی (٥٠) هەزارکەس کتێبو بڵاوکراوە کوردییەکان لە تورکیاو باکووری کوردستان بخوێننەوە.**

**تورکیاناسی:** پەیوەندیی ناوەندەکانی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی کوردی لە تورکیا لەگەڵ ناوەندەکانی چاپەمەنیو دەزگا میدیاییەکاندا لە هەرێمی کوردستانی عێراق چۆنە؟

**سولەیمان چەڤیک:** پەیوەندییەکی ئاسایی هەیە، بەڵام زۆر بەهێز نییە. هەندێک جار کە ئێمە دێینە هەرێمی کوردستان، ئەندامێکی ناوەندێکی چاپەمەنی یان دەزگایەکی میدیایی لە هەرێم ڕێبەریی ئێمە دەکات. هەندێک دەزگای میدیایی هەواڵو بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەربارەی کارو چالاکییەکانی ئێمە بڵاودەکەنەوە، لێرەوە سوپاسیاندەکەین، بەڵام هەماهەنگیو کاری هاوبەشی پێکەوەیی هەتا ئێستا نەکراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەتا ئێستا لە ڕووی داراییەوە هیچ هاوکارییەکی ناوەندەکانی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی کوردیی لە تورکیا نەکردووە.

**تورکیاناسی:** هیچ نوسەرو لێکۆڵەرێک لە هەرێمی کوردستانەوە بابەت لە گۆڤارەکانی ناوەندەکانی چاپەمەنیی کوردی لە تورکیاو باکووری کوردستان بڵاودەکەنەوە؟

**سولەیمان چەڤیک:** بەڵێ هەندێک نوسەرو لێکۆڵەر بابەتمان بۆ دەنێرن، بەڵام بە داخەوە، بە هۆی ئەو دابڕانە زمانیو کولتوورییەی لە نێوان باکوورو باشووری کوردستان هاتووەتەکایەوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی دانانی سنوورێکی جوگرافیو سیاسیی دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاو عێراقو جیاوازیی پیتی نوسینی زمانی کوردی لە باکوورو باشوور کارێکی ئاسان نییە نوسەرانی باشوور بابەت بە زمانی کوردی/کرمانجی بنووسن، لە باکووری کوردستانو تورکیاش وەک پێویست کەسی شارەزاو پسپۆڕی زمانەوانی دروستنەبووە، بتوانێت بابەتی نوسەرەکانی باشوور لە سۆرانییەوە بکات بە کرمانجی.

**تورکیاناسی:** وەک دەزانن پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا دەستیپێکردووەتەوەو هەنگاوی باشی بڕیوە، پێتانوایە پرۆسەکە چ کاریگەرییەکی دەبێت لە سەر ئازادیی


قسەکردنو نوسین بە زمانی کوردیو دامەزراندنی دەزگای میدیاییو چاپەمەنیی کوردی لە تورکیا؟

**سولەیمان چەڤیک:** بە دڵنیاییەوە لە ئاشتیدا دەرفەتی ئازادیی زیاتر فەراهەمدەبێت. لە هەر شوێنێک شەڕ هەبێت، ئازادیی ڕادەبڕینو ڕۆژنامەوانیو نوسین نابێت، یاخود بەرتەسک دەبێت. ئەگەر ئاشتی بەرقەراربێت، کوردیش باشتر دەتوانێت پەرە بە زمانو کولتووری خۆی بداتو بەکاربهێنێت. ئیدی لێرەوە لە بری چەک، سیاسەت قسەدەکاتو دەکرێت لە ڕێگەی خەباتی سیاسییەوە کورد مافە زمانیو کولتوورییەکانیشی بەدەستبهێنێت. لە هەمان کاتدا دەوڵەتیش هەنگاو بە ئاڕاستەی کرانەوەو فەراهەمکردنی زیاتری ئازادیی ڕادەربڕینو نوسینو چاپ بە زمانی کوردی دەنێت، تەنانەت لەلایەن دەوڵەتەوە کتێب بە زمانی کوردی چاپو بڵاودەکرێتەوە، لە قۆناغەکانی پێشوودا چەند هەنگاوێکی لەو جۆرە لەلایەن دەوڵەتەوە نراوە. هەروەها خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەو زانکۆکان کاتی زیاتری بۆ تەرخانبکرێت. لەمانەش گرنگتر نەمانی بەهانەیە بە دەست دەوڵەتەوە بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زمانی کوردی، یاخود بەرتەسککردنەوەی مەودای ئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەوانیو نوسین بە زمانی کوردی بە بیانووی بوونی شەڕو ناسەقامگیری لە باکووری کوردستان.

**کاتێک زمانی کوردی؛ زمانی قسەکردنی بازاڕو پەروەردەو دەسەڵاتو چالاکییە ئایینیو کولتوورییەکان و زۆرینەی میدیای وڵات یاخود ناوچە کوردییەکان نەبێت، ئیدی خوێندنەوەی کتێبو بڵاوکراوەکان بەو زمانە لە ئاستێکی زۆر لاوازدا دەبێت.**

**تورکیاناسی:** سوپاس بۆ بەخشینی کاتی بەنرختان بە وەرزنامەی تورکیاناسیو خوێنەری کورد، دوا وتەتان چییە؟

**سولەیمان چەڤیک:** سوپاسو دەستخۆشیم هەیە، بەو هیوایەی ئەم چاوپێکەوتنە مایەی سوودو ڕەزامەندیی ئێوەو خوێنەری بەڕێز بێت.




# کتێبناسی

تورکیاناسی

# کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش

(DEMİRTAŞ'IN BEYAZ SANDALİYESİ)

ناوی کتێب: کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش، بیرەوەرییەکانی زیندان
نوسەر: زینار کەرەڤیل، ڕاوێژکاری میدیایی دەمیرتاش
وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ کوردی: هێژا دڵشاد
جۆری کتێب: بیرەوەری
ژمارەی لاپەڕە: (٤٠٠)
چاپخانە: دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ساڵی بڵاوکردنەوە: چاپی یەکەم، (٢٠٢٥)

**ئامادەکردن:د.دیلان سەلام حمە فرج** | دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی

**بەرایی**

کتێبی "کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش؛ بیرەوەرییەکانی زیندان"، لەلایەن "زینار کەرەڤیل"؛ نوسەری کوردو ڕاوێژکاری میدیایی سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)وە نوسراوە. ئەم کتێبە لەلایەن "هێژا دڵشاد"ەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی، کتێبەکە بە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش وەرگێڕدراوە. وەرگێڕان هەر وا کارێکی سەرپێیی و ئاسان نییە، چونکە لە پاڵ زمانزانییندا پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی بەرزو سەلیقەیەکی ئەدەبیی باڵا هەیە. وەرگێڕ دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی هەردوو نەتەوەکەو هاوکات کولتوورو ژینگەی هەردوو زمانەکەدا هەبێت، خۆی بەدووربگرێت لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەی بێگانە، لە بری ئەوە پێویستە وشەی ڕەسەن و خۆماڵی بەکاربهێنێت.

دەتوانین بڵێین: وەرگێڕی ئەم کتێبە بەشێکی زۆری ئەم تایبەتمەندییانەی تێدایەو ماوەی بیست ساڵە وەک ڕۆژنامەنوس و نووسەری تایبەت بە کاروباری تورکیا دەنوسێت، لە ساڵی (٢٠٠٩)وە بە شێوەیەکی بەردەوام وتار لە بارەی دەمیرتاشەوە

دەنوسێت، بەدواداچوون لە بارەی کارو چالاکییە سیاسییەکانییەوە دەکات، وەرگێڕانی ئەم کتێبەیش لە چوارچێوەی ئەو کاروبارانەدایە.

"کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش" بە شێوەی بیرەوەری نووسراوە. بیرەوەری (بایۆگرافی) بریتییە لە یاداشتو بەسەرهاتو سەرگوزەشتە، یان سەربوردەی ژیان، کە بە واتای گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی کەسایەتییەک دێت. لە ڕاستیدا ئەم شێوازە لە نوسین، فۆڕمێک بووە لە نوسینی ڕۆمان، هەر وەک فۆڕمێکیش بووە لە نوسینەوەی مێژوو. هەروەها جۆرێکی دیکە لە بیرەوەری هەیە پێیدەگوترێت "ئۆتۆبایۆگرافی"، ئەمەیان بریتییە لە نوسینەوەی مێژووی ژیانی کەسایەتییەک لەلایەن نوسەر خۆیەوە، واتە کەسەکە خۆی بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆی دەنوسێتەوە. ئەم چەشنە لە بیرەوەری گرنگترو ڕاستەوخۆترە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا واتە لە دۆخی نوسینی بایۆگرافیو ئۆتۆبایۆگرافیدا، تێکستەکە هەم پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، هەم پەیوەندیی بە ڕۆمانەوە هەیە. ڕاستە نوسەری بایۆگرافی ئەرکی مێژوونووس جێبەجێناکات لە سنوورێکی دیاریکراودا نەبێت، کە پەیوەستە بە واقیعو دۆکیومێنتەوە، بەڵام نووسەری بایۆگرافی لە بنەڕەتدا گرنگی بە واقیعێکی مێژوویی/بابەتی دەدات، بۆیە لە نێوان ڕۆمانو مێژوو، ڕۆماننووسو مێژوونووسدا دەوەستێت، لە لایەک تەکنیکەکانی ڕۆمان بۆ نوسینەوەی بایۆگرافییەکی بەکاردەهێنێت. لە لایەکی دیکەوە دۆکیومێنتی مێژوویی، پێویستە نوسەری بیرەوەری بوێریو ڕاستگۆیی زۆری تێدا بێت، ئەگەرچی ئەمە لە بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا زەحمەتە، چونکە لە ڕۆژهەڵاتدا کەم نوسەر هەیە بەبێ سانسۆر بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، مەبەستم ترسی سایکۆلۆژیو سانسۆری کۆمەڵایەتییە. هەروەها پێویستە نوسەری بیرەوەری هەموو لایەنەکانی ژیانی خۆی بگێڕێتەوە، نەک تەنیا لایەنی ئەرێنی، چونکە ئەگەر تەنیا لایەنی پۆزەتیڤی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوا لێرەدا نوسەر لە هەموو بوارەکاندا وەک پاڵەوانی بێهەڵەو سوپەرمان دەردەکەوێت، پێویستە لایەنی نەرێنیو ئەزموونی شکستەکانیشی بگێڕێتەوە.

لەم کتێبەدا بەر هەردوو جۆرە گێڕانەوەکە دەکەوین، بەڵام ئەرێنییەکان زیاترن. دەتوانین بڵێین کتێبی "کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش" هەم "بایۆگرافییە"، چونکە کەسانی دیکە هەن ڕۆڵی گێڕەرەوەی ڕوداوەکان دەبینن، هەم "ئۆتۆبایۆگرافییە"، چونکە لە هەندێک شوێندا دەمیرتاش خۆی گێڕەرەوەی ڕوداوەکانەو باسیاندەکات. بە ڕای "فلیپ لۆژۆن"، "مەرجی سەرەکیی ئۆتۆبیۆگرافی بوونی ناسنامەیە، ناسنامەی نوسەر (دانەر)و گێڕەرەوەو کەسایەتیی سەرەکیی

گێڕانەوەی ئۆتۆبیۆگرافی یەک کەس بێت"(١). کەواتە ئەم کتێبە بەشێکی زۆری بە شێوەی بایۆگرافی نوسراوەو لەلایەن کەسانی دیکەوە ڕوداوەکان دەگێڕدرێتەوە.

**ناوەڕۆکی کتێبەکە**

ئاشکرایە لە پاش کودەتا شکستخواردووەکەی (١٥)ی تەممووزی (٢٠١٦)، ڕەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری لە تورکیا بە نەرێنی گۆڕا، کاریگەریی لێکەوتەکانی هەتا ئەمڕۆیش بە سەر تەواوی جومگەکانی ئەو وڵاتەوە بەردەوامە، لە میدیاوە هەتا لاوازکردنی ڕۆڵی پەرلەمانو گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتیو وەلانانی بژاردەی گفتوگۆ بۆ ئاشتەواییو پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتە، دواتریش دەستگیرکردنی سیاسییەکانی باکووری کوردستان هاتەئاراوە، کە دوورو نزیک پەیوەندییان بە کودەتاکەوە نەبوو، بە ئامانجی سیاسی کرانە قوربانی، بە تایبەتییش هۆکاری سیاسی لە ئارادا بوو بۆ تۆڵەکردنەوە لە خودی "سەلاحەدین دەمیرتاش"، ئەویش بە هۆی ئەوەی لە نێوان ساڵانی (٢٠١١) هەتا (٢٠١٣) دا ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی ئاشتیدا هەبووە.

گوتارەکانی "دەمیرتاش" لە مەیدانەکاندا وایکرد وەک سیاسییەکی کاریزماو ئاشتیخوازو تاکە ڕکابەری سەرەکیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، دەربکەوێت. هەر لەو قۆناغەیشدا، کە دەمیرتاش هاوسەرۆکی هەدەپە بوو، بۆ یەکەمین جار بزوتنەوەی سیاسیی کورد توانیی (١٠٪)ی بەربەستی هەڵبژاردن تێبپەڕێنێتو دەنگەکانی بگاتە (١٣٪).

بەم جۆرە هەتا دەهات، دەمیرتاش هاوسۆزیی نەتەوە ناکوردەکانیشی بۆ خۆی ڕادەکێشا. لەم سۆنگەیەوە دەکرێت ئەو سزا دادوەرییە نارەوایانەی بە سەر دەمیرتاشو هاوڕێکانیدا سەپێنراوە، بە سزادانێک دابنرێت لە پای ڕۆڵیان لە سیاسەتی شەڕو نەژادپەرستیو چینایەتی بێت، کە خەبات لە پێناوی مافی گەلەکەیانو یەکسانی لە نێوان کەمینەکانی ئەو وڵاتەدا دەکەن.

سەلاحەدین دەمیرتاش بەوە دەناسرێتەوە، کە نوێنەری نەوەی نوێی خەباتگێڕانە، سەرکردەیەکی دیموکراتخوازی کوردو هەڵگری پەیامی پێکەوەژیانو ئاشتی بووە لە باکووری کوردستانو تورکیا، هەروەها بە بەرگریکارێکی بوێری مافە نەتەوەییەکانی کورد بۆ دادپەروەریو یەکسانی وێنادەکرێت، داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی مرۆڤو کەمینەکانە. مانەوەی دەمیرتاش لە زیندان نەک بە تەنها پێشێلکردنی دەستووری ئەو وڵاتەو بنەما جیهانییەکانی مافی مرۆڤو بڕیارەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپایە، بەڵکو

سوکایەتیکردنە بە بەهاکانی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا.

دەمیرتاش لە زینداندا پاشەکشەی لە ئامانجو بیروبۆچوونەکانی نەکردووە، لە هەر دەرفەتێکدا بوێرانە لە دژی نادادپەروەریو فاشیزم دەوەستێتەوەو بە هیچ جۆرێک ملکەچی ئەو سیستەمە نادادپەروەرییە نەبووەو سازشی لە سەر بیروباوەڕەکانی نەکردووە. ڕۆماننووسی ناوداری تورکیاو وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات "ئۆرهان پامۆک"، لە چاوپێکەوتنیکدا لە پێگەی (تی-٢٤) لە (٢٣)ی مارتی (٢٠٢١)، سەبارەت بە هەڵوێستەکانی دەمیرتاش لە زینداندا دەڵێت: "سەلاحەدین دەمیرتاشو نووسەرە بەندکراوەکان لە نموونەی جەسوورترین مرۆڤەکانی ئەم وڵاتەن"(٢).

"سەلاحەدین دەمیرتاش" لە سەر کورسیە سپییەکەی لە ژووری زیندانەوە لە جیهانی دەرەوە دانەبڕاوە، هێشتا کۆششو خەبات بۆ ئاشتەوایی دەکات. بێگومان لە پاڵ ئەوەیشدا نابێت کارە ئەدەبییەکانی "دەمیرتاش" لەبیربکەین. لە ماوەی هەشت ساڵی زینداندا، خاوەنی شەش کتێبی ئەدەبییە لە کۆمەڵەچیرۆکو ڕۆمان، ئەمانەیش وەک دەقی داهێنەرانە لە دنیای ئەدەبدا دەمێننەوە. لە کاتێکدا لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هیچ سیاسیو نوسەرێک لە زینداندا هێندەی دەمیرتاش کتێبی نەنووسیوە.

لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە زیاتر ئاشنای دیدی سیاسیو هەڵوێستی مرۆڤایەتیی دەمیرتاش دەبین لە بارەی ڕوداوەکانی تورکیاو ناوچەکەوە، هاوکات تێدەگەین لە ئاڕاستەکردنی سیستەمی دادوەریو یاساکان لە تورکیا لەلایەن دەسەڵاتو خودی تاکەکەسێکەوە، دەرهەق بە نووسەرانو سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. لە هەموویشی گرنگتر ئەو واقیعەمان بەبیردەهێنێتەوە، کە هێشتا ڕادەربڕین لەو وڵاتە بە تاوان هەژماردەکرێتو دەچێتە خانەی یاساکانی تیرۆرەوە.

وەرگێڕ دەڵێت: لە سەروبەندی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا لە (١٦)ی ئایاری (٢٠٢٤) دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە لە پاش هەشت ساڵ لە پرۆسەی دادگاییکردن، بڕیاری (٤٢) ساڵ زیندانیی بە سەر "دەمیرتاش"دا سەپاند. "هادی جین"؛ یەکێک لە پارێزەرەکانی دەمیرتاش، دەڵێت: "تەواوی ئەو سزایانەی بە سەر دەمیرتاشدا سەپێنراوە، بە هۆی لێدوانەکانیەوە بووە. لە کاتێکدا دەمیرتاش بە دۆسیەی کۆبانێ دەستگیرکرابوو، لەو دۆسیەیەدا ئەردۆغان بە هۆکاری کوشتنی دەیان کەس تۆمەتبارێکردبوو"(٣).

ئەم دووڕوویەی سیستەمی دادوەری لەو وڵاتە، جارێکی دیکە ڕاستیو دروستیی بڕیارەکەی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا لە سەر دۆسیەی دەمیرتاش دەسەلمێنێت، کە دەمیرتاش بە هۆی بیروبۆچوونەکانیەوە لە زیندانەو هیچ تاوانێکی نییە. بە هەر جۆرێک بێت،

هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە ڕابەرێکی سیاسی دیارو کاریگەری باکووری کوردستانو تورکیایە، بێگومان بۆ ئێمەی کورد سیاسییەکی گرنگە.
هەر لەم کتێبەدا دەردەکەوێت دەمیرتاش بارمتەیەکی سیاسییە، لە سەر میزاجی کەسێک نادادپەروەرییەکی زۆری بەرانبەر کراوە، هاوکات سیاسییەکی ئاشتیخوازەو لە سەر کورسییەکی سپی لە خەباتی بێوچانی بۆ ئاشتەوایی کۆڵنادات.

**وێناکردنی بەندینخانەکەی دەمیرتاش**
"سری سوورەیا ئۆندەر" لە پێشەکیی کتێبەکەدا دەڵێت: بەندینخانەکانی جۆری ئێف (F) لە ڕوانگەی بیناسازییەوە بۆ ئەو جۆرە کەسانەن، کە نەخۆشیی شیزۆیدیان هەیە، واتە ئەو کەسانەی حەزیان لە تەنیاییەو چێژ لە تێکەڵبوونی کەسانی دیکە وەرناگرن. بۆ ئەوانەی سەردانی زیندانەکان دەکەن، لەو بەشەی کە کراوەیە، بە ڕەنگی پەمەیی بۆیەکراوە. وەک ئەوە وایە مرۆڤ سەردانی باخچەیەکی منداڵان بکات، کاتێک دەچیتە ئەو شوێنەی زیندانیکراوانی تێدایە، دیوارەکان ڕەنگی خۆڵەمێشیو ئیسپرتۆییە.هەروەک چۆن هەموو شتێکی ناو زیندانیان کۆنترۆڵکردووە، بە هەمان شێوە بۆیاخی دیوارەکانیشیان کۆنترۆڵکردووە. تەنها ڕێگەدەدرێت دیوارەکان بە ڕەنگی سپی، خۆڵەمێشیو ڕەش بۆیەبکرێت. بۆ نموونە ڕەنگی سەوز لەبەرئەوەی ڕەنگی جلوبەرگی فەرمیی پاسەوانەکانە، یاخود ڕەنگی نیلی، ڕەنگی پاسەوانەکانی سزا قورسەکانە، یان ڕەنگی سوور کە کەس نازانێت بە چ هۆکارێک قەدەغەکراوە، بۆئەوەی بیرکردنەوەکانیشت وەک ڕەنگی جلوبەرگی پاسەوانەکانی لێبێت، هەموو ڕێکارو شتێک دەگرنەبەر. لە ناو ژوورەکانی زیندان کەلوپەلێکی ئەوتۆ بوونی نییە، مێزو کورسی نەبێت، کە لە پلاستیک دروستکراونو ڕەنگیان سپییە. بووەتە یاسا، کە لە ناو زیندانەکاندا فرەڕەنگی بوونی نییە، واتە وەک جیهانی دەرەوە شتەکان ڕەنگاوڕەنگ نین.

**لە کتێبی"کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش"دا هەم کەسانی دیکە ڕۆڵی گێڕەرەوەی ڕوداوەکان دەبینن، هەم دەمیرتاش خۆی گێڕەرەوەی بەشێک لە ڕوداوەکانە.**

لەبەر ئەو هۆکارە سەلاحەدین دەمیرتاش، گیوڵتان کشەناک، فیگەن یوکسەکداغ، سەباحەتی تونجەل، ئایسەل توغلوک، سەلچووک مزراکلی، بەکر، ئیدریس باڵوکەنو...هتد، هەزاران سیاسەتمەدار خەباتیانکردووە لە پای نارازیبوون لەو سیستەمەی کە پێیوایە دەبێت هەموان یەک ڕەنگ بین، یەک

دەنگ بین، یەک بیرکردنەوە بین. لە زیندان دەستبەسەرکراون‌و لە ناو دیوارە خۆڵەمێشییەکاندا لە سەر کورسییە سپییەکانیان ڕۆژەکانیان بە خۆڕاگری‌و داهێنانەوە بەڕێدەکەن، لەمڕۆدا لە سەر کورسییەکی سپی لە زیندانەوە گوتارو پەیامەکانی بۆ دەرەوە دەنێرێت، کە سەد هێندە بە بەهاترو باڵاترە لەو گوتارانەی لە دەرەوە دەدرێن. ئەم کتێبە ڕەنجێکی بەنرخە لە شوێنی خۆیدا لە دڵی سیاسەتمەدارێکەوە لە سەر کورسییە سپییە پلاستیکەکەی زیندانەوەیە، نەوەک لە سەر کورسیی دەسەڵات‌و پۆستی دیکە، ئەو هەمیشە دڵی لەگەڵ گەلدایەو گەلیش دڵی لەگەڵ ئەودایە(٤).

## هەڵمەتەکانی دەستگیرکردنی سیاسییەکان

ئێوارەی (٧)ی حوزەیرانی (٢٠١٥) ئەو ڕۆژەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە تورکیا بەڕێوەچوو، "سەلاحەدین دەمیرتاش"و "فیگەن یوکسەکداغ" لە پۆستی هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)دا بوون. بە تایبەتی "دەمیرتاش"، لەو ماوەیەدا چالاکانە بەشداریی لە کەمپەینی هەڵبژاردندا دەکرد. پشتیوانییەکان بۆ هەدەپە هەتا دەهات زیاتر دەبوون، لە کەشێکی ئاشتییانەو ڕەنگاوڕەنگەوە کۆبوونەوە جەماوەرییەکان بەڕێوەدەچوون.
لەو هەڵبژاردنەدا هەدەپە توانیی شەش ملیۆن دەنگ بەدەستبهێنێت‌و بەربەستی هەڵبژاردن تێبپەڕێنێت. ئەم پارتە کوردییە لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکردو بووە خاوەنی (٨٠) پەرلەمانتار، لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە "ئاکپارتی" بە تەنیا فەرمانڕەوایی تورکیای دەکردو حکومەتی پێکهێنابوو، لەو هەڵبژاردنەدا ئاکپارتی (٤١٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. بەم ڕێژەیەیش دەرکەوت، کە دەنگەکانی کەمیکردووە، بەو هۆیەیشەوە نەیتوانی کورسیی پێویست لە پەرلەمان بەدەستبهێنێت، بۆئەوەی بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت، بەمەیش لە دوای ساڵانێکی زۆر بابەتی پێکهێنانی حکومەتی هاوبەشی لەو وڵاتە خستەبەر باس.

**ئەم کتێبە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداوو بەسەرهاتی سەلاحەدین دەمیرتاشە بەر لە دەستگیرکردن‌و ژیانی ناو زیندان‌و لە کاتی پڕۆسەی دادگاییکردنیدا.**

ڕۆژێک دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن یەکێک لەو بەرپرسانەی لە ناو پڕۆسەی ئاشتیدا لە نێوان حکومەتی تورکیاو پەکەکەدا ڕۆڵی هەبوو، "یاڵچن ئاکدۆغان"ی یاریدەدەری سەرۆکی گشتیی ئاکپارتی بوو، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنوسیدا بە زمانێکی توندەوە گوتی: لێرە بە دواوە شتێک بە ناوی

پرۆسەی ئاشتییەوە لە ئارادا نییە، ئیتر ئەوە شتێکی خەیاڵییەو مەگەر هەدەپە فیلمێک لە سەر پرۆسەی ئاشتی دروستبکات. هەر ماوەیەک پێش هەڵبژاردن لە کاتی بانگەشەدا "یالچن ئاکدۆغان" گوتی: "شتێکی باش دەبێت، ئەگەر هەدەپە بەربەستی هەڵبژاردن تێنەپەڕێنێت"(٥).ئاکدۆغان کە یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، تووڕە دیاربوو، بە هۆی ئەوەی هەدەپە بەربەستی هەڵبژاردنی تێپەڕاندبوو. بێگومان ئەردۆغانیش بە هەمان شێوە نیگەران بوو لە ڕەوشەکە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی بەدڵنەبوو، لە پاش هەڵبژاردن هەتا ماوەیەکی زۆر خۆی لە ڕایگشتی بەدوورگرتبوو. ئەردۆغان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەیگوت: هێندەی (٤٠٠) پەرلەمانتار دەنگمپێبدەن، تاکو کارەکە بە ئارامی چارەسەربکرێت، بەڵام پارتەکەی (٤٠٠) کورسیی پەرلەمانی بەدەستنەهێنا، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیش بوو ڕەوشەکە گۆڕاو لە ماوەیەکی نزیکدا جەنگ لە نێوان دەوڵەتو پەکەکەدا دەستیپێکردەوە.

ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وایان نیشاندەدا، دەبێت حکومەتی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا دروستبکرێت، بەڵام ئەردۆغان نیەتێکی وای نەبوو، بۆیە ئەنجامەکان بە خراپ شکانەوە. پاش چوار ڕۆژ، لە (٢٨)ی تەممووزی (٢٠١٥)، ئەردۆغان لە میانەی ئەنجامدانی گەشتەکەی بۆ "چین"و "ئیندۆنیزیا" بە زمانێکی زبر دژی هەدەپە ڕایگەیاند: "پێویستە باجی ئەو هەڵانە بدەنو چیتر نەتوانن لە ژێر سایەی پارێزبەندیدا خۆیان لە یاسا بدزنەوە"(٦). ئەم لێدوانە ئاماژەیەک بوو بۆ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی بۆ سەر ئەندامانی هەدەپەو دەستگیرکردنیان.هەر ماوەیەک دواتر ئەردۆغان ناڕاستەوخۆ پەیامێکی ئاڕاستەی دادوەری کۆماریو دادگای چاوپێداخشانەوە کردو گوتی: ئومێدەوارم بەرپرسانی هەدەپە باجی هەڵەی خۆیان بدەن، پارێزبەندییان لێوەربگیرێتەوە، پێویستە لەو بارەیەوە پەرلەمان ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت، پارێزبەندی لە پەرلەمانتارانی هەدەپە بسێنێتەوە. بە هۆی سەرکەوتنی هەدەپەوە، هەڵبژاردن لە تورکیا دووبارەکرایەوە. کاتێک "کەمال کڵچدارئۆغڵو"؛ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، کە بە ڕابەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە تورکیا هەژماردەکرێت، ڕایگەیاند، کە پارتەکەیان دەنگ بە بەڵێ دەدەن لە پەرلەمان بۆ لابردنی پارێزبەندی، زۆری نەبرد پرۆژە یاساکە لە پەرلەمان دەنگدانی لە سەر کراو هیچ ڕێگرییەک لە بەردەمیدا نەما، پاش مشتومڕێکی چەند ڕۆژە پرۆژەیاساکە درایە کۆمسیۆنی دەستوور لە پەرلەمان، زۆری نەبرد لە پەرلەمان خوێنرایەوەو بە کۆی (٣٧٦) دەنگ پەسەندکرا. ڕاپۆرتێک پێشکەشکرا، لە سەر بنەمای ئەو ڕاپۆرتە

بە تەنها پارێزبەندی لە سەر پەرلەمانتاران لانابرێت، بەڵکو ڕێگەیش خۆشدەکات پەرلەمانتارانی کورد دادگاییبکرێن.
لە (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٦) لە میدیاکاندا هەوڵی گۆڕینی سیستەمی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بڵاوکرایەوە. هەوڵەکان بەو ئاڕاستەیەدا بوو، کە سیستەمەکە بە جۆرێک دەبێت ئەردۆغان لە یەک کاتدا سەرۆکی سیستەمەکە دەبێتو دەست بە سەر تەواوی دەسەڵاتو جومگەکانی بەڕێوەبردندا دەگرێت. بە واتایەکی دیکە لەم سیستەمەدا سەرۆک دەسەڵاتی تەواوەتیی دەبێت بە سەر ئۆرگانەکانی وەک سەرۆکی دادگای دەستووری، دادگای پێداچوونەوە، ئەنجومەنی ڕاوێژکاران، ئەنجومەنی باڵای دادوەرانو پارێزەرانو سەرۆکی زانکۆکاندا، لە زۆر جومگەی دیکەدا دەسەڵاتی گۆڕینو دانانی دەبێت.
هەتا دەهات، لەلایەن دەسەڵاتەوە خواستو گوشارەکان بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ هێنانەکایەی سیستەمی سەرۆکایەتی زیاتر دەبوو، لە بەرانبەریشدا بەرەیەکی ناڕازیی بەهێز هەبوو دژی دەسەڵاتی خۆسەپێن، دەسەڵاتدارانی تورکیا لەو باوەڕەدا بوون دەستگیرکردنی هاوسەرۆکانی هەدەپە، خزمەتکردنە بە سەروەریی تورکیا، هەر بۆیە هەڵمەتی دەستگیرکردنی سەرکردە سیاسییەکانی هەدەپە دەستپێکرد. لە (٢٥)ی تشرینی یەکەمی (٢٠١٦) گولتەن کشاناک؛ هاوسەرۆکی گەورە شارەوانیی ئامەد، دەستگیرکرا. لە (٤)ی تشرینی دووەمی (٢٠١٦) فیدان یۆکسەکداغ؛ هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، لە ماڵەکەی خۆی لە ئەنقەرەو هاوکات سەلاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی هەدەپە، لە ماڵەکەی خۆی لە ئامەد دەستگیرکران.
"دەمیرتاش" بەم جۆرە باس لەو ساتە دەکات: کاتێک لە ماڵ هاتمەدەرەوە، دیلدای کچە بچووکم پێیگوتم: "باوکە مەڕۆ"، دەتوانم بڵێم: ئەو ساتە تاکەساتی ژیانم بوو، کە خۆمم تێیدا بێدەسەڵات دەبینی. منیش گەڕامەوە، باوەشم بە دیلدادا کردو پێمگوت: کچەکەم، دڵنیا بە دەگەڕێمەوە(٧).هەر ئەو ڕۆژە هێرشێکی خۆتەقاندنەوە لە شوێنی دەستگیرکردنەکەی دەمیرتاشو یوکسەکداغ دەکرێت. لە هێرشەکەدا (١٢) کەس گیانلەدەستدەدەن، (١٠٠) کەسی دیکە بریندارددەبن. پاش تەقینەوەکە هەدەپە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوە دا، تەقینەوەکە دەستی داعشی لە پشتە، ئامانجیش لە تەقینەوەکە بۆ کردنەئامانجی هەریەک لە هاوسەرۆکەکانی هەدەپە بووە. "دەمیرتاش" لە پاش دەستگیرکردنی نوسراوێکی دەستیی دایە پارێزەرەکانیو تێیدا دەڵێت: "لەمڕۆدا ڕووبەڕووی کودەتایەکی مەدەنی بووینەتەوە لەلایەن

حکومەتو کۆشکی کۆمارییەوە، تورکیا پێیناوەتە قۆناغێکی نوێوە. منو هاوڕێکانم لە هەر شوێنێکو هەر قۆناغێکدا بێت، لە دژی ئەم کودەتا نایاسایە دەوەستینەوە، ئێمە بەبێ وچان لە ئێستاو داهاتوودا لەگەڵ گەلەکەماندا دەبین، هەموان پێکەوە کۆششو خەبات بۆ دیموکراسیو ئازادی دەکەین"(٨). لە پاش ڕوداوی تەقینەوەکەی ئامەد، "دەمیرتاش" گوازرایەوە بۆ زیندانی ئەدرنە.

**گوتارەکانی "دەمیرتاش" لە مەیدانەکاندا و ایکرد، وەک سیاسییەکی کارێزماو ئاشتیخوازو تاکە ڕکابەری سەرەکیی ئەردۆغان دەربکەوێت.**

یەکەم یادەوەریی "دەمیرتاش" لە زینداندا ماندوویەتی بوو، بەڵام لە ڕۆژەکانی دواتردا ئیمزای لە سەر زۆر کاری گرنگ کرد. یەکەم هەنگاوی ڕۆژانە وتاری بۆ ڕۆژنامەو وێبسایتەکان دەنووسی. لە نوسینێکدا دەڵێت: بەندکردنی من بەو ئەندازەیە نییە، کە کاریگەری لە سەر هزرم بکات، وێنا جوانەکانی دەرەوەی زیندان لەیادبکەن. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوانەی لە پشتی زیندانیکردنی ئێمەوەن، دروستکردنی ترسە لە لای خەڵک، دەیانەوێت پاکتاوی سیاسی بکەن. ئەرکی ئێمە ئەوەیە ئەو ئامانجە پوچەڵبکەینەوە. لە ڕێکەوتی (١٦)ی نیسانی (٢٠١٧) ڕیفراندۆمێک بۆ پرۆژەیاسای بەڕێوەبردنی وڵات ئەنجامدرا، بۆ گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ کۆماریو ئەنجامەکە بە لە سەدا (٤٩) بۆ (٥١) ڕاگەیەنراو سیستەمی بەڕێوەبردن گۆڕدرا.

## کاریگەریی ئەردۆغان لە سەر بڕیارەکانی دادگا

هەفتەو مانگ بە سەر دەستگیرکردنی "دەمیرتاش"دا تێپەڕیبوون، لە پارێزگا جیاوازەکانەوە لە ڕێگای دادگاوە دۆسیەی یاسایی لە سەر دەکرایەوە، لە هەندێک لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنیدا، لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە (سیستەمی دەنگو ڕەنگ) بەشداریدەکرد. هێشتا وادەی دادگاییە سەرەکییەکەی دیار نەبوو، کە بە تێکڕا لەلایەن داواکاری گشتییەوە داوای سەپاندنی (١٤٢) ساڵ زیندانی بە سەر ناوبراودا دەکرا. لە کاتێکدا تەنها بە یەک دۆسیە زیندانیکرابوو، ئەوانی دیکە بەبێ مانەوەی لە زینداندا دەکرا پرۆسەی دادگاییکردنی بەردەوامبوایە. کاتێک چاوەڕێی یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی بوو بۆ دۆسیە سەرەکییەکەی، پێشهاتێک هاتەئاراوە. لە شاری "هامبۆرگی ئەڵمانیا" لە کۆبوونەوەی (جی-٢٠)دا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیا، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی کرد. لەوێ پرسیارێک لە سەر دەمیرتاش ئاڕاستەی

ئەردۆغان کرا، ئەرۆغان لە وەڵامدا گوتی: ئەو کەسەی باسیلێوەدەکەن، تیرۆریستە. تیرۆریستێکە، بە ئەندازەی ئەوەی بانگەوازی ئەوەی کردووە، هەموو برا کوردەکانم بڕژێنێتەسەر شەقامو هۆکار بووە بەوەی (٥٣) هاوڵاتی لە برا کوردەکانم بکوژرێن.دواتر "دەمیرتاش" زۆر بە ڕوونی وەڵامی ئەردۆغان دەداتەوە: سەرەتا هەموو ئەو سوکایەتیو تۆمەتانەی خرانەپاڵ منو ملیۆنان بە هەمان شێوە وەک خۆی دەگەڕێنمەوە بۆ ئێوە. دەمەوێت سوپاستبکەم بۆ ئەو دانپێدانانە، بەوەی ئێمەتان لەو دوودڵییە ڕزگارکرد، بەوەی بەو لێدوانە زانیمان، کە دۆسیەکەمان هیچ پەیوەندی بە یاساو دادگاوە نییە، بەڵکو تەواو بۆچوونی ئێوەیە لە سەر ئێمە. ماوەی شەش بۆ هەشت مانگە ئەو دادوەرانەی لە ژێر فەرمانی تۆدا دۆسیەیان بۆ ئێمە کردووەتەوە، بە ناوی دۆسیەی کۆبانێ، کە گوایە ئێمە بانگەوازمان بۆ خەڵک کردووە بڕژێنەسەر شەقامەکانو گرژیو پشێویبنێینەوە. یەکەم دانیشتنی دادگا بۆ دۆسیە سەرەکییەکەی "دەمیرتاش" پاش ساڵێکو مانگێکو سێ ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بەڕێوەچوو. دەمیرتاش لە تویتێکدا دەڵێت: "من قوربانی گەلی خۆم دەبم، ئێوە نیگەرانمەبن، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هیوای خۆتان، یەکێتیی خۆتان پتەوتربکەنو باوەڕدار بن، ئێمە هەر سەردەکەوین". لە پاش ئەوەی دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوەو داوای لە تورکیا کرد سەڵاحەدین دەمیرتاش؛ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، ئازادبکات، دادگاکە ئەوەیشی ڕوونکردەوە، کە زیندانیکردنی دەمیرتاش لە دۆسیەیەکی یاسایی زیاتر، مەسەلەیەکی سیاسییەو هیچ پەیوەندیی بە یاساوە نییە. لە پاش ئەوەیش ئەنجومەنی سەرۆکایەتیی یەکێتیی ئەوروپا هەمان داوای لە تورکیا کرد، کە دەمیرتاش ئازادبکات، هەتا ئەو کاتە دەمیرتاش ماوەی چوار ساڵ بوو دەستگیرکرابوو، پرۆسەی دادگاییکردنەکەی زۆر خاو بەڕێوەدەچوو. دواجاریش "بولەنت ئارنچی"؛ ڕاوێژکاری ئەردۆغان، پێیوایە نادادپەروەرییەک لە زیندانیکردنی دەمیرتاشو دادگاییکردنەکەیدا هەیە، ئەمەیش فاشیزمی تورکیای تووڕەکردو داوایانلێکرد دەستلەکاربکێشێتەوە. لە پاش ئەو ڕاگەیەنراوە ئەردۆغان سەرکۆنەی دادگای باڵای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپای کرد، گوتی: "دادگاکانی ناوخۆی تورکیا بڕیار لە سەر ئەم پرسە دەدەن، ئەمە بە تەواوی پەیوەندی بە یاساکانی تورکیاوە هەیە". بە شێوەیەکی گشتی دۆسیەکەی دەمیرتاش سیاسی بوو، هەروەها ئەردۆغان ڕۆڵی گرنگی لە دەرکردنی بڕیارەکانی دادگادا هەبوو، دادگا دادوەرانەو سەربەخۆیانە بڕیاری لە سەر دۆسیەی دەمیرتاش نەدەدا.

**ئەزموونی نوسینی ئەدەبی دەمیرتاش لە زینداندا**

یەکەم کتێبی دەمیرتاش بە ناوی "سەحەر"ەوە بڵاوکراوەتەوە. ماوەیەک بوو ئەو چیرۆکانەی دەمیرتاش لە زینداندا دەینووسین، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، دوای کۆکردنەوەی ئەم چیرۆکانەو پێداچوونەوەیانو دواتریش زیادکردنی چەند چیرۆکێکی نوێ، سەرجەمیان لە کتێبێکدا بە ناوی "سەحەر"ەوە لە ڕۆژی (١٦)ی ئەیلولی (٢٠١٧)دا بڵاوکرایەوە. لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی کۆپی چاپی یەکەمی کتێبەکە فرۆشرا، لە چاپی دووەمدا (٢٠٠) هەزار دانە زیاتری لێچاپکرایەوە.

**سەڵاحەدین دەمیرتاش بەوە دەناسرێتەوە، کە نوێنەری نەوەی نوێی خەباتگێڕانە، هەڵگری پەیامی پێکەوەژیانو ئاشتی بووە.**

کتێبەکە فرۆشی زۆری هەبوو، بۆ ماوەیەکی زۆر لە لیستی ئەو کتێبانەدا مایەوە، کە پڕفرۆشترین بوون. ئەو ژنانەی خوێنەری کتێبەکە بوون، وێنەی ئەو ژنەی لە سەر بەرگی کتێبەکە دانرابوو لەگەڵ وێنەی خۆیان لە پلاتفۆڕمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەر، فەیسبووک، وەتسئەپ بڵاویاندەکردەوە. لەلایەن ئەدەبیاتناسانو ڕەخنەگرانیشەوە پێشوازیی زۆری لێکرا، کتێبەکە بە زمانی تورکی بڵاوکرایەوە، دواتر وەرگێڕدرایەسەر زمانەکانی کوردیی سۆرانی، کوردیی کرمانجی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، هۆڵەندی، ژاپۆنی، ئیندۆنیزیو چەند زمانێکی دیکە. بەمەیش دەمیرتاش بوو بە نوسەرێکی دیار لە سەر ئاستی جیهانی، کتێبەکە هەر لەو سنوورەدا نەمایەوە، بەڵکو یەکێک لە چیرۆکەکانی دەمیرتاش بە ناوی "ئاسومان" کورتەفیلمێکی لێدروستکرا. فیلمەکە لە فیستیڤاڵی "پرتەقاڵی ئاڵتوونیی ئەنتاڵیا" خەڵاتی باشترین ڕکابەری فیلمی بردەوە، دەمیرتاش ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکەم چیرۆکی خۆی لە دەرەوەی زیندان نوسیوە لە گەشتێکدا لە فرۆکەدا، هەروەها دەڵێت: "سری سورەیا ئۆندەر" نوسینەکانی منی زۆر بەدڵبووە.یەکەم دەقی شیعریی دەمیرتاشیش لە سەر بینای بارەگای هەدەپە هەڵواسرا، بەرانبەر بەمە پۆلیس هەڵیکوتایەسەر بارەگای هەدەپەو ئەندامانی هەدەپەی دەستگیرکرد، لە یەکی تشرینی یەکەمی (٢٠١٧)دا لە فیستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی سلێمانی خەڵاتی "ئەحمەد کایا" پێشکەش بە سەڵاحەدین دەمیرتاش کرا، لە پاش ئەم خەڵاتە دەمیرتاش دەیان خەڵاتی ئەدەبیی دیکەی پێشکەشکرا. دەمیرتاش زۆربەی شەوان لە ژوورەکەیدا لەگەڵ

عەبدوڵڵا زەیدانی هاوژووریدا پێکەوە بە سازژەنینەوە گۆرانییەکانی ئەحمەد کایایان دەگوتەوە.

دەمیرتاش لە زینداندا لە کارە هونەرییەکانی بەردەوامبوو. کاتێک لە دەرەوە لە ناو سیاسەتدا چالاک بوو، لە پاڵ کاری سیاسیدا لایەنە هونەرییەکەشی دیار بوو. لە زیندان هۆنراوەی گۆرانیی دەنووسی، یەکێک لەو هۆنراوانەی بە ناوی "سوتانی بێئومێدی"یەوە بوو، لەلایەن "مەتینو کەمال قەهرەمان"ەوە گۆرانییەکە وترایەوە.

**سەرەڕای خستنەڕووی تێڕوانینە سیاسییەکانی، دەمیرتاش لە ماوەی هەشت ساڵی زینداندا، خاوەنی شەش کتێبی ئەدەبییە لە کۆمەڵە چیرۆکو ڕۆمان، ئەمانەیش وەک دەقی داهێنەرانە لە دنیای ئەدەبدا دەمێننەوە.**

لە دووی نیسانی (٢٠١٩)دا دووەم کتێبی چیرۆکی دەمیرتاش بە ناوی "دەوران" کەوتەبەر دیدی خوێنەران. ئەم کتێبە لە چواردە چیرۆک پێکدێت. ئەم کتێبەیشی فرۆشێکی زۆری هەبوو، کتێبەکە وەرگێڕدرایەسەر زمانی فەڕەنسیو کاندیدکرا بۆ باشترین خەڵاتی ئەدەبی فەڕەنسی، دواتر هونەرمەندان بەشێک لە چیرۆکێکیان بەکارهێنا لە شانۆگەرییەکدا، کە بینەرێکی زۆری هەبوو. لە ساڵی (٢٠١٩)دا خەڵاتی بوێری سیاسی بە دەمیرتاش دراو "باشاک دەمیرتاش"ی هاوسەری خەڵاتەکەی وەرگرتو لە بریی دەمیرتاش وتارێکی پێشکەشکرد. لەلایەن وەقفی سۆشیال دیموکراتەوە خەڵاتی مافی مرۆڤ بۆ دیموکراسیو ئاشتی لە ساڵی (٢٠١٩) بەخشرایە دەمیرتاش، هاوکات یەکەم ڕۆمانی دەمیرتاش بە ناوی "لەیلان"ەوە بڵاوکرایەوە، کە دەبێت بە سێیەم کتێبی دەمیرتاشو یەکەمین ڕۆمانی، خەڵاتی (eimar) بۆ مافەکانی مرۆڤ بە دەمیرتاش دەبەخشرێت لە ئەڵمانیا. لە سەروبەندی هاتنی پەتای (کۆڤید-١٩)، بۆ ماوەیەکی زۆر سەردانەکان بۆ زیندان ڕاگیران، بۆیە دەمیرتاش بە هاوکاریی خێزانەکەی بیری لە نوسینی ئەم ڕۆمانە کردەوەو لە دووی تشرینی یەکەمی (٢٠٢١)دا بڵاوکرایەوە. دەمیرتاش لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢) دا خەڵاتێکی دیکەی بۆ بوێریی سیاسی پێبەخشرا. کتێبی کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش لە پێنجەم ساڵی زیندانی دەمیرتاشدا نوسراوە، ئەم کتێبە بەشێکی کەم لەو ڕەنجو ئازارانە باسدەکات، کە دەمیرتاش لە زینداندا بینیویەتی.

**کۆتایی**

کتێبی "کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش" گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕوداوو بەسەرهاتی

سەڵاحەدین دەمیرتاش بەر لە دەستگیرکردنو ژیانی ناو زیندانو کاتی پرۆسەی دادگاییکردنەکەی. نوسەری کتێبەکە زنجیرەیەک چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەمیرتاشو پارێزەرەکانو کەسە نزیکەکانیدا کردووە، هەریەکەیان بیرەوەریو ئەزموونی خۆیان لەگەڵ دەمیرتاش دەگێڕنەوە. لەو ماوەیەدا بە چەندین ڕوداوی ناخۆشدا تێدەپەڕێت، لە زیندان دەبورێتەوەو توشی نەخۆشیی دڵ دەبێت، خانەوادەکەی لە کاتی سەردانی ناوبراودا توشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن. لە ماوەی بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆڤید١٩)دا خانەوادەکەی کەمتر دەتوانن سەردانیبکەن.لە پاش کودەتاکەی (٢٠١٦)، ڕەوشی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووری لە تورکیا بە نەرێنی گۆڕدرا، لێکەوتەکانی هەتا ئێستایش بە سەر هەموو جومگەکانی ئەو وڵاتەوە بەردەوامە، لە میدیاوە تاکو لاوازکردنی ڕۆڵی پەرلەمانو گۆڕینی سیستەمی وڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتیو وەلانانی بژاردەی گفتوگۆ بۆ پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتە، دواتریش دەستگیرکردنی سیاسییەکانی کورد، کە بە ئامانجێکی سیاسی کرانە قوربانی.

دەمیرتاش لە زینداندا هەرگیز بێکار دانەنیشتووەو لە ماوەی زیندانیکردنیدا چەندین کتێبو وتارو دەقی شیعریی بڵاوکردووەتەوەو بووە بە نوسەرێکی دیاری ئەدەبی لە سەر ئاستی جیهان، کتێبەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەو بوون بە یەکێک لە پڕفرۆشترین کتێبەکان لە تورکیادا.وەرگێڕ لە ڕووی ڕێنووسو زمانییەوە هەندێک هەڵەیکردووە لە نوسینەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەدا، کە جوانتر دەبوو، ئەگەر ئەو هەڵانە نەبوونایە. هەروەها لەم کتێبەدا کەمترین قسە لە سەر سیاسەتی هەڵەی کوردانی باکووری کوردستان کراوەو زیاتر هەوڵدراوە دیوە جوانەکانی کورد نیشانبدرێت، کە دەکرێت هەستە نیشتیمانیو نەتەوەییەکە هۆکاری ئەمە بووبێت.

### سەرچاوەکان

١. موحسین ئەحمەد عومەر، وێناو ئایدیا، چاپی یەکەم، ٢٠٢٣، دەزگای فام، لاپەڕە ٢٦.
٢. زینار کەرەڤیل، ڕاوێژکاری میدیایی دەمیرتاش، کورسییە سپییەکەی دەمیرتاش، بیرەوەرییەکانی زیندان، وەرگێڕانی: هێژا دڵشاد، چاپی یەکەم، ٢٠٢٥، دەزگای فام، لاپەڕە ١٤.
٣. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥.
٤. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٧-١٨.
٥. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٣.
٦. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨.
٧. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٣.
٨. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٠.

# چەمکناسی

تورکیاناسی

# تورکیای بێتیرۆر
# (Terörsüz Türkiye)

ئامادەکردنی: تورکیاناسی

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ تورکیا بەبێ تیرۆر بە سەرجەم ئەو گرووپانەی دەوڵەتی تورکیا بە تیرۆریستیان دەزانێت لە چوارچێوەیەکی فراواندا، وەک "ڕێکخراوی تیرۆریستی فەتحوڵڵا گیولەن" (فەتۆ) (Fethullahçı Terör Örgütü) (FETÖ)، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) (Kürdistan İşçiler Prtisi) (PKK)، دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقو شام (داعش) (Irak ve Şam İslam Devleti)(İŞİD) ، پارتی یەکێتیی نەتەوەیی (پەیەدە)، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)و هاوشێوەکانیان، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا چەمکی "تورکیای بێتیرۆر" ئاماژەیە بۆ چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو دەستپێکردنەوەی پڕۆسەی ئاشتیو جێبەجێکردنی خواستو داواکارییەکانی ئۆجەلان، پەکەکە، پارتی یەکسانیو دیموکراسیی گەلان (دەمپارتی)و کورد.بەو واتایەی تورکیا هەم لە ناوخۆو هەم لە دەرەوەی سنوورەکانیدا، هیچ مەترسییەکی پەکەکەو هێزە درێژکراوەکانی لە سەر نامێنێت، زۆرینەی گەریلا دەگەڕێنەوە تورکیاو بەشێکیشیان لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پەکەکەدا لە وڵاتی سێیەم نیشتەجێدەبن. لێرەوە دەوڵەتی تورکیا دەستدەکات بە پڕۆسەی دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت، حکومەتو کۆمەڵگە. چاوەڕێدەکرێت یەکەم هەنگاو لە پەرلەمانەوە بە دروستکردنی کۆمیسیۆنێکی تایبەت بە پڕۆسەی ئاشتی دەستپێبکات، پاشان هەنگاوبنرێت بە ئاڕاستەی هەمواری دەستوورو نوسینەوەی دەستووری نوێ (Yeni Anayas)، گۆڕینی ژمارەیەک یاسای بنەڕەتیی وەک "یاسای جێبەجێکردنی دادوەری، یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، پاکێجی دەیەمی دادوەری،

یاسای سزادانی تورکی، ڕیفۆرمی سیستەمی لامەرکەزیو بابەتی دانانی قەیوم".لەم چوارچێوەیەشدا لەگەڵ کەمکردنەوەی سزاکان، پێشبینی ئازادکردنی نزیکەی (١٠٠) هەزار زیندانی دەکرێت، لە ناویاندا هەزاران کەس بە تۆمەتی "تیرۆر" زیندانیکراون، بە تایبەت کەسانی بەساڵاچوو، نەخۆش، منداڵو ئەو ئافرەتانەی منداڵی بچووکیان هەیە، ئەگەر بە یەکجارییش ئازادنەکرێن، دەکرێت ماوەی سزاکەیان لە ماڵەکانی خۆیاندا بەسەرببەن.

چەمکی "تورکیای بێتیرۆر" بۆ یەکەم جار لەلایەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان؛ سەرۆککۆماری تورکیاوە لە (١)ی تشرینی یەکەمی (٢٠٢٤)، لە مەڕاسیمی کردنەوەی وەرزی نوێی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی تورکیادا بەکارهێنرا. ئەردۆغان لە گوتارێکیدا باسی لە دۆخی ئاڵۆزو جەنگاویی جیهانو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردو ئاماژەی بە مەترسییە ئەمنیو سەربازییەکانی سەر تورکیا کرد، هەروەها جەختی لە سەر پێویستیی فەراهەمکردنی "تورکیای بێ تیرۆر" کردەوە. لە ڕوانگەی بەرپرسانی باڵای تورکیاوە، چەمکی "تورکیای بێتیرۆر" زۆر فراوانترە لە واتا زمانییەکەی ئەم دەستەواژەیەو ڕەهەندی قووڵی سیاسی، ئەمنیو جوگرافی هەیە. بەو واتایەی "تورکیای بێتیرۆر" کاریگەری لە سەر تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو وڵاتانی دراوسێی تورکیا دەبێت، واتە "تورکیای بێتیرۆر" ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی فراوانو گەورەتر لە تورکیا دوور لە تیرۆر. بەرپرسانی باڵای تورکیا لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە دەیانەوێت بڵێن، سەرچاوەی کێشەو تیرۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو ناوچەکە، پەیوەندی بە کێشەی تیرۆرەوە هەیە لە تورکیاو دەوروبەری، ئەگەر "تورکیای بێتیرۆر" بێتەکایەوە، تەواوی ناوچەکە بە ئارامیو ئاسایش ژیان بەرێدەکەن.

بەکارهێنانی دەستەواژەی "تورکیای بێتیرۆر" بۆ پرۆسەی ئاشتیی ئەم جارە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ جددیەتی دەوڵەتی تورکیا لە کۆتایهێنانی یەکجاری بە پرسی تیرۆر، لە هەمان کاتدا هاتنەپێشەوەی بێقەیدو مەرجی پێشوەختی عەبدوڵڵا؛ ئۆجەلان ڕێبەری زیندانیکراوی پەکەکەو قەندیل بۆ چەکدانانو خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، هێزێکی باشتر بە پرۆسەکە دەداتو دڵنیایی زیاتر بە گەیشتنە ئەنجامی ئەرێنیی پرۆسەی ئاشتی دەدات."تورکیای بێتیرۆر" تەنها لە چواچێوەی خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکەو کرانەوە بە ڕووی کورددا لەلایەن دەوڵەتی تورکیاو دەستەبەرکردنی بەشێک لە مافەکانی کورد قەتیسنابێت، بەڵکو بریتییە لە پرۆسەی "دیموکراتیکردنی دەوڵەت، حکومەتو کۆمەڵگەی تورکیا"، واتە لەگەڵ چارەسەری پرسی کورددا،

چاوەڕێدەکرێت دەوڵەتو حکومەتی تورکیا هەنگاو بەرەو دیموکراتیەت بنێت، لێرەیشەوە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، کە جیاوازییە ئاینی، نەتەوەیی و کولتوورییەکان قبوڵبکات، دێتەکایەوە. دواجار پێویستە هەموان لە سایەی "تورکیای بێتیرۆر"دا بە ئازادی بژینو کوردیش بە مافە بنەڕەتییەکانی لە ناسنامە، زمان، گوزارشت لە کولتوورو فەرهەنگی خۆی شادبێت.

## سەرچاوەکان

KRTTV, Cumhurbaşkanı Erdoğan Türkiye Büyük Millet Meclisi Açılış Töreninde Konuşuyor, 01.10.2024, https://www.youtube.com/watch?v=cD7DWUzEewA, 16.06.2025.

Ali Kemal Akan, TBMM Başkanı Kurtulmuş: Terörsüz Türkiye, terörsüz bir bölge demektir, 17.03.2025, https://www.aa.com.tr/tr/gundem/tbmm-baskani-kurtulmus-terorsuz-turkiye-terorsuz-bir-bolge-demektir/3511477, 16.06.2025

Center for Future Studies

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە وەرزنامەی تورکیاناسی

تورکیاناسی

# ڕێنمایی نووسین و وەرگێڕان

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.

٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.

٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.

٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.

٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕاناں و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.

١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.

١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.

١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری تورکیاناسی پارێزراوە.

١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنیردرێتەوە.

١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.

-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمان شێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.

-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.

-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid

بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).

تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.

نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).

**گۆڤارو توێژینەوە**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).

ÖZTAY, Oğuz Han, (2022), 31 Mart 2019 Yerel Seçimleri Özelinde Bir Değerlendirme, İletişim Çalışmaları Dergisi, 4. Yıl, Sayı 1, Cilt 8, Sa 101

**ڕۆژنامە**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.

تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).

نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.

**ماڵپەڕ**

-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.

نمونە: Adler, Katya (٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks-٥١٦٥٧٠٨٤", https://www.bbc.com/news/world-europe (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).

نمونە: ئومێد رەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-

/rekawtnakay-potin-ardoghan، (بەردەستە: ٢٠٢٠/٣/١٤).
نمونە: الساقل، فراس (٢٠٢٠/٣/٣)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https:// /blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٦).
نمونە: محمد قراسويى، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامى، ابعاد و مؤلفە¬ها"، http://alwaght.com/fa/News/١٢٤٣٨٩/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).
تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.
تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.
تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.
نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.
ڤیدیۆ
-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.
نمونە: يوتيوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.
-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.
-وەرگێرانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
























CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





















CFS

Center for Future Studies

# بەشێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی






























گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی
سەبارەت بە تورکیا دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# تورکیاناسی

ژمارە ( ٨ ) ساڵی دووەم، تەمموزی ٢٠٢٥